





## کابینەی نۆیەمی
## حکومەتی هەرێمی کوردستان

# چاکسازی و خزمەتگوزاری
# 2021.5.1 - 2019.7.10






کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان

# چاکسازی و خزمەتگوزاری

2019/7/10 تا 2021/5/1

کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان

# چاکسازی و خزمەتگوزاری

2019/7/10 تا 2021/5/1

ناوی کتێب: کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان

چاکسازی و خزمەتگوزاری

ئامادەکردنی: نووسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان

نەخشەسازی ناوەڕۆک: ئاراس ئەکرەم

نەخشەسازی بەرگ: شکار عەفان نەقشبەندی

چاپی یەکەم 2021، چاپخانەی ڕۆژهەڵات

تیراژ: (5000) دانە

لە بەڕێوبەرایەتی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارە سپاردنی ( )

ساڵی 2021ی پێ دراوە



**”ئێمە تەنیا بەڵێن نادەین بەڵکو بەڵێنەکانیشمان جێبەجێ دەکەین“**

**مەسرور بارزانی**
**سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان**

# پێرست


پێشەکی ........................................................................................ 9

بەشی یەکەم
دۆخی ئابووری حکومەتی هەرێمی کوردستان.. (خەرجی و داهات) .......... 13
خەرجی (نفقات) حکومەتی هەرێمی کوردستان لە یەک مانگدا ................... 15
داهاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە یەک مانگدا ............................... 15

بەشی دووەم
داهات و خەرجی حکومەتی هەرێمی کوردستان ....................................... 17
بەراورد لەنێوان مانگی (2020/12) و مانگی (2021/4) ........................... 19
داهات وخەرجی هەرێمی کوردستان لە مانگی (2019/12) ........................ 20
داهاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە مانگی (2020/4) ........................ 21
حکومەتی هەرێمی کوردستان لەم قەیرانە چیکردووە ................................ 22

بەشی سێیەم
چاکسازییەکانی کابینەی نۆیەم و بەشێک لە خزمەتگوزارییەکان ................ 25
رووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی ............................................................... 27
وەزارەتی پێشمەرگە ......................................................................... 29
وەزارەتی ناوخۆ .............................................................................. 32
وەزارەتی تەندروستی ....................................................................... 46
کوالێتی کۆنترۆڵی جۆری دەرمان ......................................................... 59
وەزارەتی کارەبا .............................................................................. 64
وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار ..................................................... 82
وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردن .............................................. 90
وەزارەتی وەزارتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو ...................................... 98
وەزارەتی پلاندانان ......................................................................... 114
وەزارەتی پەروەردە ......................................................................... 130

وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی ........................................ 148
وەزارەتی پیشەسازی و بازرگانی ........................................................ 159
وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی ........................................................ 164
وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالکراوان ........................................................ 170
وەزارەتی داد ........................................................................ 177
وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی ........................................................ 179
وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن ........................................................ 186
وەزارەتی رۆشنبیری ........................................................................ 194
هەنگاوەکانی چاکسازی لە فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە ................ 198
چاکسازی لە سیستەمی باج ........................................................ 200
دەستەی وەبەرهێنان ........................................................................ 212
بە ئەلیکترۆنی کردنی کاروباری حکومەت ........................................ 219
دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە ........................................................ 227
دەستەی گشتیی گەشتوگوزار ........................................................ 232
ژماردنەوەی ماڵ و مولکی میری (جرد الممتلكات) ........................................ 238
پشتیوانی کاری چاودێریی پەرلەمانی ........................................................ 242

بەشی چوارەم
جێبەجێکردنی یاسای چاکسازی ........................................................ 245
لیژنەی باڵای جێبەجێکردنی یاسای چاکسازی.. راپۆرت و بەدواداچوون .... 247
راپۆرتی یەکەمی لیژنەی باڵای جێبەجێکردنی یاسای چاکسازی ............. 276

بەشی پێنجەم
گرنگترین پرۆژەکان لە دوو ساڵی ڕابردوودا ........................................ 297

بەشی شەشەم
هێڵە گشتییەکانی بەرنامەی کاری کابینەی نۆیەم ................................ 307

بەشی حەوتەم
چاکسازی لە گوتارەکانی سەرۆکی حکومەتدا ........................................ 321

# پێشەکی

کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، هەر لە سەرەتای دەستبەکاربوونیەوە و بە پشتبەستن بە کارنامە چاکسازییەکەی، هەوڵی داوە بە شێوەیەکی شایستە خزمەتی گشت هاوولاتیانی هەرێمی کوردستان بکات و بە جدی رووبەڕووی گەندەڵی ببێتەوە. ئەگەرچی کابینەی نۆیەم هاتە سەر قەرز و پابەندییەکی دارایی گەورەوە، بەڵام کارکردن بە شەفافی و دواتریش پێداگیریی و خواست و ویستی بەهێزی مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ئەنجامدانی چاکسازی، حکومەت توانی هەنگاوی جدی بنێت لە رووی رێکخستنەوە و زیادکردنی داهاتی ناوخۆ، هەروەها ناردنی پرۆژەیاسای جۆراوجۆری وەک پرۆژەیاسای چاکسازی بۆ پەرلەمانی کوردستان.

بۆ نموونە کابینەی نۆیەم توانی لە رێگەی پرۆسەی چاکسازی و رێکخستنەوەی داهاتەکان، لە ماوەی پێنج مانگدا، داهاتی ناوخۆی هەرێم لە 140 ملیۆن دۆلارەوە بگەیەنێتە 244 ملیۆن دۆلار.

هەر لە دوای دەستبەکاربوونی کابینەی نۆیەم، دەستکرا بە جێبەجێکردنی چەندین پرۆژەی خزمەتگوزاری و هەنگاوی گەورە و خێرا نران بۆ چاکسازی، بۆنموونە دەوامی فەرمانبەران باشتر رێکخرایەوە و کاروباری هاوولاتیان لە فەرمانگەکانی میری بە باشی بەڕێوەدەچوون و حکومەتیش لەبەرامبەردا مووچەی فەرمانبەرانی لە کاتی خۆی و بێدواکەوتن دابەش دەکرد.

هەروەها حکومەتی هەرێم لە مانگی حەفت و هەشت و نۆی 2019، دەستپێشخەری باشی کرد و هەنگاوی گرنگی نا بۆ گەیشتن بە

ڕێککەوتن لەگەڵ بەغدا، بۆ ئەم مەبەستە سەرۆکی حکومەت هەر لە دوای دەستبەکاربوونی، یەکەمین سەردانی فەرمی بۆ بەغدا بوو، چەندین یادداشت و پێشنیار لە نێوان هەرێم و بەغدا ئاڵوگۆڕکران و هەرێم ئامادەبوو بڕی دووسەد و پەنجا هەزار بەرمیل نەوت ڕادەستی بەغدا بکات و بەغداش لە بەرامبەردا، بڕی 900.000.000 نۆسەد ملیۆن دۆلار بۆ هەرێم بنێرێت. بەڵام سەرهەڵدانی خۆپێشاندانەکان لە بەغدا و تێکچوونی دۆخی ئەمنیی و لەکۆتاییشدا دەست لەکارکێشانەوەی سەرۆک وەزیرانی عێراق (عادل عەبدولمەهدی) ئەو هەوڵانەی پەکخست.

دەست لەکارکێشانەوەی کابینەی (عادل عەبدولمەهدی) هاوکات بوو لەگەڵ بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ لە جیهان و دابەزینی نرخی نەوت، کە بەشێوەیەکی گشتی جیهانی ڕووبەڕووی دارمانی ئابووری کردەوە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا حکومەتی هەرێمی کوردستان تا مانگی نیسانی 2020، هەموو هەوڵێکیدا و سەرکەوتووش بوو لەوەی، ژیان و تەندروستی هاووڵاتیانی هەرێم بپارێزێت. ئەوەبوو هەرێمی کوردستان پێش زۆربەی هەرە زۆری وڵاتانی جیهان کەوتەوە لە ڕووبەڕووبوونەوە و کۆنترۆڵکردنی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ.

سەرەڕای سەرهەڵدانی قەیرانی دارایی لە جیهان کە هەرێمی کوردستانیشی گرتەوە، کەچی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان و ئیرادەی بەهێزی سەرۆک وەزیران مەسرور بارزانی بۆ ئەنجامدانی چاکسازی و ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی و کارکردنی بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری، وایکرد پرۆژەکان نەوەستن و پرۆسەی چاکسازیی کارگێڕی و ئابووری و دارایی بەردەوام بێت، بە شێوەیەک کە تەنیا لە ڕێگەی ڕێکخستنەوەی داهاتەکان و باشترکردنی میکانیزمی کارکردن، پرۆژەکان بە شێوەیەکی بەرچاو زیاد بکەن.

ئەم کتێبە چەند زانیارییەکی ژمارەیین لەسەر داهات و خەرجییەکانی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان و ئەو پرۆژە چاکسازییانەی

لــە ســەرەتای دەســتبەکاربوونییەوە لــە 10 ی تەمــووزی 2019 ەوە تــا 1ی ئایـاری 2021 ئەنجامیـداون.

بێگومــان چاکســازی پرۆســەیەکی بەردەوامــە و بەشــەو و ڕۆژێــک ناکرێــت، بۆیــە حکومەتــی هەرێــم بەردەوامــە لــە پرۆســەی چاکســازی بــە ئاراســتەی بەهێزکردنــی ژێرخانــی ئابــووری و هەمەجۆرکردنــی ســەرچاوەکانی داهــات و بەرەوپێشــبردنی کۆمەڵگــەی کوردســتان و بوونــی بــە کۆمەڵگەیەکی بەرهەمهێن و گەشەســەندوو و تەندروســت.

نووسینگەی ڕاگەیاندنی

سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان

## بەشی یەکەم

# دۆخی ئابووری حکومەتی هەرێمی کوردستان (خەرجی و داهات)

**1. خەرجی (نفقات) حکومەتی هەرێمی کوردستان لە سەرەتای دەستبەکاربوونی کابینەی نۆیەمەوە لە یەك مانگدا:**

حکومەتی هەرێمی کوردستان لە یەک مانگدا پێویستی بە نزیکەی 995.000.000$ نۆسەد و نەوەت و پێنج ملیۆن دۆلاری ئەمەریکی هەبوو، بەو شێوەیەی خوارەوە:

1. 775.000.000 حەفت سەد و حەفتا و پێنج ملیۆن دۆلار بۆ مووچەی مووچەخۆرانی هەرێمی کوردستان.
2. 205.000.000 دوو سەد و پێنج ملیۆن دۆلار بۆ بودجەی کارپێکردن (تشغیلي) وەزارەتەکان. خەرجی کارپێکردن (تشغیلي)یش بریتییە لە: کڕینی کەلوپەل (سلع) و خزمەتگوزارییەکان، چاکردنەوەی کەلوپەل و شمەکی دامودەزگاکانی میری، خەرجی وەزارەت و دەستە و سەرۆکایەتییەکان، نەسرییە و دەرماڵەی وەزارەتەکان، کڕینی داودەرمان، خەرجی کارەبا و ئاو پاککردنەوەی شارو شارۆچکەکان، خەرجی شوێنی بێسەرپەرشتیاران و بەساڵاچووان و خانەی دالدەدانی ئافرەتان، خەرجی نەخۆشخانە و بەندینخانەکان و.. تاد.
3. 35.000.000 سی و پێنج ملیۆن دۆلار بۆ وەبەرهێنان (پرۆژەکانی حکومەت).

**2. داهاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە یەك مانگدا**

ا. داهاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە یەک مانگدا نزیکەی 539.000.000 پێنج سەد و سی و نۆ ملیۆن دۆلاری ئەمەریکییە، بەو شێوەیەی خوارەوە:

1. 295.000.000 ملیۆن دۆلار فرۆشتنی نەوت (لە بنەڕەتدا 720.000.000 حەفسەد و بیست ملیۆن دۆلار کۆی گشتی داهاتی نەوتە، بەڵام 425.000.000 چوار سەد و بیست و پێنج ملیۆن دۆلار دەدرێتەوە بە موستەحەقاتی کۆمپانیا و قەرزەکان، بڕی 295.000.000 ملیۆن دۆلاری لێدیمێنێتەوە و دەنێردرێت بۆ وەزارەتی دارایی و تەرخاندەکرێت بۆ مووچەی مووچەخۆرانی هەرێم.

2. 244.000.000 دوسەد و چل و چوار ملیۆن دۆلار داهاتی ناوخۆ. (پێش دەسبەکار بوونی کابینەی نۆیەم، داهاتی ناوخۆ 140.000.000 سەد و چل ملیۆن دۆلار بوو، بەڵام پاش دەسبەکاربوونی کابینەی نۆیەم نزیکەی 100.000.000 سەد ملیۆن دۆلار داهات زیادی کرد، ئەمیش بەهۆی: (ڕێکخستنەوەی سیستمی باج و چاکسازی لە کۆکردنەوەی داهات و ڕێکخستنەوەی رسومات و گومرگەکان).

ب. بڕی 383.000.000 سێ سەد و هەشتا و سێ ملیۆن دۆلاری ئەمەریکی لەلایەن حکومەتی عێراقەوە دەخرایە سەر ئەژماری بانکی وەزارەتی دارایی حکومەتی هەرێمی کوردستان. کە ئەمەش نیوەی موچەی موچەخۆرانە کە عێراق دەینارد. (لەمانگی 4ی2020 وەستێندرا).

ج. هاوکاری مانگانەی هاوپەیمانان 17.000.000 حەڤدە ملیۆن دۆلار.

تێبینی:

داهاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە یەک مانگدا، بە داهاتی ناوخۆ و ئەو بڕە پارەیەی لە بەغداوە دەهات لەگەڵ هاوکاری مانگانەی هاوپەیمانان دەگەیشتە 939.000.000 نۆ سەد و سی و نۆ ملیۆن دۆلار، لەکاتێکدا خەرجی حکومەتی هەرێمی کوردستان زیاتر بوو لە 995.000.000 نۆ سەد و نەوەت و پێنج ملیۆن دۆلار. بەمەش مانگانە 56.000.000 پەنجاو شەش ملیۆن دۆلار (عجز) و قەرز دەکەوتە سەر حکومەتی هەرێمی کوردستان.

## بەشی دووەم

# داهات و خەرجی حکومەتی هەرێمی کوردستان

## بەراورد لەنێوان مانگی (2019/12)[1] و مانگی (2020/4)[2]

### 1. داهات وخەرجی هەرێمی کوردستان لە مانگی (2019/12):


- داهاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ مانگی (12) ی 2019 گەیشتە 939.000.000 نۆسەد و سی و نۆ ملیۆن دۆلار، بەم شێوەیە:

1. داهاتی نەوتی کوردستان کە هاتووە بۆ وەزارەتی دارایی 295.000.000 دووسەد و نەوەت و پێنج ملیۆن دۆلار.
2. داهاتی ناوخۆ 244.000.000 دووسەد و چلوچوار ملیۆن دۆلار.
3. بەشە بوودجەی هەرێمی کوردستان لە بەغدا 383.000.000 سێسەد و هەشتاو سێ ملیۆن دۆلار.
4. هاوکاری مانگانەی هاوپەیمانان 17.000.000 حەڤدە ملیۆن دۆلار.

---

١ مەبەست لە مانگی (2019/12): نموونەی ئەو مانگانەی کە هێشتا قەیرانەکان بە هۆی هاتنی ڤایرۆسی کۆرۆنا دەستی پێنەکردبوون، هەروەها مانگانە بڕی 383, 000, 000 سێ سەد و هەشتا و سێ ملیۆن دۆلاری ئەمەریکی لەلایەن حکومەتی عێراقەوە دەخرایە سەر ئەژماری بانکی وەزارەتی دارایی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

٢ مەبەست لە مانگی (2020/4): نموونەی ئەو مانگانەیە کە نرخی نەوت بەهۆی کەرنتین و ڤایرۆسی کۆرۆنا داتەپینی گەورەی بەخۆیەوە بینی و داهاتی ناوخۆش بەشێوەیەکی زۆر دابەزی، ئەمە جگە لەوەی شایستە داراییەکانی هەرێمی کوردستان لەلایەن بەغداوە بڕدرا.




هێلکاری ژمارە(1): (داهاتی مانگی (2019/12)

- خەرجیەکانی دامەزراوە فەرمییەکانی هەرێمی کوردستان بۆ مانگی (2019/12) گەیشتە 995.000.000 نۆسەد و نەوەد و پێنج ملیۆن دۆلار، بەم شێوەیە:

1. 755.000.000 حەفسەد و پەنجاو پێنج ملیۆن دۆلار کۆی گشتی مووچە.
2. 205.000.000 دووسەد و پێنج ملیۆن دۆلار کۆی گشتی بوودجەی تەشغیلی.
3. 35.000.000 سی و پێنج ملیۆن دۆلار کۆی گشتی وەبەرهێنان.


کۆی گشتی خەرجیەکان: 995.000.000 نۆسەد و نەوەد و پێنج ملیۆن دۆلار

کەواتە:

کۆی گشتی داهات لە مانگی (12)ی 2019: 939.000.000 نۆسەد و سی و نۆ ملیۆن دۆلار

کۆی گشتی خەرجی لە مانگی (12)ی 2019: 995.000.000 نۆسەد و نەوەد و پێنج ملیۆن دۆلار

کورتهێنان لە مانگی (12)ی 2019: 56.000.000 پەنجاو شەش ملیۆن دۆلار




هێلکاری ژمارە (2) خەرجی مانگی (12/ 2019) ی دامەزراوە فەرمییەکانی هەرێمی کوردستان

## 2. داهاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە مانگی (2020/4):

• داهاتی نەوتی هەرێم:

ڕۆژانە 435.000 چوارسەد و سی و پێنج هەزار بەرمیل نەوت هەناردە دەکرێت. لە بەرزترین حاڵەتدا بەرمیلێک نەوتی هەرێم بە بڕی 20 دۆلار خەمڵێنرا[3]، کۆی گشتی لە مانگێکدا گەیشتە نزیکەی 261.000.000 دووسەد و شەست و یەک ملیۆن دۆلار. لەم بڕە پارەیەش:


- 60.000.000 شەست ملیۆن دۆلار بۆ کۆمپانیای ڕۆز نەفت دەچێت.
- 30.000.000 سی ملیۆن دۆلار بۆ تورکیا کرێی گواستنەوەی نەوت.
- 50.000.000 پەنجا ملیۆن دۆلار بۆ دانەوەی قەرزی تورکیا

---

٣. نرخی یەک بەرمیل نەوتی برێنت لە 20 دۆلار و کەمتریش مامەڵەی پێوە کرا، بەرمیلێک نەوتی هەرێمیش گەیشتە 10 دە دۆلار، ئەوە بڕە بەرز و نزمی بەخۆیەوە بینی و بە تێکڕایی لە بەرزترین حاڵەتدا نرخی یەک بەرمیل نەوتی هەرێم گەیشتە 20 دۆلار.

- 120.000.000 سـەدو بیسـت ملیـۆن دۆلار دەمێنێتـەوە کـە 50% بـۆ کۆمپانیـای بەرهەمهێنـان دەچێـت.

کەواتـە هەرێـم لـە مانگـی (4)ی 2020 تـەنها 60.000.000 ملیـۆن دۆلاری بـۆ مایـەوە لـە فرۆشـتنی نەوتـی هەرێـم.




هێلکاری ژمارە (3)

(داهاتی نەوتی هەرێم لەسەر 20 بیست دۆلار بۆ مانگی (4)ی ساڵی 2020)

- **داهاتی ناوخۆی هەرێم:**

داهاتـی ناوخـۆ بـە پێـی خەملاندنـی وەزارەتـی دارایـی حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان لـە مانگـی (4)ی 2020 تـەنها 60.000.000 شەسـت ملیـۆن دۆلار بـووە.


- **هاوکاری هاوپەیمانان:**


هاوکاری مانگانەی هاوپەیمانان 17.000.000 حەڤدە ملیۆن دۆلار.

**کۆی گشتی**

1. 60.000.000 شەست ملیۆن دۆلار داهاتی نەوتی هەرێم.
2. 60.000.000 شەست ملیۆن دۆلار داهاتی ناوخۆی هەرێم.

3. 17.000.000 حەڤدە ملیۆن دۆلار هاوکاری مانگانەی هاوپەیمانان.
کۆی گشتی:137.000.000 سەد و سی و حەفت ملیۆن دۆلار.
کەواتە هەرێم 86% داهاتی خۆی لەدەست داوە




هێلکاری ژمارە (4): داهاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە مانگی (2020/4)

## بەشی سێیەم

# چاکسازییەکانی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان و بەشێك لە خزمەتگوزارییەکان

لە 2019/7/10 تا 2021/5/1

# ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی

بـە هەمـوو تواناكانـەوە، ڕووبـەڕووی هەموو جـۆرە گەندەڵییەكی دارایـی و كارگێڕی دەبینـەوە و ڕێگـر دەبیـن لـە بەهەدەردانـی سـامانی گشـتی و زێدەڕۆیـی بۆ سـەر موڵك و موومتەڵەكاتـی هەرێـم، ئەمـەش لـە ڕێگـەی كاراكـردن و پشـتیوانیكردنی دامـەزراوە فەرمـی و یاسـاییەكانی هەرێمـی كوردسـتان بـە تایبەتـی پەرلەمـان و دیوانـی چاودێـری دارایـی و دەسـتەی نەزاهـە و داواكاری گشـتی.

كارنامەی كابینەی نۆیەمی حكومەتی هەرێمی كوردستان

یەكێـك لـە گرنگتریـن بەشـەكانی كارنامـەی كابینـەی نۆیەمـی حكومەتـی هەرێمـی كوردسـتان، ڕووبەڕووبوونـەوەی گەندەڵـی بـووە، بـۆ ئـەم مەبەسـتە كار كـراوە بـۆ:

1. پێداچوونەوەی ستراتیژی ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی بە هاوكاری UNDP.
2. دەسـتكردن بـە جێبەجێكردنـی یاسـای چاكسـازی و دامەزراندنـی ئەنجومەنـی چاكسازی.
3. بەهێزكـردن و گرنگیـدان بـە دامودەزگاكانـی وەك: چاودێـری دارایـی، دەسـتەی دەسـتپاكی، داواكاری گشـتی و دادگاكان. بـۆ ئـەم مەبەسـتەش بـۆردی هاریـكار بـۆ یارمەتیدانـی ئـەو دامودەزگایانـە.
4. دروسـتكردنی بۆردێكـی لێكۆڵینـەوە لـە كەیسـەكانی گەندەڵـی كەسـەر بـە ئەنجومەنـی وەزیرانـە و تـا ئێسـتا زیاتـر چەندیـن كەیـس لەبـەر دەسـتە بـۆ لێكۆڵینـەوە و ڕێـكاری پێویسـت ئەنجامـدراوە.

## پلانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەکاتی سەرهەڵدانی قەیران لە ئازاری ٢٠٢٠؟

حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ دروستبوونی ئەم قەیرانە لە ناوەڕاستی مانگی 3/2020، هەوڵی دا خەرجی کەمبکاتەوە و داهات زیاد بکات، بەم شێوەیەی خوارەوە:

**ا. کەمکردنەوەی خەرجی:**

1. جێبەجێکردنی یاسای چاکسازی. واتە لە جێبەجێکردنی یاسای چاکسازی، چاکسازی دەکرێت لە خانەنشینی نایاسایی و رێکخستنەوەی دەرماڵە و مووچەی ناشایستە و رێکخستنی موچەی نایاسایی لە یەکەی 70 و 80 و موچەی پاساوانی ناشایستە و.. تاد.
2. کەمکردنەوەی بوجەی بەکاربردن (تشغیلی) بۆ 20% و دانانی رێڕەوێکی ONLINE بۆ ئەوەی بودجەی بەکاربردن شەفاف بێت.
3. راگرتنی بودجەی وەبەرهێنان.

**ب. زیادکردنی داهات:**

زیادکردنی داهات لە رێگەی پێکهێنانی 6 شەش لێژنە بەو شێوەیەی خوارەوە:

1. لێژنەی رێکخستنی گومرگەکان.
2. لێژنەی پێداچوونەوەی گرێبەستی گومرگەکان.
3. لێژنەی رێکخستنی لێبوردنی (اعفاء) گومرگی.
4. لێژنەی پێداچوونەوە بە سستمی باج.
5. لێژنەی پێداچوونەوە بە سستمی رسومات.
6. لێژنەی بۆ پێداچوونەوە بە دۆسیەی نەوت.

# وەزارەتی پێشمەرگە

> بـە هەماهەنگـی لەگـەڵ سـەرۆکایەتی هەرێـم، لـە پێنـاو بەهێزکردنـی سیسـتەمی بەرگـری و ڕووبەڕووبوونـەوەی مەترسـییەکان و پاراسـتنی ئاشـتی و ئاسایشـی هەرێـم، پێداچوونـەوە بـە میکانیزمـی ڕێکخسـتن و یەکخسـتنی هێـزی پێشـمەرگەی کوردسـتان و هێزەکانـی ئاسایشـی ناوخـۆ دەکەیـن و هـەوڵ دەدەیـن بـە هـاوکاری بسـپۆڕانی ناوخـۆ و دەرەکـی ئـەم هێزانـە لـە سـتاندارده سـەربازییەکان نزیـك بکەینـەوە.
>
> کارنامەی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان

لە وەزارەتی پێشمەرگەدا چەندین هەنگاوی گرنگ نراون، لەوانە:

## یەکخستنی یەکەی ژمێریاری

یەکخسـتنی یەکـە ژمێرارییەکانـی یەکـەی 70 و 80 و کردنـی بەیـەک یەکـەی ژمێریـاری، ئێسـتا وەزارەتـی دارایـی سـەرقاڵی دروسـتکردنی ئەژمـاری تایبەتـە بـەو یەکەیـە.


## ڕێکخستنەوەی لیستی پێشمەرگەی کەمئەندام:

(9578) نـۆ هـەزارو پێنـج سـەد و حەفتـاو هەشـت پێشـمەرگەی کەمئەنـدام لەلایـەن لیژنـەی بـاڵای پزیشـکی بینـراوە، بـەم شـێوەیە:

1. (4664) کـەم ئەنـدام ڕێـژەی پێویسـتیان هێنـاوە وەک بڕیـاری لیژنـەی بـاڵای پزیشـکی
2. (3384) ڕێژەی پێویستیان نەهێناوە وەک بڕیاری لیژنەی باڵای پزیشکی

3. (1539) لـە ئـەرک دان (کەمئەندامـی کـۆن نیـن لـە خزمەتـدا کێشـەیان نیـە) پـاش ئـەوەی لـە لیژنـەی بـاڵای پزیشـکی بینـراون.

**ڕێکخستنەوەی لیستی پێشمەرگەی کەمئەندام**




## ڕێکخستنەوە و بڕیار:

1. دەسـتپێکردنی وانـەی هۆشـیاری نیشـتمانی لەیەکـە و لیواکانـدا لەلایـەن بەڕێوەبەرایەتـی هۆشـیاری.
2. قەدەغەکردنی ئابوونەی حزبی بەهەموو شێوەیەک
3. ئامادەکردنی کارنامەی چوار ساڵی وەزارەت
4. بڕیـاری قەدەغەکردنـی خەرجـی و سـەرفکردنی نەخۆشـی درا، تەنهـا لەحاڵەتێکـدا کـە بەپێـی دامـودەزگا پزیشـکیەکانی پێشـمەرگەوە سـەلمێندرابێت.
5. بڕیـاری دانانـی یـەک ژمێریـاری سـەربازی هاوبـەش کـە ڕاسـتەوخۆ سـەر بـە وەزارەتـەوە لەیاسـای چاکسـازی حکومـەت پەسـندکراوە
6. پەسـندکردنی کۆنووسـی کۆبوونـەوەی هـەردوو لیژنـەی بـاڵای وەزارەتـی پێشـمەرگەو وەزارەتـی شـەهیدان، لەبـارەی گواسـتنەوەی دۆسـیە و

خەرجی مووچەی مانگانەی شەهیدانی شەڕی داعش.

7. ڕێکخستنی دەرماڵە و پڕکردنەوەی پێویستیەکانی دادگای سەربازی کە بە بڕیار خەرجی بۆ دیاریکرا.

8. پرۆسەی هەڵاتوو لە بەرەکانی جەنگ (هارب) ڕێکخستنەوەی سزاکان.

9. دەستپێکردنەوەی لیژنەیەک بۆ یەکلاکردنەوەی دۆسیەکانی کەمئەندامانی سەنگەری پێشمەرگە. کە ئێستا کارەکانی تەواو بووە و ژمارەیەکی دروست هاتۆتەوە بەردەست.

10. دروستکردنی دوو لیوای تری سەر بەوەزارەت بەهاوسەنگی لیواکانی (15– 17).

11. دروستکردنی دوو کەتیبەی تۆپخانە (105) ملم و لەداهاتوودا دوو کەتیبەی هاوەنی 120 ملم دروستدەکرێت.

12. فەرماندەیی پشتیوانی یەکی سەر بە هێزەکانی هەشتا، بەتەواوی کەوتۆتە سەر وەزارەتی پێشمەرگە.

13. نوسراوی فەرمی فەرماندەیی پشتیوانی دووی سەر بە یەکەکانی حەفتا هاتۆتە وەزارەتی پێشمەرگە و کاری لەسەر دەکرێت، تاوەکو بەهەمان شێوە ئەوانیش بێنە سەر وەزارەتی پێشمەرگە.

14. پرۆژەی ستراتیژیەتی ڕاگەیاندن و هۆشیاری نیشتیمانی، کە بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕاگەیاندن و هۆشیاری نیشتیمانی ئامادەی کردووە، بەهاوکاری تیمی ڕاوێژکاری هاوپەیمانان تەواو بووە و لە دیوانی وەزارەتی پێشمەرگەیە بۆ دەرکردنی فەرمان بۆی.

15. نەخۆشخانەی پێشمەرگە لە هەولێر دەستی بەکارەکانی کردووە و ڕۆژانە پشکنین و چارەسەری پێویست بۆ پێشمەرگە دەکات.

# وەزارەتی ناوخۆ

بــە هەماهەنگــی لەگــەڵ ســەرۆکایەتی هەرێــم، لــە پێنــاو بەهێزکردنــی سیســتەمی بەرگــری و ڕووبەڕووبوونــەوەی مەترســییەکان و پاراســتنی ئاشــتی و ئاسایشــی هەرێــم، پێداچوونــەوە بــە میکانیزمــی ڕێکخســتن و یەکخســتنی هێــزی پێشــمەرگەی کوردســتان و هێزەکانــی ئاسایشــی ناوخــۆ دەکەیــن و هەوڵ دەدەیــن بــە هــاوکاری پســپۆڕانی ناوخــۆ و دەرەکــی ئــەم هێزانــە لــە ســتانداردە ســەربازییەکان نزیــك بکەینــەوە.

کار دەکەیــن بــۆ چەســپاندنی لامەرکەزیەتــی ئیداریــی پارێــزگاکان کــە گونجــاو بێــت لەگــەڵ سیســتەمی یاســایی و کارگێــڕی هەرێمــی کوردســتان و شــۆڕکردنەوەی دەســەڵاتەکان و دابەشــکردنی ئــەرك و بەرپرســیاریەتی بــە پێــی یاســا، لــە ژێــر چاودێــری ســەرۆکایەتی حکومــەت.

کار دەکەیــن بــۆ نەهێشــتنی ڕووتیــن و هەروەهــا خێراکردنــی ڕاپەڕاندنــی ئیــش و کاری هاووڵاتیــان و ڕێزگرتــن لێیــان لــە دامــودەزگا فەرمییەکانــدا. بــە کــردەوە هــەوڵ دەدەیــن بــۆ بەخزمەتگوزارکردنــی دامــەزراوە حکومییــەکان لــە ئاســت هاووڵاتیانــدا. لــە پەیوەندیــی بــەم بابەتــەوە هەرچــی زووتــرە پــەرە بــە خزمەتگوزارییــە ئەلەکترۆنیــەکان دەدەیــن.

کارنامەی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان

## لەسەر ئاستی چارەسەرکردنی بەشێک لە کێشەکان لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی عێراق

### 1. کێشەی تۆماری لاوەکی (تعداد فرعي):

حکومەتی هەرێمی کوردستان لە سەرەتای دامەزراندنی لە ساڵی 1992 تا رووخانی رژێمی عێراق و پەسەندکردنی دەستوری عێراق ساڵی 2005، هەزاران هاوڵاتی کوردستان بە رەگەز عێراقی بە تۆماری لاوەکی لە تۆمارەکانی باری شارستانی تۆمارکراون و حکومەتی عێراق دان بەو تۆمارانە نانێت و ئەم هەڵوێستەی حکومەتی عێراق بۆتە کێشەیەکی گەورە بۆ هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان بە شێوەیەک ناتوانن پاسپۆرت یان کارتی نیشتمانی دەربکەن.

**چارەسەری کێشە**: دوای گفتووکردنێکی بونیادنەر لەگەڵ شاندی وەزارەتی ناوخوی حکومەتی فیدرالی عێراق بەسەرۆکایەتی (یاسین الیاسری) وەزیری ناوخوی عێراق لە هەولێر لەگەل شاندی وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە سەرۆکایەتی (رێبەر ئەحمەد) وەزیری ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی ناوخوی عێراق بریاری دا دان بە گشت ئەو تومارە لاوەکیانەی کە لەساڵی 1992 تا بەرکاربوونی دەستووری هەمیشەیی عێراق ساڵێ 2005 بنێت بە پێی فەرمانی وەزاری ژمارە (501) لە 2019/8/29.

### 2. کێشەی تۆماری لاوەکی (تعداد فرعي) لەدوای 2005 و تا 2017:

حکومەتی هەرێمی کوردستان لە دوای ساڵی 2005 سەدان هاووڵاتی کوردستان بە رەگەز عێراقی بە تۆماری لاوەکی لە تومارەکانی باری شارستانی تۆمارکراون و حکومەتی عێراق ئێستا دان بەو تۆمارانە نانێت و ئەم هەڵوێستەی حکومەتی عێراق بۆتە کێشەیەکی گەورە بۆ بەشێک لە هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان بە شێوەیەک ناتوانن پاسپۆرت یان کارتی نیشتمانی دەربکەن.

**چارەسـەری کێشـە**: وەزارتـی ناوخـوی عێـراق بڕیـاری دا لێژنەیەکـی هاوبـەش پێـک بهێنرێـت لـە نێـوان وەزارەتـی ناوخـوی عێـراق و هەرێـم بـو دیراسـەت کردنـی ئـەو تومـارە لاوەکیانـە و لێژنـە هاوبەشـەکە کۆبوونەوەیـان ئەنجـام دا و چارەسـەر کـرا.

### 3. ڤیزەی هەرێم:

داننەنانـی حکومەتـی عێـراق بـە ڤیـزەی هەرێـم کـە چەندیـن ساڵە دەدرێـت و مـاوەی (4) سـاڵە کراوەتـە ئەلکترونـی و ئەمـەش بووتـە کێشـەی ئـەو کەسـە بیانیانـەی کـە دەیانەوێـت گەشـت بـۆ هەرێـم بکـەن لەبـەر ئـەوەی لـە هەندێـک وڵات لـە فڕۆکەخانـەکان داوای ڤیـزەی عێراقیـان لـێ دەکـەن و وەزارەتـی دەرەوەی عێـراق گشـتاندنی کـردووە بەسـەر وڵاتـە بیانیـەکان کـە ڤیـزەی هەرێـم کاری پـێ ناکرێـت، پێشـتر بـە شـێوەیەکی زارەکـی وەزیـری ناوخـۆی هەرێـم دەسـەڵاتی لـە وەزیـری ناوخـۆی عێـراق وەرگرتـووە بـۆ پێدانـی ڤیـزە و لـە یاسـای ژمـارە (76)ی سـاڵی 2017 تایبـەت بـە نشـینگەی بیانیـان لـە مـاددەی (1) لـە پێناسـەی (سـمە الدخـول):

(الموافقـة علـى دخـول اراضـي جمهوريـة العـراق و تؤشـر فـي الجـواز مـن القنصـل العراقي أو من يقوم مقامة أو أي جهة ترعى مصالح جمهورية العراق في الخارج أو مـن يخولـه الوزيـر بذلـك).

**چارەسـەری کێشـە** : دوای گفتوگۆکردنێکـی بونیادنـەر لەگـەڵ شـاندی وەزارەتـی ناوخـوی حکومەتـی فیدرالـی عێـراق بەسـەرۆکایەتی (یاسـین الیاسـری) وەزیـری ناوخـوی عێـراق لە هەولێـر لەگەل شـاندی وەزارەتی ناوخۆی حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان بـە سـەرۆکایەتی (ڕێبـەر ئەحمـەد) وەزیـری ناوخـۆی حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان، وەزارەتـی ناوخـوی عێـراق بڕیـاری دا بـە پێدانـی دەسـەڵاتی پێدانـی ڤیـزە بـە وەزیـری ناوخـۆی حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان وە ئـەو ڤیزایانـەی لەمـەودوا لـە هەرێمـی کوردسـتان دەردەچـن بـۆ بیانیـەکان پەسـەندکراون لـە هەمـوو عێـراق و گەشـتیاری بیانـی دەتوانێـت

بە ڤیزەی هەرێمی کوردستان سەردانی هەموو پارێزگاکانی عێراق بکات و داوای نشینگە بکات لە هەر پارێزگایەکی عێراق بە پێی فەرمانی وەزاری ژمارە (502) لە 2019/8/29.

4. گرفت و کێشەکانی نشینگە:

حکومەتی عێراق دان بەو نشینگانەدا نانێت کە لە هەرێم هەن و ئەمەش کێشەی دروست کردووە بۆ ئەو هاووڵاتیە کوردانەی کە هەڵگری رەگەزنامەی وەلاتانی ترن و دەیانەوێت رەگەزنامەی عێراقی وەربگرنەوە کە بە هەر هۆکارێک لە دەستی داوە بەڵام پێویستە لە عێراق نشینگەی هەبێت بۆ ماوەیەک کە لە سالێک کەمتر نیە تابتوانێت رەگەزنامەی عێراق وەربگرێتەوە، هەروەها ئەو کەسە بیانیانەی کە دەیانەوێت رەگەزنامەی عێراقی وەربگرن تووشی هەمان گرفت بوونەتەوە.

**چارەسەری کێشە**: وەزارەتی ناوخوی عێراق بریاری دا لێژنەیەکی هاوبەش پێک بهێنرێت لە نێوان وەزارەتی ناوخوی عێراق و هەرێم بۆ لێکۆڵینەوە لە کێشەی نشینگەی بیانیەکان لە هەرێمی کوردستان لە پێش بریاری ڤیزەی پەسەندکردنی هەرێمی کوردستان.

5. گرفتەکانی کارتی نیشتمانی:

1. کێشەی تۆماری لاوەکی (تعداد فرعی) کە پێشتر ئاماژەی پێدراوە و بە هۆی ئەم کێشەیە هەزاران هاووڵاتی کوردی هەرێم بێ بەشکراون لە کارتی نیشتمانی.
2. دابین نەکردنی کەلوپەل و پێداویستی بۆ بنکەکانی کارتی نیشتمانی لە هەرێم وەک پێویست لە لایەن حکومەتی عێراق بە شێوەیەک لە کۆی (111) بنکە کە بریار لەسەر دراوە بکرێتەوە تەنها (58) بنکە کراونەتەوە و ئەمەش جێبەجێ کردنی پرۆژەکەی خاو کردۆتەوە و گرفتی بۆ هاووڵاتیان دروست کردووە.

3. نەبوونی کارەبای نیشتمانی لە زۆربەی بنکەکان لە کاتی دەوامی فەرمی گرفتی دروست کردووە سەرەڕای ئەوەی وەزارەتی ناوخۆی هەرێم چەندین موەلیدەی بۆ بنکەکان دابین کردووە کە هەندێکیان لە بواری جێبەجێ کردندایە، بەڵام گرفتەکانی کارپێکردنی ئەم موەلیدانە زۆرن وەک (دابین کردنی گاز، چاککردنەوە و کارپێکردن).

4. کەمی میلاک لە هەندێک لە فەرمانگەکانی کارتی نیشتمانی و گردبوونەوەی زۆری میلاک لە سەنتەری شارەکان و قەزاکان.

**چارەسەری کێشە**: ڕەزامەندی وەزارەتی ناوخۆی عێراق وەرگیرا بە کردنەوەی گشت ئەو نوسینگانەی کارتی نیشتمانی کە تا ئێستا لە هەرێمی کوردستان نەکراون بە هۆی کێشەی تۆماری لاوەکی و نەبوونی پێداویستی و ئامێر و وەزارەتی ناوخۆ بە فەرمانی وەزاری ژمارە (16146) لە 2019/9/25 لێژنەیەکی پێکهێنا بە مەبەستی لێکۆڵینەوە لە پێداویستییەکانی کارتی نیشتمانی لە هەرێمی کوردستان و دابین کردنی گشت ئەو پێداویستیانە لە بوودجەی وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێم خەرج دەکرێت بە مەبەستی دەست بەکاربوونیان.

### 5. کێشەی دەرهێنانی پاسپۆرت لە هەرێمی کوردستان:

لە هەرێمی کوردستان کێشەی دەرهێنانی پاسپۆرت هەیە کە هاووڵاتی بۆ دەرهێنانی پاسپۆرت تووشی گرفت دەبێت بە هۆی قەرەباڵخی و درێژی ماوەی وەرگرتنی پاسپۆرت کە هەندێکجار لە مانگێک تێپەڕ دەبێت بە هۆی کەمی نوسینگەکانی دەرهێنانی پاسپۆرت و کەمی پاسپۆرتی خام.

**چارەسەری کێشە**: وەزارەتی ناوخۆی عێراق و وەزارەتی ناوخۆی هەرێمی کوردستان ڕێککەوتن لەسەر کردنەوەی چوار نووسینگەی پاسپۆرت لە قەزاکانی (سۆران، ئاکرێ، زاخۆ و کۆیە)، وەزارەتی ناوخۆ بە فەرمانی وەزاری ژمارە (13126) لە 2019/7/29 لێژنەیەکی پێکهێنا بە مەبەستی

دابینکردنی گشت پێداویستیەکانی ئەو چوار نوسینگەیە و هەر نووسینگەیەکی تری کە لە ئایندە دەکرێتەوە و وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێم بوودجە و میلاک و باڵەخانەی پێویستی بۆی دابین کردووە و ئێستا نووسینگەی پاسپۆرت لە قەزاکانی (زاخۆ و کۆیە) دەستبەکاربوون و رۆژانە خزمەت بە هاووڵاتیان دەکەن.

وەزارەتی ناوخۆی عێراق ڕەزامەندی دەربڕی بە ناردنی بڕێک زیاتر لە پاسپۆرتی خام وەک قۆناغی یەکەم بڕی (40.000) پاسپۆرتی خام ڕەوانەی هەرێمی کوردستان کرا و ئێستا قەلەباڵغی لە نوسینگەکانی پاسپۆرت چارەسەر کراوە و پاسپۆرت لە ماوەی (3 - 7) رۆژ وەردەگیرێتەوە.

## لەسەر ئاستی چاکسازی

### 1. ڕێکخستنەوە دەوامی فەرمی:

وەزارەتی ناوخۆ بە نووسراوی ژمارە (12928) لە 2019/7/23 ئاگاداری گشت فەرمانگەکانی خۆی کردۆتەوە کە پێویستە گشت ئەفسەر و کارمەند و فەرمانبەرانی میلاکی شارستانی پابەندبن بەکاتی دەوام لە (8:00) بەیانی تا (3:00) دوای نیوەڕۆ.

### 2. کەمکردنەوەی ڕۆتین و دیاردەی بەرتیل وەرگرتن:

وەزارەتی ناوخۆ بە نووسراوی ژمارە (14210) لە 2019/8/26 ئاگاداری گشت فەرمانگەکانی خۆی کردووە کە پێویستە زیاتر گرنگی بدەن بە ڕایی کردنەوەی مامەڵەی هاووڵاتیان بە یەکسانی و دوور لە هەر کەم و کورییەک و بەرنگاربوونەوەی دیاردەی بەرتیل وەرگرتن بە مەبەستی ڕایی کردنەوەی مامەلەکانیان.

**3. ڕێزگرتن لە هاووڵاتیان:**

وەزارەتـی ناوخـۆ بـە نووسـراوی ژمـارە (16876) لـە 2019/10/6 ئـاگاداری گشـت فەرمانگەکانـی خـۆی کـردووە کـە پێویسـتە ڕێـز لـە هاووڵاتیـان بگیرێـت و هیـچ کەمتەرخەمیـەک لـەم بـوارەدا قبـوڵ ناکرێـت.

**4. ڕێزگرتن لە پلە سەربازییەکان:**

وەزارەتـی ناوخـۆ بـە نووسـراوی ژمـارە (180) لـە 2019/9/2 ئـاگاداری گشـت دام و دەزگاکانـی خـۆی گرتـووە کـە پێویسـتە ڕێـز لـە پلـەداری سـەربازیدا بگیرێـت و هیـچ کەمتەرخەمیـەک لـەم بـوارەدا قبـوڵ ناکرێـت.

**5. جێبەجێکردنی هێڵە گشتییەکان و پتەوکردنی پەیوەندی و دانانی هێڵی گەرم:**

وەزارەتـی ناوخـۆ بـە فەرمانـی وەزاری ژمـارە (15210) لـە 2020/9/29 لەبـەر بەرژەوەنـدی گشـتی و لـە پێنـاوی جێبەجـێ کردنـی هێڵـە گشـتیەکانی کاری کابینـەی نۆیەمـی حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان و پتەوکردنـی پەیوەنـدی و متمانـە لـە نێـوان هاووڵاتیـان و فەرمانگەکانـی حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان و بـە مەبەسـتی گەیاندنـی گلەیـی و گازنـدە و سـکاڵای هاووڵاتیانـی هەرێمـی کوردسـتان کـە سـەرهەڵدەدەن لـە ئەنجامـی سـەردانی کردنـی فەرمانگـەکان و ڕایـی کردنـی کاروبارەکانیـان لـە لایـەن ئـەو ئەفسـەر و فەرمانبـەر و کارمەندانی و بۆ چارەسـەرکردن و دۆزینەوەی ڕێگەچارە بۆ کێشـە و گیروگرفت و ئاریشـە و کێماسـییەکان بڕیـاری دا بـە هێنانەکایـەی هۆبـەی هێڵـی گەرم ژمـارە (414) و هۆبـەی سـکاڵا (ئۆنلایـن) لـە بەڕێوەبەرایەتـی بەڕێوەبردنـی جـۆری سـەر بـە بەڕێوەبەرایەتـی گشـتی دیوانـی وەزارەت و ڕۆژانـە هاووڵاتیـان پەیوەنـدی بـە وەزارەت دەکـەن بـە مەبەسـتی گەیاندنـی سـکاڵاکانیان.

**6. دارشتن و بەرکارکردنی یاسا ئیتیحادیەکان و هەموارکردنی یاسا پەیوەندیدارەکان بە وەزارەتی ناوخۆ:**

وەزارەتی ناوخۆ بە نووسراوی ژمارە (13498) لە 2019/8/7 لێژنەیەکی تایبەتی پێکهێنا بە مەبەستی پێداچوونەوە بە یاسا پەیوەندیدارەکان و هەموارکردنی یاساکان و بەرکارکردنی یاسا ئیتیحادییەکان و دارشتنی یاسای نوێ و تا ئێستا ئەم یاسانەی خوارەوە ئامادەکراون:

1. دوو پرۆژە یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان.
2. دوو پرۆژە یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێم.
3. پرۆژە یاسای نوێی وەزارەتی ناوخۆ.
4. پرۆژە یاسای بەرکارکردنی یاسای چەکەکانی عێراق ژمارە (51)ی ساڵی 2017.
5. پرۆژە یاسای بەرکارکردنی یاسای ژمارە (22)ی ساڵی 2013ی هەموارکراوی یەکەمی یاسای خزمەت و خانەنشینی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ژمارە (18)ی ساڵی 2011.
6. پرۆژە یاسای کۆلێژی پولیس.
7. پرۆژە یاسای بەرکارکردنی یاسای خانەنشینی یەکگرتوو ژمارە (9)ی ساڵی 2014.
8. پرۆژە یاسای هەموارکردنی یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی ژمارە (8)ی ساڵی 2011.
9. پرۆژە یاسای پاسەوانی شەوان.
10. پرۆژە یاسای بەرکارکردنی یاسای مادە هوشبەرەکان و کاریگەرە عەقلییەکان.11. پرۆژە یاسایی رێکخستنی کاری کۆمپانیا ئەمنییەکان لە هەرێمی کوردستان.

**7. پێداچوونەوە بە میلاك:**

وەزارەتی ناوخۆ بە نووسراوی ژمارە (13599) لە 2019/8/8 لێژنەیەکی تایبەتی پێکهێنا بە مەبەستی پێداچوونەوە بە گشت میلاک و پێشینەی بەردەوامی دام و دەزگاکانی وەزارەتی ناوخۆ و دوای دەست بەکاربوونی ئەم لێژنەیە ئەم کارەکانەی ئەنجام دراوە:

أ. دابەشکردنی فۆرمێکی تایبەت بە میلاک و هەبووەکان (الموجودات) و کەل و پەل و ئۆتۆمبێل و چەک و تەقەمەنی کە بە نووسراوی ژمارە (14869) لە 2019/9/8 گشتاندنی بۆ کراوە و تا ئێستا نزیکەی (85%) فۆرمەکان گەراونەتەوە.

ب. سەردانی لە ناکاوی لێژنە بە مەبەستی پشکنینی بەڕێوەبەرایەتیەکانی پولیسی دارستانی هەولێر، بەشی مەشق و شیاندنی پۆلیسی هەولێر، کولێژی پۆلیسی هەولێر، بەڕێوەبەرایەتی بەرگری شارستانی هەولێر، بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی کارەبای هەرێم، بەڕێوەبەرایەتی پولیسی کارەبای هەولێر پاڵپشت بە زانیاری پشت راست کراو. لە دەرئەنجامی لێکولینەوە و پشکنین توانرا زیاتر لە (200) کارمەندی بن دیوار و زیاد لە میلاک دەست نیشان بکرێت و کاری گواستنەوەیان بۆ ئەنجام درا بۆ ئەو فەرمانگانەی تایبەتی بە هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ کە کێشەی کەمی میلاکیان هەیە.

**8. پێداچوونەوە بە دیزاینی کوالێتی تابلوکانی ئۆتۆمبێل:**

وەزارەتی ناوخۆ بە نووسراوی ژمارە (14836) لە 2019/9/5 لێژنەیەکی تایبەتی پێکهێنا بە مەبەستی پێداچوونەوە بە دیزاین و کوالێتی تابلۆکانی ئۆتۆمبێل لە هەرێمی کوردستان بە هەموو جۆرەکانی و گونجاندنی لەگەڵ سیستەمی تابلۆی.

9. قەدەغەکردنی بەکارهێنانی ئۆتۆمبێلی حکومی دوای دەوامی فەرمی:

وەزارەتی ناوخۆ بە نووسراوی ژمارە (827) لە 2019/8/18 نووسراو بۆ گشت وەزارەتەکان و فەرمانگەکانی نەبەستراو بە وەزارەت کردووە لە لە 2019/10/1 بەکارهێنانی ئۆتۆمبێلی حکومی دوای دەوامی فەرمی بە پێی رێنمایی ژمارە (2)ی ساڵی 2018 قەدەغەیە و دەستی بەسەردا دەگیرێت و رووبەرووی لێپێچینەوەی یاسایی دەبێت.

10. خولی پێگەیاندنی ئەفسەران:

وەزارەتی ناوخۆ بە نووسراوی ژمارە (13596) لە 2019/8/8 لێژنەیەکی تایبەتی پێکهێنا بە مەبەستی لێکۆڵینەوە لە کردنەوەی خولی پێگەیاندنی ئەفسەران بۆ کارمەندانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ئەوانەی خاوەن بروانامەن بۆ زیاتر سوود وەرگرتن لە راژەکانیان.

## لەسەر ئاستی کارگێری

وەزارەتی ناوخۆ بۆ چەسپاندنی لامەرکەزیەتی ئیداریی پارێزگاکان کە گونجاو بێت لەگەڵ سیستەمی یاسایی و کارگێڕی هەرێمی کوردستان و شۆڕکردنەوەی دەسەڵاتەکان و دابەشکردنی ئەرک و بەرپرسیاریەتی بە پێی یاسا، لە ژێر چاودێری سەرۆکایەتی حکومەت بە فەرمانی وەزاری ژمارە (13497) لە 2019/8/7 لێژنەیەکی پێکهێنا بە مەبەستی پێداچوونەوەی دەسەڵاتەکانی پارێزگاکان و سەرپەرشتیاری ئیدارە سەربەخۆکان وە ئێستا ئەم لێژنەیە کار دەکەن بۆ زیاتر شورکردنەوەی دەسەڵاتەکان لە پێناو چەسپاندنی لامەرکەزیەتی ئیداری.

## لەسەر ئاستی پەرەپێدانی توانا مرۆییەکان

1. پەیمانگای پەرەپێدانی ئەمنی و کارگێری و تەکنەلوجیای زانیاری ئەم خولانەی کە لە خشتەی خوارەوە ئاماژەی پێ کراوە ئەنجام داوە بۆ پەرەپێدانی تواناکانی ئەفسەر و کارمەند و فەرمانبەری وەزارەتی ناوخۆ:

### خولەکان:

| ژ | ناوی خول | ژ. بەشداربوو | ماوەی خول | شوێنی ئەنجام دانی خول | لایەنی جێ بە جێ کار |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | پاراستنی شوێنەواری کلتوری | 25 | 2019/8/1-7/21 | دیوانی وەزارەت | هێزەکانی هاوپەیمانان |
| 2 | Deat Managment | 25 | 2018/7/24 | دیوانی وەزارەت | وەزارەتی ناوخۆ |
| 3 | سەرەتایی کۆمپیوتەر | 16 | 2019/8/25-21 | دیوانی وەزارەت | وەزارەتی ناوخۆ |
| 4 | هونەری هەڵسوکەوتکردن لە گەڵ هاوڵاتیان لە فروکە خانە سەرەتایی کۆمپیوتەر | 51 | 2019/8/8-4 | دیوانی وەزارەت | وەزارەتی ناوخۆ |
| 5 | شیکردنەوەی ISO | 12 | 2019/8/7-6 | دیوانی وەزارەت | المؤسسة العربية للإستشارات والتدريب والتحيكم |
| 6 | سپیکردنەوەی پارە | 15 | 2019/9/5-3 | دیوانی وەزارەت | المؤسسة العربية للإستشارات والتدريب والتحيكم |
| 7 | بەرێوەبردنی ئەمنی وپەرەپێدانی تەکنەلۆژیای زانیاری | 14 | 2019/9/17-16 | دیوانی وەزارەت | یەکێتی ئەوروپا |
| 8 | إنشاء الحكومة الألكترونية والمدنية الذكية و استخدام الخدمات الرقمية | 25 | 2019/10/11 | دیوانی وەزارەت | کونسوڵخانەی میلی صینی |
| 9 | کۆنترۆڵکردنی دۆکیۆمێنتی ساختە | 11 | 2019/10/10-6 | دیوانی وەزارەت | پۆلیسی فیدراڵی ئەڵمانی |
| 10 | کۆنترۆڵکردنی دۆکیۆمێنتی ساختە | 11 | 2019/10/17-13 | دیوانی وەزارەت | پۆلیسی فیدراڵی ئەڵمانی |
| 11 | پاراستنی شوێنەواری کلتوری | 14 | 2019/10/31 -20 | دیوانی وەزارەت | هێزەکانی هاوپەیمانان |
| 12 | ئاشکراکردنی دۆکیۆمێنتی ساختە | 16 | 2019/11/6-3 | دیوانی وەزارەت | پۆلیسی نەرویجی |
| 13 | فریاگوزاری سەرەتایی | 19 | 2019/11/5-3 | دیوانی وەزارەت | هێزەکانی هاوپەیمانان |
| 14 | پاڵپشتی یاسای بۆ ئافرەتان لە هەرێمی کوردستان | 4 | 2019/7/20 | هوتێل دێدەمان | رێکخراوی لێکۆڵەر بۆ سەروەری یاسا |
| 15 | وۆرك شۆپی تەکنیکی | 5 | 2019/7/30 | هوتێل رۆیاڵ | رێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ (IOM) |
| 16 | رەشنوسی پاشکۆی | 2 | 2019/7/31 | هوتێل دێدەمان | ئاژانسی (USAID) |
| 17 | پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکان | 1 | 2019/8/7-4 | پەیمانگای ئەنستیتۆی کوردستان | وەزارەتی پلان دانان |
| 18 | هۆشیارکردنەوە بۆ یەکسانی جێندەری | 1 | 2019/8/5-4 | پەیمانگای ئەنستیتۆی کوردستان | وەزارەتی پلان دانان |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| 19 | ڕەوشتەکانی کارکردن لە کەرتی گشتی | 1 | 2019/8/7-6 | پەیمانگای ئەنستیتۆی کوردستان | وەزارەتی پلان دانان |
| 20 | باشترکردنی توانا و شارەزایی کارمەندانی دادگای نەوجەوانان و کەرتی ئاسایش و پۆلیس دەربارەی بە دەنگەوە هاتن و نەهێشتنی توندوتیژی | 12 | 2019/8/19-18 | هوتێل ڕۆجانا | ڕێکخراوی یونسێف |
| 21 | پەیوەندیە کارگێریەکان | 1 | 2019/8/28-25 | پەیمانگای ئەنستیتۆی کوردستان | وەزارەتی پلان دانان |
| 22 | لێهاتوویی و شارەزایی لە پەیوەندیکردن | 1 | 2019/8/28-25 | پەیمانگای ئەنستیتۆی کوردستان | وەزارەتی پلان دانان |
| 23 | ڕەوشتەکانی کارکردن لە کەرتی گشتی | 1 | 2019/8/28-27 | پەیمانگای ئەنستیتۆی کوردستان | وەزارەتی پلان دانان |
| 24 | بنەماکانی بەڕێوەبردنی قەرزی گشتی وە کاریگەری لەسەر بەرنامەی چاکسازی حکومەتی هەرێمی کوردستان | 2 | 2019/8/29-28 | هۆتێل دیڤان | ئەنجومەنی وەزیران بە هەماهەنگی لەگەڵ ڕێکخراوی (USAID) |
| 25 | DEVELOPING THE SKILIS OF MEDIA MANAGER AND SPOKESPERSON | 1 | 8/30 تا 2019/9/3 | هۆتێلی هەولێری نێودەوڵەتی | فەرمانگەی میدیا و زانیاری بە هەماهەنگی لەگەڵ OTT-OPEN THINK ) (TANK |
| 26 | بیرکردنەوەی ستراتیجی | 1 | 2019/9/4-1 | پەیمانگای ئەنستیتۆی کوردستان | وەزارەتی پلان دانان |
| 27 | بەڕێوەبردنی تیم | 1 | 2019/9/12-9 | پەیمانگای ئەنستیتۆی کوردستان | وەزارەتی پلان دانان |
| 28 | ڕێنمای جێبەجێ کردنی گرێبەستە گشتیەکان | 1 | 2019/9/12-10 | پەیمانگای ئەنستیتۆی کوردستان | وەزارەتی پلان دانان |
| 29 | پەیوەندیە کارگێریەکان | 1 | 2019/9/18-15 | پەیمانگای ئەنستیتۆی کوردستان | وەزارەتی پلان دانان |
| 30 | بەڕێوەبردنی ڕێکخراوەیی | 1 | 2019/9/18-15 | پەیمانگای ئەنستیتۆی کوردستان | وەزارەتی پلان دانان |
| 31 | بەڕێوەبردنی زانیارییەکان | 1 | 2019/9/25-22 | پەیمانگای ئەنستیتۆی کوردستان | وەزارەتی پلان دانان |
| 32 | کارگێری ئەلیکترۆنی | 1 | 2019/9/25-22 | پەیمانگای ئەنستیتۆی کوردستان | وەزارەتی پلان دانان |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| 33 | ڕەوشتەکانی کارکردن لە کەرتی گشتی | 1 | 2019/9/30-29 | پەیمانگای ئەنستیتۆی کوردستان | وەزارەتی پلان دانان |
| 34 | هۆشیارکردنەوە بۆ یەکسانی جێندەری | 1 | 2019/9/30-29 | پەیمانگای ئەنستیتۆی کوردستان | وەزارەتی پلان دانان |
| 35 | فێربوونی بەرنامەکانی (وۆردە، ئەکسڵ، پاوەرپۆینت) | 1 | 2019/11/6-3 | پەیمانگای ئەنستیتۆی کوردستان | وەزارەتی پلان دانان |
| 36 | کارگێری گشتی | 1 | 2019/11/14-11 | پەیمانگای ئەنستیتۆی کوردستان | وەزارەتی پلان دانان |
| 37 | کارگێری گشتی | 1 | 2019/11/21-18 | پەیمانگای ئەنستیتۆی کوردستان | وەزارەتی پلان دانان |
| 38 | وۆرك شۆپی پلاندانان | 2 | 2019/11/14 | شەهید مامۆستا سعد عبدالله | ئەنجومەنی وەزیران/ فەرمانگەی میدیا و زانیاری |

2. بە ئاکادیمی کردنی پلەبەرزکردنەوەی ئەو ئەفسەرانەی شایستەی پلەبەرزکردنەوەن لە پلەی (مقدم) بەرەوە سەرەوە و ناردنی توێژینەوەیان بو زانکۆکانی هەرێمی کوردستان بە پێی ستانداردەکانی وەزارەتی خوێندنی بالآ و توێژینەوەی زانستی.
3. بە ئەلیکترونی کردنی تاقیکردنەوەی پلەبەرزکردنەوەی ئەفسەران لە پلەی (رائد) بەرەو خوارەوە.

## لەسەر ئاستی پرۆژەکانی تایبەت بەژێرخانی دامودەزگاکانی وەزارەت

ئەو پرۆژانەی کە لە کاتی دامەزراندنی کابینەی نوێی حکومەت رەزامەندی لەسەر وەرگیراوە بۆ هەموو پارێزگاکانی (هەولێر- دهۆک- سلێمانی- هەڵەبجە) و ئیدارەکانی (گەرمیان و راپەرین) کە لە خوارەوە بەپێی ناوی پرۆژە و شوێنی پرۆژە و گوژمەی پرۆژە ئاماژە پێ کراوە:

| ژ | ناوی پرۆژە | شوێنی پرۆژە | گوژمەی پرۆژە (دینار) | تێبینی |
|---|---|---|---|---|
| 1 | دروست کردنی بەشی ئالیات و نۆژەنکردنەوەی بەشی کرێ و بارهەلگر لە ب. هاتووچۆی هەولیر | پارێزگای هەولێر | 572.000.000 | پرۆژەکە لە ژێر جێبەجێکردن دایە |
| 2 | بینای هاتووچۆی شەقلاوە | پارێزگای هەولێر | 383.300.000 | پرۆژەکە لە ژێر جێبەجێکردن دایە |
| 3 | دروستکردن و کردنەوەی دەروازەی سنوری مێرگەسور- رووبارۆك (کۆمەلگای زێت) لە قەزای مێرگەسور | پارێزگای هەولێر | 299.653.000 | پرۆژەکە لە ژێر جێبەجێکردن دایە |
| 4 | بینایەی هاتووچۆی بەرێوەبەرایەتی هاتووچۆی هەلەبجە | پارێزگای هەلەبجە | 5.485.388.849 | پرۆژەکە لەژێر پرۆسەی تەندەرین دایە |
| 5 | بنکەی هاتووچۆی قوشتەپە | پارێزگای هەولێر | 459.889.000 | پرۆژەکە لەژێر پرۆسەی تەندەرین دایە |
| 6 | پرۆژەی 69 کامیرا بۆ ترافیك لایتی گۆرە پانەکانی ناوشاری سلێمانی | پارێزگای سلێمانی | 2.545.942.300 | پرۆژەکە لەژێر پرۆسەی تەندەرین دایە |
| 7 | فەراوان کردنی گەراجی وەستانی ئۆتۆمبیلی هاولاتیان و زیاد کردنی نهۆمی هۆلی کۆنگرە (ناو وەزارەت) | پارێزگای هەولێر | 374.833.750 | پرۆژەکە لەژێر پرۆسەی تەندەرین دایە |
| 8 | دانان و دابین کردنی گاردرێل بۆ رێگای نیوان تاسلوجە و دۆکان | پارێزگای سلێمانی | 5.870.700.000 | پرۆژەکە لەژێر پرۆسەی سپاردن دایە |
| 9 | دابین کردن و هێنانی دانانی پێداویستیەکانی بینایەی نوێ ب . نشینگەی هەولێر | پارێزگای هەولێر | 569.412.000 | پرۆژەکە لەژێر پرۆسەی سپاردن دایە |
| 10 | دانان و دابین کردنی پیداویستیەکانی ب.هاتووچۆی سۆران | پارێزگای هەولێر/سۆران | 329.550.000 | پرۆژەکە لەژێر پرۆسەی تەندەرین دایە |
| 11 | دانان و دابین کردنی هیمای رینیشاندەر هاتووچۆی جۆراوجۆر بۆ ریگاکانی (عەربەت ،سەیدسادق،هەلەبجەی ،بیتوین،گەرمەك) | پارێزگای هەلەبجە | 2.366.225.000 | پرۆژەکە لەژێر پرۆسەی تەندەرین دایە |
| 12 | کۆی دەرخستەکانی تایبەت بەدابین کردنی پێداویستیەکان ب . هاتووچۆی ئیدارەی گەرمیان | ئیدارەی گەرمیان | 361.780.326 | پرۆژەکە لەژێر پرۆسەی تەندەرین دایە |
| 13 | کۆی دەرخستەکانی تایبەت بەدابین کردنی پێداویستیەکان دانانی هێمای هاتووچۆی لەگەل دانانی گاردرێل لەگەل بۆیاخ کردن نوژەن کردنەوەی ب . هاتووچۆی سنوری شاری سلێمانی | پارێزگای سلێمانی | 4.333.353.750 | پرۆژەکە لەژێر پرۆسەی تەندەرین دایە |
| 14 | کۆی دەرخستەکانی تایبەت بەدابین کردنی پێداویستیەکان دانانی هێمای هاتووچۆی لەگەل دانانی گاردرێل لەگەل بۆیاخ کردنی ب . هاتووچۆی سنوری سۆران | پارێزگای هەولێر | 434.131.431 | پرۆژەکە لەژێر پرۆسەی تەندەرین دایە |
| 15 | کۆی دەرخستەکانی تایبەت بەدابین کردنی پێداویستیەکان دانانی هێمای هاتووچۆی لەگەل دانانی گاردرێل لەگەل بۆیاخ کردنی ب . هاتووچۆی ئیدارەی راپەرین | ئیدارەی راپەرین | 1.446357.500 | پرۆژەکە لەژێر پرۆسەی تەندەرین دایە |
| 16 | کۆی دەرخستەکانی تایبەت بەدابین کردنی پێداویستیەکان دانانی هێمای هاتووچۆی لەگەل دانانی گاردرێل لەگەل بۆیاخ کردنی ب . هاتووچۆی(کۆیە)و سنوری شاری هەولێر | پارێزگای هەولێر | 648.853.500 | پرۆژەکە لەژێر پرۆسەی تەندەرین دایە |
| 17 | کۆی دەرخستەکانی تایبەت بەدابین کردنی پێداویستیەکان دانانی هێمای هاتووچۆی لەگەل دانانی گاردرێل لەگەل بۆیاخ کردنی ب . هاتووچۆی(کۆیە) رێگای نیوان هەولێر – کۆیە | پارێزگای هەولێر | 850.000.000 | پرۆژەکە لەژێر پرۆسەی سپاردن دایە |

# وەزارەتی تەندروستی


بە پێی ستاندەرە جیهانییەکان، چاکسازی لە کەرتی تەندروستی و دەرمان و خۆراك دەکەین و ڕێکاری یاسایی بۆ هەر سەر پێچیەك کە لەم لایەنە ژیاریەدا بکرێت دەگرینە بەر. بۆ ئەم مەبەستانەش دامەزراوەی خۆراك و دەرمانی هەرێم سەر بە ئەنجومەنی وەزیران دادەمەزرێنین.

کاردەکەین بۆ باشترکردنی کەرتی تەندروستیی گشتی و گەیاندنی خزمەتێکی باشتری تەندروستی بە هاووڵاتیان و هەوڵی جێگیرکردنی سیستەمی بیمە یا خود دڵنیایی تەندروستی بە پێی پێوەری گونجاو بۆ دۆخی هەرێمی کوردستان دەدەین. هەروەها کار دەکەین بۆ پێشکەشکردنی ڕەشنووسی یاسای مافی نەخۆش و ڕێکخستنەوەی ماف و ئەرکی پزیشکان بۆ پاراستنیان لە هەر دەستدرێژییەك

کارنامەی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان

## سیستەمی ئەلیکترۆنی:

1. پتەوکردنی بە ئەلیکترۆنیکردنی سیستەمی دەرمان، کە ئێستا هەموو کۆمپانیاکانی دەرمان بۆ کوالیتی کۆنترۆل لە ڕێگەی سیستەمێکی ئۆنلاینەوە داواکاری پێشکەش دەکرێت.
2. پێشنیارکردنی بە ئەلیکترۆنی کردنی خۆراکی هاوردە و بەستنەوە لەگەڵ سنورەکان هاوشێوە سیستەمی کوالیتی کۆنترۆل بۆ دەرمان.
3. ئەکتیڤکردنی سیستەمی ئەلیکترۆنی تۆمارکردنی نەخۆشیەکانی بەشێوازی زانستی (ICD-10) لە بنکە تەندروستیەکان بە هەماهەنگی لەگەڵ زانکۆی ڕۆمای ئیتالی.




4. پەرەپێدانی هێڵی گەرمی کۆرۆنا 122 و دابین کردنی ژمارەیەکی زۆر لە هێڵی گەرم کە لەرێگەی ئۆنلاینەوە داواکاریەکان تۆمار دەکرێن و بەدواداچوون بۆ کەیسەکان دەکرێت هەمووی لەرێگای سیستەمێکی ئەلیکترۆنی کە دەتوانرێت لەیەک کاتدا زیاتر لە 200 تەلەفۆن وەربگرێت.

5. بەسیستەمکردن و بەئۆنلاینکردنی وەرگرتنی ڤاکسین (KurdVac) لەلایەن هاووڵاتیانەوە وە تۆمارکردنی لە داتا بەیسێکی ناوەندی کە ئەمەش زیاتر شەفافیەت و دادپەروەری دەهێنێتە کایەوە.

6. بەسیستەم کردن و بەئۆنلاین کردنی داتا و زانیاری کۆڤید و دروستکردنی داشبۆردی داتاکان بەهەماهەنگەی لەگەڵ فەرمانگەی میدیا و زانیاری لەسەر وێبسایتی فەرمی حکومەتی هەرێمی کوردستان (www.gov.krd)

7. بەسیستەم کردن و بەئۆنلاین کردنی دەرەنجامی پشکنینی کۆرۆنا بۆ ئەوەی هاووڵاتیان بە ئاسانترین شێوە دەرەنجامەکانیان بەدەست بگات

8. دروستکردنی ئەپێکی مۆبایل (سیستەمی ئەندروید و ئایفۆن) بۆ

تۆمارکردنی فەرمانبەرانی سەر بەوەزارەتی تەندروستی و دەرچوواندنی ناسنامەی ئەلیکترۆنی بۆ گشت فەرمانبەرەکان.

9. بەسیستەم کردن وئۆنلاین کردنی داواکاری پزیشکان بۆ گواستنەوە و تەنسیب کە ئەوەش پرۆسەکەی دابەشکردنی پزیشکان بەسەر شار و شارۆچەکەکان ئاسانتر کردووە و دادپەروەری زیاتری بەدیهێناوە لە دابەشکردن.

### ئامێری پزیشکی و ئەندازە

1. سازدانەوەو نوێکردنەوەی ئامێرە پزیشکییە گەورەو هەستیارەکان بەبڕی 23, 000, 000, 000 بۆ ئامێرەکانی C.T scan, MRI, Linac, Cath lab.. هتد

2. دانانی بەرنامەو میکانزمی پێویست بۆ یەکخستنەوەی سازدانەوەی ئامێری پزیشکی گەورە و کەمکردنەوەی تێچووی سازدانەوە بە دانانی هاوکێشەیەکی گونجاو بە هەماهەنگی لەگەڵ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران. بە تایبەت بە بەراورد لەگەڵ سازدانەوەکانی وەزارەتی تەندروستی عێراقی فیدراڵ.

3. دابینکردنی ئامێری پزیشکی بە بڕی نزیکەی 8, 400, 000, 000 کە بڕی 4, 000, 000, 000 بۆ ئامێرەکانی بەرەنگاربوونەو و چارەسەری ڤایرۆسی کۆرۆنا بووە

4. بەکارخستنی ئامێری ستراتیجی (گاما نایف) لە هەولێر کە یەکێکە لەو سێ ئامێرانەی بۆ عێراق دابینکراوە کە تێچووی زیاترە لە 000, 000, 8 دۆلار.

5. دابینکردنی کارگەی ئۆکسجین و ئۆکسجینی شل بۆ نەخۆشخانەی قەزاکانی دەرەوەی سەنتەری پارێزگاکان لەوانە سۆران، کۆیە.. هتد.

6. دانانی بەردی بناغەی پرۆژەی نەخۆشخانەی 100 تەختی ئامێدی/دهۆک بە بڕی 000 ,000 ,43 دۆلار.

7. دانانی میکانزمی دەستپێکردنەوەی پرۆژە بەردەوامەکان وە چەسپاندنی بودجەی پێویست لە نێو میزانیەی ساڵی 2021 حکومەتی هەرێمی کوردستان بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی پلان دانان و پێشنیارکردنی 42 پرۆژەی نوێ بۆ تەواوی ناوچەکانی هەرێمی کوردستان

## نەخۆشخانە و سەنتەرە تایبەتەکان

1. ڕێکخستنەوە و پێداچوونەوە بەسەنتەر و نەخۆشخانە تایبەتەکان و دەرچوواندنی چەندین نووسراو و فەرمان بەمەبەستی ڕێکخستنەوەی کەرتی تایبەت و ڕێگری کردنی لە گەندەڵی و قۆرەخکردن.

2. (626) شوێن سەردان کراون کە (25) شوێن داخراون و (52) بەڵێننامەش لە شوێنە سەرپێچیکارەکان وەرگیراوە.

3. ڕێکخستنەوە و دانانی نرخ لە نەخۆشخانەکانی کەرتی تایبەت.

4. سەرپەرشتی کردنی پشکنینی تاقیگەیی کۆرۆنا لە کەرتی تایبەت.

5. چالاککردنی لێژنەکانی پشکنین و بەدواداچوون.

6. بەدواداچوونی چارەسەریەکان لە کارتی تایبەت.

## پرۆژە یاساکان

1. دەرچوواندنی پرۆژە یاسای مافی نەخۆش بۆ خزمەتکردنی زیاتری نەخۆش و پاراستنی ماف و تایبەتیەکانی. دەرچوواندنی ڕێنمایی بۆ بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکان سەبارەت بە یاسای مافی نەخۆش.

2. هەمواركردنی یاسای وەزارەتی تەندروستی بەجۆرێک کە لەگەڵ بارودۆخی ئێستا و خزمەتگوزاری تەندروستی بگونجێت.

3. دەرچوواندنی پرۆژە یاسای بەرەنگاربوونەوەی ماددە هۆشبەرەکان.
4. هەموارکردنی ڕێنماییەکانی پێدان و نوێکردنەوەی نەخۆشخانە و سەنتەرەکانی کارتی تایبەت.
5. دەرچوواندنی یاسای ئاکاری پزیشکی.
6. ئامادەکردنی پرۆژە یاسای کەرتی تایبەت.

● دابەزاندنی دەستەڵات و کەمکردنەوە رۆتین.

1. دابەزاندنی دەسەڵاتەکانی کارگێڕی و دارایی بۆ بەڕێوەبەرە گشتیەکانی ناو دیوانی وەزارەت و بەڕێوەبەرە گشتیەکانی پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکان.
2. کار لەسەر پەسەندکردنی هەیکەلیەتی دیوانی وەزارەت و بەڕێوەبەرایەتییە گشتیەکان بەردەوامە. ئامانج لەم رێکارە رێکخستنەوەی هەیکەلیەتێکی گونجاوە بۆ وەزارەت لە خوارەوە بۆ سەرەوە

● لێکۆڵینەوەی زانستی پزیشکی


1. دەرچوواندنی ڕێنمایی زانستی و گشتی بۆ پزیشکان و توێژەران ئەوانەی کەوا توێژینەوە دەکەن لە نەخۆشخانەکانی هەرێمی کوردستان. ڕێنماییەکان بەمەبەستی پاراستنی داتای نەخۆش و ئاسانکاری بۆ تیمی توێژەران بوو.
2. پێکهێنانی لێژنەی باڵای توێژینەوەی زانستی لەسەر کۆڤید 19 بەهەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی.
3. پێدانی ئاسانکاری و هاوکاری بۆ کۆکردنەوەی داتا و زانیاری لەسەر ڤایرۆسی کۆڤید 19 لەهەرێمی کوردستان بۆ زیاتر لە 20 توێژینەوەی زانستی لە بواری کۆڤید 19.


**نرخدانان**

1. تەواوکردنــی دارشــتنەوەی نرخــی نەشــتەرگەری و خزمەتگوزارییــەکان لــە کەرتــی تایبــەت.
2. چەسپاندن و دانانی نرخی پشکنینی کۆرۆنا لە کەرتی تایبەت.
3. کەمکردنەوەی کرێی نەخۆش بەرێژەی ٪25 لە نەخۆشخانە تایبەتەکان.

**داهات و خەرجی**

1. خەرجیــەکان بەرێــژەی ســەدا 20% کەمــی کــردووە و رێــکاری پێویســت ئەنجامــدراوە بــۆ رێگــری کــردن لــە بەهەدردانــی پــارە ئــەوەش لەرێــگای هەماهەنگــی زیاتــر لەگــەڵ خۆبەخشــان و خێرخــوازان و رێکخــراوەکان.
2. داهاتــی وەزارەت بەرێــژەی 50% زیــادی کــردەوە بەبــەراورد لەگــەڵ ســاڵانی رابــردوو ئــەوەش بەهــۆی پتەوکردنــی رێــکارەکان و پێبژارکردنــی ســەرپێچیەکان لــە کەرتــی تەندروســتی.
3. کەمکردنــەوەی بەشــێک لــە خەرجیەکانی چاکردنەوەی ئامێرە پزیشــکیەکان، ئامانج لــەم رێکارە کەمکردنــەوەی ئەرکــی دارایــی ســەر ئەســتۆی حکومــەت و کــەم کردنــەوەی زێدەرۆیی.
4. بەدواداچــوون و تەواوکردنــی فۆرمــی داهــات و خەرجیــەکان و ناردنــی بــۆ ئەنجومەنــی وەزیــران بەشــێوەیەکی تێــر و تەســەل.


داهاتی ساڵانە بە ملیار دینار
40
35
30
25
20
15
10
5
0
2018
2019
2020
داهات
17
22
36


خەرجی ساڵانە بە ملیار دینار
900
800
700
600
500
400
300
200
100
0
2018
2019
2020
خەرجی
788
803
273

سندوقی شێرپەنجە

1 . دانانـی لێژنـەی پسـپۆری تایبـەت بـۆ پێداچوونـەوە بە کەمکردنـەوەی نرخی ئـەو نەشـتەرگەریانەی کـە لەنەخۆشـخانە تایبەتـەکان ئەنجامـدە دەدرێـن بـۆ نەخۆشـانی شێرپـەنجە .

2 . ڕاگرتنـی قەرەبووکردنـەوەی ئـەو نەخۆشـانەی کـە بەبـێ ئـاگاداری سـندوقی کۆمـەک سـەردانی نەخۆشـخانە تایبەتـەکان یـا دەرەوەی وڵاتیـان دەکـرد . ئامانجـی سـندوقی کۆمـەک ئەوەیـە کـە نەخۆشـانی شـێرپەنجە لـە گشـت پارێزگاکانی هەرێمی کوردسـتان لەڕێگەی سـەنتەر و نەخۆشـخانەکانی سـەر بەسـەندوقی کۆمـەک چارەسـەر وەربگـرن و ئەگـەر پێویسـتیان بـە دەرەوەی وڵات بـوو ئـەوا لەڕێگـەی لێژنـەی پزیشـکی پسـپۆری هەڵسـەنگاندنیان بـۆ دەکرێـت و ڕەوانـەی دەرەوەی وڵات دەکرێـن.

3 . چاکسـازی لـەو بـوارەی کـە هـەر نەخۆشـک سـەردانی سـندوقی کۆمەکی شـێرپەنجە بـکات پێویسـتە بـۆ هەرجـۆرە چارەسـەریەک لەڕێـگای نەخۆشـخانەو سـەنتەرەکانی چاراسـەری شـێرپەنجە لـە پارێزگاکانـی هەرێـم پشـتگیری بکرێـت و ژمـارەو کـۆدی تایبـەت بـە خـۆی هەبێـت .

4 . زیاتـر لـە 40 ملیـار دینـار بـۆ کڕینـی دەرمـان و پێداویسـتی شـێرپەنجە و دابینکـردن و سـازدانەوەی ئامێرەکانـی شـێرپەنجە خەرجکـراوە بە پاڵپشـتی سـندوقی کۆمـەک بـۆ تووشـبووانی شـێرپەنجە .

5 . دروسـتکردنی پـڕۆژەی هۆڵـی نەشـتەرگەری بـۆ توشـبووانی شـێرپەنجە / سـلێمانی

6 . پڕۆژەی سەنتەری شێرپەنجەی مەمک / ڕاپەڕین .

7 . دەسـتبەکاربوونی پـڕۆژەی دابینکردنـی ئامێـری لێـزەری شـێرپەنجە / سـلێمانی

8 . دەستبەکار بوونی پڕۆژەی چاندنی مۆخ / هەولێر

9 . کۆی گشتی گوژمەی پڕۆژەکانی سندوقی کۆمەک 37, 000, 000, 000 دینار

10 . گەیشـتنی دوو ئامێـری لینـاک بـۆ شـاری هەولێـر بـۆ چارەسـەری تیشـکی

بۆ تووشبووانی شێرپەنجە و ئەنجامدانی گرێبەستی دابینکردنی ئامێری لیناکی نوێ بۆ سلێمانی.

11. تەواوکردنی نەخۆشخانەی چارەسەری کیمیایی لە پارێزگای هەڵەبجە.

12. چارەسەرکردنی نەخۆشانی شێرپەنجە بە بڕی (6.149.065.000) دینار بۆ مەبەستی نەشتەرگەری و چارەسەری جگە لە دەرمان.

13. پێشنیارکردنی چەند پرۆژەیەکی گرنگی خزمەتگوزاری تەندروستی بۆ وەزارەتی پلان دانان بە مەبەستی چەسپاندنی لە نێو پەیڕەوی پرۆژە یاسای PPP و پێشنیاری یەکەم پرۆژەی دابینکردنی ئامێری MRI بۆ پارێزگای دهۆک و بەرزکردنەوەی بۆ ئەنجومەنی وەزیران بە مەبەستی ڕەزامەندی.

### نۆرینگەی ڕاوێژکاری

- فراوانکردنی نۆرینگە ڕاوێژکارییەکانی کەرتی گشتی کە لەدوای دەوامی فەرمی دەست بە دەوام دەکەن ئەمەش بۆ زیاتر خزمەتکردنی هاووڵاتیان.

### بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی

- گشت ئەو پزیشک و فەرمانبەرانەی کە لە کۆمپانیاکانی بواری دەرمان و تاقیگە کاریان دەکرد ڕاژەکانیان گواسترایەوە لە بەڕێوەبەرایەتی جۆری دەرمان و کوالیتی کۆنترۆڵ. نابێت هیچ فەرمانبەرێکی (KMCA) کاربکات لە کەرتی تایبەت لە بواری دەرمان یاخود پشکی هەبێت.

### نەهێشتن و کەمکردنەوەی ئیفاد

1. نەهێشتنی ئیفاد لەسەر ئەستۆی کۆمپانیاکان.

10. دانانـی بـەردی بناغـەی کارگـەی شـەکری چەوەنـدەری بیتوێـن وەکـو یەکێـک لـە پـڕۆژە هـەر گرنـگ و سـتراتیژیەکانی وەزارەتـی کشـتوکاڵ و سـەرچاوەکانی ئـاو بـە هاوبەشـی کەرتـی تایبـەت لەلایـەن کۆمپانیـای ئابورلانـد، کـە دەسـتی کار بـۆ (8000) کـەس دابینـدەکات و ڕۆژانـەی توانای وەرگرتنـی 5000 تەنـی هەیـە و پێویسـتە جوتیـاران لەسـەر رووبـەری 60000 هـەزار دۆنـم زەوی دابچێنـن بـە چەوەنـدەر، ئـەم پڕۆژەیـە لە خاکێکی بەپیتـدا بەرهـەم هێنانـی بـۆ دەکرێـت و دەرفەتێکـی زێڕینـە بـۆ پاڵپشـتی بەرهەمـی ناوەخـۆی و هاندانـی هێـزی کاری دەرچووانـی کشـتوکاڵی.

11. بەهەمیشـەیی کـردن و ئەنجامدانـی رێـککارەکان (171) پزیشـکی فێترنـەری لەسـەر میلاکـی وەزارەت کـە ماوەیەکـی زۆر بـوو بـە شـێوەی کاتـی خزمەتیـان دەکـرد لـە سـەرمیلاکی بەڕێوەبەرایەتییەکانـی (هەولێـر – دهـۆک- سـلێمانی- گەرمیـان ) ئـەم هەنـگاوە پشـتیوانیەکی گرنـگ بـوو لـە پێنـاو دابیـن کردنـی مافـە رەواکانـی پزیشـکانی فێترنـەری.

## پڕۆژە یاسا و ڕێنمایی ئامادەکراو :

1. پڕۆژە یاسای ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی عەلوەکان.
2. پڕۆژە یاسای سەرپەرشتی کردنی پڕۆژەکانی کشتوکاڵی.
3. پڕۆژە یاسای پاراستنی زەوی کشتوکاڵی.
4. پڕۆژە یاسای تەرخانکردنی زەوی بۆ دامەزراندنی پڕۆژەی کشتوکاڵی.
5. پڕۆژە ڕێنمایی دروستکردنی خانوو لەناو باخ و زەویە کشتوکاڵیەکان.
6. پڕۆژەی دابینکردنی زەوی لەناو سنوری شارەوانی و دەرەوەی شارەوانی بۆ وەبەرهێنانی کشتوکاڵی.
7. پێداچوونەوەی بەسەرجەم ڕێنمایەکانی وەزارەت.
8. پەسندکردنی پەیکەری نوێی وەزارەت لەلایەن وەزارەتی دارایی و ئابووری.
9. پێکهێنانی لیژنە بۆ ئامادەکردنی پەیڕەوی ناوخۆی وەزارەت کە کارەکانی لە قۆناغی کۆتاییدایە.
10. زیاتر لە 10 کۆبونەوەی ئەنجومەنی ڕاوێژکاری وەزارەت کە 27 بڕیاری تێدا دەرچووە.

## چەند کار و چالاکی تری وەزارەت بۆ پێشخستنی کەرتی کشتوکاڵ

1. پەسندکردنی پلانی زستانەی وەزارەت بۆ چاندنی گەنم بۆ وەرزی 2019-2020 بۆ چاندنی ڕووبەری ( 3547753) سێ ملیۆن و پێنج سەدو چل و حەوت هەزار و حەوت سەد و پەنجا و سێ دۆنم لە لایەن لیژنەی باڵای پلانی ساڵانەی کەرتی کشتوکاڵی لە عێراق.
2. وەرگرتنەوەی بڕی (390000) گەنم لە جوتیارانی کوردستان لەلایەن حکومەتی عێراق کە نزیکەی (54772) جوتیار بەشداری دەکەن لە پرۆسەی بەبازارکردنی گەنم لەمساڵدا.
3. پەسندکردنی پلانی زستانەی وەزارەت بۆ وەرزی چاندنی 2020 -2021

بـۆ وەزارەتـی کشـتوکاڵی عێـراق کـە پلانەکە چاندنـی ڕووبـەری (3585018) دۆنم لـە خۆدەگرێـت. کڕینـەوەی (37500) تـەن گەنـم لـە جووتیـاران.

4. پەسـەندکردنی پێشـنیاری وەزارەتـی کشـتوکاڵ و سـەرچاوەکانی ئـاو لەلایـەن ئەنجوومەنـی وەزیـران بـۆ وەرگرتنـەوەی قسـتی کشـتوکاڵی لـە جوتیـاران بـۆ مـاوەی درێـژ خایـەن.

5. بەمەبەسـتی پاراسـتنی سـامانی ئـاژەڵ لـە نەخۆشـی و پەتـاکان تەرخانکردنـی ( 430000) ملیـۆن دینـار بـۆ ڕشـاندنی هۆڵەکانـی ئـاژەڵ و دەرزی لێدانـی ئـاژەڵ.

6. بەردەوامبوون لە هەڵمەتی کۆنترۆڵکردنی نەخۆشی LSD لە ئاژەڵ.

7. قەدەغەکردنـی هـاوردەی چەندیـن بەرهـەم لـە دەرەوەی وڵات بەمەسـتی پاراسـتن و پاڵپشـتی بەرهەمـی ناوخـۆ وەک هەنـار، تەماتـە، پەتاتـە، هەنگویـن لەکاتـی پێگەیشـتنی ئـەو بەرهەمانـە.

8. دانانـی باجـی گومرگـی لەسـەر بەروبوومـی هـاوردەی کشـتوکاڵی بـۆ سـاڵی 2020 بەزرکردنـەوەی ڕێـژەی باجـەکان وەک پاڵپشـتی بـەراورد بـە سـاڵانی ڕابـردوو لـە وەزارەتـی کشـتوکاڵ و سـەرچاوەکانی ئـاو لەپێنـاوی پاڵپشـتی بەرهەمـی ناوخۆیـی.

9. ئەنجامدانـی زیاتـر لـە 400 دیـداری ڕاسـتەوخۆ تەنهـا لـە ڕۆژانـی سـێ شـەممە لەگـەڵ جوتیـاران و خـاوەن کار و پـڕۆژە کشـتوکاڵیەکان لەلایـەن وەزیـری کشـتوکاڵ و سـەرچاوەکانی ئـاو.

10. کردنـەوەی خولێکـی ڕاهێنانـی پەتاتـە بـۆ زیاتـر لـە (40) جوتیـاری نمونـەی وەبەرهێنـی پەتاتـە و ژمارەیـەک فەرمانبـەری وەزارەت لـە بەهەماهەنگـی بەڕێوەبەرایەتـی گشـتی ڕاهێنـان و توێژینـەوە و بەڕێوەبەرایەتـی گشـتی باخـداری و دارسـتان و پـاوان و بـە پشـتیوانی کۆمپانیـای (نهار الاوراد) جێبەجێکـرا. لـەم خولـەدا بەشـداربووان ئاشـناکران بـە جۆرەکانـی پەتاتـە و بەپیشـەسازی کردنـی پەتاتـە و دیـاری کردنـی جۆرەکانـی نەخۆشـی لـە هەرێمـی کوردسـتان.

11. دانانی کەمپینی هەڵمەتی پشتیوانی لە بەرهەمی ناوەخۆی جوتیارانی هەرێمی کوردستان بۆ ساغکردنەوەی بەرهەمی کاسبکاران و جوتیاران بەهاوکاری میدیاکارانی کشتوکاڵی.

12. دانانی لێژنەی باڵای ئەنفلۆنزای باڵندە لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان بۆ مەبەستی خۆپارێزی و دەرکردنی ڕێنمایی و ڕێکاری پێویست لە کاتی بڵاوبونەوەی ئەنفۆلۆنزای باڵندە و نەخۆشیەکان لە سەر بەرهەمی کێڵگە پەلەوەریەکانی هەرێمی کوردستان. ئەم لێژنەیە لە خەڵکی شارەزا لە چەندین بواردا پێکەوە کاردەکەن و راپۆرتی شیکاری و خەملاندنی ڕووبەروو بونەوە پێشکشەشی وەزارەت دەکەن.

13. دامەزراندنی ئەنجومەنی باڵای پیشەسازی پەلەوەر بۆ ئاگاداربوون لە دۆخی کێڵگە پەلەوەریەکان و کەرتی دەواجن کارگەکانی ئالیک لە هەرێمی کوردستان.

14. وەرگرتنی بڕیاری لێخۆشبوونی گومرگی بۆ پێداویستی و ئامێری کشتوکاڵی و ئەو کەرستە خاوانەی کە لە دەرەوەی وڵات هاوردە دەکرێن ئەم بڕیارانە بۆ یەکەمین جارە وەزارەتی کشتوکاڵ دەریدەکات لە ڕێگەی پاڵپشتی ئەنجومەنی وەزیران بۆ پەرەپێدان و هاندانی کەرتی کشتوکاڵ و ئاودێری.

15. پێدانی ڕەزامەندی بە دەیان کارگەی جۆراوجۆری پرۆژەی کشتوکاڵی لە سنوری پارێزگای سلێمانی و هەولێر بەمەبەستی پێشخستنی پیشەسازی کشتوکاڵی لە هەرێمی کوردستان.

### بەنداو و سەرچاوەکانی ئاو:

1. ئامادەکردن و ناردنی لیستی ئەو پرۆژانەی کە ڕێژەی ئەنجام دراوی کارەکانیان لەسەر ڕووی 85% بۆ وەزارەتی پلاندانان بەمەبەستی

تەمویلکردنی پرۆژەکان و دووبارە دەست بەکارکردنەوەی پرۆژەکان بۆ ئەم مەبەستەش لیستێک بۆ (32) پرۆژە بە بڕی (31736000000) سی و یەک ملیار و حەوت سەد و سی و شەش ملیۆن دینار ئاراستەی وەزارەتی پلان دانان کرا.

2. تەرخانکردنی نزیکەی (33000000000) سی و سێ ملیار دینار لە لایەن ئەنجوومەنی وەزیران بۆ تەواوکردنی (12) پرۆژەی بەنداو لە هەرێم.

3. پرۆژەی دروستکردنی بەنداوی باوەنوور ڕێژەی جێبەجێکردنی 15%

4. پرۆژەی دروستکردنی بەنداوی گۆمەسپان 22.5% تەواو بووە.

5. پرۆژەی دروستکردنی بەنداوی دێوانە ڕێژەی تەواو بوونی 92%.

6. تەرخان کردنی زیاتر لە 2, 282000000 دۆلار ملیار و دووسەد و هەشتاو دوو ملیۆن دینار بۆ مەبەستی جێبەجێکردنی پرۆژەی چارەسەرکردنی زیانەکانی بەنداوی دەربەندیخان لەلایەن سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران.

7. دابینکردنی بڕی 334 سێ سەد و سی وچوار ملیۆن دینار بۆ قرکەری دەرمانی سن و کیسەلە بۆ پاڵپشتی بەرهەمی جوتیاران لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان لەسەر پارەی 2%ی پارەی بنەتۆی گەنمی جوتیاران

8. تەرخانکردنی بری 386, 925, 000 سێ سەد و هەشتا و شەش ملیۆن و نۆ سەد و بیست و پێنج هەزار دینار بۆ مەبەستی ئەنجامدانی هەڵمەتی رشاندنی دژە نەخۆشیەکانی و کۆتان لە کاتی بڵاوبوونەوەی نەخۆشیەکان.

**بڕیارە گرنگەکان:**

1. ئامادەکردنی پلانی وەرزی زستانە (گەنم و جۆ ) لەلایەن ب. گشتی

کشـتوکاڵی پارێـزگاکان بـە هەماهەنگـی ب. گ. پلاندانـان.

2. پێـک هێنانـی لیژنەیـەک لـە سـەر ئاسـتی پارێـزگاکان بـۆ مەبەسـتی بەدواداچوونـی خانـووە پلاسـتیکیەکان و پێشکەشـکردنی ڕێنمایـی کشـتوکاڵی گونجـاو دەربـارەی ئـەو پرۆژانـە بـۆ جوتیـاران.

3. تایبـەت بـە قـەرزی کشـتوکاڵی کـە سـاڵانێکە قەرزیـان وەرگرتـووە، هەماهەنگـی لەگـەڵ وەزارەتـی دارایـی و ئابـوری بـۆ مەبەسـتی دۆزینـەوەی ڕێگەچـارەی گونجـاو بـۆ وەرگرتنـەوەی ئـەو قەرزانـە لـە جوتیـاران بـە شـێوەی درێژخایـەن.

4. ڕێگەگرتـن و پارێـزگاری لـە کوژاندنـەوەی زەوی کشـتوکاڵی و هەوڵـدان بـۆ گەڕاندنـەوەی ئـەو زەویانـەی کـە کوژاندنەوەیـان بـۆ کـراوە بـەڵام بـەکار نەهاتـووە بەهـۆی ئـەوەی کـە کاریگـەری نەرێنـی لەسـەر پێشخسـتنی کەرتـی کشـتوکاڵ دەبێـت.

5. تاوتوێکردنـی پـرۆژە یاسـایی پاراسـتنی زەوی کشـتوکاڵی لەهەرێمـی کوردسـتان بـۆ ئاراسـتەکردنی بـۆ لیژنـەی کشـتوکاڵ و ئاودێـری لـە پەرلەمانـی کوردسـتان.

6. تاوتوێکردنـی پـرۆژە یاسـایی تایبـەت بـە دامەزراندنـی پـرۆژەی کشـتوکاڵی لـە هەرێمـی کوردسـتان

7. پێکهێنانـی لیژنەیەکـی بـاڵا بـۆ تاوتوێکردنـی پـرۆژە یاسـایی پاراسـتنی زەوی کشـتوکاڵی لـە هەرێمـی کوردسـتان.

8. پێکهێنانـی لیژنەیـەک بـۆ پێداچوونـەوە و دەستنیشـانکردنی کـەم و کورتیـەکان و بەهێزکردنـی ناوەڕۆکـی ڕێنماییـەکان هەروەهـا دەرکردنـی ڕێنمایـی نـوێ بەپێـی پێویسـتی و تایبەتمەنـدی بابەتەکـە.

9. پێشکەشـکردنی دوو پـرۆژەی کرنـگ بـۆ مەبەسـتی ڕەخسـاندنی هەلـی کار بـۆ قوتابیانـی دەرچـووی کۆلێـژی کشـتوکاڵ و پێدانـی دەرفـەت بـۆ

دەرچووان بە دروستکردنی خانووی پلاستیکی بە مەبەستی راهێنان لەسەر پرۆسەکانی چاندن و خزمەتگوزاریە کشتوکاڵییەکان.

10. جێبەجێکردنی پرۆژەی بەبازارکردنی گەنمی جوتیارانی هەرێمی کوردستان و هەناردنی بۆ حکومەتی عێراق لە رێگەی هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی پیشەسازی و بازرگانی.

11. پێدانی دەسەڵات وردبینی و مۆلەتپێدان لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتیی توێژینەوە و رێنمایی کشتوکاڵی و ئامادەکردنی مەرج و رێنمایی بۆ ئەو کۆمپانیایانەی کە داوایی هاوردەکردنی بنەتۆی گەنم دەکەن.

12. بەکارخستنەوەی ئەنجومەنی باڵای پیشەسازی پەلەوەر لە هەرێمی کوردستان و دانانی پلان و بەرنامەی تایبەت بە کەرتی پەلەوەر و دەواجن.

13. دانانی رێنمایی و لێکۆڵینەوەکردنی یاسایی تایبەت بە بیمەی کشتوکاڵی و دامەزراندنی سندوقی قەرەبوو و کارەساتی سروشتی و پەتاکان.

14. ئامادە کردنی پرۆژە یاسایەکی تایبەت بە نەهێشتنی زیادەڕۆیی لەسەر زەوییە کشتوکاڵیەکان و ئاراستەکردنی نووسراوێک بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان.

15. پێکهێنانی لێژنەیەکی هەماهەنگی لەنێوان وەزارەت و ئەو وەزارەتانەی کە کە کار هاوشێوە و تەواوکەر بۆ وەزارەتی کشتوکاڵ ئەنجام دەدەن بەمەبەستی یەکخستنی تواناکان و پێشخستنی تواناکان لە کەرتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو.

16. رەزامەندی کردنەوەی دوو تاقیگەی کشتوکاڵی لە هەردوو عەلوەی رۆژئاوا و رۆژهەڵاتی شاری سلێمانی.

17. پێدانی مۆلەت بۆ ئەو کۆگایانەی کەوتوونەتە سەر زەوی بەردەلان بەپێی یاسا و رێنمایی.

18. دەرکردنی رێنمایی تازە سەبارەت بە داخلکردنی پێداویستیەکانی

کەشناسی و پرۆژەکانی چاککردنی ئاودێری لە لیستی پرۆژەکانی پاڵپشتی کشتوکاڵی.

19. دەستنیشانکردنی نوێنەری وەزارەت بۆ ئەنجومەنی شورای هەرێم بەمەبەستی بەدواداچوون بۆ ئەو یاسا و ڕێنمایانەی کە پێشکەشیان دەکرێت.

20. دەرکردنی ڕێنمایی تایبەت بە پرۆژەی خۆماڵی بۆ ئەم خاوەن پرۆژانەی کە بە ئۆرگانی خۆماڵی بەخێو دەکەن.

21. هەموارکردنەوەی ڕێنمایی ژمارە (3)ی ساڵی 2001 تایبەت بە پرۆژەکانی پەلەوەری.

22. ڕاگرتنی بڕیاری پۆلێنکردنی پرۆژە پەلەوەریەکانی کە بوونەتە ئەمری واقیع ئاراستەکردنی نووسراوێکی فەرمی بۆ مەبەستی گرتنەبەری ڕێککاری تایبەت ڕێگەگرتن لە دروستکردنی پرۆژەکانی کە بە نایاسایی مۆلەتیان وەرگرتووە.

23. دەرکردنی بڕیاری ڕێگەگرتن لە هاتنی ئاژەڵی مەڕدارەکانی خوارووی عێراق بۆ ناو زەوی وپاوانەکانی هەرێمی کوردستان، هەروەها ڕێگەگرتنی لە هاتنی دەراسەکانی خوارووی عێراق لە کاتی وەرزی دروێنەی گەنمی جوتیاران.

24. بۆ مەبەستی پاڵپشتی جوتیاران بڕیار درا بە ڕێگەدان بە هاوردەکردنی (جۆ و کا) بە شێوەیەکی ئازاد بۆ کۆمپانیا و خاوەن پرۆژەکان و جوتیاران.

25. ئامادەکردنی ڕەشنووسی تایبەت بە کاریگەری و چارەسەر و پێشنیاری دیاردەی ووشکە ساڵی و پێکهێنانی چەند لێژنەیەک بۆ قەرەبوو کردنەوە و کەمکردنەوەی زیانەکانی وشکەساڵی و هۆشیاری پێدان.

# وەزارەتی پلاندانان

## یەکەم: پرۆژەکانی وەبەرهێنان

سەرەڕای قەیرانی دارایی و نەهاتنی بودجە لە عێراقەوە، کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان هەر لە سەرەتای دەستبەکاربوونییەوە وەک لە کارنامەکەیدا ئاماژەی پێکراوە ئامانجی بوو کە زۆرترین پرۆژەی خزمەتگوزاری بخاتە بواری جێبەجێکردنەوە، لە سەرەتای کابینەکەوە تا کۆتایی مانگی ئایاری ئەمساڵ، حکوومەتی هەرێمی کوردستان بڕی (434, 369, 000, 000) دیناری بۆ (279) پرۆژەی جیاواز لە سەرتاسەری هەرێمی کوردستان خەرجکردووە.

لە سەرەتای دەستبەکاربوونی کابینەکەوە حکوومەت پارەی بۆ چەند پرۆژەیەکی ستراتیجی تەرخان کرد لە بوارەکانی (ڕێگاوبان و دروستکردنی سایلۆ). هەندێک لەو پرۆژە ستراتیژیانە تەواو کران و ئەوانی دیکەش کارکردن تێیاندا بەردەوامە و لە ئایندەیەکی نزیکدا تەواو دەکرێن.

لە ساڵی 2020 سەرهەڵدانی پەتای کۆرۆنا و داتەپینی نرخی نەوت ئاستەنگی گەورە بوون لەبەردەم خێرایی بەئەنجامگەیاندنی کارنامەی کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، ئەگینا تەنیا لە ماوەی (ئەیلوولی 2019 تا کۆتایی 2020) حکوومەتی هەرێم (266) پرۆژەی لە سەرتاسەری کوردستان خستەوە کار و بڕی (375) ملیار دیناری لە تەواوکردنی ئەو پرۆژانەدا خەرج کرد.

ریزبەندیش بەو پرۆژە خزمەتگوزارییانە درا کە بۆ هاووڵاتیانی کوردستان لەم قۆناغە هەستیارەدا پێویستن، بەتایبەتی لە پرۆژەکانی (ڕێگاوبان، سایلۆ، بەنداو، ئاو و ئاوەڕۆ، کارەبا و دروستکردنی خانوو بۆ کەم دەرامەتان...).

خۆ ئەگەر ئەو قەیران و تەحەددا سەختەی بەردەم حکومەت نەبووایە لە ساڵی 2020دا، ئەوا حکومەتی هەرێمی کوردستان لەسەر هەمان ئەدای چەند مانگی یەکەمی دەستبەکاربوونی کابینەکە دەمایەوە و پرۆژەی زۆر زیاتر لەوەی ئێستای پێشکەشی هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان دەکرد.

حکوومەتی هەرێمی کوردستان ئامانجیەتی لە پاڵ دابینکردنی مووچەی فەرمانبەران بەردەوام بێت لە بونیاتنانی ژێرخانی هەرێمی کوردستان و فرەچەشنکردنی ئابووری و ئەنجامدانی وەبەرهێنان و پرۆژەی خزمەتگوزاری زیاتر بۆ هاووڵاتیان.

لە خوارەوە بە داتا بڕی ئەو پارانە روون کراوەتەوە کە کابینەی نۆیەم لە سەرەتای دەستبەکاربوونیەوە تا ئێستا بۆ پرۆژەکان لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان خەرجی کردووە:

خەرجی گشتی پرۆژەکان لە کابینەی ٩ی حکومەتی هەرێم

| ژ | پارێزگا | ژ. پرۆژە | خەرجی کابینەی ٩ (ملیار دینار) | رێژە خەرجکراو |
|---|---|---|---|---|
| 1 | پارێزگای هەولێر | 108 | 141, 668.0 | 32.6% |
| 2 | پارێزگای دهوک | 39 | 86, 849.0 | 20.0% |
| 3 | پارێزگای سلێمانی | 116 | 193, 303.0 | 44.5% |
| 4 | پارێزگای هەڵەبجە | 16 | 12, 549.0 | 2.9% |
| | کۆی گشتی | 279 | 434, 369 | 100.0% |

کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، بڕی (413, 712, 000, 000) دیناری بۆ (167) پرۆژەی جۆراوجۆری وەزارەتەکان لە سەرتاسەری هەرێمی کوردستان تەرخانکردووە، خشتەی خوارەوە وردەکاریی دابەشبوونی ئەو گوژمەیە بەسەر پارێزگاکاندا روون دەکاتەوە:

| ژ | پارێزگا | ژ. پرۆژە | خەرجی کابینەی ٩ (ملیار دینار) | ڕێژە خەرجکراو |
|---|---|---|---|---|
| 1 | پارێزگای هەولێر | 58 | 134, 954 | 32.6% |
| 2 | پارێزگای دهوک | 25 | 85, 025 | 20.6% |
| 3 | پارێزگای سلێمانی | 73 | 182, 815 | 44.2% |
| 4 | پارێزگای هەڵەبجە | 11 | 10, 918 | 2.6% |
| | کۆی گشتی | 167 | 413, 712 | 100.0% |

لە پەرەپێدانی پارێزگاکانیشدا، کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕی (20, 657, 000, 000) دیناری بۆ پرۆژەی پارێزگاکان خەرجکردووە، کە خشتەی خوارەوە وردەکارییەکەی پیشان دەدات:

| ژ | پارێزگا | ژ. پرۆژە | خەرجی کابینەی ٩ (ملیار دینار) | ڕێژە خەرجکراو |
|---|---|---|---|---|
| 1 | پارێزگای هەولێر | 50 | 6, 714 | 32.5% |
| 2 | پارێزگای دهوک | 14 | 1, 824 | 8.8% |
| 3 | پارێزگای سلێمانی | 43 | 10, 488 | 50.8% |
| 4 | پارێزگای هەڵەبجە | 5 | 1, 631 | 7.9% |
| | کۆی گشتی | 112 | 20, 657 | 100.0% |

## دووەم: هاوبەشیکردنی کەرتی گشتی - کەرتی تایبەت (PPP)

لەسەر فەرمانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و ڕاسپاردەی ئەنجوومەنی وەزیران، وەزارەتی پلاندانان لە ساڵی 2020ـەوە سەرقاڵی پەرەپێدانی شێوازی هاوبەشیکردنی کەرتی گشتی – کەرتی تایبەتە بۆ

پـرۆژەکان، ئەمـە لـە لایەکـەوە وا دەکات خزمەتگوزارییـەکان بەشـێوەیەکی باشـتر و رێکتـر بگەیەنرێـت بـە هاووڵاتیـان و لـە لایەکـی تریشـەوە کەرتـی تایبـەت دەبوژێتـەوە و بەشـداری زیاتـر و کاراتریـان دەبێـت و هەلـی کاری زیاتـر دەرەخسـێت.

لـەم چوارچێوەیـەدا، وەزارەتـی پلاندانـان چوارچێـوەی هاوبەشـیکردنی کەرتـی گشـتی – کەرتـی تایبەتـی ئامـادە کـرد و لـە مانگـی 2020/7 لەلایـەن ئەنجوومەنـی وەزیرانـەوە پەسـەندکرا. دوابـەدوای ئـەوە وەزارەتـی پلاندانـان رەشنووسـی پەیرەوی هاوبەشـیکردنی کەرتی گشـتی – کەرتی تایبەتی ئامادە کـرد و لـە مانگـی 2020/3 لـە لایـەن ئەنجوومەنـی وەزیرانـەوە پەسـەندکرا.

ئێسـتا وەزارەتـی پلاندانان رەشنووسـی رێنمایی تایبـەت بـە جێبەجێکردنـی پرۆژە بە شـێوازی هاوبەشـیکردنی کەرتی گشـتی کەرتی تایبەتی ئامادەکردووە و لـە ئایندەیەکـی زۆر نزیکدا لـە لایـەن ئەنجوومەنـی وەزیرانـەوە تاووتـوێ و پەسـەند دەکرێت.

بـە دەرچوونـی ئـەم رێنماییـە تایبەتـە، وەزارەتـەکان بـە هەماهەنگـی لەگـەڵ وەزارەتـی پلاندانـان ئـەو پرۆژانـە رادەگەیەنـن کـە دەگونجێـت لـە رێگەی کەرتی تایبەتـەوە و بەشـێوازی هاوبەشـیکردنی کەرتـی گشـتی – کەرتـی تایبـەت جێبەجـێ بکرێـن، لـە پلانـی حکوومەتدایـە کـە لـە رێگـەی ئـەم شـێوازەوە پـرۆژەی سـتراتیژی گرنـگ بخاتـە بـواری جێبەجێکـردن و خزمەتگوزارییـەکان بـە کوالێتـی باشـتر و کەمتریـن تێچـوو بـۆ هاووڵاتیـان فەراهـەم بکرێـن.

## سێیەم: پلانی چاکسازی ئابووری 2021-2023

وەزارەتی پلاندانان لە سـاڵی 2020ـەوە سـەرقاڵی دارشـتنی پلانی چاکسـازی ئابـووری 2021- 2023 ـە و لـەم چوارچێوەیـەدا لەگـەڵ وەزارەت و دامـەزراوە پەیوەندیدارەکانـی حکوومـەت و ئاژانـس و رێکخـراوە دەرەکییەکانـدا راوێـژی کـردووە، ئێسـتا رەشنووسـی پلانەکە ئامادەیە و لەلایـەن وەزارەتی پلاندانانەوە

نێردراوە بۆ ئەنجوومەنی باڵای ئابووری بەمەبەستی پەسەندکردن.

پلانی چاکسازی ئابووری، بەشێوەیەکی ڕوون جۆری چالاکی، دامەزراوە بەرپرسیارەکان و شێوازی پرۆسەی جێبەجێکردنی دەستنیشان کردووە، پلانەکە هاوتەریبە لەگەڵ کارنامەی کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و پێنج تەوەری سەرەکی لە خۆی دەگرێت کە بریتین لە:

- سەقامگیرکردنی داراییە گشتییەکان و دانانی سیستمی بەڕێوەبردنی دارایی.
- دروستکردنی ئابووری هەمەجۆر و هاندانی گەشەی هەمەلایەن و بەردەوامیپێدراو (مستدام).
- باشترکردن و دابینکردنی خزمەتگوزاریی گشتی گونجاو.
- باشترکردن و زیادکردنی دەستگەیشتنی هاووڵاتیان بە خزمەتگوزارییە گشتییەکان.
- باشترکردنی حوکمڕانی لە هەرێمی کوردستانی عێراق بۆ سودگەیاندن بە خەڵک.

لەم پلانە ئابوورییەدا جەخت لەوە کراوەتەوە کە حکومەت لەڕێگەی هاندانی کەرتی کشتوکاڵی خۆبژێو، پەرەپێدانی گوندەکان، ڕێکخستنەوەی پەیکەری دارایی و کارگێڕیی گشتی و سەرنجڕاکێشانی سەرمایەداران و وەبەرهێنەرانەوە، ئابوورییەکی هەمەچەشن بنیات بنێت.

هەروەها لەسەر بنەمای ئەم پلانە حکوومەت هەوڵ دەدات بەشێوەیەکی باشتر خزمەتگوزارییە گشتییەکان بۆ هاووڵاتیان دابین بکات، کە ئەمەش بەدی دێت لە ڕێگەی ڕێکخستن و باشترکردنی خزمەتگوازارییەکانی گواستنەوە و ڕێگاوبان و هەروەها باشتکردنی خزمەتگوزاریی ئاو و ئاوەڕۆ، هاوکات بەرزکردنەوەی توانای وەبەرهێنانی کارەبا و باشتر کۆنترۆڵکردنی

ئـەم خزمەگوزارییـە لـە بەرژەوەندیـی هاووڵاتیـان لـە چوارچێـوەی پلانـی ئابـووری 2021- 2023ـدایە.

لـەم پلانـەدا جەخـت لە باشـترکردنی سیسـتمی تەندروسـتی و بەرزکردنەوەی کوالێتـی پـەروەردە و بەدیهێنانـی یەکسـانی و هەروەهـا کۆمـەک و یارمەتـی هـەژاران کراوەتـەوە.

## چوارەم: بە ئەلیکترۆنیکردنی سیستمی گرێبەستە گشتییەکان (E- Procurement)

بـە ئەلیکترۆنیکردنـی سیسـتمی گرێبەسـتە گشـتییەکان، پرۆژەیەکـی وەزارەتی پلاندانانـە کـە بـە هەماهەنگـی لەگـەڵ ئاژانسـی کۆیـکای کـۆری بـە گوژمـەی 6 ملیـۆن دۆلار کەوتۆتـە بـواری جێبەجێکـردن و بودجـەی پرۆژەکـە لـە لایـەن حکوومەتـی کۆریـای باشـوورەوە دابیـن کـراوە.

لـە ئێسـتادا دیزاینـی ئـەم سیسـتمە تـەواو بـووە و ئامێـر و سـێرڤەرەکانی سیسـتمەکە لـە فەرمانگـەی تەکنەلۆجیـای زانیـاری حکوومەتـی هەرێـم دامەزرێنـراون. جگـە لـە وەزارەتـی پلاندانـان کـە ئەرکـی خاوەندارێتـی و بەڕێوەبردنـی سیسـتمەکەی لـە ئەسـتۆیە، وەک قۆناغـی یەکـەم هـەر یـەک لـە وەزارەتەکانـی شـارەوانی و گەشـتوگوزار، ئاوەدانکردنـەوە و نیشـتەجێکردن، کشـتوکاڵ، تەندروسـتی، کارەبـا و پارێـزگای هەولێـر داخڵـی ئـەم سیسـتمە کـراون و پرۆسـەی ڕاهێنـان لەسـەر سیسـتمەکە بـۆ فەرمانبەرانـی پەیوەندیـدار لـەو وەزارەتانـە دەسـتی پێکـردووە.

ئـەم پرۆژەیـە جگـە لـەوەی هەنگاوێکی گرنگە بە ئاراسـتەی بە دیجیتاڵکردنی خزمەتگـوزاری و سیسـتمی بەڕێوەبـردن، هـاوکات ڕۆڵێکـی سـەرەکی دەبێـت لە بەدیهێنانـی شـەفافیەت و بەرەنگاربوونـەوەی گەندەڵـی کـە ئەمـەش ئامانجی ئـەم کابینەیـەی حکوومەتـی هەرێمی کوردسـتانە.

بـە بەکارخسـتنی ئـەم سیسـتمە، هەمـوو شـێوازەکانی گرێبەسـتی حکوومـی

بە ئەلیکترۆنی دەکرێن و، کۆی پرۆسەکە هەر لە سەرەتای بانگەوازی تەندەرەوە تا کۆتایی واژۆکردنی گرێبەست و بەڕێوەبردنی گرێبەست لە خۆدەگرێت، هاوکات سیستمەکە هەر چوار شێوازی کەمگیری کە بریتین لە (کار، شیاندنی پێشوەخت، کڕینی کاڵا و خزمەتگوزاری ڕاوێژکاری) لە خۆ دەگرێت.

### پێنجەم: دیدگای 2030

هەرێمی کوردستان لە سەرچاوەدا دەوڵەمەندە و خاوەنی سەرچاوەی گرنگی وەک (زەوی کشتوکاڵی، کانزا، نەوت و ئاو و چەندین سەرچاوەی تری گرنگە)، بۆ سوودوەرگرتنی دروست لەم سەرچاوانە، پێویستی بە دیدگای ڕوون و پلانی ستراتیژی تۆکمە هەیە، هەر لەم چوارچێوەیەدا وەزارەتی پلاندانان لە ساڵی 2020ـەوە بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتە پەیوەندیدارەکاندا سەرقاڵی ئامادەکردنی دیدگای 2030ـی هەرێمی کوردستانە و ئێستا ڕەشنووسی ئەم دیدگایە ئامادەیە و چاوەڕوان دەکرێت لە ئایندەیەکی نزیکدا بە فەرمی لەلایەن ئەنجوومەنی وەزیرانەوە پەسەند بکرێت.

هەروەک لە بەرنامەی کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا ڕوونە و بەردەوام سەرۆکی حکوومەتی هەرێم جەخت دەکاتەوە کە ئامانجی یەکەممان خزمەتکردنی هاووڵاتیانی کوردستان بێت، لەم دیدگایەشدا خزمەتکردنی خەڵک وەک ئامانجی یەکەم لەبەرچاوگیراوە و یەکێکە لەچوار کۆڵەکە بنەڕەتییەکەی ئەم دیدگایە، حکوومەتی هەرێمی کوردستان مەبەستیەتی بە دیدگایەکی ڕوون و لە ڕێگەی سێکتەرە جیاوازەکانەوە بە پلانێکی تۆکمە و دروست خزمەتی زیاتری هاووڵاتیان بکات.

گرنگیدان بە خەڵک تەنها دابینکردنی خزمەتگوزاریە گرنگەکانی حکومەت ناگرێتەوە بۆ هاوکاریکردنیان لە پەرەپێدانی تواناکانیان، بەڵکو هاوکات ئەرکی حکوومەتیشە کە هاوبەشی بە خەڵک و ڕێکخراوەکان

و دامەزراوەکانــی دەرەوەی حکوومــەت بــکات لــە بڕیارەکانــدا، گوێگرتــن لــە بیروبۆچوونیــان، لەگــەڵ دڵنیابــوون لــەوەی کــە هەســت بــەوە دەکــەن کــە بەڕاســتی حکومەتەکەیــان نوێنەرایەتــی ڕاســتەقینەی ئــەوان دەکات.

جگــە لــە کۆڵەکــەی یەکــەم کــە خزمەتکردنــی هاووڵاتیانــە، ئــەم دیدگایــە 3 کۆڵەکــەی دیکــەی بنەڕەتــی هەیــە کــە بریتین لــە (کەرتی گشــتی و حوکمڕانی، ئابــووری و بەرهەمــداری، ژینگــە).

ئەو دیدگا و سیاسەتانەی کە لەم بەڵگەنامەیەدا خراونەتە ڕوو، سـەرەتایەکن بـۆ بەرەنگاربوونـەوەی گرفتـەکان. لـە سـەردەمی دڵەڕاوکـێ و ناسـەقامگیری سیاسـیدا، سـەقامیگری هەرێـم یارمەتیـدەر دەبێـت بـۆ پەرەپێدانـی هەرێمـی کوردسـتان وەک دەروازەیەکـی گرنـگ لـە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاسـت، دەروازەیەک بە ڕووی بازاڕێکـی 26 ملیـۆن کەسـیدا لـە بەشـەکانی تـری عێـراق کـە ڕێگەخـۆش دەکات بـۆ ئاڵوگـۆڕی نێـوان بازاڕەکانـی عێـراق، ئێـران، سـووریا و تورکیـا.

ئـەم دیدگایـە لەسـەر بنەمـای زۆرتریـن ڕاوێـژکاری و ووردبوونـەوە لـە لایـەن پسـپۆڕانی پەرەپێـدان، ئاژانسـە نێودەوڵەتیـەکان و وەزارەتـەکان پەرەپێـداوە. دەسـتپێکی کارەکان بـە شـیکردنەوە و دیراسـەتکردنی بـاری ئێسـتا دەسـتی پێکـرد و لـە قۆناغـی دواتـردا لـە دەرەنجامـی چەندیـن کۆبوونـەوە و گفتوگـۆی چـڕ و پـڕ و بـە وەرگرتنـی ڕا و سـەرنجی پسـپۆڕ و ئاژانسـە بیانییـەکان توانـرا ڕەشنووسـی دیـدگای 2030 ئامـادە بکرێـت.

## شەشەم: توێژینەوەی کشوکاڵی

ئامانجــی ســەرەکیی توێژینەوەکــە بریتیــە لــە هەڵســەنگاندنی دۆخــی گوزەرانــی جووتیارانــی بــوارە جیاوازەکانــی کشــوکاڵ بــە تایبەتــی بەرهەمــە کشـتوکاڵییەکان، ئاژەڵـداری، ماسـی و بەرهەمـە ئاوییـەکان و سـەرچاوەکانی دارسـتانی ناوچـە گوندییـەکان، هەروەهـا نیشـاندانی زنجیـرەی بەهای پێویسـت بۆ بەرهەمە کشـتوکاڵییەکان، ئاسـتەنگەکان، پێداویستییەکان و پێشنیارکردنی

چارەسەرەکان. ئەمانە یارمەتیمان دەدەن بۆ دەستنیشانکردنی:

- پێداویستییە هەنووکەییەکانی کەرتی کشتوکاڵ و زنجیرەی بەهای بازاڕ لە هەرێمی کوردستانی عێراق.
- رێگەکانی زیادکردنی بەرهەمداری، سوودی ئابووری و بەردەوامبوونی کشتوکاڵ.
- راسپاردەکان بۆ بەرەوپێشبردنی زنجیرەی بەهای گشتگیر بۆ بەرهەمە کشتوکاڵییە سەرەکییەکان.
- پێداویستییەکانی پەرەپێدانی تواناکان بۆ باشترکردنی بەرهەمداری.

توێژینەوەکە بەشێوەیەکی ورد ئاستەنگەکان دەخاتە روو کە رووبەڕووی کەرتەکانی کشتوکاڵ بوونەتەوە و بەتایبەتی ئەو مژارانەی لە خوارەوە ئاماژەیان پێکراوە و هەروەها ڕاسپاردەی گونجاو دەخاتە روو بۆ چارەسەرکردنیان.

- بایەخی بەرهەمە ستراتیژییەکانی گەنم و جۆ لە هەرێمی کوردستان.
- تۆوی گەنم و دەرفەتی پاڵپشتیکردنی کۆمپانیایەکی رێگەپێدراوی بەرهەمهێنانی تۆوی پەسەندکراو لە هەرێمی کوردستان بۆ دابینکردنی خواستی جووتیاران.
- زیانەکانی پاش کۆکردنەوەی بەرهەم و دەرفەتەکانی کەمکردنەوەیان.
- سەوزە و میوە: بەرهەمهێنان و دەرفەتەکانی بەرەوپێشبردنی زنجیرەی بەها.
- دەرفەتەکان بۆ بەرەوپێشبردنی زنجیرەی بەها بۆ بازاڕە ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکان
- ئاژەڵداری، پاراستنی دارستان، سامانی ماسی و بەرهەمە ئاوییەکان
- بایەخی توێژینەوەی کشتوکاڵی و بەرەوپێشبردنی جۆرەکانی بەرهەمی

ئێستا یان ناساندنی جۆری نوێ

- خزمەتگوزارییەکانی توێژینەوە و ڕاهێنان بۆ جووتیاران
- هەڵسەنگاندنی بەردەستبوونی ئاو لە هەرێمی کوردستانی عێراق و دەرفەتەکان بۆ باشتر بەکارهێنانی ئاو لە بواری کشتوکاڵدا.

## حەوتەم: سیستمی خانەنشینی

دوای ئەنجامدانی دیراسەیەکی ورد لە پرۆسەی ئەژمارکردنی ماف و شایستەکانی خانەنشینان و میراتگران و بەڕێوەبردنی زانیاریەکان لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی خانەنشین و بەڕێوەبەرایەتیەکانی خانەنشینی لە پارێزگاکان توانرا گرفتەکان و پێداویستیەکان دەستنیشان بکرێن.

گرفتە سەرەکیەکان لە سیستەمی خانەنشینی بریتیبوون لە مانەی خوارەوە:

- کەمی یان نەبوونی زانیاری پێویست لەو سیستەمەی کە ئێستا کاری پێدەکرێت
- زانیاریە گرنگەکان بەزۆری لە فایلەکاندان و زۆربەی کات فەرمانبەران پێویستیان بە فایلەکانە بۆ ڕایکردنی داواکاری خانەنشینان.
- زانیاریەکی کەم لە سیستەمەی خاننشینی کۆندا تۆمارکراون.
- زۆربەی کارەکان لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی بە دەست ئەندجام دەدرێن.
- نەبوونی کۆپی یەدەگ Backupی زانیاریەکان.
- سیستەمەکە یەککگرتوو نەبوو لەبەر ئەمە کاتێکی زۆر پێویست بوو بۆ ئامادەکردنی ڕاپۆرت
- دڵنیانەبوون لە دوا کۆپی زانیاریەکان.
- پرۆسەی ئەژمارکردنی ماف و شایستەکانی خانەنشینان و میراتگران بۆ هەموو هەرێم لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی خانەنشین ئەنجام دەدرا

لەبەر نەبوونی فەرمانبەری شارەزا لە بەڕێوەبەرایەتیەکانی خانەنشین لە پایزگاکان. ئەمەش ببووە هۆی دواکەوتنی ڕاییکردنی داواکاری خانەنشینان بۆ ماوەیەکی زۆر.

بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکان، سیستەمێکی هاوچەرخی بەرێوەبردنی زانیاری خانەنشینی ئامادەکرا بۆ بەڕێوبەرایەتی خانەنشینی کە هەموو پرۆسەی ئەژمارکردنی ماف و شایستەکانی خانەنشینان و میراتگران بە ئەلیکترۆنی دەکات و زانیاریە گرنگەکان تۆماردەکرێن لە سیستەکە و ڕاپۆری ورد ئادەدەکرێت لە کاتێکی کەمدا و دەتوانرێت خانەنشینی نایاسای بەشێوەیەکی خێرا دیاری بکرێن. هەروەها زانیاری لەسەر مووچەی خانەنشینان و میراتگران و قەرزەکان لە خۆدەگرێت. لە ئێستادا کاردەکرێت بۆ جێبەجێکردنی سیستەمەکەو دابینکردنی خولی ڕاهێنان بۆ کارمەندانی خانەنشینی.

هەروەها ڕێبەری بەرێوەبردنی کارەکانی خانەنشین ئامادەکرا بۆ دابینکردنی رێنمایی تەکنیکی بۆ یەکخستنی رێکارە پەیرەوکراوەکان لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی خانەنشینی و هەر (14) بەڕێوەبەرایەتیەکەی خانەنشینی، ئەم رێبەرە ڕێڕەوی پرۆسەی کارەکان و ئەو هەنگاو و رێکارانە دیاری دەکات کە تەنها پەیوەستن بە خانەنشینانی کەرتی گشتی. خولی ڕاهێنان ئەنجام دراوە بۆ کارمەندانی خانەنشینی لە پارێزگاکان. بەرەوپێشچوونێکی زۆر بەدیکراوە لە توانای کارمەندان لە پارێزگاکان و ئێستا زۆربەی بەرێوەبەرایتیەکان بۆ خۆیان ئەژمارکردنی ماف و شایستەکانی خانەنشینان و میراتگران دەکەن و ئەمەش بۆتە هۆی خێراکردنی ڕاییکردنی داواکاری خانەنشینان.

## هەشتەم: چوارچێوەی سیاسەت و ڕێکارەکانی تۆڕی پاراستنی خێزان

لە چوارچێوەی تۆڕی پاراستنی خێزان، سیاسەت و ڕێکاری تەکنیکی پێویست خراوەتە ڕوو بۆ داڕشتن و جێبەجێکردنی پرۆگرامەکانی هاوکاری کۆمەڵایەتی کە خێزانی هەژار بە ئامانج دەگرێت هاوکاری داراییان پێشکەش دەکات، بەپێی ئەو ئاراستەیەی حکومەتی هەرێمی کوردستان دیاری کردووە لە چوارچێوەی ستراتیژیی پاراستنی کۆمەڵایەتیدا (SPSF). ئەم ڕێنمایی و ڕێکارانەی لەم چوارچێوەیەدا خراونەتەڕوو هەنگاوی یەکەمن بۆ ئامادەکردنی تۆڕی پاراستنی خێزان لە هەرێمی کوردستان بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی باشتر هاوکاری هەژاران بکرێت.

لەم پرۆگرامە نوێیەدا هاوکاری دارایی لەسەر بنەمای ئاستی هەژاریی داواکار بڕیاری لێدەدرێت. ئاستی هەژاریی داواکاران لەڕێگەی بەکارهێنانی پشکنینی ئاستی گوزەران (PMT) Proxy Means Test دیاری دەکرێت، کە بەپێی هاوکێشەیەک نمرە بۆ داواکاران دادەنێت و ڕەچاوی دۆخی گوزەران و دۆخی تری پەیوەست بە کەمدەرامەتی دەکات. لە ڕێی لیژنەیەکی تایبەتەوە بڕیار دەدرێت لە سەر هێڵی هەژاری، ئەو خێزانانەی دەکەونە خوار هێڵی هەژاری شایستە دابن بۆ هاوکاری دارایی. هەروەها میکانیزمی سکاڵاکردن و سەرچاوەی پێویست دابین دەکرێت بۆ پاڵاوتنی خێزانە هەژارەکان و کەمکردنەوەی هەڵەکانی بەئامانجکردن.

چوارچێوەی تۆڕی پاراستنی خێزان پێکدێت لەم بابەتانەی خوارەوە:

- ئامانجەکانی پرۆگرامی هاوکاری داراییی حکومەتی هەرێمی کوردستان، پێوەرەکانی شایستەبوونی سوودمەندان و ئەو بڕەی ئەو هاوکارییەی کە دەبێ وەربگرن.
- چوارچێوەی دامەزراوەیی کە ئەرک و بەرپرسیارێتییەکانی لایەنە پەیوەندارەکانی تۆڕی پاراستنی خێزان و پرۆگرامی هاوکاری دارایی دیاری دەکات.

- ئاراستەکردنی کارەکان بۆ دارشتن و جێبەجێکردنی پرۆگرامی هاوکاری دارایی.
- رێکارەکانی جێبەجێکردنی پرۆگرامی هاوکاری دارایی.

## نۆیەم: پەرەپێدانی مرۆیی

گەشەپێدانی سەرچاوەی مرۆیی خۆی لەوە دەبینێتەوە کە ئامرازێکی چالاکە بۆ ئامادەکردن و پەرەپێدانی توانا و توانستی سەرچاوە مرۆییەکان، لە رێگای بەخشینی مەعریفە و دەوڵەمەندکردنی زانیاری، گەشەپێدان و پەرەپێدانی کارامەیی و شارەزاییەکان، گۆڕینی ئاراستە و رەفتارەکان. لەم روانگەیەوە وەزارەتی پلاندانان لە رێگەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەرەپێدانی مرۆیی گرنگی بە دوو تەوەری سەرەکی داوە ئەوانیش دابینکردنی کورسی خوێندنی ئەکادیمی باڵا و ئەنجامدانی چالاکییەکانی ڕاهێنان و فێرکردنی کارمەندانی حکومەتی هەرێمی کوردستانە.

- ڕاهێنان و فێرکردن.

وەزارەتی پلاندانان لە رێگەی ئەنستیتۆی کوردستان بۆ کارگێڕی گشتی، کە نێوەندێکی تایبەتمەند و ڕاسپێردراوە بۆ پرۆسەی پەرەپێدانی سەرچاوە مرۆییەکان بە ئەنجامدانی خولی ڕاهێنان و سیمینار و وۆرکشۆپ و دیبەیت لە بوارە گرنگەکانی کارگێڕی و بەڕێوەبردن.

لە پرۆژەیەکی هاوبەش لەگەڵ وڵاتی کۆریای باشوور (20) ڕاهێنەری نێودەوڵەتی و (20) بابەتی سەردەمیانەی ڕاهێنان کە بنەمای سەرەکین بۆ پێشخستن و پەرەپێدانی ئەدای دامەزراوەکانی حکومەت.

بە پێی پێداویستی دامەزراوەکانی حکومەت ئەم ئەنستیتۆیە پلان ساڵانەی ڕاهێنان ئامادە دەکات. لە ماوەی کارکردنی کابینەی نۆیەمدا و لە ژێر رۆشنایی یەکێک لە هێڵە گشتییەکاندا چەندین چالاکی راهێنان و فێرکردن ئەنجامدراون. لەگەڵ بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا نەتوانراوە

وەکو پێویست ئەو ئامانج و پلانەی کە پێویست و داواکراون جێبەجێی بکرێن ئەویش مەبەست لێی پاراستنی سەلامەتی کارمەندانی حکومەت بووە. بەرەچاوکردنی ڕینماییە تەندروستییەکان توانراوە لە ماوەی (2) ساڵی ڕابردوودا ئەم چالاکیانە ئەنجام بدرێن:

| ژمارەی خولەکان | ناوی بابەتەکان | ژمارەی بەشداربووان | لایەنی سوودمەندبوو |
|---|---|---|---|
| 130 | پەیوەندییە کارگێڕییەکان، سەرکردایەتی کاریگەر، پەیوەندییە گشتییەکان، بڕیاردان و چارەسەرکردنی کێشەکان، سیاساتی گشتی، بیرکردنەوەی ستراتیجی، پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، بەڕێوەبردنی پرۆژەکان، یەکسانی جێندەر، بەڕێوەبردنی تیم، ڕەوشتەکانی کارکردنی فەرمانبەران، بەڕێوەبردنی ڕێکخراوەیی، هۆشیاری پراکتیزەکردنی یاسایی،بەڕێوەبردنی زانیاری،ئامادەکردنی بوودجەی ساڵانە، بەڕێوەبردنی سەرچاوەمرۆییەکان، کارگێڕی ئەلیکترۆنی، بەڕێوەبردنی مەترسی و قەیرانەکان، کارگێڕی گشتی | 3102 | سەرجەم دام و دەزگاکانی حکومەت |

| ساڵ | ناوی سیمینار | ژمارەی بەشداربووان |
|---|---|---|
| 2020 | کاریگەرییە دەروونیەکان دوای ڤایرۆسی کۆرۆنا | 38 |
| | هونەرەکانی سەرکردایەتیکردن | 30 |
| | شێوازەکانی بیرکردنەوە و تێڕامان | 35 |

- خولەکانی بە هەماهەنگی لەگەڵ USAID

| ژ | ناوی خول | بەروار | بەشداربوو |
|---|---|---|---|
| 1 | پەیوەندیکردن و گۆڕینی هەڵس و کەوت | ٦-٢٠٢٠/١٠/٧ | 24 |
| 2 | سەرکردایەتیکردن | ١٣-٢٠٢٠/١٠/١٤ | 26 |
| 3 | تەکنیکەکانی سەرپەرشتیاری کردن | ٢٠-٢٠٢٠/١٠/٢١ | 24 |
| 4 | هۆشیاری یەکسانی جێندەری | ٢٧-٢٠٢٠/١٠/٢٨ | 27 |
| 5 | پەیوەندییە گشتییەکان | ٣-٢٠٢٠/١١/٤ | 21 |
| 6 | پلان دانان و بودجە | ١٠-٢٠٢٠/١١/١٢ | 25 |

- خولەکانی بە هەماهەنگی لەگەڵ ئەنجومەنی وەزیران / فەرمانگەی میدیاو زانیاری

| ژ | ناوی خول | بەروار | بەشداربوو |
|---|---|---|---|
| 1 | دارشتنی هەواڵ و پلانی میدیایی | ٢٠٢١/٥ / ٢٥،٢٦ | 20 |
| 2 | Information Update | ٢٠٢١ /٦ / ١،٢ | 45 |
| 3 | گەیاندنی زانیاری بە وێبسایتی حکومەت | ٢٠٢١ /٦ / ٢٢،٢٣ | 45 |

- خوێندنی ئەکادیمی باڵا

بە مەبەستی سوود وەرگرتن لە ئەزموون و شارەزایی ئەکادیمی وڵاتانی دەرەوە، وەزارەتی پلاندانان لە ڕێگەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەرەپێدانی مرۆیی / بەڕێوەبەرایەتی تواناسازی چەندین کورسی خوێندنی باڵا (ماستەر

و دکتـۆرا) ی لـە زانکۆکانـی دەرەوە بـە هەماهەنگـی لەگـەڵ قونسـلخانەکان و نوێنەرایەتـی وڵاتـان دابینکـردووە بـۆ فەرمانبەرانـی دام و دەزگاکانـی حکومەتی هەرێمـی کوردسـتان کـە خـۆی لەمانـەی خـوارەوە دەبینێتـەوە:

| ساڵ | وڵات | پسپۆری |
|---|---|---|
| ٢٠٢٠ | کۆریای باشوور | سیاساتی گشتی، پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان |
| | کۆریای باشوور | Global ICT Program |
| | یابان | Public Policy |
| | یابان | ICT Program |
| ٢٠٢١ | چین | CSC Program |
| | روسیا | (ئەندازیاری، زانستی تەکنیکی، کشتوکاڵ، کۆمەڵایەتیەکان) |
| | هیندستان | کەلتور و شانۆ و مۆسیقا |
| | کۆریای باشوور | سیاساتی پەرەپێدان، کارگێری گشتی، سیاساتی گشتی |

# وەزارەتی پەروەردە

> کار دەکەین بۆ چاککردن و بەرزکردنی ئاستی خزمەتگوزارییەکانی پەروەردە و فێرکردن لە کەرتی گشتی و دانانی رێکاری ڕاکێشانی بەشداریی سەرمایەدارانی هەرێم و دەرەکی بۆ بەشداری لە ئاواکردنی قوتابخانەی نوێ لەو شوێنانەی پێویستە. هەروەها کار دەکەین بە پێداچوونەوە بە مەنهەجی پەروەردەیی و گونجاندنی ناوەڕۆکیان بە پێی ستانداردە باوەکان.
>
> کارنامەی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان

ڕەوشی سێکتەری پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕاژەی مامۆستایان و باڵەخانە و ژمارەی قوتابیان و پێداویستییەکانی تر بەو شێوەیەی خوارەوەیە:

1. لە هەرێمی کوردستان نزیکەی 1.750.000 یەک ملیۆن و حەفت سەد و پەنجا هەزار قوتابی هەن.
2. لەهەرێمی کوردستان نزیکەی 130.000 سەدوسی هەزار مامۆستا هەن.
3. لە ڕووی باڵەخانەی خوێندنەوە، سێکتەری پەروەردە پێویستی بە دروستکردنی 3000 سێ هەزار باڵەخانەی نوێ هەیە.

## چاکسازی بەپەیی یاسای چاکسازی ژمارە (2) ی ساڵی (2021):

1. ئاماژە بە بەشی دووەم لە ڕێکخستنەوەی ماف و ئیمتیازاتەکانی کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراو و زیندانیکراو و ڕاگیراوانی سیاسی، مادەی دووەم ئێمە وەکو وەزارەتی پەروەردە لە ڕێنمایی ژمارە 3 ی ساڵی 2020ی باخچە و قوتابخانە و پەیمانگە ناحکومییەکان، لە

مـادەی (47) خاڵــی پێنجـەم "لەســەر هەمــوو دامــەزراوە پەروەردەییــە ناحکومییەکانــە، (5) پێنـج کورسـی بـە خۆڕایـی بـۆ منداڵانـی شـەهیدان و هاوسـەرەکانیان تەرخانکـران، بـەو مەرجـەی ئـەو ژمـارە داواکارییـە هەبێـت".

2. پـاش پێداچوونـەوە و وردبینـی کـردن لـە کـۆی گشـتی دۆسـیەکانی سـەر بـە میلاکـی وەزارەتـی پـەروەردە تایبـەت بـە مامۆسـتایان و فەرمانبـەران کـراوە کـە ژمارەیـان (495،613)ە، (1330) هـەزار و سـێ سـەد و سـی حاڵـەت دەستنیشـانکرا، بەپێـی یاسـایی چاکسـازی هەمـوو سـەرپێچی و زیادەیـەک کـە لـە پلـە و سـەرمووچەی زیـادە دەستنیشـان کـراون ڕێکاریـان بەرامبـەر دەگیرێـت و کارکـردن تیایانـدا تەواوبـووە بەمەبەسـتی گەڕانـەوەی کـۆی بـڕە پـارەکان بـۆ گەنجینـەی حکومـەت، دوای وەرگرتنـی سـەرنج و تێبینـی بەڕێوەبەرایەتییـە گشـتییەکانی پـەروەردەی پارێـزگاکان و ئیـدارە سـەربەخۆکان لـە کـۆی ئـەو (1330) حاڵەتـە (1111) هـەزار و سـەد و یانـزە حاڵـەت دەستنیشـانکران کـە برگـە و مادەکانـی یاسـای چاکسـازی دەیانگرێتـەوە، واتـە (215) دوو سـەد و پانـزە حاڵـەت بـێ کێشـە بـوون، بەمجـۆرە:

ا. لـە کـۆی (1111) حاڵـەت، (74) حاڵـەت مووچەکانیـان زیـادی کـردووە، بـڕی ئـەو پارەیـەی مانگانـە لـە کـۆی گشـتی دەخرێتـە سـەر مووچەکانیـان بریتییـە لـە (4.1741.230) چـوار ملیـۆن و سـەد و حەفتـا هـەزار و دوو سـەد و سـی دینـار، بـۆ یـەک سـاڵ بـڕی پارەکـە دەکاتـە (50.054.760) پەنجا ملیـۆن و پەنجا و چـوار هـەزار و حـەوت سـەد و شەسـت دینـار.

ب. لـە کـۆی (1111) حاڵەتەکـە، (1041) حاڵــەت مووچەکانیـان کـەم دەکرێتـەوە، بـڕی ئـەو پارەیـەی مانگانـە لـە کـۆی گشـتی دەگەڕێتـەوە بـۆ گەنجینـەی حکومـەت بریتییـە لـە (132.056.237) سـەد و سـی و دوو ملیـۆن و پەنجا و شـەش هـەزار و دوو سـەد و سـی و حـەوت دینـار، بـۆ یـەک سـاڵ پـارەی گـەڕاوە دەکاتـە (1.580.911.164) یـەک ملیـار و پێنـج

سـەد و هەشـتا ملیـۆن و نـۆ سـەد و یانـزە هـەزار و سـەد و شەسـت و چـوار دینــار.

### بەسەرکردنەوەو چاودێری وردی قوتابخانە و پەیمانگە ناحکومیەکان:

لـە کـۆی (481) باخچـە و قوتابخانـە و پەیمانگـەی ناحکومـی لیژنـە بـاڵای کۆنترۆڵکردنـی کەرتـی تایبەتـی سـەر بـە وەزارەتـی پـەروەردە. سـەردانی (59) باخچـە و قوتابخانـە و پەیمانگـەی ناحکومـی لـە هـەر چـوار پارێـزگای (هەولێـر، دهـۆک، سـلێمانی، هەڵەبجـە) کـراوە، لـە کـۆی ئـەو سـەردانانە (354) سـەرپێچیان تۆمـار کـردووە، بەڵێننامـە لـە سـەرجەم ئـەو دامـەزراوە پەروەردەییانـە وەرگیـراوە بـۆ چاککردنـی کەموکورتیـەکان لەماوەیەکـی کەمـدا.

| | | |
|---|---|---|
| هەولێر | 18 سەردان | 69 سەرپێچی |
| سلێمانی | 37 سەردان | 256 سەرپێچی |
| دهۆک | 4 سەردان | 29 سەرپێچی |
| کۆی گشتی | 59 سەردان | 354 سەرپێچی |

بەمەبەسـتی چاکسـازی لـە بـواری خوێنـدنـی ناحکومیـدا پـاش بەدواداچوونـی دەستنیشـانکردنی سـەرپێچیەکانی باخچـە و قوتابخانـە و پەیمانگـە ناحکومیـەکان و پابەنـد نەبوونیـان بـە ڕێنماییەکانـی وەزارەتـی پـەروەردە، بـڕی (380.000.000) سـێ سـەد و هەشـتا ملیـۆن دینـار سـزای ئـەو باخچـە و قوتابخانـە و پەیمانگـە ناحکومیانـە دراوە کـە سـەرپێچیان کـردووە.

| جۆری دامەزراوە | ژمارە | بڕی سزا |
|---|---|---|
| باخچەی منداڵان | 9 | 90 ملیۆن دینار |
| قوتابخانەی بنەڕەتی | 7 | 70 ملیۆن دینار |
| ق. ئامادەیی و کۆمەڵگە | 4 | 50 ملیۆن دینار |
| پەیمانگە | 9 | 170 ملیۆن دینار |
| کۆی گشتی | 29 | 380 ملیۆن دینار |

### قەدەغەکردنی زیادکردنی کرێی خوێندن:

لە دامەزراوە پەروەردەییەکانی کەرتی تایبەت بۆساڵی خوێندنی (2019 – 2020) و ( 2020 – 2021) و داشکاندنی نرخی خوێندن لە هەردوو ساڵەکەدا بە ڕێژەی 10% و ڕێژەی 15% و ڕێژەی 25%.

### چاکسازی لەبواری فێرکردنی پیشەیی:

ا. وەزارەتی پەروەردە مۆڵەتی داوە بە (331) سێ سەد و سی و یەک پەیمانگەی پیشەیی بەمەبەستی بەرەودان بە توانای پیشەیی هاووڵاتیان بە گشتی و گەنجان بەتایبەتی، لەم بوارەدا لە 15ی 7ی 2019ەوە هەتا 20ی 1ی 2021 بڕی (72.000.000) حەفتا و دوو ملیۆن دینار سزای ئەو پەیمانگە پیشەییانە کراوە کە سەرپێچی ڕێنماییەکانی وەزارەتی پەروەردەیان کردووە.

ب. دانانی بەرنامەیەک بۆ جێبەجێکردنی پڕۆژەی کۆمەڵگە پیشەییەکان لەگەڵ کەرتی تایبەت (p.p.p).

### گرێبەستەکانی سابیس:

ئەنجامدانەوەی گرێبەستێکی نوێ لەگەڵ قوتابخانەکانی سابیس کە بەراورد بە گرێبەستەکەی پێشتر (18.900.000) هەژدە ملیۆن و نۆ سەد هەزار دۆلار لەماوەی (4) چوار ساڵدا کەمدەکرێتەوە.

### پێداچوونەوە بە پرۆگرامەکانی خوێندن:

1. لە هێڵە گشتییەکانی بەرنامەی کاری کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ئاستی خزمەتگوزاریەکان لە خاڵی سێیەم جەخت لەسەر پێداچوونەوە بە پرۆگرامەکانی خوێندن و گونجاندنیان لەگەڵ ستانداردە باوەکان کراوە، بۆیە لەم سۆنگەیەوە وەزارەتی پەروەردە هەڵسەنگاندنێکی زانستی تێروتەسەلیان ئەنجامداوە کە ئایا لە چ بوارێک پرۆگرامەکانی خوێندن پێویستی بە دیراسەی پێداچوونەوە و گۆڕین هەیە.
2. گرنگترین ئەو بابەتانەی سەرباركران یان گۆڕانکاریان تێداکراوە بۆ ساڵی خوێندنی (2019-2020) (کوردی پۆلی 12، فەلسەفە و دەروونزانی پۆلی 10 و 11ی ئامادەیی، کارامەیی و بەها کۆمەڵایەتیەکان لە قۆناغی 1 تا 9ی بنەڕەتی)، بۆ ساڵی خوێندنی (2021-2022) ئامادەیە بۆ خوێندن.
3. وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە هەماهەنگی لەگەڵ ڕێکخراوی بانکی نێودەوڵەتی دەستی کردووە بە ئامادەکردنی پرۆپۆزەڵێک کە تیایدا پلانی کارکردنی لەسەر ئەنجامدانی چاکسازی و گۆڕانکاری لەسەر پرۆگرامەکانی خوێندن بە شێوەیەکی تێروتەسەل دیاریکردووە، لە کاتی ئێستادا لەگەڵ ڕێکخراوی ناوبراو لە هەنگاوی پەیداکردنی تەمویلین، ئەم پرۆژەیە نزیکەی حەوت ساڵ دەخایەنێت و کارەکان هەنگاو بە هەنگاو بە گوێرەی ئەو پلانەی کە بۆی دیاریکراوە جێ بە جێ دەکرێت. ئێستا دەستکراوە بە پێداچوونەوە بە پرۆگرامەکان و ئەولەویەت بۆ بابەتە زانستیەکان و بیرکاری دەبێت و هەڵەکانی ڕابردوو دەستنیشانکراون.

## گرنگیدان بە کوالیتی:

1. بەرکارکردنی پرۆژەی هەڵسەنگاندنی دەرەکی قوتابخانەکان:

مەبەستی باشترکردنی کوالیتی خوێندن و بەرزکردنەوەی ئاستی کارگێری و زانستی قوتابخانەکان وەزارەتی پەروەردە لە ساڵی خوێندنی 2019-2020 و گرنگی زیاتر بە پڕۆژەی هەڵسەنگاندنی دەرەکی قوتابخانەکانداون.

2. دەرفەتی خوێندن بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی:

ا. سوودمەندبووانی خوێندن لە پەیمانگەی گەشەپێدانی وەزارەت: ئێستا (1109) هەزار و سەد و نۆ مامۆستا لە خوێندندان بەمەبەستی تەواوکردنی چوار کۆرسی خوێندن بۆ ئەوەی ئاستی زانستی و پەروەردەییان بەرزبکرێتەوە وە دەرماڵەی بڕوانامەی بەکالۆریۆس بیانگرێتەوە.

ب. سوودمەندبووانی بەکالۆریۆس لە زانکۆکانی کوردستان: بەمەبەستی بەرزکردنەوەی ئاست و توانای مامۆستایانی وەزارەتی پەروەردە هەتا ئێستا (500) پێنج سەد مامۆستای هەڵگری بڕوانامەی دبلۆم لە خوێندنی زانکۆییدان بەمەبەستی بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس.

3. دەرفەتی خوێندنی باڵا:

ا. هەماهەنگی کردن لەگەڵ وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی بەمەبەستی دەرچوواندنی پەیڕەوی مۆڵەتی خوێندن لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران سەبارەت بە درێژەدان بە خوێندن بۆ مامۆستایان و فەرمانبەرانی سەرجەم وەزارەتەکان.

ب. لە 15ی 7ی 2019ەوە هەتاکو 20ی 1ی 2021 توانرا مۆڵەتی خوێندن بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامەکانی ( دبلۆمی باڵا- ماستەر- دکتۆرا) ببەخشینە مامۆستایان و فەرمانبەرانی وەزارەتی پەروەردە لەچوارچێوەی ڕێنماییە بەرکارەکاندا، بەمجۆرە:

| ماستەر | دکتۆرا | دبلۆمی باڵا |
|---|---|---|
| 916 | 252 | 233 |

هەروەها بەپێی جۆرەکانی مۆڵەت بەمجۆرە دابەشکراون:

| جۆری مۆڵەت | ژمارە |
|---|---|
| زانکۆکانی هەرێم و عێراق | 1.353 |
| زەماله | 101 |
| نفقه خانه | 76 |

4. کوالێتـی (دڵنیایی جـۆری) پانتاییەکی فراوانی پێدراوە لـە پـرۆژ یاسـای پـەروەردە و فێربـوون.

## پرۆسـەی بـە دیجیتاڵکـردن (بـە ئەلیکترۆنیکـردن) و میدیـای پـەروەردە و فێرکردن:

### 1. بە دیجیتاڵکردن:

ا. دامەزراندن و بەکارخستنی سیستەمی e-Parwarda:

سیســتەمێکی ئەلیکترۆنیــە کــە پێــک هاتــووە لــە بەشــەکانی زانیــاری (فەرمانبــەران و مامۆســتایان، قوتابخانــە، قوتابــی و نمرەکانیــان، کــۆگا، مووچـە، دەرکـردە و وەرگرتـە)، هـەر لەسـەرەتای ڕاگەیاندنـی حکومـەت بـۆ بـە ئەلکترۆنـی کردنـی کاروبـاری حکومەت (حکومەتـی ئەلکترۆنـی)، چ لـە ئاسـت کاروبـاری ناوخـۆی حکومـەت و چ لـە ئاسـت پێشکەشـکردنی خزمەتگوزارییـە ئەلەکترۆنییــەکان بــۆ هاووڵاتیــان.

پــرۆژەی بەســتنەوەی قوتابخانــەکان بــە سیســتەمی ئەلکترۆنــی (E-parwarda) ئـەو پرۆژەیەیـە کـە وەزارەتـی پـەروەردە ئامانجیەتـی تیایـدا

گشت قوتابخانە حکومی و ناحکومیەکان هەروەها قوتابخانەکانی ئاوارەی ناوخۆ و پەنابەرانی سووری ببەستێتەوە بە سیستەمی E-parwarda . ئەم پڕۆژەیە لەسەر ئاستی وەزارەت و پەروەردەی پارێزگاکان و پەروەردەی قەزاکان و قوتابخانەکان جێبەجێدەکرێت:

| ژمارەی قوتابخانە | ژمارەی مامۆستایان و فەرمانبەرانی هەمیشەیی | ژمارەی قوتابیان |
|---|---|---|
| 6710 | 161.109 | 1.767.053 |

ب. پۆستەی ئەلیکترۆنی:

ئێستا تەواوی نووسراوەکان لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەکانەوە بەشێوەی ئەلیکترۆنی دەگاتە وەزارەت و پشت بە پۆستەی دەستی نابەسترێت.

ج. پلاتفۆرمی قوتابخانەی ئەلیکترۆنی Ewane:

پلاتفۆرمێکی تایبەتە بە خوێندنی ئەلیکترۆنی لەکاتی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا (COVID-19) دامەزرا بەمەبەستی دانەبڕانی قوتابیان لەپرۆسەی خوێندن، لەم پلاتفۆرمەدا سەرجەم قوتابیان و مامۆستایان و بەڕێوەبەرانی قوتابخانەکان کۆدی بەکارهێنەر و وشەی تێپەڕی تایبەت بە خۆیان بۆ دروستکراوە، لەم پلاتفۆرمەدا سەرجەم وانەکان بەشێوەی ڤیدیۆ دانراوەکان بە زمانەکانی (کوردی- سۆرانی- بادینی، عەرەبی، ئینگلیزی، سریانی، تورکمانی) بۆ هەموو قۆناغەکانی خوێندن (بنەڕەتی، ئامادەیی، پیشەیی، خوێندنی ئیسلامی، پەیمانگەکان)، بەشێکی تری ئەم پلاتفۆرمە تایبەتە بە چاتکردن لەنێوان قوتابیان و مامۆستایان بەمەبەستی وەڵامدانەوەی پرسیاری قوتابیان و ڕوونکردنەوەی زیاتری بابەتەکان لەلایەن مامۆستایانەوە، بۆ ئەم مەبەستەش زیاتر لە (2.000.000) دوو ملیۆن

ئەکاونت دروستکراوە، قوتابی دەتوانێت نامە بەشێوازی (نووسین، دەنگ، ڤیدیۆ) بۆ مامۆستاکانی بنێرێت، لەهەمان کاتدا ئەپلیکەیشنی ئۆفلاینیش هەیە کە دەتوانرێت قوتابیان بەبێ ئینتەرنێت بینەری وانەکانبن.

د. هەورەفێرگە:

هەورەفێرگە، پرۆژەیەکی فێرکاری ئۆنلاینە کە لەلایەن چەند کەسێکی خۆبەخشی هەرێمی کوردستان دیزاین کراوە و دواتر بێ هیچ تێچوویەک رادەستی وەزارەتی پەروەردە کراوە. هەورە فێرگە وەک پرۆژەیەکی فێرکاری ئۆنلاین یارمەتیدەری مامۆستایان و قوتابیانی هەرێمی کوردستان دەدات تا بتوانن بە کەمترین کات و ئاسانترین شێوە بابەتەکانی پرۆگرامی خوێندن بەردەست بێت.

## 2. میدیای پەروەردەیی و بڵاوکراوە:

ا. کەناڵی ئاسمانی پەروەردەیی:

لەمانگی ٥ ی ٢٠٢٠ کەناڵی لۆکاڵی پەروەردەییمان کرد بە کەناڵێکی ئاسمانی، بۆ ئەم پرۆژەیە رێکخراوی یونسێف تێچووەکەی گرتە ئەستۆ کە بڕی (٢٣٠،٠٠٠) دوو سەد و سی هەزار دۆلار بوو.ب. کەناڵی لۆکاڵی پەروەردەیی دهۆک:

ئەم کەناڵە لۆکاڵیە پەروەردەییە تایبەتە بە شێوەزاری بادینی کە سەرجەم بابەت و وانەکان بەشێوەی ڤیدیۆ بڵاو دەکاتەوە وەک پاڵپشتێک بۆ خوێندنی دوورەدەست (Distance -learning) ، بەهەمان شێوە رێکخراوی یونسێف خەرجیەکانی گرتۆتە ئەستۆ وە حکومەت مانگانە بودجەی تەشغیلی بۆ دابین کردووە.

ج. ڕادیۆی پەروەردەیی:

ئـەم ڕادیۆیـە پەروەردەییـە، هۆشـیاری پەروەردەیـی و بابەتـی جۆراوجـۆر لەبـواری پـەروەردە و دەروونناسـی و گەشـەپێدان بڵاو دەکاتـەوە لەچوارچێوەی بەرنامــە و بابەتــی زانســتی و پــەروەردەیــی، بەهەمــان شــێوە ڕێکخــراوی یونسـێف خەرجیەکانی گرتۆتـە ئەسـتۆ، لـەدوو مانگـی داهاتـوودا ئـەم ڕادیۆیە دەسـت بـە پەخـش دەکات.

د. تەلەفزیۆنی پەروەردەیی هەولێر:

ئـەم کەناڵـە لۆکاڵیـە پەروەردەییـە کـە بـە هەماهەنگـی ڕێکخـراوی یونسـکۆ دادەمەزرێـت و لـە چەنـد مانگـی داهاتـوو دەسـت بـە پەخشـکردن دەکات. مەبەسـت لـە دامەزراندنـی ئـەم کەناڵـە پاڵپشـتە بـۆ خوێندنـی دوورە دەسـت (Distance – learning) و هەروەهـا تەواوکردنـی بەشـە وانـەی ئاسـتەکانی تـر بـە زاراوەی سـۆرانی چونکـە یـەک تەلەفزیـۆن ناتوانێـت گشـت بابەتـەکان پەخـش بـکات، هـەر لـەم کەناڵـەدا زیاتـر گرنگـی بـە زمانـی ئینگلیـزی دەدرێـت و زیاتـر بابەتـی زمانـی ئینگلیـزی پەخـش دەکرێـت کـە ئەمـەش دەبێتـە پاڵپشـتێکی بـاش بـۆ قوتابیـان و مامۆسـتایان.

ە. پلاتفۆرمی (Oznoz)

وەزارەتـی پـەروەردە وەک هەنگاوێکـی تـری خوێندنـی دوورە دەسـت (Distance-Learning) بـە هەماهەنگـی لەگـەڵ ڕێکخـراوی یونسـێف، لەگـەڵ دەزگای (Oznoz) نێودەوڵەتـی ڕێکەوتنێکـی ئەنجامـداوە بـە مەبەسـتی وەرگێـڕان و دۆبلاژکردنـی گشـت بابەتەکانـی ئـەم دەزگایـە کـە پێـک هاتـووە لـە ئەفـلام کارتۆنـی پەروەردەیی بـۆ زاراوەکانـی بادینـی و سـۆرانی، تا ئێسـتا توانـراوە نزیکـەی (50) ئەڵقـەی ئافـلام کارتۆنـی (1001 شـەوە) وەربگێڕدرێتە سـەر هـەردوو زاراوەی سـۆرانی و بادینـی، لەگـەڵ چەندیـن زنجیـرەی بـە سـوودی تـر کـە لـە پرۆسـە دایـە و دەتوانرێـت گشـت بابەتـەکان لـە تەلەفزیۆن و ڕادیـۆی پەروەردەیـی پەخـش بکرێـت.

مەبەست لەم بەرهەمانە فێرکردن و ئاشناکردنی منداڵانی هەرێمی کوردستانە بە کارامەییەکانی ژیان لە ڕێگەی بابەتی تەرفیهی، هەر لە ڕێگەی ئەم دەزگایەوە پلان هەیە ڕێککەوتن ئەنجام بدرێت کە بابەتی دیکە بە زمانی ئینگلیز ئامادە بکرێت بە مەبەستی زیاتر گرینگیدان بە زمانی ئینگلیزی، هەروەها دەبێتە پاڵپشت بۆ ئەو پرۆژەی کە لە بواری زمانی ئینگلیزی بۆ قوتابخانەکان هەیە. قوتابیان و منداڵانی هەرێمی کوردستان جگە لە سەیرکردنی ئەم بابەتانە لە ڕێگەی کەناڵی تەلەفزیۆن و ڕادیۆ دەتوانن گشت بابەتەکان سەیر بکە کە کاری وەرگێڕانی بۆ کراوە بۆ سەر زاراوەکانی بادینی و سۆرانی و ئەکاونت بە شێوەیەکی خۆرایی دروست بکەن.

و. وەزارەت پەیجی فەرمی لە فەیسبووک و ئینستاگرام و ماڵپەڕی فەرمی وەزارەت و چەناڵی ڤایبەری وەزارەت و چەناڵی تایبەتی تەلەفزیۆنی پەروەردەیی لە تێلیگرام و پەیجی فەرمی تەلەفزیۆنی پەروەردەیی لە فەیسبووک هەیە و بەشێوەیەکی گشتی لەبەکارهێنانی (New media) کار بەشێوەیەکی کارا دەکرێت.

### 3. ژووری ئەلیکترۆنی:

بەمەبەستی نزیکبوونەوە لە هاووڵاتی و پەروەردەکاران و بەخێوکار و کەسوکاری قوتابیان و کەمکردنەوە بەربەستەکان لەنێوان وەزارەت و خەڵکدا، وەزارەتی پەروەردە ژوورێکی تایبەتی بەچەند هێڵێکی گەرمی دامەزراندووە، کە بەردەوام لەڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانەوە لەخزمەت خەڵکدا بێت، ڕەخنە و بۆچوون و پێشنیار و ڕایەکانیان وەربگیرێت و بەدواداچوونیان بۆ بکات بەمەبەستی نەهێشتنی کەموکوڕیەکان و باشترکردنی خزمەتگوزارییەکان و ڕازیکردنی هاووڵاتیان، بەمەش سستەمی چاودێریکردن توندوتۆڵتر دەبێت و متمانەی خەڵکیش بە وەزارەت و حکومەت تۆکمەتر دەکات، بۆ ئەم مەبەستە (1466) هەزار و چوار سەد و شەست و شەش سکاڵا و پێشنیار

نـاردراون و وەڵامـی سـەرجەمیان دراونەتـەوە و مانگانـەش ڕاپـۆرت دەدرێـت بـە فەرمانگـەی هەماهەنگـی و بەدواداچـوون بەمجـۆرە:

| جۆر | لە 2019/7/15 تاکو 2021/4/18 |
|---|---|
| سکاڵا | 10 |
| پێشنیار | 682 |
| کۆی گشتی | 1714 |

## مامۆستایانی (گرێبەست و وانەبێژان) و (مامۆستایانی قوتابخانەکانی ڕۆژئاوا):

ا. مامۆسـتایانی گرێبەسـت: پـاش ڕەزامەنـدی ئەنجومەنـی وەزیـران، بڕیـار درا بەهەمیشـەیی کردنـی 5088 مامۆسـتای گرێبەسـت، دوای تەواوکردنـی ڕێککارە کارگێڕیـەکان کـۆی ئـەو مامۆسـتایانە لـە ڕێکەوتـی 1ی 3ی 2020 دەسـتبەکاربوون.

ب. مامۆسـتایانی وانەبێژ: سـەرەڕای نەبوونی دەوام، سـەرۆک حکومەت بڕیاریدا بـە خەرجکردنـی شایسـتە داراییەکانیـان بۆ مانگەکانـی (3- 4- 5ی 2020) وێـڕای ڕاگرتنـی دەوام بەهـۆی ڤایرۆسـی کۆرۆنـاوە، وە مانگەکانی (10-11-12 ی 2020) بەشـێوەی پارەیەکـی بـڕاوە (مقطـوع) بـۆ هـەر مامۆسـتایەکی وانەبێـژی دانەمـەزراو بەپێی بڕوانامەکانیـان بەمجۆرەیە:

| ماستەر | 250.000 دینار |
|---|---|
| بەکالۆریۆس و باڵاتر | 300.000 هەزار |

ج. مامۆسـتایانی قوتابخانەکانـی ڕۆژئـاوا: پێشـتر ڕێکخـراوەکان پارەیـان بـۆ دابیندەکـردن، بـەڵام سـاڵی خوێندنـی (2019- 2020) تـا ئێسـتاش بڕیویانە، بـۆ ئـەم مەبەسـتە حکومەتـی هەرێمی کوردسـتان ئەم کارەی گرتوەتە ئەسـتۆ

و سەرجەم شایستە داراییەکانی مامۆستایان و فەرمانبەرانی قوتابخانەکانی ئاوارە سوورییەکانی خەرجکردووە بۆ مانگەکانی (10-11-12ی 2019) و مانگەکانی (1 و 2ی 2020) و مانگەکانی (10ی 2020 هەتا 6ی 2021).

## دەرفەتی هەلی کار:

وەزارەتی پەروەردە ڕێنمایی پێویستی دەرکردووە بۆ دامودەزگاکانی پەروەردە لە کەرتی تایبەتدا کە نابێت ڕێژەی مامۆستایانی کەرتی گشتی (ئەوانەی میلاکی وەزارەتن) لەلایان (20%)ی میلاکیان ڕەت بکات، بەمەش هەلی زیاتر بۆ گەنجانی بێکار دەڕەخسێت، هەروەها فەرمانێکی وەزارییان دەرکردووە بۆ ئەوەی سەرجەم باخچە و قوتابخانە و پەیمانگە ناحکومیەکان پابەندبن بەجێبەجێکردنی ڕێنماییەکانی وەزارەت تایبەت بەدانانی ڕێنماییکاری پەروەردەیی پێویست بەجۆرێک بۆ هەر (150) قوتابییەک ڕێنماییکارێک دابنرێت، بەپێی بەدواداچوونمان لەم بوارەدا هەلی کار ڕەخساوە بۆ سێ هەزار و دوو سەد و نەوەد و نۆ (3299) لە هەڵگرانی بڕوانامەی (دکتۆرا و ماستەر و بەکالۆریۆس و دبلۆم و خوار ئەمان) لە مامۆستا و فەرمانبەر و ڕێنماییکاری پەروەردەیی کە تێکڕایان دانەمەزراون.

بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەولێر

| ز | ناوی شوێن | دکتۆرا | ماستەر | بەکالۆریۆس | ڕێنماییکاری پەروەردەیی + فەرمانبەران بە بڕوانامەی دیکە | دبلۆم | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | باخچەی منداڵان | 0 | 1 | 61 | 13 | 0 | 75 |
| 2 | قوتابخانەی بنەڕەتی و ئامادەیی | 1 | 0 | 349 | 109 | 12 | 471 |
| 3 | کۆمەڵگەی پەروەردەیی (باخچە و قوتابخانەی بنەڕەتی و ئامادەیی) | 5 | 57 | 299 | 170 | 32 | 563 |
| 4 | پەیمانگە | 0 | 0 | 92 | 123 | 0 | 215 |
| 5 | کۆی گشتی | 6 | 58 | 801 | 415 | 44 | 1324 |

## بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی سلێمانی

| ناوی شوێن | دکتۆرا | ماستەر | بەکالۆریۆس | ڕێنماییکاری پەروەردەیی | دبلۆم | بڕوانامەی دیکە | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| باخچەی منداڵان | 0 | 2 | 195 | 19 | 78 | 26 | 320 |
| قوتابخانەی بنەڕەتی و ئامادەیی | 0 | 16 | 527 | 46 | 55 | 98 | 742 |
| کۆمەڵگەی پەروەردەیی (باخچە و قوتابخانەی بنەڕەتی و ئامادەیی) | 1 | 2 | 41 | 6 | 6 | 0 | 56 |
| پەیمانگە | 1 | 13 | 120 | 14 | 24 | 33 | 205 |
| کۆی گشتی | 2 | 33 | 883 | 85 | 163 | 157 | 1323 |

## بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی دهۆک

| ناوی شوێن | دکتۆرا | ماستەر | بەکالۆریۆس | ڕێنماییکاری پەروەردەیی | دبلۆم | بڕوانامەی دیکە | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| باخچەی منداڵان | 0 | 0 | 59 | 4 | 12 | 21 | 96 |
| قوتابخانەی بنەڕەتی و ئامادەیی | 1 | 3 | 122 | 3 | 13 | 7 | 149 |
| کۆمەڵگەی پەروەردەیی (باخچە و قوتابخانەی بنەڕەتی و ئامادەیی) | 0 | 0 | 10 | 0 | 1 | 3 | 14 |
| پەیمانگە | 1 | 14 | 137 | 8 | 29 | 18 | 207 |
| کۆی گشتی | 2 | 17 | 328 | 15 | 55 | 49 | 446 |

## بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەڵەبجە

| ناوی شوێن | دکتۆرا | ماستەر | بەکالۆریۆس | ڕێنماییکاری پەروەردەیی | دبلۆم | بڕوانامەی دیکە | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| باخچەی منداڵان | 0 | 0 | 6 | 2 | 5 | 1 | |
| قوتابخانەی بنەڕەتی و ئامادەیی | 0 | 1 | 9 | 1 | 0 | 1 | 12 |
| کۆمەڵگەی پەروەردەیی (باخچە و قوتابخانەی بنەڕەتی و ئامادەیی) | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 |
| پەیمانگە | 0 | 0 | 3 | 0 | 1 | 1 | 5 |

## بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی گەرمیان

| ناوی شوێن | دکتۆرا | ماستەر | بەکالۆریۆس | ڕێنماییکاری پەروەردەیی | دبلۆم | بڕوانامەی دیکە | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| باخچەی منداڵان | 0 | 0 | 35 | 5 | 10 | 4 | 54 |
| قوتابخانەی بنەڕەتی و ئامادەیی | 0 | 4 | 53 | 6 | 3 | 5 | 71 |
| کۆمەڵگەی پەروەردەیی (باخچە و قوتابخانەی بنەڕەتی و ئامادەیی) | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 |
| پەیمانگە | 0 | 4 | 21 | 1 | 1 | 3 | 30 |
| کۆی گشتی | 0 | 8 | 109 | 12 | 14 | 12 | 155 |

## دروستکردن و نۆژەنکردنەوەی باخچە و قوتابخانەکان:

لە 15ی 7ی 2019ـەوە چەندین باڵەخانەی قوتابخانە و باخچەی منداڵان لە سنووری بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکان دروستکراون و نۆژەنکراونەتەوە، سەرچاوەی تەمویلی ئەو پرۆژانە هەندێکیان لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان و وەزارەتی پەروەردە و بودجەی پەرەپێدانی پارێزگاکان و هەندێکی دیکەیان لەلایەن ڕێکخراوەکان و کەسانی خێرخواز و وەبەرهێنەران بووە، بەمجۆرە:

| ز | شوێن | ژ. باخچەی دروستکراو | لایەنی دابینکەری بودجە | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | حکومەتی هەرێم | ڕێکخراوەکان | وەبەرهێنەر | خێرخواز |
| 1 | هەولێر | 1 | 1 | - | - | - |
| 2 | سلێمانی | 3 | - | - | 3 | - |
| 3 | دهۆک | - | - | - | - | - |
| 4 | هەڵەبجە | - | - | - | - | - |
| 5 | گەرمیان | 1 | - | - | - | 1 |
| کۆ | | 5 | 1 | - | 3 | 3 |

ئاماری دروستکردنی قوتابخانە لە سنووری بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکان لە 15ی 7ی 2019 تا 1ی 3ی 2021:

| ز | شوێن | ژ. قوتابخانەی دروستکراو | لایەنی دابینکەری بودجە | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | حکومەتی هەرێم | ڕێکخراوەکان | وەبەرهێنەر | خێرخواز |
| 1 | هەولێر | 16 | 6 | 2 | 2 | 6 |
| 2 | سلێمانی | 7 | 2 | - | 4 | 1 |
| 3 | دهۆک | 7 | 3 | 2 | - | 1 |
| 4 | هەڵەبجە | 4 | 2 | - | - | 2 |
| 5 | گەرمیان | 4 | 4 | - | - | - |
| کۆ | | 38 | 17 | 5 | 6 | 10 |

ئاماری نۆژەنکردنەوەی قوتابخانەکان لە سنووری بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکان بەشێوەی گشتگیر و بەشی (جزئی) لە 15ی 7ی 2019 تا 1ی 3ی 2021

| ز | شوێن | ژ. قوتابخانەی نۆژەنکراو | | لایەنی دابینکەری بودجە | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | گشتگیر | بەشی (جزئی) | حکومەتی هەرێم | ڕێکخراوەکان | وەبەرهێنەر | خێرخواز |
| 1 | هەولێر | 7 | 34 | 7 | 11 | - | 23 |
| 2 | سلێمانی | 11 | 196 | 187 | 6 | - | 14 |
| 3 | دهۆک | 73 | 121 | 76 | 104 | - | 14 |
| 4 | هەڵەبجە | - | - | - | - | - | - |
| 5 | گەرمیان | 2 | 3 | 1 | 1 | - | 3 |
| کۆ | | 93 | 354 | 271 | 122 | - | 54 |
| کۆی گشتی | | 447 | | | | | |

**دابینکردنی پێداویستی قوتابخانەکان لە کابینەی نۆیەمدا:**

1. کڕینی (65.000) شەست و پێنج هەزار ڕەحلە لە قۆناغی تەندەریندایە لە پارێزگاکان.
2. تەرخانکردنی بڕی (1.550.000.000) یەک ملیار و پێنج سەد و پەنجا ملیۆن دینار لە پێداویستی قوتابخانەکان لە قۆناغی تەندەریندایە.
3. خەرجکردنی (6.000.000 $) شەش ملیۆن دۆلار بۆ دابینکردنی نەوت بۆ قوتابخانەکان.
4. خەرجکردنی بڕی (60.060.000)، شەست ملیۆن و شەست هەزار دینار، بۆ قوتابیانی شەنگال، بەمەبەستی ئەنجامدانی تاقیکردنەوە گشتییەکانی

قوتابیانی قۆناغی (12)ی ئامادەیی، بۆ خولی دووەمی ساڵی خوێندنی (2019 – 2020).

4. خەرجکردنی (540.000.000) پێنج سەد و چل ملیۆن دینار بۆ پێداویستی خۆپارێزی قوتابخانەکان.

5. خەرجکردنی (260.000.000) دوو سەد و شەست ملیۆن دینار بۆ پەروەردەی کەرکوک.

6. لەلایەن جەنابی سەرۆک وەزیران بڕی (3.000.000.000) سێ ملیار دینار بۆ قوتابخانەکان دابینکرا بەمەبەستی باش بەڕێوەچوونی پرۆسەی خوێندن.

7. بودجەی تاقیکردنەوەکانی ساڵی خوێندنی (2019 – 2020).

| ژ | بابەت | بڕی پارەی خەرجکراو |
|---|---|---|
| 1 | خەرجی ئامادەسازی (لیژنەی باڵا + کۆنترۆڵەکان) + خەرجی تاقیکردنەوەی بەرایی | 683.758.260 |
| 2 | خەرجی پێداویستییەکان | 386.700.000 |
| 3 | خەرجی بەڕێوەبردنی ئەزموونەگشتییەکان (چاودێرانی هۆڵ) | 3.910.554.500 |
| | کۆی گشتی بە دینار | 4.963.012.760 |

# وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

کاردەکەیـن لـە پێنـاو گرنگیـدان بـە خوێندنـی بـاڵا و توێژینـەوەی زانسـتی، ئەمـەش لـە ڕێگـەی پێشخسـتن و بەرزکرنـەوەی ئاسـتی زانکـۆ و پەیمانگاکانـی هەرێـم لـە ڕووی جـۆری، هەروەهـا فەراهەمکردنـی دەرفەتـی لەبـار بـۆ خوێندن و توێژینـەوەی زانسـتی. هەروەهـا کار دەکەیـن بـۆ ڕێکخسـتنەوەی کاری زانکـۆ و پەیمانـگا ئەهلییـەکان و پێداچوونـەوە بـە کوالێتـی زانسـتی و نرخەکانیـان.

کارنامەی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان

## بارودۆخی خوێندنی باڵا:

ڕەوشـی خوێندنـی بـاڵا حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان لـە ڕاژەی مامۆسـتایان و باڵەخانـە و ژمـارەی قوتابیـان و پێداویسـتییەکانی تـر بـەو شـێوەیەی خوارەوەیـە:

1. وەزارەتـی خوێندنـی بـاڵا خاوەنـی 18 هـەژدە زانکـۆ و دامـەزراوەی حکومییـە لەگـەڵ 18 زانکـۆ و کۆلێـژە زانکۆیـی و 12 دوازدە پەیمانگـەی تایبـەت لـە هەرێمـی کوردسـتان کار دەکـەن.
2. لـە هەرێمـی کوردسـتان 147731 سـەدو چـل و حەفـت هـەزار و حەفـت سـەد و سـی و یـەک قوتابـی لـە زانکـۆ حکومییـەکان دەخوێنـن و 37862 سـی و حەفـت هـەزار و هەشـت سـەد و شەسـت و دوو قوتابیـش لـە زانکـۆ و پەیمانگـە تایبەتـەکان دەخوێنـن.
3. لـە هەرێمـی کوردسـتان نزیکـەی 30308 سـی هـەزار و سـێ سـەد و هەشـت

مامۆستا و فەرمانبەری وەزارەتی خوێندنی باڵان. بەشێوەیەک نزیکەی 11 یازدە هەزار کەسیان مامۆستان و ئەوانی تریش فەرمانبەرن.

## بواری دارایی:

بەئامانجی ڕەخساندنی دەرفەتی زیاتر بۆ قوتابیان/ خوێندکاران، بەڕەچاوکردنی دۆخی دارایی هاووڵاتیان لە هەرێمی کوردستان بۆ بەرژەوەندی گشتی، لە چەند کۆبونەوەیەکی ئەنجومەنی وەزارەت لەگەڵ سەرۆک زانکۆ حکومییەکان لەچوارچێوەی کارنامەی کابینەی نۆیەم و لەبەر ڕۆشنایی نەخشە ڕێگە و پلانی چوار ساڵی کارکردنی وەزارەت، لە بواری داراییدا، وەزارەت بۆ هەردوو ساڵی خوێندنی (2019-2020) و (2020-2021) چەند بڕیارێکدا.

### بۆ ساڵی خوێندنی (2019-2020):

1. کەمکردنەوەی کرێی خوێندنی پاراڵێل و ئێواران بەڕێژەی (45 %) لە سەرجەم زانکۆ حکومیەکان بۆ هەمو قۆناغەکانی خوێندنی (دبلۆم، بەکالۆریۆس، ماستەر و دکتۆرا).
2. کەمکردنەوەی کرێی خوێندن بەڕێژەی (25 %) لە زانکۆ و پەیمانگە تایبەتەکانی کوردستان.

### بۆ ساڵی خوێندنی (2020 - 2021)

1. بەردەوامیدان بەکەمکردنەوەی کرێی خوێندنی پاراڵێل و ئێواران بەڕێژەی (45%) لە سەرجەم زانکۆ حکومیەکان بۆ هەمو قۆناغەکانی خوێندنی (دبلۆم، بەکالۆریۆس، ماستەر و دکتۆرا).
2. لە زانکۆ و پەیمانگە تایبەتەکانی کوردستان -یش لە پێناو مانەوەی ڕوحیەتی کێبڕکێی زانستی لە دامەزراوە ئەکادیمیەکان و، بە

لەبەرچاوگرتنی باوردۆخی هاووڵاتیان وەزارەت بڕیاریدا بە کەمکردنەوەی کرێی خوێندن لە زانکۆ و پەیمانگە تایبەتەکان بەڕێژەی (10 بۆ 20 %) بۆ سەرجەم قۆناغەکانی خوێندن، ئەویش بەپێی ئەنجامەکانی ڕیزبەندی نیشتیمانی زانکۆکانی کوردستان کە لەلایەن وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی ڕاگەیەنراوە بەم شێوەی خوارەوە:

- ئەو زانکۆیانەی دەکەونە گروپی B، بەڕێژەی (10%) کرێی خوێندن کەمدەکرێتەوە.
- ئەو زانکۆیانەی دەکەونە گروپی C، بەڕێژەی (15%) کرێی خوێندن کەمدەکرێتەوە.
- ئەو زانکۆیانەی دەکەونە گروپی D، بەڕێژەی (20%) کرێی خوێندن کەمدەکرێتەوە.
- سەرجەم پەیمانگە تایبەتەکان و کۆلێژە زانکۆییەکان بەڕێژەی (20%) کرێی خوێندنیان کەمدەکرێتەوە.

## بواری کارگێڕی:

لە چوارچێوەی هەوڵەکانی وەزارەت بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامەی نێودەوڵەتی ISO بۆ دامەزراوەکانی خوێندنی باڵا لە هەرێمی کوردستان، وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی وەک یەکەم وەزارەت لە کابینەی نۆیەم بڕوانامەی ئایزۆ ISO بە ژمارە (9001) لە ڕێکەوتی (2020/3/5) بۆ ماوەی سێ ساڵ لەلایەن کۆمپانیای (BUREAU VERITAS) جیهانی بۆ هەرد و بەڕێوەبەرایەتیەکانی (ناوەندی وەرگرتن) و (بەڕێوەبەرایەتی نێردراوان) بەدەستهێنا.

## خوێندنی بەرایی:


کارئاسانیکردن بۆ وەرگرتنی زۆرترین ڕێژەی دەرچوانی پۆلی دوانزە لە زانکۆ و پەیمانگە حکومییەکانی هەرێمی کوردستان یەکێکی دیکە بوو لە کارەکانی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی، بۆ ئەمەش لە ماوەی دوو ساڵی کارکردنیدا ئەم بڕیانەی خوارەوەی دا:

### بۆ ساڵی خوێندنی (2019-2020):

لە زانکۆ و پەیمانگە حکومییەکان و لەپێناو ڕەخساندنی هەلی زیاتر بۆ دەرچووان، بڕیاردرا بەزیادکردنی ڕێژەی (30%) کورسی پلانی خوێندنی بەرایی، بەو هۆیەوە (41833) خوێندکار/ قوتابی بە سیستەمەکانی (زانکۆلاین، پاراڵێل و ئێواران) وەرگیران، ئەوەش بەم شێوەیە بوو:

1. لە خوێندنی گشتی (28185) خوێندکار کە دەکاتە ڕێژەی (74%) لەپلانی گشتی. واتە لە خوێندنی بەخۆڕایی لە زانکۆ و پەیمانگە حکومییەکان وەرگیران.
2. لە خوێندنی پاراڵێل (3136) دەرچوو کە دەکاتە ڕێژەی (8%) وەرگیراون.
3. لە خوێندنی ئێواران (5544) دەرچوو کە دەکاتە ڕێژەی (14%) وەرگیران.
4. هەروەها (1481) دەرچووی دیکە کە دەیکردە ڕێژەی (4%) بەهۆی هەڵە پڕکردنەوەی فۆڕم لەهەڵبژاردنی بەشەکان ناویان نەگەڕابوەوە، دواتر لە پڕۆسەیەکی دیکەدا ناوی ئەوانەش گەڕایەوە.

بەو شێوەیە دوای ساڵانێکی زۆر بۆ یەکەمین جار ڕێژەی (100%) دەرچوانی پۆلی دوانزە لە زانکۆ و پەیمانگە حکومیەکان وەرگیران.





**بۆ ساڵی خوێندنی (2020 – 2021):**

ژمارەی ئەوانەی داواکاریان پێشکەش کرد، گەیشتە (54396) دەرچووی پۆلی دوانزەی ئامادەیی، جگە لەوەش (5302) دەرچوی ساڵانی رابردوو داواکارییان پێشکەشکرد. لەئەنجامدا (47176) دەرچو کە دەکاتە رێژەی (87%) لە زانکۆ و پەیمانگەکان وەرگیران، ئەوەش بەم شێوەیە بوو:

1. رێژەی وەرگیراوان لە خوێندنی گشتی گەیشتە (65%).
2. رێژەی وەرگیراوان لە خوێندن بە سیستمی پاراڵێل گەیشتە (18%).
3. رێژەی وەرگیراوان لە خوێندنی ئێواران بریتی بوو لە (17%).
4. لە کۆی (5302) پێشکەشکاری ساڵانی رابردوو، کە داواکارییان پێشکەش کردبوو (2318)یان وەرگیران.
5. هەروەها (7118) دەرچوو بەهۆی هەڵە پڕکردنەوە و هەڵنەبژاردنی شوێنی گونجاو لەگەڵ نمرەکانیان لە قۆناغی یەکەمدا وەرنەگیراوان کە رێژەکەیان گەیشتە (13 %)، بەڵام بەهۆی ئەوەی (8119) کورسی بەتاڵ ماوبووە، بۆیە ئەوانیش وەرگێران.

بەمەش کۆی وەرگیراوان بۆ ساڵی خوێندنی (2020 – 2021) گەیشتە




(49496) دەرچوو، بۆیە رێژەی وەرگرتن لە زانکۆو پەیمانگەکانی هەرێمی کوردستان. هاوشێوەی ساڵی رابردو بووە (100 %).

بەشێکی تر لە دەرچووان لە زانکۆ و پەیمانگەکان بە رێگە و میکانیزی جیاوازتر وەردەگیران، کە بریتین لە: (سیستمی پۆلیتەکنیک، خوێندنگە نێودەوڵەتیەکان، یەکەمی پەیمانگەکان، دەرچووانی ئامادەیە پیشەییەکان). بەم پێیەش ژمارەی وەرگیراوان بۆ ساڵی خوێندنی (2020 -2021) گەیشتە سەرووی (50) پەنجا هەزار پێشکەشکار.

## کەرکووک و ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان:

وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی کارئاسانی تەواو دەکات بۆ وەرگرتنی خوێندکاران و قوتابیانی کەرکوک و ناوچە دابڕێندراوەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان، بەتایبەت ئەو خوێندکارانەی لە خوێندنگە کوردییەکان دەخوێنن.

### لە ساڵی خوێندنی (2019- 2020):

دوای ئەوەی دەرگای پێشکەشکردنی بۆ دەرچوانی پۆلی دوانزە لە بەشی

خوێندنی کوردی لە ناوچە دابڕێندراوەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان کرایەوە، لە رێگەی نوسینگەی کەرکوکەوە ژمارەیەک لە دەرچووان داواکارییان پێشکەشکرد، لە ئەنجامدا (533) خوێندکاری کەرکوک و ناوچە دابڕێندراوەکان لە زانکۆکانی کوردستان وەرگیران.

**بۆ ساڵی خوێندنی (2020 - 2021):**

لە رێگەی نوسینگەی کەرکوکەوە ژمارەیەک لە دەرچووان داواکارییان پێشکەشکرد، لە ئەنجامدا ڕەزامەندی نیشاندا لەسەر وەرگرتنی (1152) خوێندکار بەهەمان پێوەر و کۆنمرەی وەرگیراوی خوێندکارانی هەرێم.

## خوێندنی باڵا (دبلۆم- ماستەر- دکتۆرا):

لە ماوەی دەستبەکاربونی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی لە بواری خوێندنی باڵا چەندین هەنگاوی گرنگی جێبەجێکرد÷

1. چارەسەرکردنی گرفتی کاندیدانی ماستەر و دکتۆرا: لە ساڵی (2016) وە ژمارەیەک لە خوازیارانی خوێندنی باڵا، کە لە خوێندنی (ماستەر و دکتۆرا) وەرگیرابوون، بەهۆی ئەوەی مەرجی توانستی زمانیان بەدەست نەهێنابوو نەیانتوانی بوو دەست بەخوێندنی ئەکادیمی بکەن، بۆ ئەمەش رێگەیان پێدرا دەست بکەن بە خوێندنی کۆرسی ئەکادیمی، لە هەمان کاتدا بەردەوام دەبن لە کۆرسەکانی زمان لە سەرجەم سەنتەرەکانی زمان لە زانکۆکانی هەرێم بەهەمان ستانداردەکانی پێشوو. بەو شێوەیە هەمو کاندیدەکان گرفتەکانیان چارەسەر کراو، دەستیان بە خوێندنی ماستەر و دکتۆرا کرد. سەبارەت بە داواکاری خوێندکاران/ قوتابیانی دکتۆرا ئەوانەی کە سەرجەم مەرجەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەیان تێدا بوو، تەنها مەرجی توانستی زمانی ئینگلیزییان نەبوو، رێگەدرا ئەوانیش گفتوگۆی تێزی دکتۆراکەیان بکەن، بەڵام بڕوانامەیان پێ نابەخشرێت،

تـا مەرجـی زمـان بەدەست دەهێنـن.

2. ڕاگەیاندنی خوێندنی ماستەر و دکتۆرا و دبلۆمی باڵا: (4080) پێشکەشکاری خوێندنـی بـاڵا/ ماسـتەر و دکتـۆرا و دبلۆمـی بـاڵا لـە زانکۆکانـی هەرێمـی کوردسـتان وەرگیـراون.

3. بەلەبـەر چاوگرتنـی بارودۆخـی کەسـوکاری شـەهیدان و ئەنفالکـراوان، ئەنجومەنـی وەزارەت بڕیاریـدا کورسـی زیـاد لـە پلانـی زانکـۆکان بـۆ کەسوکاری پلـە یەکی شـەهیدان و ئەنفالکراوان و نابینایان تەرخـان بکات، بـۆ ئەمـەش (204) وەرگیـراو کـە بریتییـن لـە کەسـوکاری سـەربەرزی پلـە یەکـی شـەهیدان و ئەنفالکـراوان، (6) وەرگیـراوی نابینـا بەرێـژەی (100%) سـوودمەندبوون.

4. کردنـەوەی خوێندنـی دبلۆمـی بـاڵای یـەک سـاڵەی ئەکادیمـی: لەپێنـاو ڕەخسـاندنی دەرفەتـی زیاتـر بـۆ خوزایارانـی خوێندنـی بـاڵا بەتایبـەت ئـەو خوازیارانـەی کۆنمـرەی بەکالۆریۆسـیان لـە (%60) کەمتـرە، ئەنجومەنـی وەزارەت بڕیـاری کردنـەوەی دبلۆمـی بـاڵای یـەک سـاڵەی ئەکادیمـی لـە زانکـۆ حکومییەکانـی هەرێمـی کوردسـتان بـۆ سـاڵی خوێندنـی (2019-2020) پەسـەندکرد.

## پەیوەندی نێودەوڵەتی:

بەئامانجـی فراوانکردنـی بازنـەی پەیوەندییـە ئەکادیمـی و زانسـتییەکانی وەزارەت و زانکـۆ و دامـەزراوە زانسـتی و ئەکادیمییەکانـی هەرێمـی کوردسـتان، لەگـەڵ وەزارەت و لایەنـە پەیوەندیدارەکانـی وڵاتانـی جیهـان، لەگـەڵ زۆربـەی نوێنەرایەتـی و کونسـڵگەری وڵاتـان لـە هەرێمـی کوردسـتان دیـدار و کۆبونـەوە ئەنجامـدرا، کـە چەندیـن ئەنجامـی گرنـگ بەدەسـتهاتوون:

1. ئیمزاکردنـی یاداشـتێکی لێکتێگەیشـتن لەگـەڵ وەزارەتـی توانسـتە مرۆییەکانـی حکومەتـی هەنگاریـا بەهـۆی ئـەم ڕێکەوتنـە لـە سـاڵەکانی

(2019 و 2020) وڵاتی هەنگاریا هەنگاریا بۆ هەر ساڵێک (30) کورسی خوێندن لە رێگەی وەزارەتەکەمان پێشکەش بە هەرێمی کوردستان دەکات (20 کورسی دکتۆرا و 10 کورسی ماستەر).

2. ئیمزاکردنی یاداشتێک لەگەڵ وڵاتی فەرەنسا تایبەت بە ناردنی قوتابی و خویندکار بۆ وولآتی فەرەنسا و راهێنانی مامۆستا و فەرمانبەر و توێژەر بە ئەرکی دارایی هاوبەش لە نێوان وەزارەتەکەمان و وەزارەتی دەرەوەی فەرنسا، بەڵام لە بەر بارودۆخی دارایی هەرێم، نەکەوتە بواری جیبە جیکردن.

3. لە ساڵی (2020) وڵاتی کۆریای باشور (8) کورسی بۆ خویندنی ماستەر و (3) کورسی بۆ خوێندنی دکتۆرا پێشکەشی هەرێمی کوردستان کرد.

4. لە ساڵی (2021) هەریەک لە وولاتانی (کۆماری چینی میللی و هیند) سکۆلەرشیپی خویندنیان پێشکەش بە هەرێمی کوردستان کردووە، لە وەزارەت کاری پێویستیان لە سەر کراوە.

5. رێکخراوی ئایرێکسی ئەمریکی لە سەرەتای دروست بوونی ئەم ناوەندانە بەردەوام راهێنان و پەرەپێدانیانی لە ئەستۆ گرتووە لە ساڵی (2019 و 2020) لەگەڵ وەزارەتەکەمان کاری کردووە بۆ هەڵسەنگاندنی خزمەتگوزاری پیشەیی، مایکرۆ ئینتێرنشیپ و ئامادەکردنی پیشەیی ئەکادیمی، لەگەل پێشکەشکردنی بەخششی بچوک سالآنە لە سەر بنەمای پێشبرکێ بۆ راپەراندنی پرۆژە کورتخایەن و بچوکەکانیان.

6. رێکخراوی گی ئای زێت GIZ: لەگەل ئەم رێکخراوە دەستکراوە بە ووتوێژی سەرەتایی بۆ هاوکاریکردنی ناوەندەکانی پەرەپێدان بۆ کار لە رێگەی پشتگیری دارایی چالاکیەکانیان و کردنەوەی کۆرسی پێویست بۆ ئەم سەنتەرانە، هەروەها ئەم رێکخراوە ئەنجومەنی راوێژکاری دروستکردوە، کە تیایدا گرنتی بە بازاری کاری هەرێم و چۆنیەتی رەنگدانەوەی لە سەر بەرنامەی خوێندن و پێشکەشکردنی شارەزایی بەر لە دەستکردنیان بە

کار لـە بـازار کار دەدات، نوێنەرێکـی وەزارەتیش بۆتـە ئەندامـی ئـەم لێژنەیـە.

7. ئاڵوگـۆڕی مامۆسـتایان و خوێنـدکاران و توێـژەران لەگـەڵ زانکۆکانـی وڵاتان درێـژەی هەیـە. بەتایبەتیـش بەشـداری وەزیـری خوێندنی بـاڵا و توێژینەوەی زانسـتی و سـتافی وەزارەت لـە کۆنگـرەی (Education world forum) لـە وڵاتـی بەریتانیـا و ئاڵوگـۆڕی زانسـتی لەگـەڵ وەزیرانـی خوێندنـی بـاڵای وڵاتان.

## خوێندنی تەکنیکی لە کوردستان:

بەمەبەسـتی بەسـتنەوەو دروسـتکردنی پەیوەنـدی زیاتـری زانکـۆکان لەگـەڵ بـازاڕی کار و کەرتـی گشـتی و پیشەسـازی، وەزارەتـی خوێندنـی بـاڵا و توێژینـەوەی زانسـتی ڕیفۆرمـی خوێندنی تەکنیکی لە زانکـۆ پۆلیتەکنیکیەکانی (هەولێـر، سـلێمانی، دهـۆک) دەسـتپێکرد، بـەو پێیـەی خوێندنـی تەکنیکـی یەکێکـە لـە کۆڵەگـە بنەڕەتییەکانـی سیسـتمی خوێنـدن و ڕێگەیەکـی گرنگـە بـۆ ئامادەکردنـی دەسـتی کاری خۆماڵـی و دروسـتکرنی کارامەیـی لـە نێـو گەنجـان، هەربۆیـە وەزارەتـی خوێندنـی بـاڵا و توێژینـەوەی زانسـتی لەبـەر ڕۆشـنایی پلانـی پەسـندکراوی وەزارەت لەلایـەن کابینـەی نۆیەمـی حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان تەرکیـزی تـەواوی لەسـەر ئـەم بوارەیـە و، گرنگـی تـەواو بـە بـواری گەشـەکردنی خوێندنـی تەکنیکـی و ڤۆکەیشـنەڵ دەدات.

لـەم بوارەشـدا لـە مـاوەی ڕابـردوودا سـەربارەی سـەرهەڵدانی ڤایرۆسـی کۆرۆنـا، بـەڵام لـە زانکـۆکان هەوڵـدراوە پەیوەنـدی زیاتـر و توندوتۆڵتریـان لەگـەڵ بـازاڕی کار و کەرتـی گشـتی و پیشەسـازی لـە هەرێمەکەمـان هەبێـت، بـەڵام ئێسـتا پێویسـتی بـە هەڵسـەنگاندن و توێژینـەوەی زانسـتی زیاتـرە لەبـارەی پێداویسـتییەکانی ئێسـتای بـازاڕی کاری کوردسـتان و توانـا و پۆتێنشـیاڵی گەشـەکردنی ئابـوری هەرێمەکەمـان.

## دامەزراندنی یەکەمەکان:

دوای ساڵانێک لە چاوەڕوانی بە بڕیاری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، یەکەم تا سێیەمی دەرچووانی ساڵی (2015- 2016)، بە شێوەی هەمیشەیی کە ژمارەیان (1300) هەزار و سێسەد کەس بوون دامەزراند.

## پێداچونەوە بە دۆسیەی فەرمانبەران:

وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی، لەبەر ڕۆشنایی بڕیار و ڕاسپاردەکانی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان و پاڵپشت بە نووسراو و ئاراستەکانی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران تایبەت بە ئەنجامدانی چاکسازی لەسەرجەم جومگە و سێکتەرەکانی هەرێمی کوردستان و چەسپاندنی دادپەروەری و یەکسانی بۆ خەڵکی کوردستان، دەستیکردووە بە چاکسازییەکان لەسەرجەم بەشەکانی تایبەت بە وەزارەتی خوێندنتی باڵا. لەگەڵ دەستبەکاربونی لێژنە فەرعییەکان لە دیوانی وەزارەت و سەرجەم زانکۆکان، دەستکرا بە پێداچونەوەی دۆسیەی سەرجەم فەرمانبەرانی دامەزراوەکانی خوێندنی باڵا لە هەرێمی کوردستان، ئەنجامی پێداچونەوەکە هەنگاوی باشی بڕیوەو لە کۆتایی کارەکانیدایە و بەبەردەوام بە ڕاپۆرت دامەزراوەکانی حکومەت لە جێبەجێکردنی یاساکە لە وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی ئاگادار دەکرێتەوە.

# وەزارەتی پیشەسازی و بازرگانی

کار دەکەین بۆ ڕێگەگرتن لە قۆرخکاری (احتکار) بە پێی یاسای بەرکار و ڕەخساندنی دەرفەتی لەبار بۆ ملململانێی بازرگانی ڕەوا و هاندانی کۆمپانیاکانی پشکداری.

کار دەکەین بۆ ڕەخساندنی بواری کار بۆ کەرتی تایبەت و فراوانکردنی وەبەرهێنان لە بوارە جیاجیاکانی وەك پیشەسازی و کشتوکاڵ و گەشتوگوزار، تاکو بەم هۆیەوە دەرفەتی کار زیاد بکرێن و یاساکانی کار بە جۆرێك ڕێك بخرێن کە دەرفەتی کار بۆ گەنجانی هەرێم زیاتر بکرێت.

کارنامەی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان

## لە کاتی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا:

1. دابینکردن و سەبەتەی خۆراک کە پێکهاتبوو (50 کیلۆ ئارد،5 کگم نیسک، 2 قووتووی دۆشاوی تەماتە، 10 لیتر روون) بووە دابەشکردنی بۆ 200.000 خێزانی کەم دەرامەت لە پارێزگاکانی هەرێم لە زەمەنی کۆرۆنا .

2. هەماهەنگی لەگەڵ ئەنجومەنی وەزیران بۆ دامەزراندنی ئەنجومەنی کێبڕکێ و قەدەغە کردنی قۆرخ کاری.

## بە ستانداردکردنی پۆلینی چالاکییە پیشەسازییەکان:

ئامادە کردنی دەقی کوردی (ستانداردی بۆ نێودەوڵەتی پۆلینی چالاکییە پیشەسازییەکان) (ISIC4 – international standard for Industrial classification).

## درووستکردنی سایلۆ:

1. پڕۆژەی دروست کردنی سایلۆی (40, 000) تۆن لەگەڵ (5) کۆگا لە قەزای کەلار – ئیدارەی گەرمیان بە گوژمەی (20, 500, 000, 000) دینار. کە نزیکەی 90% کارەکان بەرەوپێشچوونی بەخۆ بینیوە.
2. دروستکردنی سایلۆی (40) هەزار تۆن و (4) کۆگا لە ناحیەی روڤیا – دهۆک بە گوژمەی (20.100.000) دینار. کە نزیکەی 88% کارەکان بەرەوپێشچوونی بەخۆ بینیوە.
3. پڕۆژەی دروستکردنی سایلۆی (40, 000) تۆن لەگەڵ (10) کۆگا لە ناحیەی قوشتەپە – هەولێر بە گوژمەی (21.296.000.000) دینار.
4. گەیاندنی جادەو رێگاوبان هەروەها گەیاندنی کارەبای نیشتمانی بۆ سایلۆ دامەزراوەکان بەرێژەی 70%. کە نزیکەی 96% کارەکان بەرەوپێشچوونی بەخۆ بینیوە.
5. پێدانی چیمەنتۆ بە سایلۆکان بە نرخی گونجاو لەجیاتی شایستە داراییەکان بەمەبەستی بەردەوامبوون لە کاردا.
6. دانانی لیژنەی لێکۆڵینەوە (التحقیق) لەسەر کارەکانی سایلۆی هەولێر.

## بواری پیشەسازی:

1. خزمەت گوزارییەکانی ناوچەی پیشەسازی (3) لای ڕاست بە گوژمەی (8،240،000, 000) دینار. کە نزیکەی 71% کارەکان بەرەوپێشچوونی بەخۆ بینیووە.

2. پـرۆژەی دروسـتکردنی ژێرخانـی پیشەسـازی شـار و شـارۆچکەکان هەولێـر – سـلێمانی – دهـۆک – و گەرمیـان بـە گوژمـەی (18.000.000.000) دینـار دراوە بـە پارێـزگاکان لـە سـاڵی 2012 بـۆ جێبەجێکردنـی بـەڵام بەپێی بڕیاری ئەنجومەنـی وەزیـران لـە نیـوەی دووەمـی سـالی 2014 گەڕایـەوە بـۆ وەزارەتی بازرگانـی و پیشەسـازی و 5% کارەکان ئەنجامـدراوە.

### کارگەکانی دامەزراو:

1. ژمـارەی گشـتی کارگەکانـی دامـەزراو لـە هەرێمـی کوردسـتان لـە کۆتایـی سـاڵی 2020 کـە کار دەکـەن و بەرهەمیـان هەیـە گەیشـتووە بـە (2, 350) کارگـە کـە نزیکـەی (27, 046) هەلـی کاری لـە خـۆ گرتـووە.
2. ژمـارەی کارگەکانـی دامـەزراو لـە کۆتایـی سـاڵی 2020 لە هەرێمی کوردسـتان کارگـەی بچـووک 1800 و مامناوەنـدی 403 کارگـە و 147 کارگـەی گـەورە هەیە.

**پێدانی مۆڵەتی دامەزراندنی کارگە لە ساڵای** 2018 , 2019 , 2020

| ساڵ | ژمارەی پێدانی مۆڵەت بە دامەزراندنی کارگە | هەلی کار دابین دەکات | سەرمایەگوزاری بەدۆلار |
|---|---|---|---|
| 2018 | 69 | 1287 | 39.791.000 |
| 2019 | 160 | 3292 | 49.656.000 |
| 2020 | 155 | 3159 | 387.341.000 |

ژمارەی کۆمپانیا خۆماڵییەکان و لقی کۆمپانیا بیانیەکانی تۆمارکراو لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان تاکۆتایی ساڵی 2020:

| پارێزگا | ژمارە و جۆری کۆمپانیا | پێش 2017 | ساڵی 2017 | ساڵی 2018 | ساڵی 2019 | ساڵی 2020 | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| هەولێر | کۆمپانیای خۆماڵییەکان | 14,002 | 710 | 616 | 1,176 | 793 | 17,297 |
| | لقی کۆمپانیای بیانیەکان | 2,257 | 19 | 28 | 55 | 27 | 2,386 |
| | کۆی گشتی | 16,259 | 729 | 644 | 1,231 | 820 | 19,683 |
| سلێمانی | کۆمپانیای خۆماڵییەکان | 4,568 | 350 | 169 | 588 | 374 | 6,049 |
| | لقی کۆمپانیای بیانیەکان | 528 | 1 | 5 | 4 | 0 | 538 |
| | کۆی گشتی | 5,096 | 351 | 174 | 592 | 374 | 6,587 |
| دهۆک | کۆمپانیای خۆماڵییەکان | 3,088 | 106 | 68 | 84 | 65 | 3,411 |
| | لقی کۆمپانیای بیانیەکان | 261 | 2 | 1 | 1 | 1 | 266 |
| | کۆی گشتی | 3,349 | 108 | 69 | 85 | 66 | 3,677 |
| کۆی گشتی | کۆمپانیای خۆماڵییەکان | 21,658 | 1,166 | 853 | 1,848 | 1,232 | 26,757 |
| | لقی کۆمپانیای بیانیەکان | 3,046 | 22 | 34 | 60 | 28 | 3,190 |
| | هەموو کۆمپانیاکان | 24,704 | 1,188 | 887 | 1,908 | 1260 | 29,947 |

## هێمای بازرگانی:

1. ژمارەی هێمای بازرگانی تۆمارکراو لە هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2020 گەیشتووە بە (393) کە لە (203) کۆمپانیای خۆماڵی و (190) کۆمپانیای بیانی پێکهاتووە .

2. بە بەراورد لەگەڵ ساڵی 2019 ژمارەی هێمای تۆمارکراو بە رێژەی (53%) کەم بووە کە بۆ کۆمپانیا خۆمالییەکان (42%) و بۆ کۆمپانیا بیانییەکان (73%) بووە .

## چاودێری شوێنە بازرگانییەکان و پیشەسازییەکان:

1. لە ساڵی 2020 سەردانی (529) کارگە کراوە و (4, 873) نموونە پشکنینی تاقیگەیی وەرگیراوە. لەم ساڵە (140) کارگە ئاگادار کراون و (4) کارگە سزادراون.
2. بە گشتی لە ساڵی 2020 سەردانی (92, 795) سەمونخانە و نانەواخانەکان، دووکانەکان، سوپرمارکێتەکان، ئاشەکان، بڕیکارەکانی خۆراک و چێشتخانەکان کراوە. (1, 905) شوێن سزادراون و دەست بەسەر (231) تۆن کەلوپەلی ماوە بە سەرچوودا گیراوە.

# وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی

کاردەکەین بۆ زامنکردن و ڕێکخستنەوەی سەرجەم مافە یاساییەکانی کارمەند و کرێکارانی کەرتی تایبەت، بە جۆرێك مافی خانەنشینی و کاتژمێرەکانی کار و بیمە یا خود دڵنیایی تەندروستی و داهاتوویان پارێزراو بێت.

گەنجانمان سەرمایەیەکی نیشتیمانیی گەورە و کاریگەری مرۆیین و ئایندەسازی وڵاتەکەمانن. بۆیە لە میانەی کار و بەرنامەی گشت وەزارەتەکان، کار دەکەین بۆ بەکارخستن و ئاراستەکردنی تواناکانیان بەرەو بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی تەندروست و پێشکەتوو، کە ئایندەیەکی گەشتر بۆ وڵات فەراهەم بکات.

بە مەبەستی دەستەبەرکردنی ژیانێکی شایستە، گرنگیی تایبەت بە کاروباری خاوەن پێداویستییە تایبەتییەکان دەدەین..

کارنامەی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان

## چاکسازی:

بەمەبەستی جێ بەجێکردنی ناوەڕۆکی یاسای چاکسازی لە مووچە و دەرماڵە و بەخشین و ئیمتیازەکان و خانەنشینی لە هەرێمی کوردستان یاسای ژمارە (2)ی ساڵی 2020 و هەنگاوەکانی وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی بۆ جێبەجێکردنی یاسای چاکسازی بە پێی پەیڕەوی پەسەندکراوی یاسای چاکسازی ژمار (4) ی ساڵی 2020 بەم شێوەیەی خوارەوە:

- دەرماڵەی لەبری پەککەوتەیی:

1. رێنمایی ژمارە (2) ساڵی 2020 وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی تایبەت بە دەرماڵەی لەبری پەککەوتەیی کە بە ژمارە (261) رێکەوتی 2021/2/28 لە رۆژنامەی وقائعی کوردستان بڵاوکرایەوە.
2. ئامادەکردنی لیستی ناو و ناونیشانی کەمئەندامانی فەرمانبەر و وردبینی کردنی ئەو لیستەی کە لە فەرمانگەی تەکنەلۆجیای زانیاری سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران وەرگیراوە بەهۆی ئەوەی بەشێک لە ناوی سیانی و ژمارەی بایۆمەتری زیاتر لە جارێک دووبارە بوونەتەوە.

| ز | وردەکاری | ژمارە | جیاوازی مووچە |
|---|---|---|---|
| 1 | ژمارەی کەمئەندامانی فەرمانبەر | 13249 | 1.324.900.000 |
| 2 | ژمارەی کۆدی بایۆمەتری دوو جار دوبارە | 648 | 32.400.000 |
| 3 | ژمارەی کۆدی بایۆمەتری سێ جار دوبارە | 17 | 3.400.000 |
| 4 | ژمارەی کۆدی بایۆمەتری چوار جار دوبارە | 1 | 300.000 |

- دامەزراندنی ناوەندی دەستنیشانکردنی پەککەوتەیی:

1. ئامادەکردنی (پەیکەر و میلاکی گونجاو وسیستەم ورێنمایی) بۆ ناوەندی دەستنیشانکردنی پەککەوتەیی لە لایەن وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی. بە نووسراوی ژمارە (245) لە 2020/6/15 و دیوانی ئەنجومەنی وەزیران بە نووسراوییان ژمارە (5425) لە 2020/9/29 رەزامەندی درا لەسەر کردنەوەی ناوەندی دەستنیشانکردنی پەککەوتەیی و دابین کردنی بینا و کەل و پەلی پێویست و پەسند کردنی سەرەتایی هەیکەلیەتی ناوەندی ئاماژەپێکراو.
2. ئامادەکردنی رێنمای تایبەت بە ناوەندی دەستنیشانکردنی پەککەوتەیی

لـە لایـەن وەزارەتـی کار و کاروبـاری کۆمەڵایەتی.

3. ئامادەکردنـی فۆرمـی تایبـەت بـە دەستنیشـانکردنی پەککەوتەیـی لـە لایــەن وەزارەتــی کار و کاروبــاری کۆمەڵایەتــی.

4. هەماهەنگـی کـردن وەزارەتــی ناوەخـۆ و وەزارەتــی کار و کاروبــاری کۆمەڵایەتـی سـەبارەت بـە وەرگرتنـی باڵەخانـەی وەزارەتـی کشـتوکاڵ لەســەر شـەقامی ســەرەکی کەرکــووک.

- وردبینـی و پێداچوونـەوە لـە لیسـتی سـودمەندانی کەمئەندامـان و چاودێری کۆمەڵایەتی

1. لیژنـە لاوەکییەکانـی وەزارەتـی کار و کاروبـاری کۆمەڵایەتـی بەردەوامـن لـە ووردبینـی و پێداچوونــەوە بـە کەموکـوڕی لیسـتەکانی سـوودمەندان لـە تەرخانکـراوی خـاوەن پێداویسـتی تایبـەت و کەمئەندامـان کـە کـۆی گشـتی ژمارەیـان (88867) کـەم ئەندامـە.

2. ئامادەکردنــی ڕێنمایــی (تــۆڕی پاراســتنی خێــزان لەســەر بنەمــای هــەژاری) کـە لـە لایـەن وەزارەتـی کارو کاروبـاری کۆمەڵایەتـی، وەزارەتـی پلاندانـان، بەڕێوەبەرایەتـی گشـتی چاودێری و گەشـەپێدانی کۆمەڵایەتـی پارێـزگاکان، دەسـتەی ئامـار، نوێنەرانـی پەرلەمـان، هەروەهـا ڕاسـپاردەی تەکنیکــی و پاڵپشــتی دارایــی (UNDP) و (UNHCR) (UNICEF) و (WFP) بانکــی نێودەوڵەتــی و (Cash Working Group for Iraq) ئامادەکـراوە. بـە مەبەسـتی پەسـند کردنـی لـە سـەرۆکایەتی ئەنجومەنـی وەزیـران.

3. دروسـتکردنی سیسـتمی ئەلیکترۆنـی تـۆڕی پاراسـتنی خێـزان لەسـەر بنەمــای هــەژاری لــە بەڕێوەبەرایەتــی تــۆڕی پاراســتنی کۆمەڵایەتــی دهــۆک و جێبەجێکردنــی بەشــێوەی ئەزموونیدواتــر گواســتنەوەی بــۆ بەڕێوەبەرایەتیەکانـی تـۆڕی پاراسـتنی کۆمەڵایەتی لە شـارەکانی (هەولێر

-سلێمانی- هەڵەبجە -ئیدارەی گەرمیان) و دامەزراندنی سێرڤەری سەرەکی لە دیوانی وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی بە پاڵپشتی تەکنیکی و دارایی ڕێکخراوی یونسێف.

4. بۆ ڕێگری کردن لە سوودمەندبوونی زیاتر لە جارێک لە بوودجەی گشتی ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری ژمارە (65) لە 2020/7/8 دەرکرد، کە بە فەرمانی ژمارە (5405) لە 2020/9/29 دەرچووەو لە خاڵی سێیەمی ئەم بڕیارە هاتووە کە شایستەبوونی کەسی تۆمارکراو بە داتابەیسی پرۆگرمی بایۆمەتری ملکەچە بۆ پێداچوونەوەو ووردبینی لەبەر ڕۆشنایی یاساو پەیڕەو و ڕێنمایی و بڕیارە پەیوەندیدارەکان.

5. وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی دەستی بە هەماهەنگی کردووە لەگەڵ لیژنەی باڵای جێبەجێ کردنی قۆناغی دووەمی پرۆگرامی بایۆمەتری کە بە فەرمانی ژمارە (4641) لە 2020/8/12 (هاوپێچی ژمارە 18) پێکهاتووە.

6. لیژنەی باڵای بایومەتری بەپێی بڕیاری کۆبونەوەی ژمارە (1)ی ساڵی 2020 لە ڕێکەوتی 2020/9/7 و بەپێی فەرمانی ژمارە 5405 لە 2020/9/29 پێداچوونەوە دەکات بە لیستی ناوی (106839) کەس کە زیاتر لە یەک منحە و ئیمتیازاێک وەردەگرن.

7. بەپێی ئەم برگەیە ئەو کەسانەی کە برگەی (دووەم)ی ئەم ماددەیە دەیانگرێتەوە، بەپێی یاسا و ڕێنماییەکان سەرەڕای مووچە سوودمەندن لە وەرگرتنی مینحە و ئیمتیازاتی دارایی تر لە بودجەی گشتی لە ناو هەرێم و دەسەڵاتی ئیتیحادی، سەرپشک دەکرێن بە وەرگرتنی تەنها یەکێک لەو مووچە و مینحە و ئیمتیازاتانە کە وەریدەگرن و لێی سوودمەندن.

8. جێبەجێ کردنی قۆناغی دووەمی سیستەمی بایۆمەتری لە میلاک

و خانەنشینی ڕێگر دەبێت لە سوودمەند بوون زیاتر لە جارێک لە بوودجەی گشتی.

9. سەرقاڵبوون بە ئامادەکردنی لیستی دوو مووچەی فەرمانبەرن.

10. تەواوکردنی (99%) پێداچوونەوەی دۆسیەی فەرمانبەران بەم شێوەیەی خوارەوە:

| ژ | بەڕێوبەرایەتی گشتی | ژ. گشت دۆسییەکان | ژ. دۆسیەی ووردبینیکراو | ژمارەی زیادەی پلە | ژ. زیادەی سەر مووچە | جیاوازی کۆی مووچە |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | بەریوەبەرایەتی گشتی دیوان | 105 | 103 | 12 | 35 | 2,585,000 |
| 2 | بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاکسازی کۆمەلایەتی | 1695 | 1695 | 6 | 90 | 711,000 |
| 3 | بەریوەبەرایەتی سندوقی پشتیوانی پرۆژە بچوکەکانی لاوان | 155 | 155 | 2 | 27 | 339,000 |
| 4 | بەڕێوەبەرایەتی گشتی کار و دەستەبەری کۆمەلایەتی | 801 | 788 | 13 | 11 | 1,761,000 |
| 5 | بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەلایەتی / هەولێر | 1015 | 1015 | 9 | 52 | 3,269,000 |
| 6 | بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاودیری گەشەپێدانی کۆمەلایەتی / سلێمانی | 1038 | 1038 | 19 | 20 | 2,405,000 |
| 7 | بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاودیری گەشەپێدانی کۆمەلایەتی / دهۆك | 662 | 662 | 3 | 35 | 411,000 |
| 8 | بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەلایەتی/ گەرمیان | 174 | 174 | 5 | 10 | 665,000 |
| 9 | بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی / هەلەبجە | 145 | 145 | 17 | 52 | 1,162,000 |
| | کۆی گشتی | 5790 | 4840 | 86 | 332 | 13,308,000 |
| | ڕێژەی جێبەجێکردن (99%) | | | | | |

• پشتیوانی کردنی دامەزراوە فەرمی و یاساییەکانی هەرێمی کوردستان بە تایبەتی پەرلەمان و دیوانی چاودێری دارایی و دەستەی نەزاهە و داواکاری گشتی.

قۆناغ بە قۆناغ ئاراستەی راپۆرت بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان و دیوانی چاودێری دارایی و دەستەی نەزاهە.

• رەخساندنی بواری کار بۆ کەرتی تایبەت:

1. ئامادەکردنی یاسای کاری تایبەت بە مافی کرێکاران پێداچوونەوەی لەلایەن ئەنجومەنی شورا و رەوانەکردنی بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بە مەبەستی ناردن و پەسەندکردنی لە پەرلەمانی کوردستان.

2. ئامادەکردنی هەمواری رێنمای سندوقی پشتیوانی پرۆژە بچوکەکانی لاوان بە زیاتر خزمەتکردنی گەنج و لاوان و گرنگی دان بەبوارە جیاوازەکان و لە کەرتی تایبەت.

3. قۆناغی کۆتای لە دارشتنی رەشنووس یاسای دەستەبەری کرێکاران بە مەبەستی ناردنی بۆ ئەنجومەنی شورا.

• بەکارخستن و ئاراستەکردنی توانای گەنجان و لاوان بەرەو بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی تەندروست و پێشکەتوو

1. ئامادەکردنی پلانی 3 ساڵە بۆ دەستپێکردنەوەی قەرزی بچووک و بە گەنج و لاوان بە پێی ئەو داهاتەی کە مانگانە دەگەرێتەوە سەر ئەژمارە بانکیەکان کە مانگانە خەملێندراوە بە یەک ملیار دینار.

2. بەردەوامی ئەنجامدانی خولی بەهێزکردنی تواناکان و راهێنانی پیشەیی لە بوارە جیاوازەکان بە پاڵپشتی دارایی و هونەری رێکخراوەکان.

3. دۆزینەوەی هەلی کار لە رێگای پۆرتاڵی فەرمی بەکارخستن.

4. ئەنجامدانی هەڵمەتی هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگا لە رووی مافی دەستەبەری و گرنگی کەرتی تایبەت و دەستپێشخەری لە دامەزراندنی پرۆژە.

# وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالکراوان

خزمەتی خانەوادەی شەهیدان و ئەنفالکراوان و کەمئەندامانی سەنگەر و بریندارەکان و قوربانیانی هەڵمەتەکانی جینۆساید و زیندانییە سیاسیەکان، لە کارە بەراهییەکانی حکومەت دەبێت. هەروەها کار دەکەین بۆ پێداچوونەوە بە لیستەکانیان و پاکردنەوەیان لەو ناوانەی بە شێوازی نایاسایی زیادکراون.

کارنامەی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان

## لە رووی یاساییەوە (یاسای چاکسازی):

راپۆرتی وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان پاش دەرچوونی یاسای ژمارە (2)ی ساڵی 2020 یاسای چاکسازی لە مووچە و دەرماڵە و بەخشین و ئیمتیازاتەکان و خانەنشینی لە هەرێمی کوردستان-عێراق، بەشی دووەم ماددەی (2) کە پێکهاتووە لە پێنج برگە بۆ رێکخستنەوەی ماف و ئیمتیازاتەکانی میراتگری کەس و کاری شەهیدان و ئەنفالکراوان و زیندانی کرا و گیراوانی سیاسی.

- جێبەجێکردنی ماددەی (2)، برگەی یەکەم: یەکخستنی ماف و ئیمتیازاتی کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوان و زیندانیکراو و گیراوی سیاسی لە هەرێمی کوردستان لەبەر رۆشنایی یاسا بەرکارەکان.

1 . دەرچوواندنی پەیرەوی ژمارە (8)ی ساڵی 2020، پەیرەوی دیاریکردنی ئیمتیازاتی زیندانیکراو و گیراوی سیاسی کوردستانی.

2. دەرچوواندنی پەیڕەوی ژمارە (9)ی ساڵی 2020، پەیڕەوی دیاریکردنی ماف و ئیمتیازاتی کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوان.

3. دەرچوواندنی ڕێنمایی ژمارە (1)ی ساڵی 2021، ڕێنمایی ئاسانکاری جێبەجێکردنی یاسای ئیمتیازاتی زیندانیکراو و گیراوی سیاسی کوردستانی ژمارە (11)ی ساڵی 2011ی هەموارکراو.

4. دەرچوواندنی ڕێنمایی ژمارە (2)ی ساڵی 2021، ڕێنمایی ئاسانکاری جێبەجێکردنی یاسای ماف و ئیمتیازاتی کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان لە هەرێمی کوردستان-عێراق ژمارە (9)ی ساڵی 2007ی هەموارکراو.

5. ئامادەکردنی ڕەشنووسی ڕێنمایی دیاریکردنی مافی بەرکەوتووی چەکی کیمیاوی، بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتە پەیوەندیدارەکان.

6. ئامادەکردنی ڕەشنووسی ڕێنمایی جێبەجێکردنی یاسای ماف و ئیمتیازاتی تاقانەکانی جینۆساید لە هەرێمی کوردستان-عێراق ژمارە (9)ی ساڵی 2015.

7. ئامادەکردنی ڕەشنووسی ڕێنمایی گواستنەوەی دۆسیەی شەهیدانی هێزەکانی (پێشمەرگە، هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ،ئاسایش، دژەتیرۆر) بۆ وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان، بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتە پەیوەندیدارەکان.

8. ئامادەکردنی ڕەشنووسی ڕێنمایی پلە بەندی مینحەی کەسوکاری شەهیدانی سەنگەر، بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتە پەیوەندیدارەکان.

9. هەڵوەشاندنەوەی مینحەی (13.282) بەخێوکەر، بەفەرمانی وەزاری ژمارە (48) لە 2020/1/6، کە مانگانە بڕی (996.3150.000) نۆسەد و نەوەد و شەش ملیۆن و سەد و پەنجا هەزار دینار.

- جێبەجێکردنی ماددەی (2)، جێبەجێکردنی بڕگەی دووەم: پاککردنەوە و

هەڵوەشاندنەوەی ماف و ئیمتیازاتی میراتگری ئەو کەسانەی کە بەدەر لە حوکمەکانی یاسای ژمارە (9)ی ساڵی 2007ی هەموارکراو (یاسای ئیمتیازاتی کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان).

1. پێکهێنانی لیژنەی وەزارەت بۆ جێبەجێکردنی یاسای چاکسازی بە سەرۆکایەتی وەزیر و ئەندامیەتی ئەندامانی ئەنجومەنی وەزارەتی شەهیدان، بە فەرمانی وەزاری ژمارە (734) لە 2020/2/24، فەرمانی وەزاری ژمارە (73) لە 2020/9/23.

2. پێکهێنانی سێ لیژنەی لاوەکی لەسەر ئاستی بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکانی (هەولێر،سلێمانی،دهۆک) بە فەرمانی وەزاری ژمارە (30، 31، 32) لە ڕێکەوتی 2020/6/2، بۆ وردبینی و پێداچوونەوە بە دۆسیەی شەهیدان و ئەنفالکراوان.

3. پێکهێنانی لیژنەی تاقانەکانی جینۆساید بە فەرمانی وەزاری ژمارە (257) لە ڕێکەوتی 2021/1/28، بۆ ووردبینی و پێداچوونەوە بە دۆسیەکانی تاقانەکانی جینۆساید.

4. پێکهێنانی لیژنەی نارازیبوون (سکاڵا) بە فەرمانی وەزاری (1509) لە ڕێکەوتی 2020/9/13، بۆ بڕیاردان لە دۆسیەکانی نارازیبوون (سکاڵا).

5. پێکهێنانی لیژنەی بەرکەوتووانی چەکی کیمیاوی بە فەرمانی وەزاری ژمارە (15.06) لە ڕێکەوتی 2020/9/13، بۆ ووردبینی و پێداچوونەوە بە دۆسیەکانی بەرکەوتووانی چەکی کیمیاوی و ئامادەکردنیان بۆ لیژنەکانی تەندروستی.

6. گەڕانەوەی دۆسیەکانی تۆماری نوێی شەهیدان، بۆ ئەوەی جارێکیتر وردبینی و پێداچوونەوە بە دۆسیەکاندا بکرێت لەبەر ڕۆشنایی حوکمەکانی یاسای ژمارە (9)ی ساڵی 2007ی هەموارکراو (یاسای ماف و ئیمتیازاتی کەس و کاری شەهیدان) بە فەرمانی وەزاری ژمارە (1502) لە 2020/9/13.

7. دروستکردنی فۆرمی زانیاری بۆ وردبینی و پێداچوونەوە بۆ شەهیدانی سەنگەر و جینۆساید و هاوولاتی و زیندانیکراو و گیراوی سیاسی و تاقانەکانی جینۆساید و چاپکردن و ناردنی بۆ لیژنەکان.

8. سەردانی مەیدانی لیژنەی وەزارەت بۆ لیژنە لاوەکیەکانی (هەولێر، سلێمانی، دهۆک)، بەمەبەستی هەڵسەنگاندنی کارەکانیان.

- جێبەجێکردنی ماددەی (2)، برگەی سێیەم: پاککردنەوە و هەڵوەشاندنەوەی ئیمتیازاتی زیندانیکراو و گیراوی سیاسی کە بە ناوی زیندانی و گیراوی سیاسی بە پێچەوانەی حوکمەکانی یاسای ژمارە (11)ی ساڵی 2011 (یاسای ئیمتیازاتی زیندانیکراو و گیراوی سیاسی کوردستانی)هەموارکراو سوودمەند بوون.

1. بەمەبەستی جێبەجێکردنی برگەی یەکەم ماددەی (5) لە پەیڕەوی ژمارە (4)ی ساڵی 2020 بڕیار درا بە دانانی لیژنەیەک بۆ پاکتاوکردنی دۆسیەی زیندانیکراوان و گیراوان سیاسی.

2. بە فەرمانی وەزاری ژمارە (43) لە ڕێکەوتی2020/6/30، هەڵپەساردنی تۆماری نوێی زیندانیکراو و گیراوی سیاسی، ئەنجومەنی دادوەری بە نووسراوی ژمارە (1171) لە ڕێکەوتی 2020/8/31 تۆماری نوێی زیندانیکراو و گیراوی سیاسی ڕاگرت.

3. بە فەرمانی وەزاری ژمارە (45) لە ڕێکەوتی 2020/6/30، ڕاسپاردنی بەڕێوەبەرایەتی کاروباری زیندانییە سیاسییەکان و بانکی زانیاری وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالکراوان بۆ هەماهەنگیکردن لەگەڵ لیژنەی باڵای بایۆمەتری و فەرمانگەی تەکنەلۆجیای زانیاری لە ئەنجوومەنی وەزیران بۆ بایۆمەتری و بەئەلیکترۆنیکردنی لیستەکانی شەهیدان و ئەنفالکراوان و زیندانیکراو و گیراوی سیاسی.

4. ناردنی لیستی ناوی (984) زیندانی سیاسی بۆ سەرۆکایەتی

ئەنجومەنی وەزیران بە نووسراوی ژمارە (57) لە 2021/3/17، بۆ ئەوەی لە رێگای نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بەغدا ئاراستەی لایەنە پەیوەندیدارەکانی حکومەتی فیدراڵ بکرێت بەمەبەستی پشتراستکردنەوەی بەڵگەنامەکانی گیرانیان و دڵنیابوون لەوەی کە هیچ مووچەیەکی تریان نیە، تا لە دوای تەواوبوونی ماوەی (10) ساڵی مینحەکەیان، مینحەی مانگانەیان بۆ ببەسترێتەوە.

- جێبەجێکردنی ماددەی (2)، بۆ جێبەجێکردنی برگەی چوارەم: لە کاتی مردنی زیندانیکراو و گیراوی سیاسی، بە پێی یاسای خانەنشینی بەرکار لە هەرێمی کوردستان مامەڵە لەگەڵ میراتگرەکانیان دەکرێت.

بەڕێوەبەرایەتی کاروباری زیندانیە سیاسیەکان ڕاسپێردراوە کاری پێویست ئەنجامبدات لەکاتی مردنی زیندانیکراو و گیراوی سیاسی بەپێی یاسای خانەنشینی بەرکار لە هەرێمی کوردستان مامەڵە لەگەڵ میراتگرەکانیان دەکرێت، بۆ ئەم مەبەستە وەزارەتی دارایی و ئابووری ڕێنمایی دارایی ژمارە (19)ی 2020، بۆ میراتگرانی زیندانیکراو و گیراوی سیاسی دەرچوواندووە.

بۆ جێبەجێکردنی برگەی پێنجەم: ڕێکخستنەوەی لەئەستۆگرتنی حکومەت بۆ خەرجیی چارەسەری تەندروستی و خوێندنی کوڕ و کچ و هاوسەری شەهید کە هاوسەرگیری نەکردۆتەوە لە قوتابخانە و پەیمانگا و زانکۆ حکومی و ئەهلیەکان لەناو هەرێمدا، دەستنیشانکردنی مەرجەکانی شایستە بوون لەبەر ڕۆشنایی برگەی (دووەم) لە ماددەی (7) لە یاسای ژمارە (9)ی ساڵی 2007 (یاسای ماف و ئیمتیازاتی کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان لە هەرێمی کوردستان).

1. بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی دارایی ئابووری دەرچوواندنی ڕێنمایی دارایی ژمارە (23)ی ساڵی 2020 خزمەتگوزاری خوێندن و تەندروستی کەس و کاری شەهیدان و ئەنفالکراوان و زیندانیانی سیاسی.

2. بە فەرمانی وەزاری ژمارە (44) لە ڕێکەوتی 2020/6/30 ڕاسپاردنی بەڕێوەبەرایەتی گشتی خزمەتگوزارییەکان و بانکی زانیاری لە دیوانی وەزارەتمان کە بەردەوام زانیاری تەواو و باوەڕپێکراو ئامادەبکەن لەبارەی کەس و کاری شەهیدان، بەپێی تەمەن و قۆناغی خوێندن، تاکو لەنێوان وەزارەتە پەیوەندیدارەکان هەماهەنگی بکرێت و پلانی ساڵانەی پێویست بۆ خەرجییەکانی خزمەتگوزاری دابڕێژرێت.

3. دانانی سێرڤەر و بەستنەوەی بەڕێوەبەرایەتیە گشتییەکان بەیەکەوە لەگەڵ وەزارەتی دارایی و ئابووری بۆ بە ئەلیکترۆنی کردنی زانیاریەکانی شەهیدان و زیندانیانی سیاسی، بەمەبەستی ڕێکخستن و بەدواداچوونی خەرجییەکانی خوێندن.

## پێداچوونەوە و وردبینیکردنی دۆسیەکان:

لە ژێر راسپاردەی سەرۆکی حکومەت و ئەنجومەنی وەزیران، بە پشت بەستن بە کارنامەی کابینەی نۆیەم و جێبەجێکردنی بەشی دووەمی ماددەی (2)ی یاسای ژمارە (2)ی ساڵی 2020 یاسای چاکسازی لە مووچە و دەرماڵە و بەخشین و ئیمتیازاتەکان و خانەنشینی لە هەرێمی کوردستان-عێراق، وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان تا 2021/4/1 بەو ژمارانە وردبینی دۆسییەکانی شەهید و زیندانیانی سیاسی و تاقانەی جینۆساید و بەرکەووتوانی چەکی کیمیاوی کرد:

| ژ | شوێن | جۆری دۆسیە | ژمارەی دۆسیە | ژ. دۆسیەی وردبینیكراو |
|---|---|---|---|---|
| 1 | بەڕێوەبەرایەتی كاروباری شەهیدان و ئەنفالكراوانی هەولێر | شەهیدی سەنگەر | 13,465 | 780 |
| | | شەهیدی جینۆساید | 3,026 | 420 |
| | | شەهیدی هاووڵاتی | 8,458 | 460 |
| 2 | بەڕێوەبەرایەتی كاروباری شەهیدان و ئەنفالكراوانی سلێمانی | شەهیدی سەنگەر | 17,695 | 873 |
| | | شەهیدی جینۆساید | 7,826 | 0 |
| | | شەهیدی هاووڵاتی | 8,762 | 2,140 |
| 3 | بەڕێوەبەرایەتی كاروباری شەهیدان و ئەنفالكراوانی دهۆك | شەهیدی سەنگەر | 6,415 | 607 |
| | | شەهیدی جینۆساید | 778 | 520 |
| | | شەهیدی هاووڵاتی | 3,908 | 474 |
| 4 | لیژنەی ووردبینی و پێداچوونەوە بە دۆسیەی زیندانیكرا و گیراوی سیاسی | زیندانیكرا و گیراوی سیاسی | 23,769 | 650 |
| 5 | لیژنەی تێڕوانینی نارازیبوون (سكاڵا)ی كەسوكاری شەهیدان و ئەنفالكراوان | سكاڵا | 967 | 822 |
| 6 | لیژنەی ووردبینی و پێداچوونەوە بە دۆسیەی تاقانەكانی جینۆساید | تاقانەی جینۆساید | 361 | 361 |
| 7 | لیژنەی وردبینی و پێداچوونەوە بە دۆسیەی بەركەوتووانی چەكی كیمیاوی | بەركەووتوانی چەكی كیمیاوی | 9,202 | 0 |
| 8 | وەزارەت و بەڕێوەبەرایەتیە گشتییەكان | فەرمانبەران | 1.359 | 1,359 |

# وەزارەتی داد

کار دەکەین بۆ سەروەرکردنی یاسا و ڕێزگرتن لە سەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەری و نابێ لە کوردستاندا کەس لە سەرووی یاسا بێت. هیچ کەسێك ڕێگەی پێنادرێت بە هۆی پێگەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و حزبی لە دەست یاسا رابکات و خۆی لە دەرەوەی یاسا ببینێتەوە، هەروەها کاری جدی دەکەین بۆ کۆنترۆڵکردنی دیاردەی بڵاوبوونەوەی چەك لە ناو کۆمەڵگەکەماندا.

کارنامەی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان

### هەنگاوەکانی جێبەجێ کردنی یاسای چاکسازی ژمارە (2) ساڵی 2020:

لەماوەی جێبەجێ کردنی یاسای چاکسازی، لە کۆی (4148) دۆسیەی فەرمانبەرانی هەمیشەیی وەزارەتی داد، تاکو ئێستا (3556) دۆسیە وردبینی کراون. لە نێویاندا:

1. ژمارەی زیادەی پلە (64) دۆسیە هەبووە.
2. ژمارەی زیادەی سەر مووچە (53) دۆسیە هەبووە.
3. ئەژمێری بانکی بۆ (2369) فەرمانبەری هەمیشەیی و گرێبەست کراوەتەوە و (2177) فەرمانبەر ماوە.
4. لیژنەکان بەردەوامن لە وردبینی کردن.

تێبینی: ئەو جیاوازیەی ژمارەی فەرمانبەران لە نێوان ژمارەی دۆسیەکان و ئەژمێری بانکی دا هەیە، ئەو فەرمانبەرانەن کە گرێبەستن.

| ژ | سەرۆکایەتی یان بەڕێوەبەرایەتی گشتی | ژ. گشت دۆسیەکان | ژ. دۆسیەی وردبینیکراو | ژمارەی زیادەی پلە | ژ. زیادەی سەرمووچە | جیاوازی کۆی مووچە | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1. | دیوانی وەزارەت/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی داد | 189 | 188 | 7 | 0 | | ئەمە دوا زانیاری نییە کارکردن بەردەوامە |
| 2. | ئەنجومەنی شورا | 62 | 62 | 0 | 0 | 0 | |
| 3. | سەرۆکایەتی دەستەی سەرپەرشتیاری دادی | 58 | 58 | 2 | 36 | 949.000 | |
| 4. | سەرۆکایەتی داواکاریی گشتی | 498 | 498 | 21 | 0 | | |
| 5. | پەیمانگەی دادوەری | 25 | 25 | 5 | 0 | 250.000 | |
| 6. | بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی خانووبەرە | 1564 | 1564 | 15 | 0 | | |
| 7. | بەڕێوەبەرایەتی گشتی فەرمانگە دادییەکان | 1752 | 1161 | 14 | 17 | 4.894.000 | |
| | **کۆی گشتی** | **4148** | **3556** | **64** | **53** | | |

## فۆرمی زانیاری کردنەوەی ئەژماری بانك وەزارەتی داد:

| ژ | سەرۆکایەتی یان بەڕێوەبەرایەتی گشتی | ژ. گشتی فەرمانبەران | ژ. فەرمانبەری هەژمێربۆکراو | تێبینی |
|---|---|---|---|---|
| .1 | دیوانی وەزارەت/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی داد | 221 | 221 | 0 |
| .2 | ئەنجومەنی شورا | 71 | 71 | 0 |
| .3 | سەرۆکایەتی دەستەی سەرپەرشتیاری دادی | 62 | 62 | 0 |
| .4 | سەرۆکایەتی داواکاریی گشتی | 544 | 448 | 96 فەرمانبەر ماوە |
| .5 | پەیمانگەی دادوەری | 25 | 25 | 0 |
| .6 | بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی خانووبەرە | 1665 | 466 | 1199 فەرمانبەر ماوە |
| .7 | بەڕێوەبەرایەتی گشتی فەرمانگە دادییەکان | 1958 | 1076 | 882 فەرمانبەر ماوە |
| | **کۆی گشتی** | **4546** | **2369** | **2177** |

# وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی

پێداگری لەو پێکەوە ژیانە ئاشتیانەی نێوان پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینیەکانی ناو هەرێمی کوردستان لە کورد و تورکمان و کلدان و ئاشوری و سریانی و ئەرمەنی و عەرەب و موسولمان و ئێزدی و مەسیحی وکاکەیی و مەندایی و زەردەشتی دەکەینەوە و ئەو تایبەتمەندییەی هەرێم دەپارێزین و بەهێزتری دەکەین.

پێداگری لە سەر چەسپاندن و بەهێزکردنی بنەما دیموکراسییەکان و ئازادیی و یەکسانی و دەستخستنی زانیاری بە پێی یاسا بۆ هاوولاتیانی هەرێم دەکەینەوە و بەرگریکاری مافەکانیان دەبین و دژی هەر دەمارگیری و توندڕۆییەکی تایفی و ئایینی و ڕەگەزی و حیزبی دەوەستینەوە.

کارنامەی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان

## لە بواری چاکسازی:

1. جێبەجێ کردنی بڕیاری سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (33)ی ساڵی 2020 کە تایبەت بوو بە تەرشیق کردنی هەیکەلی وەزراەتەکان بەشێوەیەک کە بگونجێت لەگەڵ بارودۆخی دارایی ئەمڕۆی کوردستان.
2. ئامادەکردنی کردنی پڕۆژەیەک بە مەبەستی وەرگرتنی ڕەزامەندی لە سەر بەئەلیکترۆنی کردنی (سیستەمی کارگێری) و (موڵکەکانی ئەوقاف) و (بانگ لە هەرێمی کوردستان) کە
3. کردنەوەی بەشێک لە دیوانی وەزارەت کە ڕاستەوخۆ سەر بە

نووسینگەی وەزیرە بۆ بەدواداچوونی ئەو سکاڵا و سکاڵای ئەلیکترۆنی و پێشنیار و ڕەخنانەی کە لەلایەن هاووڵاتیانەوە ئاراستەی وەزارەت دەکرێت بۆ ئەوەی ببێتە پردێک لە نێوان هاووڵاتیان و وەزارەتی ئەوقاف.

4. بەمەبەستی جێبەجێ کردنی ناوەڕۆکی یاسای چاکسازی ژمارە (2)ی ساڵی 2020 تایبەت بە چاکسازی لە دەرماڵە و مووچە و ئیمتیازەکان، دەرکردنی فەرمانێک بۆ مەبەستی پێکهێنانی چەند لیژنەیەکی لاوەکی لەسەرجەم بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکان و بەڕێوەبەرایەتی ئەوقافی شارەکان بۆ بەدواداچوونەوە و دەستنیشان کردنی ئەو کەسانەی کە ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە و ڕەوانەکردنی دۆسیەکان بۆ لیژنەی تایبەتمەند لە چاودێری دارایی.

5. پێداچوونەوە بە لیستی ناوی ئەو فەرمانبەرانەی کە لە سیستمی بایۆمەتری دووجار و یان زیاتر ناویان هاتۆتەوە کە بە نووسراوی وەزارەتی دارایی و ئابووری ژمارە (12) لە (2021/1/7) هاتووە، تاوەکو ئێستا نزیکەی (95%)ی کارەکان تەواو بوون.

6. لەسەر بڕیاری وەزارەتی دارایی و ئابووری بۆ کردنەوەی ئەژماری بانکی بۆ تەواوی فەرمانبەرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بۆ ئەو مەبەستە وەزارەتی ئەوقاف بە گشتاندنێک ئاگاداری سەرجەم فەرمانگەکانی سنوری وەزارەتیان کردەوە، لە ماوەیەکی کورتدا زۆربەی فەرمانبەرانمان سەردانی بانکەکانی سنوری خۆیان کرد بۆ کردنەوەی ئەژمێری بانکی تایبەت بەخۆیان.

### خشتەی پێداچوونەوەی دۆسییەی فەرمانبەرانی وەزارەتی ئەوقاف وکاروباری ئایینی

| ژ | بەڕێوبەرایەتی گشتی | ژ. گشت دۆسییەکان | ژ. دۆسیەی ووردبینیکراو | ژ. زیادەی پلە | ژ.زیادەی سەر مووچە | جیاوازی کۆی مووچە / دینار |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | بەڕێوەبەرایەتی گشتی کارگێڕی و دارایی | 211 | 211 | 9 | 2 | 2319000 |
| 2 | بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی/ هەولێر | 6711 | 6711 | 97 | 214 | 885700 |
| 3 | بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی/سلێمانی | 3071 | 3071 | 3 | 3 | 40000 |
| 4 | بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی/دهۆك | 1665 | 1665 | - | 3 | 252000 |
| 5 | بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی/هەڵەبجە | 300 | 300 | - | - | - |
| 6 | بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی/گەرمیان | 327 | 327 | - | - | - |
| 7 | بەڕێوەبەرایەتی گشتی حەج و عومرە | 68 | 68 | 2 | 1 | 1006000 |
| 8 | بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری مەسیحییەکان | 124 | 124 | 2 | 2 | 174000 |
| 9 | بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری ئێزدییەکان | 33 | 33 | - | - | - |
| | کۆی گشتی | 12510 | 12510 | 113 | 220 | 12648000 دوازدە ملیۆن و شەسەد و چلو هەشت هەزار دینار |

## لەبواری حەج و عومرە:

1. سازکردنی یەکەمین دیداری گەشەپێدانی پرۆسەی حەج و عەمرە دەرکردنی (13) راسپاردە بەمەبەستی زیاتر دادپەروەری و خزمەتکردنی حاجیان و عومرەکاران.

2. دەست پێکردنەوەی گەشتی عومرە بۆ هاوولاتیانی کوردستان، دوای ڕاگرتنی بەهۆی پەتای کۆرۆنا بە کۆمەڵێک ڕێنمایی خۆپاریزی و بڕیاری نوێ بۆ کارئاسانی و کەمکردنەوەی ڕۆتین.

3. ئامادەکردنی ڕەشنووسێک بە مەبەستی بە ئەلیکترۆنیکردنی پرۆسەی ئەنجامدانی گەشتی عومرە، کە دەبێتە هۆی بەرجەستەکردنی شەفافیەت و کارئاسانی زیاتر بۆ عومرەکارانی هەرێم.

**لە بواری یاسایی:**

1. ئامادەکرنی رەشنوسێک بە مەبەستی هەمواری یاسایی وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی

2. دەرکردنی ڕێنمایی نوێ بۆ سەرپەرشتی و کردنەوەی حوجرەی فەقێیان لە هەرێمی کوردستان کە مەڵبەندێکی گرنگە بۆ پێگەیاندنی مامۆستایانی ئایینی لە هەرێمی کوردستان.

3. ڕێکخستنەوە و هەموارکردنەوەی ڕێنماییەکانی تایبەت بە سەرپەرشتی و کردنەوەی بنکەی فێرکردن و لە بەرکردنی قورئانی پیرۆز لە هەرێمی کوردستان.

4. هەموارکردنەوەی ڕێنماییەکانی دروست کردنی مزگەوت لە هەرێمی کوردستان،

5. ئامادەکردنی پرۆژەی تایبەت بە کردنەوەی پەیمانگایەکی پێگەیاندنی مامۆستایانی ئایینی (پێش نوێژ و وتارخوێن) بەهەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی خوێندنی باڵا.

6. ئامادەکردنی رەشنوسێک بە مەبەستی گرنگیدان بە شوێنە ئایینەکان و کردنەوەی بەڕێوەبەرایەتەکی تایبەت بە شوێنەوارە ئاینییەکان لە دیوانی وەزارەت.

7. هەموار کردنەوەی سیستمی متەوەلی و سەرپەرشتیاری وەقفە مولحەقەکان تایبەت لە خاڵی دارایی و گونجاندن لە گەڵ واقعی ئێستای کوردستان، ئێستا لە پەرلەمانی کوردستانە و خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوە.

8. ئامادەکردنی رەشنووسی پرۆژە یاسای سندوقی زەکات لە هەرێمی کوردستان.

### لەبواری موڵکە وەقفییەکان:

1. پێداچوونەوە بە کرێی مۆڵکەکانی ئەوقاف وگونجاندنی لەگەڵ بازار و جەخت کردنەوە لە کرێی ساڵانە لە کات و ساتی خۆی.

2. گەڕان و بەدواداچوون بۆ دۆزینەوە و ڕێکخستنەوەی تەواوی موڵکە وەقفییەکانی وەزارەت و بەئەلیکترۆنی کردنیان.

3. ئامادەکردنی ڕەشنووسێک بۆ ئەنجامدانی کۆنفرانسێکی تایبەت بە موڵکە وەقفییەکانی وەزارەت لە ڕووی چاکسازی و زیادکردنی داهات و ئەنجامدانی وەبەرهێنان لە موڵکەکانمان.

4. هەر موڵکێکی ئەوقاف فۆرمێکی تازەی بۆ دروستکراوە و لەسیستمێکی ئۆنلاین داخل کراون، و لە ئاییندەیەکی نزیک ئەم بەرنامەیە دەکەوێتە بواری جێبەجێ کردن. ئەمەش هەنگاوێکە بۆ بەرجەستەکردنی شەفافییەت لە داهاتی موڵکە وەقفییەکانی وەزارەت و کەمکردنەوەی رۆتین.

### لەبواری ڕێنمایی و هوشیاری

1. بەمەبەستی یەکخستنەوە و ڕێکخستنی وتاری هەینی لەم فەوزایەی کە هەبووە بۆردێکی وتاری هەینی پێکهێنرا بۆ جەخت کردنەوە لە پەیرەوکردن و پابەندبوون بە بریارەکان بۆرد.

2. شاندکردنی ژمارەیەک مامۆستای ئایینی بۆ وڵاتی میسر بە مەبەستی

بەشـداری کـردن لـە خولێکـی پەرەپێدانـی توانـای مـرۆی و زانسـتە شـەرعییەکان.

3. ئامادەکـردن و دانانـی ڕێنمایـی نـوێ بـۆ ماموسـتایانی ئاییـنی خۆبەخـش ئەوانـەی گۆتـاری هەینـی دەخوێنـن.

4. کردنـەوەی خولێکـی پەرەپێدانـی تواناسـازی لـە سـەرجەم پارێزگاکانـی هەرێـم بـۆ ماموسـتایانی ئاییـنی کـە تایبـەت بـوو بـە بـە هێـز کردنـی توانـای مرۆیـی و زانسـتی سـەردەم وەک کۆمپیوتـەر و ئینتەرنێـت ئینگلیـزی لـە زانکۆکانـی (جیهـان) لـە سلێمانی و دهـۆک و هەولێـر.

5. سەرپەرشـتی کردنـی پاپەندبوونـی مامۆسـتایانی ئاییـنی بـە ڕێنمایـی و ڕێـکارە تەندروسـتییەکان و داخسـتنی دەرگای مزگـەوت و شـوێنە ئایینییەکانـی بەهـۆی بڵاوبوونـەوەی ڤایرۆسـی کۆرۆنـا.

6. قەدەغەکردنـی سـەرجەم بۆنـە و مەراسـیمە ئایینییـەکان ئەوانـە کـە دەبنـە هـۆی قەرەباڵغـی و کۆبوونـەوە و هاووڵاتیـان بەتایبەتـی پرسـە.

7. دەرچوونـی خولـی شەشـەمی پەیمانگـەی کوردسـتان بـۆ پێـش نوێـژ و وتارخوێنانـی سـەر بـە وەزارەتـی ئەوقـاف و کاروبـاری ئاییـنی، کـە ئـەم پەیمانگایـە تایبـەت بـە بەهێزکردنـی توانـای مامۆسـتایانی ئاییـنی وتاربێـژ و دژایەتـی کردنی بیـری توندڕەوی و بـۆ هـەر خولێـک (45) ڕۆژ دەخایەنێـت.

8. دروسـت کـردن و تۆمارکردنـی ژمارەیـەک کورتـە ڤیدیـۆ لایـەن ماموسـتایانی ئاینـی تایبـەت بـە تـاک پارێـزی و هوشـیارکردنەوەی هاووڵاتیـان لـە کوشـندەیی ڤایروسـی کۆرونـا لـە ڕووی شـەرعییەوە.

9. کردنـەوەی ڕووی پەیوەنـدی و هەماهەنگی لەگـەڵ دیوانـی وەقفـی سوننی لـە بەغـدا و وڵاتـی میسـر و ئیمـارات بـۆ سـوود وەرگرتـن لـە ئەزموونـی ئـەو وڵاتانـە لەڕووی تواناسـازی مامۆسـتایانی ئاییـنی و فەرمانبـەران.

10. نووسینەوەی رەشنوس و لێکتێگەیشتن لەگەڵ مەشیەخەی ئەزهەر لە وڵاتی میسر بەمەبەستی کردنەوەی خولی جیاجیا لەبواری خوێندنی باڵا.

11. هاندانی مامۆستایانی ئایینی ئیسلامی بۆ مەبەستی بەدەستهێنانی بڕوانامەی باڵا.

## لەبواری ئەندازە و ئاوەدانکردنەوە

1. ئامادەکردنی دیزانێکی نوێ بۆ مزگەوتەکانی هەرێمی کوردستان بە شێوازێک کە لە رووی تەلارسازی مۆرکێکی کوردەواری نیشان بدات.

2. ئەنجامدنی پێشبڕکێیەکی تەلارسازی بۆ مەبەستی دەستنیشانکردنی دیزاینی نوێی مزگەوتەکان لە هەرێمی کوردستان کە تێیدا چەندین کۆمپانیا و کەسانی شارەزا لە بوارەکانی تەلارسازی، دەرئەنجام دیزایینێک دەستنیشانکراوە کە مۆرکی کوردایەتی پێوە دیارە.

3. لەسەر راسپاردەی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، دەستکرا بە نۆژەنکردنەوەی ئارامگە و مەزاری (سوڵتان موزەفەرەددین) بۆ مەبەستی گرنگیدان بە شوێنەوارە ئایینییە مێژووییەکان. هەروەها لەسەر راسپاردەی (مەسرور بارزانی) سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕیاردرا بە نۆژەنکردنەوەی مزگەوتی گەورەی سلێمانی.

# وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن

## چاکسازی:

بەمەبەستی جێبەجێکردنی ناوەڕۆکی یاسای چاکسازی لە مووچە و دەرماڵە و بەخشین و ئیمتیازەکان و خانەنشینی لە هەرێمی کوردستان یاسای ژمارە (2)ی ساڵی 2020 و هەنگاوەکانی وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن بۆ جێبەجێکردنی یاسای چاکسازی بە پێی پەیڕەوی پەسەندکراوی یاسای چاکسازی ژمار (4) ی ساڵی 2020 بەم شێوەیەی خوارەوە:

- وردبینی لەم دۆسیەی فەرمانبەران:

| ژ | ناوی فەرمانگە | ژ فەرمانبەران | ژ دۆسیەی ووردبین کراو | ژ دۆسیەی ووردبین نەکراوە |
|---|---|---|---|---|
| 1 | بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان | 156 | 156 | 0 |
| 2 | بەڕێوەبەرایەتی پۆستە و گەیاندنی ڕاپەڕین | 118 | 118 | 0 |
| 3 | بەڕێوەبەرایەتی گەیاندنی هەولێر | 256 | 256 | 0 |
| 4 | ب. پۆستە و گەیاندنی هەڵەبجە | 77 | 77 | 0 |
| 5 | بەڕێوەبەرایەتی پۆستە و گەیاندنی گەرمیان | 221 | 221 | 0 |
| 6 | بەڕێوەبەرایەتی گشتی گواستنەوە | 694 | 692 | 2 |
| 7 | بەڕێوەبەرایەتی پۆستە و گەیاندنی دهۆک | 323 | 323 | 0 |
| 8 | فڕۆکەخانەی سلێمانی | 526 | 526 | 0 |
| 9 | فڕۆکەخانەی هەولێر | 529 | 528 | 1 |
| 10 | بەڕێوبەرایەتی پۆستەی هەولێر | 1194 | 1160 | 34 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 11 | ب. گشتی کەشناسی | 297 | 295 | 2 |
| 12 | بەرێوەبەرایەتی پۆستە و گەیاندنی سلێمانی | 699 | 699 | 0 |
| | کۆی گشتی | 5090 | 5051 | 39 |
| | جیاوازی وگۆڕانکاری لە مووچە | 50, 748, 750 | | |

تێبینی: ئەو دۆسیانەی کە ووربینی نەکراون بریتین لە پلە تایبەت و ئەو دۆسیانەی کە لە دیوانی وەزارەتن بۆ مەبەستی پێداچوونەوە بە مووچەکانیان.

| ژ | بەرێوەبەرایەتی گشتی | ژ.گشت. فەرمانبەران | چەند فەرمانبەر هەژمێری بانکی بۆکراوە |
|---|---|---|---|
| 1 | بەرێوەبەرایەتی گشتی دیوان | 158 | 129 |
| 2 | فرۆکەخانەی نێودەولەتی أربیل | 529 | 529 |
| 3 | فرۆکەخانەی نێودەولەتی سلێمانی | 526 | 526 |
| 4 | بەرێوەبەرایەتی گشتی گواستنەوە | 695 | 150 |
| 5 | بەرێوەبەرایەتی گشتی کەشناسی | 297 | 217 |
| 6 | ب. گشتی پۆستە و گەیاندن | 2805 | 1704 |
| | کۆی گشتی | 5010 | 3255 |

- فۆرمی زانیاری کردنەوەی ئەژماری بانکی:

## دەربارەی کۆمپانیاکانی بواری گەیاندن و دادگاییکردنیان:

1. تاوەکو ئێستا 11 کۆمپانیا دراونەتە دادگا و دۆسیەی تایبەتیان بۆکراوەتەوە لە دادگاکانی هەرێمی کوردستان و بریکارنامەی تایبەتی وەزیر دراوەتە مافپەروە و پارێزەری تایبەت بە دۆسیەکان.
2. ئەو کۆمپانیایانەی ئامادەن بۆ دادگا ژمارەیان 10 کۆمپانیایە ئێستا لای مافپەروەرانی وەزارەتەوە لە ئامادەکردندان بۆ بەرزکردنەوەی داوای یاسایی لەسەریان.

3. ژمـارەی ئـەو کۆمپانیایانـە لـە دوای ئاگادارکردنەوەیـان پابەنـدی شایسـتەداراییەکان بـوون ژمارەیـان 21 کۆمپانیایـە.

4. (4) داوای یاسـایی بڕیـاری کۆتایـی پێدەرچـووە لـە بەرژەوەنـدی وەزارەت کۆتایـی هاتـووە.

5. لـە دوای ئـەوەی لـە مانگـی مایسـی 2020 ئـاگاداری کۆمپانیـاکان کراوەتەوە زیاتـر لـە (3.000.000.000) وەک شایسـتەی داراییـان داوە بـە حکومـەت و وەزارەت.

6. سێ کۆمپانیا بڕیای هەڵوەشاندنەوەیان بۆ دەرکراوە بەهۆی پابەندنەبوونیان.

7. ئـەو کۆمپانیایانـە ئێسـتا هەموارکردنەوەیـان بـۆ دەکرێـت بریتیـن لـە ٤ کۆمپانیـا دوو لەمانـە لـە فڕۆکەخانـەی نێودەوڵەتـی ئەربیلـن و دووەکـەی تریـان کۆمپانیـای بـواری گەیاندنـن و هێلـی ئەنتەرنێتـی میـری دابـەش دەکـەن، لـە کۆتاییـدا لـە بەرژەوەنـدی حکومـەت تـەواو دەبـن.

**دەربارەی چاکسازی وەزارەت:**

1. لەسـەرەتادا 19 لێژنـەی وەزاری پێکهێنـرا لەسـەر ئاسـتی وەزارەت و بەڕێوەبەرایەتیـە گشـتیەکان و بەڕێوەبەرایەتیـەکان.

3. تاوەکو ئێسـتا لە کۆی دۆسـیەی 5090 فەرمانبەری وەزارەتی گواسـتنەوە و گەیانـدن 5051 دۆسـیە وردبینـی تێـدا کـراوە واتـە لەسـەر ئاسـتی بەڕێوەبەرایەتیـە گشـتیەکان و بەڕێوەبەرایەتیـەکان لـە داهاتوویەکـی نزیـک لەسـەر ئاسـتی لێژنـەی بـاڵای وەزارەت ووردبینـی تێـدا دەکرێـت.

## پڕۆژەی (ستی پاس)

1. لێژنەیەک پێکهێنرا بەفەرمانی وەزاری ژمارە (3129) لە ڕێکەوتی 2020/12/24 سەبارەت بە چارەسەرکردنی کێشەی پڕۆژەی (ستی پاس).
2. چەند کۆبوونەوەیەک ئەنجام دران لە نێوان لێژنەکە و لێژنەی سەرپەرشتیاری پڕۆژەکە و نوێنەری کۆمپانیا، سەبارەت بەدۆزینەوەی ڕێگاچارەی گونجاو.
3. لە ساڵی (2015) دیزاینەکە ڕادەستی بەڕێوەبەرایەتی گشتی گواستنەوە کراوە، بە هەندێ کەم و کوڕیەوە.
4. ئێستا لێژنەکە لە گفتوگۆدایە لەگەڵ کۆمپانیای جێبەجێکار بە مەبەستی چارەسەرکردنی گرفتەکان و کۆتاییهێنان بەدیزاینەکە و ئامادەکردنی بۆ ئەوەی بچێتە بواری جێبەجێکردن و تەندەرین.

## پڕۆژەی (فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی دهۆک)

1. بە پێی هەردوو فەرمانی وەزاری ژمارە (131) لە ڕێکەوتی 2020/9/16 و ژمارە (2394/2) لە ڕێکەوتی 2020/11/3، سەبارەت بە پێکهێنانی لێژنەیەک بە مەبەستی بەدواداچوون و دراسەت و سەرپەرشتیکردنی پڕۆژەی دروستکردنی فڕۆکەخانەی دهۆک. لە ڕێکەوتی 2020/12/9 لێژنەکە سەردانی مەیدانی پڕۆژەکەی کرد لە شاری دهۆک، لەگەڵ ستافی سەرپەرشتیار کۆبوونەوەیەکی ئەنجامدا، سەبارەت بە بەرەوپێشچوونی پڕۆژەکە.
2. دوای بینینی شوێنەکە ڕوونبووەوە کەوا نزیکەی 8% جێبەجێ کراوە، بەڵام ئێستا لەبەر نەبوونی بوودجە کارەکان وەستاوە، کۆمپانیای جێبەجێکار (جنگیز- ماکوێڵ) کارەکانی خۆی وەستاندوە شوێنی کاکردنی بەجێ هێشتووە.

## پڕۆژەی (دروستکردنی تێرمیناڵی نێودەڵەتی بارهەڵگری هەولێر)

1. لە ڕێکەوتی 2020/1/19 بە فەرمانی ژمارە 59 بە مۆڵەتی ژمارە (14) کۆمپانیا ڕەزامەندی دەستەی وەبەرهێنانی بەدەست هێناوە بۆ پڕۆژەی تێرمینالی نێودەوڵەتی بارهەڵگر لە سەرزەوی 189 دۆنم لە نزیک فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر.
2. لە ڕێکەوتی 2017/4/27 چەسپانی سنوور بۆ پڕۆژەکە ئەنجام دراوە لەلایەن وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزارەوە بە ژمارە 5480/10 بە کۆنووس جێبەجێ کراوە .
3. لە ڕێکەوتی 2019/8/21 بە ژمارە 1498ی لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی گواستنەوە، پڕۆژەی دروستکردنی تێرمیناڵی نێودەڵەتی بارهەڵگری هەولێر، بۆ وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن هاتووە بەڵام ڕاستە لە پێشووتر ئەم پڕۆژەیە بە وەبەرهێنان ڕەزامەندی لەسەر دراوە، بەڵام وەزارتی وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن کاری لەسەر ئەوە کرد پڕۆژەکە لەلایەن وەزارەت بە شێوەی هاوبەشی حکومەت و کەرتی تایبەت p.p.p واتە وەزارەت ڕێژەیەکی زۆر لەم پڕۆژەیە وەربگرێت بۆ زیادکردنی داهات.
4. لە ڕێکەوتی 2020/10/12 بە فەرمانی ژمارە (2190) لیژنەیەکی فراوان پێکهێنرا لەو وەزارەت و لایەنانە ی پەیوەندیان بە بابەتەکەوەهەیە بەهۆی فراوانی پڕۆژەکە و خەرجکردنی گوژمەی 70 ملیۆن دۆلار لە پڕۆژەکە، وە دواتر توانرا ڕەشنووسێکی گرێبەست ئامادەبکرێت و ڕێژەی 35% دیاری کرا کە بدرێت بە وەزارەت و حکومەت ئەمەش دەبێتە هۆی زیادبوونی داهات.

**هەمواری گرێبەستی کۆمپانیای تارین و IQ network:**

بە هەماهەنگی نوسینگەی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و گفتوگۆکردن لە سەر هەمواركردنەوەی هەردوو گرێبەستی کۆمپانیای Tarin وIQ Networks بۆ دابەش كردنی ئەنتەرنێتی میری بۆ دامەوو دەزگاکانی حکومەت لە هەرێمی کوردستان لە ڕێکەوتی 26/4/2021 واژوو لە سەر هەموار ی هەردوو گرێبەستی کۆمپانیاکە کرا بە:

ا. دابەزاندنی کرێی مانگانە کە حکومەت دەیدات بە هەردوو کۆمپانیا بەبڕی 161,000,000 سەد و شەست و یەک ملیۆن دینار بۆ هەر مانگێک.

ب. هەردوو کۆمپانیا بوون بە یەک جۆر گرێبەست و زیادكدنی باندی كە تارین دەیدات بە حکومەت لە 10 گێگا بایت بۆ 14 گێگا بایت لە چرکەیەکدا.

ج- درێژ کردنەوەوەی گرێبەستی تارین لە چوار ساڵ و نیو بۆ سێزدە ساڵ.

**خزمەتگوزاری پۆستە:**

- پەیڕەوکردنی دوایین سیستەمی ئاڵوگۆڕی پۆستە لە ڕێگای پڕۆژەی پۆست کۆد کە بە هۆی قەیرانی دارایی ڕاگیراوە بەڵام بە گشتی 60% پرۆژەکە لە هەر سێ پارێزگای هەولێر و سلیمانی و دهۆک تەواو کراوە بە سێ گرێبەستی جیاواز.
- ڕێکخستنەوەی کۆمپانیەکانی بواری پۆستە لە کەرتی تایبەت بەڕێگای پێکهێنانی لیژنەیەک لەلایەن وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن بە فەرمانی ژمارە (2755) لە بۆ پێداچوونەوە و ڕێکخستنەوەیان لە هەرێمی کوردستان.

### زیادکردنی داهات:

1. وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن داوا لە کۆمپانیاکانی مۆبایل و کۆمپانیاکانی ئینتەرنێت دەکات باجەکانیان بدەن، لەوانە باجی فرۆشتن (20٪) و پێدانی پارەی پێویست و پابەندە داراییەکان لەماوەی نیوەی یەکەمی ساڵی 2021 و تۆمارکردنی داهاتی کۆتایی بۆ حسابی خەزێنەی گشتی کەمینە و لەکاتی پێنەدانەوەی مۆڵەتی کاری ئەو کۆمپانیایە هەڵوەشێتەوە .
2. وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن کۆمپانیاکانی مۆبایل و ئینتەرنێت پابەند دەکات بەپێدانی بەهای بەدەستهێنانی مۆڵەتی کارکردن بۆ دابەشکردنی ئینتەرنێت بە 13%. لەبەهای بەدەستهێنانی مۆڵەتی کارکردن کە لەحکومەتی فیدراڵدا دیاریکراوە و بەپێی ڕووبەری جوگرافی.

### فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی (أربیل)

دوای پێداچوونەوە بە گرێبەستی کۆمپانیاکان و خزمەتگوزاری فرۆکەخانە و وێرای هەڵوەشاندنەوەی هەندێک گرێبەست، دەستکرا بە کەمکردنەوەی خەرجی و زیادکردنی داهات لە فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی (اربیل) بەم شێوەیە:

| | | | |
|---|---|---|---|
| کۆی گشتی | $1, 876, 910 | $744, 880 | بەنزیکەیی ڕێژەی (40%) لە خەرجییەکان کەم کراوەتەوە |

### فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی سلێمانی:

سەبارەت بە پرۆژەکانی فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی سلێمانی ئەم پرۆژانەی خوارەوە ئەنجام دراوە:

1. توانراوە چاکسازی لە چەندین بەشی تێرمیناڵ و بەشەکانی تری کە

پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە گەشتیارانەوە هەبووە بە بڕی 270, 540, 000 دۆلار کاری چاکسازی بکرێت.

2. پڕۆژەی دروستکردنی ڕێگاکانی فڕۆکەخانە M3 M4 بە گوێرەی ماستەرپلان کە بەهۆی قەیرانی دارایی پێشتر کارەکانی ڕاگیرا بوو دەست بەکارکردن لە پڕۆژەکە کرایەوە. بەڵام بەهۆی خەرج نەکردنی تەواوی شایستە داراییەکان لەلایەن پارێزگاری سلێمانی پڕۆژەکە تا ئێستا تەواو نەکراوە بڕی پارەکە کە پێویستە بۆ کۆمپانیا خەرج بکرێ (2, 035, 127, 000) ملیار دینار لە 80% کارەکانی تەواو بووە.

3. بۆ نوسینگەی کەشناسی بەبڕی (2 ,326 ,85) دۆلار پڕۆژەی کڕین و دانانی سیستمی AWOS بە هۆکاری ڕاگرتنی دەسەڵاتی خەرج کردنی 50% داهاتی فڕۆکەخانە کارەکە ڕاوەستاوە وە داوای ڕەزامەندی لە وەزارەت کراوە بۆ تەرخان کردنی ئەو بڕە پارەیە.

## بارهەڵگرەکان لە دەروازە سنوورییەکان

1. ژمارەی بارهەڵگرەکان لە دەروازە سنوورییەکانی ئیبراهیم خەلیل و باشماخ و حاجی ئۆمەران و پەروێزخان و بریتییە لە 4989 بارهەڵگر لە داهاتوو بەپێی پلانێک و پێویستی ئەم شوێنە هێڵەکان زیاد دەکرێت.

2. لە سەرەتای دەستبەکاربوونی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان هیچ هێڵێک دابەش نەکراوە و لە بەرنامە دایە پێداچوونەوە بکرێت بە گشت هێڵەکان و لە داهاتوو بەپێی پرۆسەیەکی بانگەوازی و تیروپشک بەڕێوە دەچێت بەپێی ڕێنمایی گواستنەوەی سەر بەوەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن.

# وەزارەتی رۆشنبیریی

گرنگی تایبەت دەدەین بە فەراهەمکردنی پانتایی کاری رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە چوارچێوەی یاسادا و پاڵپشتی بوارە وەرزشی و هونەری و فەرهەنگی و کلتورییەکان دەکەین لە هەرێمی کوردستان.

کارنامەی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان

## لەئاستی چاکسازییدا:

1. پێداچوونەوە بەدۆسیەی فەرمانبەرانی وەزارەت: لەکۆی گشتی 7039 دۆسییەی فەرمانبەران، وردبینی 5869 دۆسییە کراوە، دەرکەوت 791 فەرمانبەر پلەی زیادەو 583 فەرمانبەر سەرمووچەی زیادەی پێدراوە. (بەو چاکسازییانە بڕی 171250000 سەد و حەفتا و یەک ملیۆن و دووسەدو پەنجا هەزار دینار بۆ خەزێنەی حکومەت دەگەڕێتەوە).
2. دەرکردنی رێنمایی نوێ بۆ رێکخستنەوەی فێستیڤاڵە نێودەوڵەتییە کولتوورییەکان، لەو چوارچێوەیەدا بەپێی رێنمایی نوێ، ساڵانە (13) فێستیڤاڵ کە سروشتی نێودەوڵەتییان هەیە لە هەرێمی کوردستان ئەنجام دەدرێن و بەسەر شار و شارۆچکەکانی هەرێمدا دابەشکراون.
3. دەرکردنی رێنمایی نوێ بۆ رێکخستنەوەی شێوازی هاوکاری و یارمەتیدانی سەنتەرو گروپە هونەرییەکانی هەرێمی کوردستان بۆ سازدانی چالاکییەکانیان.
4. جێبەجێکردنی یاسای ژمارە (33)ی ئەنجومەنی وەزیران، تایبەت بەداتاو

زانیاری تەواو لەسەر میلاکی فەرمانبەرانی وەزارەتمان.

5. هەمووارکردنی رێنمایی تایبەت بەپێدانی مۆڵەت بە یانە وەرزشییەکان.

## لەئاستی خزمەتگوزاریدا:

1. پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی هونەری و رۆشنبیری و میدیایی و وەرزش و لاوان لە رێی بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکانی سەر بە وەزارەتی رۆشنبیری.

2. خزمەتگوزاریی کتێبخانە گشتییەکان: 92 کتێبخانەی گشتی لەهەرێمی کوردستان هەیەو (858951) هەشت سەدو پەنجاو هەشت هەزارو نۆسەدو پەنجاو یەک کتێبیان تێدایە، بەگشتی لەو ماوەیەدا (75536) حەفتاو پێنج هەزارو پێنج سەد و سی و شەش خوێنەر سەردانی ئەو کتێبخانانەیان کردووە و سوودمەند بوون لە خوێندنەوە.

3. هەر لەرێی بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کتێبخانە گشتییەکانەوە، لەسەرانسەری هەرێمی کوردستاندا (5457) پێنج هەزار و چوارسەد و پەنجاو حەوت ژمارەی سپاردن دراوە بەنووسەران بۆ چاپکردنی کتێبەکانیان.

## کورتە و پوختەی پرۆژەو چالاکییەکان

لە ماوەی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، دیوانی وەزارەت و بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکان، لەسەرانسەری هەرێمی کوردستانو ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم، چەندین پرۆژەو چالاکی جۆراوجۆریان لە رشتەکانی رۆشنبیری و هونەری و ئەدەبی و میدیایی و وەرزش و لاواندا ئەنجام داوە کە ژمارەیان (1253) هەزارو دووسەدو پەنجاو سێ چالاکی هەمەجۆرە:

پوختەی پرۆژە و چالاکییەکانی وەزارەتی رۆشنبیری:

- موزیک 66 - شانۆ 39 - پێشانگای شێوەکاری 65
- سینەما 31 - کولتوور 8 - کردنەوەی هۆڵ 8
- وەرزش 44 - رێزلێنان 124 - خول و وۆرک شۆپ 115
- کۆنفرانس و سیمینار 145 - یاد و پەیام 99 - دیدارو پەیوەندی 263
- چاپکردنی کتێب 81 - کاری چاکسازی 6
- پرۆژەکانی دروستکردنی هۆڵو تەلار 15
- هەڵمەتی هۆشیارکردنەوە بۆ خۆپاراستن لە کۆرونا 30
- چالاکی جۆراو جۆری دیکە 114

| | |
|---|---|
| موزیک | 66 |
| شانۆ | 39 |
| شێوەکاری | 65 |
| سینەما | 31 |
| کردنەوەی هۆڵ | 8 |
| کولتوور | 8 |
| وەرزش | 44 |
| خول | 115 |
| کۆنفراس | 145 |
| رێزلێنان | 124 |
| دیدار | 263 |
| یاد | 99 |
| کتێب | 81 |
| وشیاری بۆ کۆرۆنا | 30 |
| چاکسازی | 6 |
| دروستکردنی باڵەخانە | 15 |
| چالاکی دیکە | 114 |

پرۆژە و چالاکییەکانی وەزارەتی رۆشنبیری

# هەنگاوەکانی چاکسازی
# لە فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە

هەر لە سەرەتای دەستبەکاربوونی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە کاری کردووە لەسەر رێکخستنەوەی کاروبارە کارگێڕی و دارایی و یاساییەکاییەکانی فەرمانگە و گۆڕینی میکانیزمی کاری ئەو بەڕێوەبەرایەتیانەی کە کاروباری دیبلۆماسی و تایبەتمەندێتی فەرمانگە دەکەن.

ئەمانەی خوارەوە ئەو هەنگاوانەن کە لەلایەن فەرمانگەوە جێبەجێ کراون:

1. لەسەر بنەمای کارنامەی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەمەبەستی بە یاسایی کردنی فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە، پێداچوونەوە کراوە بە رەشنووسی ئامادەکراو تایبەت بە یاسای فەرمانگە لە ساڵی 2019 ئاراستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران کرا. لەم رەشنووسەدا ناوی فەرمانگە بۆ (وەزارەت) دەگۆڕێت و پێکهاتەو پەیکەری رێکخستنی وەزارەت بە پێی گرنگی و تایبەتمەندی ئەو ئەرکانەی لە ئەستۆیدایە دارشتنی بۆ کراوە، بە لەبەرچاوگرتنی هەستیاری و بایەخی پەیوەندییە دیبلۆماسی و نێودەوڵەتییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە رێگەی نوێنەرایەتیەکان لە دەرەوەی وڵات و کونسوڵخانە و نوێنەرایەتی وڵاتان لە هەرێم، هەروەها رێکخستنەوەی میکانیزمێکی نوێ بۆ هەماهەنگی پتەوتر لەگەڵ ئاژانسەکانی سەر بە نەتەوەیەکگرتووەکان و رێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی تر لە هەرێمی کوردستان.

ڕەشنووسی یاساکە ڕێکارەکانی لە سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران بۆ ئەنجامدراوەو ڕەوانەی ئەنجومەنی شورای هەرێمی کوردستان کراوە بۆ ئەوەی لە ڕووی دارشتنی یاساییەوە وردبینی بۆ بکرێت و دواتر بگەڕێندرێتەوە بۆ ئەوەی ڕێکارەکانی تری تایبەت بە دەرچوواندنی ئەم یاسایە لە ئەنجومەنی وەزیران و پەرلەمانی کوردستانی بۆ ئەنجام بدرێت.

بە دەرچوونی ئەم یاسایە هەنگاوێکی گرنگ بە ئاراستەی بە یاسایی کردنی فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەو ڕێکخستنی دام و دەزگاکانی سەر بەم فەرمانگەیە لە ناوەوەو دەرەوەی هەرێم دەنرێت.

2. پێداچوونەوە بە هەیکەلیەتی ئێستای فەرمانگە:

فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە لە ساڵی 2009 ـەوە بە پێی فەرمانی ژمارە 143 لە ڕێکەوتی 2009/1/25 پێکهاتەکانی دیاری کراون. لەو کاتەوە تا ئێستا پەیکەری ڕێکخستنی فەرمانگە هەر بەم پێکهاتەیە ماوەتەوەو کارەکانی ڕایی کردووە.

لە سەرەتای دەست بەکار بوونی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە ئامانجی فراوانکردن و ڕێکخستنەوەی ئەرک و کارەکانی فەرمانگەو لەسەر بنەمای کارنامەی کابینەی نۆیەم پێداچوونەوە و دووبارە ڕێکخستنەوە بۆ هەیکەلیەتی فەرمانگە کراوە، ئەمەش بۆئەوەی تا دەرچوون و بڕیاردان لەسەر یاسای (وەزارەت) پەیکەری کارگێڕی ئێستا لەگەڵ گۆڕانکاری و پێشکەوتنەکان و ئەرک و بەرپرسیارێتیەکانی فەرمانگە بۆ ئەم قۆناغە بگونجێندرێت.

بۆ ئەم مەبەستە دوای چەندین جار ناردنی پێشنیاری فەرمانگەو گفتوگۆ کردنمان لەگەڵ دیوانی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران، دوا جار بە نووسراومان ژمارە (00590-NU21) لە 2021/5/19 دوا ڕەشنووسی

گۆڕانـــکاری و پێداچوونـــەوە بـــە هەیکەلـــی ئێســـتای فەرمانگـــە ئاراســـتەی دیوانـــی ســـەرۆکایەتی ئەنجومەنـــی وەزیـــران کـــرا، بەمەبەســـتی بڕیـــاردان لەســـەری.

3. سـەبارەت بـە نوێنەرایەتیەکانـی حکومەتـی هەرێمی کوردسـتان لـە وڵاتانی دەرەوە کار لەســـەر فراوانکردنـــی نوێنەرایەتیـــەکان و ڕێکخســـتنەوەیان لـــە هەمـوو بـوارەکان کراوەتـەوە. پێداچوونـەوەو ڕێکخسـتنی پێکهاتـە، بوودجە، مووچـەو پلـەی نوێنـەرو فەرمانبەرانیـان، هەروەهـا پێشـنیار بـۆ کردنـەوەی نوێنەرایەتـی نـوێ لـە وڵاتـان لـە پلانێکـدا ئامادەکراوە.

ئێسـتا حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان 14 نوێنەرایەتـی لـە وڵاتانـی دەرەوە هەیـەو لـە بەرنامەدایـە بـە لەبـەر چاوگرتنـی گۆڕانـکاری و پێشـهاتەکان و زەرورەتـی ئـەم قۆناغـە ژمارەی نوێنەرایەتیەکان بۆ نزیکـەی 20 نوێنەرایەتی بـەرز بکرێنـەوە. لـە هەمـان کاتـدا بیـر لـە کردنـەوەی نوێنەرایەتـی فەخـری کراوەتـــەوە لـــەو وڵاتانـــەی بەرژەوەنـــدی ئابـــووری و بازرگانیـــان لەگـــەڵ هەرێمـی کوردسـتان هەیـە.

لـە لایەکـی تـرەوە وەک هەسـت کـردن بـە بەرپرسـیاریەتی سـەبارەت بـە دۆخـی دارایـی هەرێـم، وەک فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە لەسـەرەتای سـاڵی 2020 فەرمانگـەی پەیوەندییەکانـی دەرەوە هەڵسا بـە کەمکردنـەوەی بوودجـەی نوێنەرایەتییەکانـی دەرەوە بـە ڕێـژەی 20%.

# چاکسازی لە سیستەمی باج

چاکسازی لە سیستەمی باج دەکەین و دەبێ دادپەروەری لە وەرگرتنی باج جێگیر ببێت و هەموو ڕێکارێکی یاسایی و کارگێڕی دەگرینەبەر بۆ ڕێگەگرتن لە خۆدزینەوە لە باج و میکانیزم و پێوەری تازە دەگرینە بەر بۆ ڕێکخستنی باج.

کارنامەی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان

## کۆمپانیاکانی بواری نەوت و گاز:

1. وەزارەتی سامانە سروشتییەکان لیستی ناوی گشت کۆمپانیاکانی بواری نەوت (کە کار دەکەن لە بواری نەوت)ی ناردووە بۆ وەزارەتی دارایی و ئابوری/بەڕێوەبەرایەتی گشتی باجەکان و خانووبەرەی میری بۆ ئەوەی دڵنیابن لەوەی کە تۆمارکراون بە مەبەستی پێدانی باج و هەروەها هەماهەنگی تەواو هەیە لە نێوان وەزارەتی سامانە سروشتییەکان و وەزارەتی دارایی و ئابووری/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی باجەکان و خانووبەرەی میری بە شێوەیەک کە نووسراوی هیچ کۆمپانیایەک ڕایی ناکرێت تاوەکو پاکانەی باجی لە گەڵدا نەبێت و هەروەها وەزارەتی سامانە سروشتییەکان ووردبینی دەکات لە بڕی باجی خەمڵێنراو لە سەر کۆمپانیاکان بەرامبەر بەو کارانەی کە هەیانە لە وەزارەتی سامانە سروشتییەکان و بە بەردەوامی بەدواداچوون بۆ ئەو پرۆسەیە دەکرێت.
2. سەبارەت بەو کۆمپانیانەی کە تۆمار نەکراون لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆماری کۆمپانیاکان لە وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی، ئەو کۆمپانیانە

کۆمپانیـای دابینکـەرن (Supplier) و ئۆفیسـیان لـە هەرێمـی کوردسـتان نیـە. بـەڵام لـە سیسـتەمی ئۆنلاینـی وەزارەتـی سـامانە سروشـتییەکان (AVL) تۆمارکـراون و سـاڵانە ڕسـووماتی تۆمارکـردن دەدەن، وەزارەتـی سـامانە سروشـتییەکان ئـەو کۆمپانیانـەی ئاگادارکردۆتـەوە کـە پێویسـتە خۆیـان تۆمـار بکـەن لـە شـوێنە پەیوەندیـدارەکان.

3. لـە بـەرواری (2021/1/26) نووسـراو کـراوە لە وەزارەتـی دارایی و ئابووری/ بەڕێوەبەرایەتـی گشـتی باجـەکان و خانووبـەرەی میـری بـۆ وەزارەتـی ناوخۆ بـە مەبەسـتی وەرگرتنـی زانیـاری تـەواو لـە سـەر کۆمپانیاکانی سـیکیوریتی و لیژنەیـەک پێکهاتـووە بـە مەبەسـتی وەرگرتنـی زانیـاری لەسـەر بەڵێندەرە لاوەکییەکانـی بـواری نـەوت لـە گـەڵ وەزارەتـی سـامانە سروشـتییەکان و کارەکان بـەرەو کۆتایـی دەڕوات تەنها چەنـد وردەکارییەک ماوە و لە قۆناغی پانگهێشـتکردنی کۆمپانیاکانـدان بـۆ ئـەوەی زانیـاری تـەواو بەردەسـت بێت.

4. بابەتـی وەرگرتنـی بـاج لـە کارمەندانـی بیانـی بـواری نـەوت و گاز بـە نووسـراوی بەڕێوەبەرایەتـی گشـتی باجـەکان و خانووبـەرەی میـری ژمـارە (319 لـە 2021/1/17) چۆتـە بـواری جێبەجێکـردن.

5. سـەبارەت بـەو کۆمپانیـا و لایەنانـەی کـە لـە بـواری هاوردەکردنـی سـووتەمەنی بـۆ نـاو کوردسـتان کار دەکـەن چ کەسـی سروشـتی بـن یـان مەعنـەوەی، بـە فەرمانـی سـەرۆک وەزیـران ژمـارە (483) لـە 2021/2/9 سـێیەم / بڕگـە (5) تایبـەت بـە وەرگرتنـی باجـی دەرامـەت بـەم شـێوەیە لـە سـەر بەرهەمـە نەوتـی و سـوتەمەنیەکان و مـوادی کیمیایـی تایبـەت بـە سوتەمەنیەکان و پاشـەڕۆی سـوتەمەنیەکان وەربگیرێـت . ئەمیـش لـە کاتی هاوردەکـردن 7% بـاج لـە بەهـا وەربگیرێـت و لـە کاتـی هەناردەکـردن 4% بـاج لـە بەهـا وەربگیرێـت و لـە 2021/3/5 خراوەتـە بـواری جێبەجێکـردن.

6. سـەبارەت بـە پرۆژەکانـی وەبەرهێنـان لـە بـواری نـەوت و گاز، دەسـتەی وەبەرهێنـان ڕایانگەیانـد کـەوا هیـچ پرۆژەیەکـی وەبەرهێنـان لـە بـواری نەوت و گاز لـە هەرێمـی کوردسـتان نیـە کـە ملکەچـی یاسـای وەبەرهێنـان بێـت .

7. سەبارەت بە کۆمپانیاکانی سیکیوریتی، پرۆژە یاسای کۆمپانیاکانی سیکیوریتی لە گشت بوارەکان لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (57) لە 2021/5/5 پەسەند کرا.

## کۆمپانیاکانی بواری ئینتەرنێت:

1. وەزارەتی دارایی و ئابووری / بەڕێوەبەرایەتی گشتی باجەکان و خانووبەرەی میری بە نووسراویان ژمارە 2609 لە ڕێکەوتی (2020/8/11) نووسراویان کردووە بۆ سەرجەم بەڕێوەبەرایەتییەکانی باجی دەرامەتی کۆمپانیاکان (هەولێر و سلێمانی و دهۆک) و بەڕێوەبەرایەتی گەورە باجدەران کە پێویستە سەرجەم کۆمپانیاکانی بواری ئینتەرنێت پێڕاگەیاندنیان بۆ بکریت و ملکەچ بکرێن بە پێدانی باجەکانیان بە زووترین کات

2. لە بەرواری (2021/1/13) کۆبوونەوە کراوە لە نێوان وەزارەتی گواستنەوەو و گەیاندن و وەزارەتی دارایی و ئابووری / بەڕێوەبەرایەتی گشتی باجەکان و خانووبەرەی میری سەبارەت بە پیدانی باج لە کۆمپانیاکانی ئینتەرنێت وە لە پرۆسەی کارکردنن لە سەر ئەم بابەتە.

## گوندەکانی نیشتەجێبوون (پرۆژەکانی وەبەرهێنان):

1. دەستەی وەبەرهێنان گشتاندنی کردووە بۆ گشت بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکانی پارێزگاکان بە مەبەستی ئامادەکردنی لیستی ئەو پرۆژانەی وەبەرهێنان کە ماوەی بەخشینی باج و گومرگیان تەواوبووە لە بەر ڕۆشنایی یاسای وەبەرهێنانی ژمارە 4 ی ساڵی 2006.

2. وەزارەتی دارایی و ئابووری / بەڕێوەبەرایەتی گشتی باجەکان و خانووبەرەی میری بە نووسراویان ژمارە 2748 لە ڕێکەوتی (2020/8/24) نووسراویان ناردووە بۆ دەستەی وەبەرهێنان بە مەبەستی هەڵوەشاندنەوەی فەرمانی ژمارە 438 لە (2018/7/7) ئەنجومەنی وەزیران کە تایبەتە بە لێخۆشبوون

لـە باجـی زەوی پرۆژەکانـی وەبەرهێنـان بۆیـە وەبەرهێنـەران پابەنـد دەکرێن لـە سـەر پێدانـی باج.

3. وەزارەتــی دارایــی و ئابــووری / بەڕێوەبەرایەتــی گشــتی باجــەکان و خانووبـەرەی میـری بـە نووسـراویان ژمـارە 2560 لە ڕێکەوتـی (2020/8/9) نووسـراویان کـردووە بـۆ دەسـتەی وەبەرهێنـان بە مەبەسـتی ناردنی لیسـتی نـاوی ئـەو پرۆژانـەی کـە مـاوەی یاسـاییان تەواوکـردووە وە (10) دە سـاڵی وادەی تەواوبوونـی پرۆژەکـە یـا خـود بەرهەمهێنانـی پرۆژەیـان تەواوکـردووە بـە مەبەسـتی سـەپاندنی بـاج لـە سـەریان.

### کەرتی تەندروستی:

ڕێکارەکانـی وەرگرتنـی بـاج لـە سـەر کـۆی خزمەتگوزارییـە پێشـکەشـکراوەکانی نەخۆشــخانەکان و ڕێنمایــی وەرگرتنــی بــاج لــە ســەر خزمەتگوزارییــە پێشکەشـکراوەکانی نەخۆشـخانە تایبەتییەکان و پێکهاتەکانی دەرچووە لە لایەن وەزارەتـی دارایـی و ئابـووری بـە نووسـراوی ژمـارە (2712 لـە 2021/4/27). لـە ڕێککەوتــی 2021/8/1 دەچێتــە بــواری جێبەجێکــردن.

### وەرگرتنی باجی فرۆشراوەکان لە شوێنە گەشتیارییەکان:

1. ڕێکارەکانــی وەرگرتنــی بــاج لــە ســەر باجــی فرۆشــراوەکان لــە شــوێنە گەشـتیارییەکان تـەواو کـراوە و ڕێنمایـی وەرگرتنـی باجـی فرۆشـراوەکان لـە شـوێنە گەشـتیارییەکان دەرچـووە لـە لایـەن وەزارەتـی دارایـی و ئابـووری بـە نووسـراوی ژمـارە (2711 لـە 2021/4/27). لـە ڕێککەوتـی 2021/7/1 دەچێتـە بـواری جێبەجێکـردن.

### باجی خانووبەرە:

سەبارەت بە باجی خانووبەرە ئەم ڕێکارانە ئەنجامدراون :

1. کردنـەوەی چـوار فەرمانگـەی نوێـی بـاج لـە شـارەکانی هەرێمـی کوردسـتان (شـەقڵاوە، سـیمێل، دەشـتی هەولێر، قـەڵادزە).

2. کردنـەوەی دیوانـی باجـی خانووبـەرە بـۆ مەبەسـتی چارەسـەرکردنی گرفتی نێـوان کرێچـی و خـاوەن مولـک بـە سـەرۆکایەتی دادوەر .

3. ئەنجامدانـی پرۆسـەی خەمڵاندنـی گشـتی لـە سـنووری پارێـزگای سـلێمانی و هەڵەبجـە و ئیـدارەی ڕاپەڕیـن و گەرمیـان و چاودێـری کردنـی پرۆسـەکە بـە شـێوەیەکی وورد لـە ڕێگـەی لیژنەیەکـی بـاڵا لـە بەڕێوەبەرایەتـی گشـتی باجـەکان سـەر بـە وەزارەتـی دارایـی و ئابـووری.

4. ئاگاداركردنـــەوەی قەرزارانـــی باجـــی خانووبـــەرە لەلایـــەن بەڕێوەبەرایەتـــی گشـتی باجـەکان و خانووبـەرەی میـری بـۆ پێدانـی بـاج .

5. ڕێکارەکانـی تایبـەت بـە سـزادانی سـەردانی نەکەرانـی بـاج تەواوکـراوە بـە ڕێنمایـی وەزارەتـی دارایـی و ئابـووری / بەڕێوەبەرایەتـی گشـتی باجـەکان و خانووبـەرەی میـری ژمـارە (1397 لـە 2021/2/24).

6. وەرگرتنی باجی گرێبەستەکانی بانەوانی (عقد المساطحة)

**لە بواری یاسا و ڕێنمایی:**

یاسـاکانی بـاج کۆنـن و لـە زۆر بابەتـدا توانـای گونجانیـان نییـە و لەگـەڵ بابەتـە سـەردەمیەکان، بۆیـە هـەر لەگـەڵ دەسـتبەکاربوونی کابینـەی نۆیـەم ڕەشنووسـی هەمـواری یاسـاکانی بـاج لەلایـەن بەڕێوەبەرایەتی گشـتی باجەکان ئامـادە کـراوە و بـەرز کراوەتـەوە بـۆ ئـەوەی لەلایـەن دەسـەڵاتی یاسـادانان خوێندنـەوەی بـۆ بکرێـت و دەنـگ لەسـەر ئـەم هەموارانـە بدرێـت.

پەیڕەوکردنـی تـەواوی مـاددە و بڕگـە یاسـاییەکان چالاککردنیـان و ڕاسـت کردنەوەیـان، بەشـێک لـە بڕگـە یاسـاییەکان وەک خـۆی جێبەجـێ نەدەکـرا یاخـود هـەر جێبەجـێ نەکـراوە، جێبەجـێ کردنـی یاسـاکان لای هاووڵاتیـان بۆتـە بابەتێکـی گـەرم و دەپرسـن ئایا ڕاسـتە ئەمانـە یاسا کۆنەکانن یاخـود

لەلایـەن ئیـدارەی ئێسـتا داتاشـراون و داهێنـراون؟! یەکێک لەو برگە یاسـاییانە بریتیـە لـە وەرگرتنـی باجـی گرێبەسـتی بانەوانـی و وەرگرتنـی باجـی لێبڕینـی راسـتەوخۆی کارمەندانـی بیانـی کەرتـی نـەوت و پاڵاوگـەکان و هەنـاردە و هـاوردەی بەرهەمـە نەوتیـەکان و ڕاگرتنـی لێخۆشـبوونی باجـی زەوی تاکـو (600) مەتـر دووجا بەشـێوەیەکی بـەردەوام و راگرتنـی لێخۆشـبوونی مۆلیـدە ئەهلیـەکان لـە بـاج... هتـد. هەروەهـا سـەرجەم لێخۆشـبوونە نایاسـاییەکان کـە پێشـتر ئەنجامدرابـوون هەڵوەشـێندرایەوە و یاسـاکانی بـاج بـۆ هەمـوان وەک یـەک جێبەجـێ دەکرێـن و هیـچ کەسـێک بـەدەر نیـە لـە بـاج.

## لە بواری هونەری و تەکنیکی:

بـاج لـە قازانـج وەرگیرێـت بـەڵام لـە گەیشـتن بـە قازانجـی راسـتەقینە کارێکـی قورسـە و ئەسـتەمە بەبێ هەماهەنگی نێوان دام و دەزگا حکومیەکان و کەرتی تایبـەت بگەیـە زانیـاری راسـت و دروسـت، بۆیـە یەکێـک لـە بابەتـە گرینگەکان کـە ئـەم کابینەیـە جەختـی لەسـەر کردۆتـەوە هەماهەنگـی سـەرجەم دام و دەزگا حکومـی و سـەندیکاکانە لەگـەڵ فەرمانگەکانـی بـاج و ڕایـی نەکردنـی هیـچ کارێکـە بەبـێ پاکانـەی بـاج.

یەکێکـی تـر لـە چاکسـازیەکان بریتی بوو لە رێکخسـتنەوەی ژمێـرەی کۆتایی کۆمپانیـاکان بـۆ ئـەو مەبەسـتە پەیـڕەوی تیانووسـگرتنی بازرگانی (نظام مسـك الدفاتـر التجاريـة لأغـراض ضريبـة الدخـل) ژمـارە (2) سـاڵی 1985 هەمـوار کرایـەوە، هەروەهـا دەرچوواندنـی رێنمایـی پێویسـت بـۆ جێبەجـێ کردنـی. ئەژمـار کردنی بـاج لەسـەر بنچینەی داهاتی راسـتەقینەی تـەواوی کۆمپانیاکان دەبێـت و چیتـر کار بـە خەمڵاندنـی ئیـداری و گۆتـرەکاری ناکرێـت کـە لـە رابـردوو پەیـڕەو دەکـرا. بـۆ ئـەو مەبەسـتە سـەرجەم ژمێرکارانـی یاسـایی ئـاگادار کرانـەوە بـە ئامانجـی ئامادەکردنـی ژمێـرەی کۆتایـی کۆمپانیـاکان بـە شـێوەیەکی راسـت و دروسـت.

هەنگاوێکـی دیکـە بریتیـە لـە پرۆسـەی ماڵـەی مەیدانـی (مسـح) واتـە

گەڕانی مەیدانی بۆ تۆمار کردنی پیشەوەران، ڕێژەیەکی زۆری پیشەوەران لە کوردستان تۆمار نین و ئەوانەی تۆماریشن وەک پێویست ئەرکی خۆیان جێبەجێ ناکەن بۆیە ئەم پرۆسەیە زۆر گرینگە.

هەروەها هەماهەنگی نێوان ئاسایش و فەرمانگەکانی باج کاریگەریەکی باشی هەیە لەسەر چاکسازی لە بواری باج و ڕێگری کردن لە خۆدزینەوە لە دانی باج. گرتنەبەری ڕێکاری یاسایی بەرامبەر ئەو کەسانەی هەڵساون بە ئەنجامدانی زێدەڕۆیی لەسەر زەوی حکومەت بە دروستکردنی کۆگا و خانوو پێشانگە کارگە... هتد.

بڕیاری بە ئەلیکترۆنی کردنی فەرمانگەکانی باج یەکێکە لە هەنگاوە گرینگەکانی چاکسازی کە کاریگەری ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر سەرجەم هەنگاوەکانی تری چاکسازی لە بواری باج.

## لە بواری چاودێری و بەدواداچوون:

ئەم هەنگاوە یەکێکە لە هەنگاوە هەرە گرینگەکانی چاکسازی لە بواری باج کە لەم کابینەیە کاری جددی لەسەر کراوە بە ئامانجی ڕێگری کردن لە خۆدزینەوە لە باج و جێبەجێ کردنی یاسا و ڕێنماییەکان و بەسزاگەیاندنی سەرپێچیکاران، لەم پرۆسەیەدا زیاتر لە (1251) کۆمپانیایە دراونەتە دادگا و هەروەها دەیان ملیار دینار داهات گەڕێندراوەتەوە بۆ گەنجینەی حکومەت لە ڕێگەی بەدواداچوون بۆ پڕۆژەکان و چالاکیە بازرگانیەکان کە هەوڵی خۆدزینەوەیان داوە لە دانی باجی شایستە.

بەهۆی ئەو چاکسازیانەی ئەنجام دراون دیاردەی ساختەکاری بەدیارکەوت و چەندین دۆسیە بە تاوانی ساختەکاری دراونەتە دادگاکان و ڕێکاری یاساییان بەرامبەر گیراوەتەبەر.

بەهۆی ئەو چاودێری و بەدواداچوونە بەردەوامەی بۆ چالاکی بازرگانی هاووڵاتیان دەکرێت چەندین زێدەڕۆیی لادراون لەسەر موڵکی دەوڵەت.

### لە بواری کارگێڕی:


لـەم بـوارەدا چەندیـن هەنـگاوی گرینـگ نـراوە، وەک کردنـەوەی چەنـد بەڕێوەبەرایەتییـەک لـە هەریەکـە لـە شـارەکانی (شـەقڵاوە، سـیمێل، دەشـتی هەولێـر، قـەڵادزە) هەروەها سەرپەرشـتی کردنی داراییەکان لە قەزا و ناحیەکان لـە ڕووی هونـەری کـە لـە ڕووی ئـیداری بەسـتراونەتەوە بـە بەڕێوەبەرایەتـی گشـتی ژمێـرکاری، هەروەهـا ڕێکخسـتنەوەی میلاکـی فەرمانگـەکان لـە ڕووی چەندایەتـی و چۆنایەتـی و پـڕ کردنـەوەی میلاکـی پێویسـت بـە گواسـتنەوە ڕاژەی فەرمانبـەران و دامەزرانـدن بـە شـێوەی گرێبەسـت. زیـاد کردنـی ئـەو کۆمپانیایانـەی لـە بەڕێوەبەرایەتـی گـەورە باجـدەران تۆمـار کـراون لـە (139) کۆمپانیـا بـۆ (597) کۆمپانیـا بـۆ ئـەوەی بـە سیسـتەمی نـوێ باجیـان لێوەربگیرێـت و بـە شـێوەیەکی ورد حیسـاباتیان شـیبکرێتەوە و باجـی شایسـتەیان بـدەن، هەروەهـا ئەنجامدانـی گرێبەسـت لەگـەڵ ڕاوێـژکاری بیانـی بەمەبەسـتی ڕاهێنانـی فەرمانبـەران لەسـەر ئـەم سیسـتەمە، هەروەهـا ئەنجامدانـی کۆبوونـەوە لەگـەڵ زیاتـر لـە (200) کۆمپانیـا بـۆ ئاشـنا کردنیـان بـەم سیسـتەمە نوێیـە.


### لە بواری خول و ڕاهێنان:

بەمەبەسـتی بـەرز کردنـەوەی توانـای فەرمانبەرانـی باج چەندیـن خولی ڕاهێنان ئەنجـام دراو و سـاڵانە بـەردوام ئـەم جـۆرە خولانـە بەڕێوەدەچـن وەک خولـی (خەملانـدن، باجـی خانووبـەرە، شـیکردنەوەی ژمێـرەی کۆمپانیـاکان.. هتد).

هەروەهـا کردنـەوەی خـول بـۆ ئاشـنا کردنـی پیشـەوەران بـە یاسـاکانی بـاج بـە هەماهەنگـی ڕێکخراوەکانـی کۆمەڵـگەی مەدەنـی.

ئـەو هەنگاوانـەی چاکسـازی ڕەنگدانـەوەی بەرچـاوی هەبـووە لەسـەر زیـاد بوونـی داهـات لـەم سـاڵانەی دوایـی سـەرەڕای بوونـی چەندیـن قەیـران و بەربەسـت لەبـەردەم جێبەجـێ کردنـی بەرنامـە و پلانـی چاکسـازی لـەم بـوارەدا، ئـەم خشـتەی خـوارەوە زیاتـر ئـەو ڕاسـتیە پێشـاندەدات:


٢٢٨١
٢٢٧٩
٢٢٧٥
٢٠٣١
٢٣٠٠
٢٢٥٠
٢٢٠٠
٢١٥٠
٢١٠٠
٢٠٥٠
٢٠٠٠
١٩٥٠
١٩٠٠
٢٠٢١
٢٠٢٠
٢٠١٩
٢٠١٨
ژمارەی فەرمانبەران


٩%
١١%
١٦%
٣٣%
٣١%
2016
2017
2018
2019
2020
داهات

## گرینگترین کارە ئەنجامدراوەکان:

بەشـێوەیەکی گشـتی ئەوانـەی خـوارەوە بەشـێکن لـە گرنگتریـن کارە ئەنجامـدراوەکان:

1. سـەپاندنی بـاج بەسـەر شـوێنە گەشـتیارییەکان بـۆ هۆتێـل و چێشـتخانە و شـوێنە گەشـتیارییەکانی چـوار ئەسـتێرە بـەرەو سـەرەوە لـە (2021/7/1) دەچێتـە بـواری جێبەجـێ کـردن.

2. بـۆ نەخۆشـخانە تایبەتـەکان، وەرگرتنـی باجـی داهـات بـە شـێوەی راسـتەوخۆ بـە رێـژەی (5%) لەسـەر رێـژەی خزمەتگـوزاری لـە (2021/8/1) دەچێتـە بـواری جێبەجـێ کـردن.

3. بـۆ کۆمپانیاکانـی خزمەتگـوزاری نـەوت چۆتـە بـواری جێبەجـێ کـردن و هەماهەنگیەکـی بـاش کـراوە لـە نێـوان بەڕێوەبەرایەتـی گشـتی باجـەکان و خانووبـەرەی میـری و وەزارەتـی سـامانە سروشـتییەکان.

4. رێکخسـتنەوەی باجـی خاڵـە سـنوریەکان کـە بۆتـە هـۆکاری زیادبوونـی بەرچـاوی داهاتـی بـاج لـە خاڵـە سـنووریەکان.

5. وەرگرتنـی باجـی گرێبەسـتە بانەوانیـەکان (المسـاطحة ) کـە لـە رابـردوو وەرنەدەگیـرا .

6. بـە ئەلیکترۆنـی کردنـی پاکانـە لەسـەرجەم بەڕێوەبەرایەتیەکانـی باجـی دەرامــەت و کۆمپانیــاکان.

7. ئاراسـتە کردنـی (4936) نووسـراوی ئـاگادار کردنـەوە (گـەف/ انـذار )بـۆ قەرزارانـی بـاج.

8. بەهـۆی خۆدزینـەوە لـە بـاج (2450) باجـدەر دراونەتـە دادگا وە رۆژانـە ژمارەیـان زیـاد دەکات، تاکـو ئێسـتا بـڕی سـزای وەرگیـراو لـەو کۆمپانیایانـە (5, 493, 382, 400) دیناریـە، تەنهـا لـە پارێـزگای هەولێـر بـڕی (5, 209, 666, 000) دینـار و لـە پارێـزگای سـلێمانی بـڕی

(400 ,831 ,153)دینــار و لــە پارێــزگای دهــۆک بــڕی (000 ,885 ,129) دینــار وەک ســزا وەرگیــراوە.

9. زیاتر لە (150) کۆمپانیا بە تاوانی ساختەکاری دراونەتە دادگا.

10. بەشـێک لـەو کۆمپانیایانـەی بەپێـی مـاددەی (59) لـە یاسـای باجـی دەرامـەت سـاڵی 1982 هەموارکـراو دراونەتـە دادگا لەسـەر داوای خۆیـان بـە (تسـوية الصلحيـة) کێشـەکانیان چارەسـەر کـراوە کـە بەپـێ هەمـان مـاددە بـڕی باجەکـە و دوو هێنـدی باجەکەیـان لێوەرگیـراوە.

11. ئەنجامدانـی پرۆسـەی خەمڵاندنـی گشـتی لـە سـنووری شـاری سـلێمانی و هەڵەبجـە و هـەردوو ئیـدارەی راپەڕیـن و گەرمیـان، کـە بەپێـی یاسـای باجـی خانووبـەرە پێنـج سـاڵ جارێـک ئەنجـام دەدرێـت و سـەرجەم خانـوو و باڵەخانـە و دووکان و... هتـد.

12. چالاککردنـی بەڕێوەبەرایەتـی چاودێـری و ووردبینـی و پشـکنین کـە رۆژانە سـەردانی مەیدانـی بەڕێوەبەرایەتیـەکان دەکرێـت بـۆ مەبەسـتی رێگـری کردنـی خۆدزینـەوە لـە بـاج و کـەم کردنـەوەی گەندەڵـی.

13. وەرگرتنی باجی هەنارده و هاورده لە بەرهەمە نەوتییەکان.

## ئەو هەنگاوانەی لە پرۆسەی جێبەجێ کردن دان:

1. بەدواداچوونـی ئـەو کۆمپانیـا و باجدەرانـەی سـەرچاوەی داهاتیـان شـاردۆتەوە و گرتنەبـەری رێـکاری یاسـایی بەرامبەریـان.

2. ئەنجامدانـی رووماڵـەی مەیدانـی (مسـح) تایبـەت بـە بەڕێوەبەرایەتیەکانـی باجـی دەرامـەت بـۆ تۆمارکردنـی ئـەو هاوڵاتیانـەی لـە بـاج هەڵاتـوون تۆمـار نەکراون.

3. ئاگادار کردنەوەی سەرجەم قەرزارانی باج.

4. سـەبارەت بـە باجـی پاڵاوگەکانـی نـەوت رێنماییەکانـی وەرگرتنـی ئـەم

باجـه تـەواو بـووە و لـە پرۆسـەی وەرگرتنـی بـاج دایـە.

5. سـەبارەت بـەو موڵکـە بازرگانیانـەی کـە سـەرپێچیان کرابـووە سـەر، بەپێـی فەرمانـی ئەنجومەنـی وەزیـران رێکاری پێویسـت لـە سـەرجەم شـار و شـارۆچکەکانی کوردسـتان گیراوەتەبـەر بـە ئامانجـی گرێدانـی گرێبەسـتی بانەوانـی (المسـاطحة).

# دەستەی وەبەرهێنان

کار دەکەین بۆ رەخساندنی بواری کار بۆ کەرتی تایبەت و فراوانکردنی وەبەرهێنان لە بوارە جیاجیاکانی وەك پیشەسازی و کشتوکاڵ و گەشتوگوزار، تاکو بەم هۆیەوە دەرفەتی کار زیاد بکرێن و یاساکانی کار بە جۆرێك رێك بخرێن کە دەرفەتی کار بۆ گەنجانی هەرێم زیاتر بکرێت.

کاردەکەین بۆ ئەوەی ئابووریی هەرێم فرە چەشن و فرەرەهەند بێت و تەنیا پشت بە نەوت و غاز نەبەسترێت، بۆ ئەم مەبەستە پەرە بە کەرتەکانی کشتوکاڵ و پیشەسازی و گەشتیاری دەدەین و هەوڵ بۆ راکێشانی وەبەرهێنانی دەرەکی لەم کەرتانەدا دەدەین.

هانی وەبەرهێنان دەدەین لە هەموو بوارەکاندا، بۆ ئەم مەبەستەش لە سەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوەدا دەرفەتی یەکسان و دادپەروەرانە بۆ هەموو لایەك دەرەخسێنین. لە سەر ئەو بنەمایانەش کاردەکەین بۆ دارشتنەوە و هەموارکردنەوەی یاسای وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستاندا.

کارنامەی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان

## دەستەی وەبەهێنان:

دەستەی وەبەرهێنانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2006ـەوە دامەزراوە، بە گشتی مۆڵەتی بە 1113 پرۆژە داوە بە سەرمایەی زیاتر لە 69 ملیار دۆلار بەم شێوەیەی خوارەوە:

١. مۆڵەتی کارپێکراو: 968 مۆڵەت بەسەرمایەی 53 ملیار و 77 ملیۆن $ لەسەر رووبەری 69336 دۆنم.

٢. مۆڵەتە هەڵوەشاوەکان: 145 مۆڵەت بەسەرمایەی 16 ملیار و 109 ملیۆن دۆلار لەسەر رووبەری 17733 دۆنم

- وەبەرهێنان لە کابینەی نۆییەم 2019/7/28 تا 2021/4/1

مۆڵەتی کارپێکراو : 119 مۆڵەت.

مۆڵەتی هەڵوەشاو: 31 مۆڵەت.

- مۆڵەتی کارپێکراو: 119 پرۆژە مۆڵەتی پێدراوە بە سەرمایەی 2 ملیار و 874 ملیۆن دۆلار لەسەر رووبەری 6011 دۆنم زەوی.


بەم شێوەی خوارەوە:

هەولێر: 49 پرۆژە بە سەرمایەی 1 ملیار و 275 ملیۆن دۆلار 44.36% لە سەرمایەی گشتی وەبەرهێنان.

سلێمانی: 27 پرۆژە بە سەرمایەی 833 ملیۆن دۆلار کە دەکاتە 28.98% لە سەرمایەی گشتی وەبەرهێنان.

دهۆک : 35 پرۆژە بە سەرمایەی 536 ملیۆن دۆلار کە دەکاتە 18.67% لە سەرمایەی گشتی وەبەرهێنان.

هەڵەبجە: 1 پرۆژە بە سەرمایەی 7 ملیۆن دۆلار کە دەکاتە 0.24% لە سەرمایەی گشتی وەبەرهێنان.





گەرمیان: 4 پرۆژە بە سەرمایەی 101 ملیۆن دۆلار کە دەکاتە 3.54% لە سەرمایەی گشتی وەبەرهێنان.

راپەڕین: 3 پرۆژە بە سەرمایەی 121 ملیۆن دۆلار کە دەکاتە 4.22% لە سەرمایەی گشتی وەبەرهێنان.

## ژمارە و سەرمایەی پڕۆژەکان بەپێی سێکتەرەکان:

1. پیشەسازی: 38 پڕۆژە بە سەرمایەی 1 ملیار و 156 ملیۆن دۆلار، لەسەر رووبەری 836 دۆنم زەوی. رێژەی (40.25%)ی سەرمایەی وەبەرهێنانی پێکهێناوە.
2. نیشتەجێبوون: 8 مۆڵەت بە سەرمایەی 731 ملیۆن دۆلار، لەسەر رووبەری 951 دۆنم زەوی. رێژەی (25.44%)ی سەرمایەی وەبەرهێنانی پێکهێناوە.
3. کشتوکاڵ: 6 پڕۆژە بە سەرمایەی 230 ملیۆن دۆلار، لەسەر رووبەری 2390 دۆنم زەوی. رێژەی (8%)ی سەرمایەی وەبەرهێنانی پێکهێناوە.
4. بازرگانی: 22 پڕۆژە بە سەرمایەی 208 ملیۆن دۆلار، لەسەر رووبەری 174 دۆنم زەوی. رێژەی (7.26%)ی سەرمایەی وەبەرهێنانی پێکهێناوە.
5. فێرکردن: 13 پڕۆژە بە سەرمایەی 190 ملیۆن دۆلار، لەسەر رووبەری 502 دۆنم زەوی. رێژەی (6.60%)ی سەرمایەی وەبەرهێنانی پێکهێناوە.
6. گەشتیاری: 18 پڕۆژە بە سەرمایەی 170 ملیۆن دۆلار، لەسەر رووبەری 154 دۆنم زەوی. رێژەی (5.93%)ی سەرمایەی وەبەرهێنانی پێکهێناوە.
7. تەندروستی: 8 پڕۆژە بە سەرمایەی 70 ملیون دۆلار، لەسەر رووبەری 10 دۆنم زەوی. رێژە (2.41%)ی سەرمایەی وەبەرهێنانی پێکهێناوە.
8. خزمەتگوزاری: 2 پڕۆژە بە سەرمایەی 58 ملیۆن دۆلار، لەسەر رووبەری 968 دۆنم زەوی. رێژەی (2.01%)ی سەرمایەی وەبەرهێنانی پێکهێناوە.
9. وەرزشی: 3 پڕۆژە بە سەرمایەی 51 ملیۆن دۆلار، لەسەر رووبەری 13




ژمارە و سەرمایەی پرۆژەکان بەپێی سێکتەر

دۆنم زەوی. ڕێژەی (1.78%)ی سەرمایەی وەبەرهێنانی پێکهێناوە.


10. هونەری: 1 پڕۆژە بە سەرمایەی 9 ملیۆن دۆلار، لەسەر ڕووبەری 10 دۆنم زەوی. ڕێژەی (0.32%)ی سەرمایەی وەبەرهێنانی پێکهێناوە.

## پڕۆژە پێشکەشکراوەکان

کۆی ئەم پڕۆژانەی لە (2019/7/28) تاوەکو (2021/4/1) بۆ هەر چوار پارێزگای: (هەولێر، سلێمانی، دهۆک، هەڵەبجە) پێشکەش بە دەستەی وەبەرهێنان کراوە بریتین لە (756) پڕۆژە بەم شێوەیەی خوارەوە:

١. پڕۆژە پەسند کراوەکان: 620 پڕۆژە
٢. پڕۆژە پەسند نەکراوەکان: 77 پڕۆژە
٣. پڕۆژە بڕیار لەسەر نەدراوەکان: 59


پرۆژە پێشکێشکراوەکان لە کابینەی نۆیەم




۱. پرۆژە پەسندکراوەکان:

لەکابینـەی نۆیـەم بەپێـی شـارەکان بریتیـن لـە 620 پـرۆژە، بـەم شـێوەیە:

(هەولێـر: 245، سـلێمانی: 217، دهـۆک: 86، هەڵەبجـە: 12، گەرمیـان: 47، ڕاپەڕیـن: 13) .





پرۆژە پەسندکراوەکان لە کابینەی نۆیەم

۲. پرۆژە پەسند نەکراوەکان:

لـە کابینـەی نۆیـەم بەپێـی شـارەکان بریتیـن لـە 33 پـرۆژە بـەم شـێوەیە:

(هەولێـر: 20، سـلێمانی: 39، دهـۆک: 10، گەرمیـان: 7، ڕاپەڕیـن: 1).





پرۆژە پەسندنەکراوەکان
لە کابینەی نۆیەم

## دابەشبوونی پڕۆژە پەسەندکراوەکان لەسەر سێکتەرەکان

پـڕۆژە پەسـەندکراوەکان لـە کابینـەی نۆیەمـی حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان 620 پـڕۆژەن و بـەو شـێوەیەی خـوارەوە دابەشـبوونەتە سـەر لـە سـێکتەرە جیـاوازەکان:

- 132 پڕۆژە لە سێکتەری بازرگانی
- 1 پڕۆژە لە سێکتەری بانک
- 49 پڕۆژە لە سێکتەری تەندروستی
- 40 پڕۆژە لە سێکتەری پەروەردە
- 154 پڕۆژە لە سێکتەری پیشەسازی
- 35 پڕۆژە لە سێکتەری خزمەتگوزاری
- 92 پڕۆژە لە سێکتەری گەشتیاری




ژمارە و سەرمایەی پرۆژەکان بەپێی سێکتەر

- 4 پرۆژە لە سێکتەری گواستنەوە و گەیاندن
- 4 پرۆژە لە سێکتەری فێرکردن
- 3 پرۆژە لە سێکتەری کارەبا
- 52 پرۆژە لە سێکتەری کشتوکاڵ
- 32 پرۆژە لە سێکتەری نیشتەجێبوون
- 1 پرۆژە لە سێکتەری هونەری
- 21 پرۆژە لە سێکتەری وەرزشی

تێبینی: 92 پرۆژە پەسندکراون و لە پلانی 2020ی وەبەرهێنان هاتوون.

## دەستەی وەبەرهێنان.. نەخشە و یاسا

1. یاسای وەبەرهێنان پێداچوونەوەی بۆ کراوە پرۆژەکەی ئامادەیە و دەستەبەری و هاندان (ضمانات و تحفيز) دەچێتە نێو یاساکە و بەمنزیکانە دەچێتە کۆبوونەوە و گفتوگۆکردن.
2. بەم نزیکانە یاسای سامانی کانزایی و ناکانزایی (فلزي و لا فلزي) تەواو دەبێت.
3. بڕیاردان بۆ چارەسەرکردنی پرۆژە جێبەجێنەکراوەکان (مشاريع متلكئة).
4. درووستکردنی نەخشەی وەبەرهێنان بە پێی پێویستی ئامادەکراوە، چونکە یەکێک لە گەورەترین کێشەکانی وەبەرهێنان کوژانەوەی زەوی کشتوکاڵی بووە.

# بە ئەلیکترۆنیکردنی کاروباری حکومەت (فەرمانگەی تەکنەلۆجیای زانیاری)

بــە ئەلەکترۆنــی کردنــی کاروبــاری حکومــەت (حکومەتــی ئەلکترۆنــی)، چ لــە ئاســت کاروبــاری ناوخــۆی حکومــەت و چ لــە ئاســت پێشکەشــکردنی خزمەتگوزارییــە ئەلەکترۆنییــەکان بــۆ هاووڵاتیــان، لە ئەرکە لە پێشــینەییەکانمان دەبێــت و بــەم هۆیــەوە ڕێگــە لــە ڕووتیــن و بەهەدەردانــی ســامانی گشــتی و کاتــی هاووڵاتیــان و دامــەزراوەکان دەگیرێــت و کوالیتیــی خزمەتگوزارییــەکان بــەرز دەکرێتــەوە.


کارنامەی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان

گەورەتریـن ئاسـتەنگ لـە بـەردەم حوکمڕانـی دیجیتاڵـی لـەو وڵاتانـەی کـە لـە قۆناغـی سـەرەتایی گەشەسـەندندان، بریتیـن لـە نەبوونـی دیـدی دیجیتاڵـی لـە ئاسـتی سـەرکردایەتی، نەبوونـی دامەزراوەیەکـی بـە هێـزی ناوەنـدی تایبـەت بـە جێبەجێکردنـی پرۆژەکانـی دیجیتاڵـی و هەروەهـا دابیننەکردنـی بودجـە بـۆ ئـەم مەبەسـتە.

کابینــەی نۆیەمــی حکومــەت لــە یەکــەم ڕۆژەوە بــە لابردنــی ئــەم بەربەســتانە دەســتیپێکرد و وەرچەرخانــی دیجیتاڵــی، وەکــو ئامانجێکــی ســەرەکی ڕاگەیانــد، بــۆ گەیشــتن بــەم ئامانجــەش، فەرمانگەی تەکنەلۆجیــای زانیاریی وەکو لایەنــی بڕیاردەر بەهێزتــر کــرد. لــە گرنگتریــن پرۆژەکانی دیجیتاڵی ئێســتای حکومەتیــش بریتین لە:

## پرۆژەی پۆرتاڵی یەکگرتووی حکومەت: GOV.KRD

یەکەم هەنگاوی دیجیتاڵی بە کردنەوەی پۆرتاڵی GOV.KRD دەستیپێکرد، بۆ ئەوەی هاووڵاتیان، دانیشتوان، وەبەرهێنەران و گەشتیاران بتوانن لە ڕێگای هەمان پۆرتاڵ خزمەتگوزاریان پێشکەش بکرێت و گوتاری حکومەت یەکبخرێتەوە و ڕێگری بکرێت لە بە فیرۆدانی سامانی گشتی، لە دروستکردنی سەدان وێبسایتی ناپیشەیی و لاوەکیی. ئێستا 19 وەزارەت، 5 فەرمانگە و 6 دەزگا و دامەزراوەی تر، لە نێو پۆرتاڵی GOV.KRD جێکراونەتەوە و بە سێ زمانی کوردی، عەرەبی و ئینگلیزی، ئەوەش دەکاتە زیاتر لە 90 وێبسایت کە لەسەر یەک پۆرتاڵ بەردەستن، نزیکەی پێنج ملیۆن جار بابەتەکانی خوێندراونەتەوە یان سەیرکراون.



### پڕۆژەی قۆناغی 2ی بایۆمەتری:

لە یەکەم کارەکانی کابینەی نۆیەم ناردنی یاسای چاکسازی بوو بۆ پەرلەمان، میکانیزمی سەرەکی جێبەجێکردنی یاسای چاکسازی، خۆی لە دامەزراندن و جێبەجێکردنی چەندین پرۆژەی دیجیتاڵی دەبینێتەوە، کە قۆناغی دووەمی بایۆمەتری بە پشت بەستن بە داتاکانی قۆناغی یەکەم جیبەجێیان دەکات.

بە مەبەستی چاکسازی لە بابەتی مووچەی فەرمانبەران و نەهێشتنی سودمەندبووی نایاسایی، داتای پێویست بۆ وەزارەتە پەیوەندیدارەکان نێردراوە و لەسەر ئەم بنەمایە کاریان لەسەر دەکرێت. بۆ نموونە لە مانگی 1 (کانوونی دووەم/ یەنایەر) وەزارەتی دارایی و ئابووری بە هۆی سودمەندبووی نایاسایی و وەرگرتنی زیاتر لە یەک مووچە، 21588 مووچەی ڕاگرتووە.

ئێستا سیستەمی دیجیتاڵی ژمێریاری مووچە، گواستنەوەی ڕاژە و میلاکات کەوتوونەتە قۆناغی جێبەجێکردن و لە مانگی 7 (تەممووز/ یۆلیۆ)، ئامادە دەبن، بەم شێوەیەش ئامانجە سەرەکییەکانی قۆناغی دووەمی پڕۆژەی بایۆمەتری دەپێکین.

### پڕۆژەی پێناسی دیجیتاڵی هاووڵاتیان:

هەر لە دەستپێکەوە، ئاسوودەیی و ڕەزامەندی هاووڵاتیان لە ڕاسپاردە سەرەکییەکانی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بۆ فەرمانگەی تەکنەلۆجیای زانیاری بووە، بۆ ئەوەی هاووڵاتیان بتوانن لە ماڵەکانیانەوە، لەسەر ئامێرەکانی دڵخوازی خۆیان و لە هەر کات و ساتێک کە ئارەزوویان بێت دەستیان بە خزمەتگوزارییەکان بگات، دەبێت ببن بە خاوەنی کۆدێکی دیجیتاڵی بێهاوتا و تایبەت بە خۆیان. هەروەها دەبێ ژێرخانی دڵنیابوونەوە (Singe sing-On) دابمەزرێت بۆ ئەوەی داتای هەستیاری کەسێک بە هەڵە بەردەست کەسێکی تر نەکەوێت.

کارکردن لەسەر ئەم پڕۆژەیە لە قۆناغێکی پێشکەتوودایە و گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی بەسەر شێوازی حوکمڕانی لە هەرێمی کوردستان دێنێت، بەجۆرێک هەر هاووڵاتیەک دەبێتە خاوەنی پێناسی دیجیتاڵی خۆی، کە کۆدێکی 13 ژمارەییە و لە سەر بنەمای کۆدەکانی هاوشێوەی وڵاتانی ئیستۆنیا و سوید داڕێژراوە. وەکو دەستپێک، پێناسی دیجیتاڵی بۆ نزیکەی نیو ملیۆن هاووڵاتی ئامادەکراوە کە فەرمانبەری حکومەتی هەرێمن، لە داهاتووێکی نزیکدا، لە ڕێگەی تایبەتەوە چەند خزمەتگوزارییەکی گشتی بۆ هاووڵاتیان کارا دەکرێت.

نمونەی لۆژیکی کۆد بۆ هاووڵاتیێک کە لەدایکبووی 1973/5/15یە


| | | G | Y | Y | M | M | D | D | S | S | S | S | S | C |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | DIN | 3 | 7 | 3 | 0 | 5 | 1 | 5 | 0 | 1 | 8 | 0 | 1 | X |
| | | | 2 | | 2 | | 2 | | 2 | | 2 | | 2 | X |
| Step 1 | | 3 | 14 | 3 | 0 | 5 | 2 | 5 | 0 | 1 | 16 | 0 | 2 | X |
| | | 3 | 5 | 3 | 0 | 5 | 2 | 5 | 0 | 1 | 7 | 0 | 2 | X |
| Step 2 | 33 | | | | | | | | | | | | | |
| Step 3 | 33 x 9 = 297 | | | | | | | | | | | | | |
| Step 4 | Checksum digit is 297 MOD 10 = 7 | | | | | | | | | | | | | 7 |
| Complete DIN | 3730515018017 | | | | | | | | | | | | | |

## پڕۆژەی سیستەمی کۆنترۆڵی خەرجیەکان:

بۆ بەرگەگرتن بەرامبەر قەیرانی دارایی، هەر لە دەستپێکی کابینەی نۆیەم، لە پێناو مۆدێرنکردن و ڕێگریکردن لە بە فیڕۆدانی سامانی گشتی، بوونە هۆی ئەوەی حکومەت بابەتی دامەزراندنی سیستەمێکی پێشکەوتوی دیجیتاڵی بۆ کۆنترۆڵی خەرجیەکانی دام و دەزگاکانی حکومەت بە فەرمانگەی تەکنەلۆجیای زانیاری بسپێرێت.

ئەم سیستەمە لە مانگی 8ی 2020ە وە لە لایەن گشت دام و دەزگاکانی حکومەتەوە بە کار دێت و پرۆسەی داواکاری خەرجی، لێکۆڵینەوە، پەسەندکردن و هتد لە نێوان دام و دەزگاکان و وەزارەتی دارایی بە تەواوی بە شێوازێکی دیجیتاڵی بەڕێوە دەبات.

تـا ئێسـتا ئـەم سیسـتەمە، زیاتـر لـە 3400 داواکاری خەرجـی بـە گوژمـەی داواکـراوی نزیکـەی یـەک تریلیـۆن دینـار لەخـۆوە گرتـووە و داتاییەکـی زۆر گرنـگ وەکو جـۆری خەرجـی، بابەتـی داواکاری هـۆی داواکاری، کاتـی تێچـوو بـۆ ڕاپەڕانـدی کارەکان و هتـد لەخـۆ دەگرێـت و بـڕە پارەیێکـی زۆری بـە هـۆی بوونـی کۆنتـڕۆل و شـەفافیەت و ڕەتکردنـەوەی داواکاری نایاسـایی بـۆ حکومـەت گەڕاندۆتـەوە. ئـەم پرۆژەیـە هیـچ تێچوویێکـی بـۆ حکومـەت نەبـووە و بـە تـەواوی و بـە کەرەسـتە پێویسـتیەکانیەوە لەلایـەن فەرمانگـەی تەکنەلۆجیـای زانیاریـەوە ئامـادە کـراوە.



## پڕۆژەی داتاسەنتەری سەرەکی بە تایبەتمەندی تی 3:

سیستەمە هەستیارەکانی کەرتی دیجیتاڵ لە حکومەت، ناکرێت لە دەرەوەی وڵات بن، چونکە پێویستە ئەو سیستەمانە بەبێ هەبوونی خزمەتگوزاریی ئینتەرنێتیش لەبەر دەست و دەسەڵاتی حکومەت هەبن، ئەوەش لە خێرایی و پارێزراوی داتا هەستیارەکانی هاووڵاتیان و حکومەتی هەرێم و کەمکردنەوەی خەرجیەکان ڕۆڵی دەبێت.

لەگەڵ دەستپێکی کابینەی نۆیەمی حکومەت و بە سەرپەرشتی ڕاستەوخۆی (مەسرور بارزانی) سەرۆک وەزیران، کار لەسەر دابینکردنی ئەم ژێرخانە هەستیار و گرنگە کراوە کە بە هۆی تایبەتمەندیەکانیەوە لە ئاستی عێراق، بێوێنە و تاکە.

گرنگترین تایبەتمەندییەکان:

1. تایبەتمەندی T3، واتە خاوەنی چەندین سەرچاوەی تەزووە لە دەرەوە و ناوەوە.
2. توانای لە خۆگرتنی سەدان خزمەتگوزاری دیجیتاڵی حکومەتی هەیە، وەکو ژێرخانی پڕۆژەی پێوەری زیرەکی وەزارەتی کارەبا، سیستەمەکانی وەزارەتی ناوخۆ، سیستەمی زانیاری دانیشووانی هەرێم، سیستەمەکانی وەزارەتی دارایی و هتد.
3. پارێزرا بوونی سیستەمەکان و داتاکان لە هەموو ڕوویەکەوە بە پێی ستاندارده جیهانییەکان و بە چاودێری بەردەوامی تیمی پسپۆری کورد.
4. بەکارهێنانی باشترین و سەرکەوتوترین ئامێرەکان و ستاندارده جیهانییەکان.

## پرۆژەی سیستەمی کۆنترۆڵی ڤیزە و هاتنەژورەوەی وەزارەتی ناوخۆ ECS


پێدانی ڤیزە بە شێوازێکی مۆدێرن هاوشێوەی وڵاتانی پێشکەتوو هەروەها دامەزراندنی چەندەها سیستەمی پەیوەندیدار و ئاڵوگۆڕکردنی زانیاری لەنێوانیاندا یەکێک لە داواکاریە سەرەکیەکانی وەزارەتی ناوخۆ بو کە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران زۆر بە بایەخ لێیان دەڕوانێت و فەرمانگەی تەکنەلۆجیای زانیاری ئەم ئەرکەی لە ئەستۆ گرتووە.

سیستەمی کۆنترۆڵی ڤیزە و هاتنەژورەوەی وەزارەتی ناوخۆ سیستەمێکی ماکرۆیە کە خۆی لە چەندین سیستەمی تر کە دەبێ داتا ئاڵۆگۆڕ بکەن پێکدێت. ئەم سیستەمانە بریتین لە:

5. پۆرتاڵی داواکردن و وەرگرتنی ڤیزای ئەلکترۆنی
6. سیستەمی بەڕێوەبردنی سپۆنسەرەکان Guarantors Information Management System (GIMS)
7. سیستەمی بەڕیوەبردنی و پرۆسە کردنی ڤیزە Visa Information Management System (VIMS)
8. سیستەمی بەڕیوەبردنی هاتنەژورەوە ودەرچوون لە سنورەکان Entry/ Exist Managment System (EEMS)
9. سیستەمی وەستاندنی ناوەندی National Stop List NSL
10. سیستەمی ناسینەوەی دیجیتاڵی سەردانکەرە بیانیەکان Foreigners Identity Management System (FIMS)

دامەزراندنی ئەم سیستەمانە بە شێوازێکی پێشکەوتوو، دەبنە هۆی پەرەسەندنی سیستەمە دیجیتاڵیەکانی وەزارەتی ناوخۆ و هەروەها بەستنەوەیان بە سیستەمەکانی تری حکومەت، وەکو باج، تۆماری کۆمپانیاکان، دەستەبەری کۆمەڵایەتی، نشینگە و.. هتد، بۆ ئەوەی سیستەمەکانی تری حکومەتیش بتوانن بە ڕێکی کار بکەن و لە ڕێگای ئاڵوگۆڕ کردنی داتا بە شێوازێکی پارێزراو و ڕێک، سوود لە یەکتری وەربگرن.

ECS Services Communication Diagram



# دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە

ژینگـەی کوردســتان گەورەتریــن ســەرمایەی هەرێمــە و کار دەکەیــن بــۆ پاراسـتنی ژینگـە و پەرەپێـدان بـە کلتـوری ژینگـە پارێـزی. کار دەکەیـن بـۆ بەکارخسـتنی سیسـتەمێکی پێشـکەوتووی ریسـایکل و چارەسـەریی زبـڵ و خاشـاك وکەمکردنـەوەی مەترسـییە ژینگەییـەکان

کارنامەی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان

راپۆرتـی داتـاو ئامارەکانـی دەسـتەی پاراسـتن وچاککردنـی ژینگـە لـە سـەرەتای دەسـتبەکاربوونی کابینـەی نۆیـەم تـا 2021/4/1

## مۆڵەت و رێگەی پێدان بە پرۆژە:

- مۆڵـەت و رێگە پێدان و رەزامەندی بۆ پرۆژەکانی (پیشەسـازی، پیشەسـازی خـۆراک، خزمەتـگوزاری، نیشـتەجێ، بازرگانـی، کشـتووکاڵی، تەندروسـتی هەروەهـا مۆڵەتـی راو و گواسـتنەوەی دار و بیـری قـوڵ و هەروەهـا مۆڵـەت پێدانـی بەشـی تیشـک، بـەم شـێوەیەی خـوارەن:

1. هەولێر (778) پرۆژە
2. دهۆک (541) پرۆژە
3. سلێمانی (698) پرۆژە
4. گەرمیان (261) پرۆژە
5. راپەرین (146) پرۆژە

کۆی گشتی: 2424 پرۆژە



## پێنەدانی ڕەزامەندی بە پڕۆژە:

- پێنەدانی ڕەزامەندی بۆ پڕۆژەکان، هەندێک لە پڕۆژەکان لەگەڵ ژینگە و یاساو ڕێنماییەکانی تایبەت بەژینگە ناگونجێن، بۆیە ڕەزامەندیان پێنەدراوە، بەم جۆرەی خوارەوە:




هەولێر (22) پڕۆژە

سلێمانی (6) پڕۆژە

دهۆک (4) پڕۆژە

ڕاپەڕین (5) پڕۆژە

کۆی گشتی: 37 پڕۆژە

## کەیسەکانی دادگا:

هەولێر:

1. ژمارەی کەیسەکانی دادگا و ژ. سکاڵا (441)
2. سزاو پێژاردن (23) کەیس
3. ژ. بەڵین نامە (172) کەیس

سلێمانی:

1. کەیسی دادگا (220) کەیس
2. سزاو پێ بژاردن (21) کەیس
3. ژ. بەڵین نامە (729)کەیس

دهۆک:

1. کەیسی دادگا و ژ. سکاڵا (50)
2. ژ. سزدان و پێبژاردن (23) کەیس
3. ژ. سەرپێچی و بەڵێننامە (45) کەیس

گەرمیان:

1. ژمارەی کەیسەکانی دادگا (3) کەیس

ڕاپەڕین:

1. ژمارەی کەیسەکانی دادگا (65) کەیس
2. ژمارەی بەڵێننامە (115) کەیس

کۆی گشتی پێ بژاردن بۆ خاوەن پرۆژەکان کە پابەندی ڕێنماییەکانی ژینگە نەبوون لە سەرەتای دەستبەکاربوونی کابینەی نۆیەم تا 2021/4/1 بریتی بووە لە: 144,547,237 سەد و چل و چوار ملیۆن و پێنجسەد و چل و حەفت هەزار و دووسەد و سی و حەوت دینار.

- چاودێری و بەدواداچوون و پشکنین بۆ پرۆژە:

چاودێری و بەدواداچوون و پشکنین بۆ پرۆژە (کشتوکاڵی، بازرگانی، پیشەسازی، خزمەت گوزاری، تەندروستی و پاڵاوگەکانی نەوت هتد، بەمەبەستی جێبەجێکردنی ڕێنماییە ژینگەییەکان.

لە هەولێر (326) پرۆژە

سلێمانی (1710) پرۆژە

دهۆک (1911) پرۆژە

گەرمیان (124) پرۆژە

ڕاپەڕین (158) پرۆژە

کۆی گشتی: 4229 پرۆژە



• پشکنین تاقیگەیی:

پشـکنین تاقیگەیـی بـۆ نموونـە (پشـکنینی کیمیـاوی خـاک، پشـکنینی بکتریۆلۆجـی ئـاو، پشـکنینی کیمیـاوی ئـاو ) و چەنـد جۆرێکـی تـری پشـکنین لـە تاقیگەکانـی ئێمـە لـە فەرمانگـەی شـارەکان ئەنجـام دەدرێـن، ئەمانیـش بەم جـۆرە بوونـە:

هەولێر

ژ. نموونە : (518)

ژ. پشکنین : (13449)

سلێمانی:

نموونە (266)

پشکنین (12217)

دهۆک:

نموونە (3950)

پشکنین (20986)

کۆی گشتی ژمارەی نموونەکان 4734

کۆی گشتی جۆرەکانی پشکنین 46652

• لە بڕی سەوزکردن بۆ کارگە:

ڕێـژەی لـە بـڕی سـەوزکردن بـۆ ئـەو کارگـە و پڕۆژانـەی پێـش یاسـای ژمارە 8ی سـاڵی 2008ی دەسـتەی پاراسـتن وچاککردنـی ژینگـەی هەرێـم مۆڵەتیـان وەرگرتـوە وشـوێنی سـەوزکردنیان نیـە لـە پڕۆژەکـەدا = (6450) م2.

- هەڵمەتی هۆشیاری و ڕاگەیاندن:

– هەڵمەتـی هۆشـیاری و ڕاگەیانـدن کـە بریتیـە لـە (پێشـوازی کـردن لـە ڕێکخـراوەکان وژینگـە پارێـزەکان، هەڵمەتـی نمـام چانـدن لەگەڵ ڕێکخـراوەکان، سـەردان کردنـی شـوێنە جیاجیاکان، بەشـداری کردن لە دیـدارە تەلەفزیونیەکان ولێداونـە ڕادیۆیـەکان ئەنجامـدان وبەشـداریکردن لـە سـیمینارەکان و ووركشـۆپەکان، هـەر وەهـا هەڵمەتـە جۆراوجۆرەکانـی بڵاوکردنـەوەی هۆشـیاری دژ بـە پەتـای کۆرۆنـا:

هەولێر (43)

ف. هۆشیارکردنەوەی ژینگە و ڕاگەیاندن (181)


دهۆک (566)

سلێمانی (20)

گەرمیان (102)

ڕاپەڕین (121)

کۆی گشتی: 1114 چالاکی



# دەستەی گشتیی گەشتوگوزار

> کار دەکەین بۆ ئەوەی ئابووریی هەرێم فرە چەشن و فرەرەهەند بێت و تەنیا پشت بە نەوت و غاز نەبەستریت، بۆ ئەم مەبەستە پەرە بە کەرتەکانی کشتوکاڵ و پیشەسازی و گەشتیاری دەدەین و هەوڵ بۆ ڕاکێشانی وەبەرهێنانی دەرەکی لەم کەرتانەدا دەدەین.
>
> کارنامەی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان

## کار و پڕۆژە و چاکسازییەکان:

لە ماوەی دەستبەکاربوونی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەستەی گشتی گەشتوگوزار دەستیکردووە بە دانانی بەرنامەی ستراتیجی و چالاکیی جۆراوجۆر بۆ پێشخستنی کەرتی گەشتوگوزار. بۆ ئەم مەبەستەش دەیان سەردانی مەیدانی و کۆبوونەوە و سمینار و ئیڤێنتی تایبەت بەم بوارەی کردووە لەگەڵ ڕێکخراوە ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکان و مامۆستایانی زانکۆ و وەزارەتە پەیوەندارەکان و سەرمایەداران بە مەبەستی پێشخستنی کەرتی گەشتوگوزار. سەرەڕای دانانی پلانی کورتخایەن و درێژ خایەن بۆ جێبەجێکردنی پڕۆژەکانی تایبەت بەم کەرتە هەنگاوە سەرەتاییەکانیش دەستیانپێکراوە . لەبەر فراوانی کەرتی گەشتوگوزار و فۆڕمە جیاوازەکانی ئەم کەرتە و پۆلێنکردنی فۆرمەکان بە مەبەستی ئاسانکاری. دەستکراوە بە دەستنیشانکردنی فۆرمەکان بە شێوەی ئەکادیمی و جیاکردنەوەیان، پاشان کارکردن لەسەر هەریەک لەم فۆرمانە بە شێوەی تایبەت و دانانی پلانی ورد بۆ جێبەجێکردنی خزمەتگوزارییەکان. ئەم فۆرمانەی کە کاری لەسەرکراوە خۆی دەبینێتەوە لە گەشتوگوزاری ئایینی، گەشتوگوزاری، پیشەسازی،

گەشــتوگوزاری کەلتــوری، گەشــتوگوزاری لادێ، گەشــتوگوزاری سەرکێشــی، گەشـتوگوزاری کشـتوکاڵ، گەشـتوگوزاری تەندروستی، گەشـتوگوزاری سروشتی و گەشــتوگوزاری بازرگانــی. دوای کارکــردن و پۆلێنکردنــی گەشــتوگوزار، دەســتەی گشــتی گەشــتوگوزار دەســتی بــە کاروچالاکییەکانــی خــۆی کــرد لــە ڕێگــەی ئــەو بەشــانەی کــە لەنــاو دەســتەدا هــەن، وەک بەشــی مارکێتینــگ و بەشــی هونــەری و بەشــی توانــا مرۆییــەکان. کار و چالاکییــەکان خــۆی لــەم خاڵانــەی خــوارەوە دەبینێتــەوە.

1. ئەنجامدانی کۆنفرانســی ســێ ڕۆژە بۆ ئامادەکردنی پرۆژە یاسا بۆ دەســتەی گشــتی گەشــتوگوزار: ئــەم چالاکییــە لــە کۆمەڵێــک کەســاییەتی حکومیــ لــە زۆربــەی وەزارەتــە پەیوەندیــدارەکان بــە گەشــتوگوزار و مامۆســتایانی زانکــۆ و ســەرمایەدارانی کوردســتان بەڕێوەچــوو. ئــەم کۆنفرانســە ســێ ڕۆژی خایانــد لــە کۆتاییــدا ڕەشنوســێکی تۆکمــە ئامادەکــراو پێشــکەش بــە پەرلەمانــی کوردســتان کــرا.

2. ئامادەکردنی پرۆژەی هۆشـیاری گەشـتیاریی: دەسـتەی گشـتی گەشتوگوزار لـە پلانــی خۆیــدا بــە وردی کار لەســەر هۆشــیاری گەشــتیاری دەکات تــا لــە ڕێگــەی دروســتکردنی ڤیدیــۆ و ســلۆگانی تایبــەت کــە وا بــکات هاووڵاتیــان بە هۆشــیارییەوە مامەڵــە لەگــەڵ گەشــتیاری بکــەن. ئەمــەش وادەکات گەشــتیار هەســت بــە ســەلامەتی بــکات و کاریگــەری لەســەر ئاســتی ژمــارەی گەشــتیار دەبێت.

3. یاداشـتنامەی لێکتێگەیشـتن بـۆ پەرەپێدانـی گەشـتوگوزاری ئایینـی لەگـەڵ وەزارەتــی ئەوقــاف: ئــەم لێکتێگەیشــتنە تایبەتــە بــە گەشــتوگوزاری ئایینــی کــە چەنــد خاڵــی گرینــگ لــە خــۆ دەگرێــت بــۆ پەرەپێدانــی گەشــتوگوزاری ئایینــی. لــە بەرنامــە و پلانــی دەســتەی گشــتی گەشــتوگوزاردا هەیــە کــە لەگــەڵ زۆربــەی ئــەو وەزارەتانــەدا بکــرێ کــە فۆرمەکانــی گەشــتوگوزار دەیانگرێتــەوە وەک وەزارەتــی تەندروســتی و وەزارەتــی گواســتنەوە و گەیاندن و وەزارەتــی پــەروەردە و وەزارەتــی ڕۆشــنبیری و وەزارەتــی خوێندنــی بــاڵاو

وەزارەتـی پیشەسازی حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان. بـۆ ئـەم مەبەسـتەش دەسـتکراوە بـە ئامـادەکاری بـۆ کارکردنـی درێژخایـەن.

4. یاداشـتنامەی لێکتێگەیشـتن بـۆ پەرەپێدانـی گەشـتیاری خوێنـدن و پێداچونـەوە لـە پرۆگرامەکانـی خوێنـدن لـە بـواری گەشـتیاری لـە هەرێمـی کوردسـتان: وەزارەتـی پـەروەردە و دەسـتەی گەشـتوگوزار رێکەوتـن کـە هەماهەنـگ بـن بـۆ پێداچوونـەوە بـە خوێندنـی پیشـەیی گەشتوگوزار . ئـەم هەماهەنگییـە زیاتـر بـۆ پێداچوونەوەیـە بەسیسـتەمی خوێنـدن و رێکخسـتنی پرۆگرامـی ئامـادەی پیشـەیی گەشـتوگوزار، ئـەم رێکخسـتنە بەجۆرێـک دەبێـت کـە سـوود بـە ئاسـتی بەرزکردنـەوەی توانـای مرۆیـی دەگەیەنێـت، هەروەهـا دەرچووانـی پیشـەیی بتوانـن درێـژە بـە خوێنـدن لـە پەیمانگـە و زانکـۆکان بـدەن

5. هەماهەنگیـەکان لەگـەڵ وەزارەتـی کشـتوکاڵ وەزارەتـی دارایـی: ئاسـانکاری بـۆ تەرخانکردنـی ئـەو زەویانـەی کـە موڵکـی وەزارەتـی کشـتوکاڵن دەکەوێتـە چوارچێـوەی ماسـتەر پلانـی دەسـتەی گشـتی گەشـتوگوزار بـۆ ئـەم مەبەسـتەش هەماهەنگییـەکان لەگـەڵ وەزارەت دارایـی و شـارەوانیش بەردەوامـە.

6. لێکتێگەیشـتن لەگـەڵ وەزارەتـی خوێندنـی بـاڵا لەسـەر بنەمـای پەرەپێدانـی ئاسـتی قوتابیـان و خوێندکارانـی گەشـتوگوزار و پێدانـی کورسـی خوێنـدن بـۆ کارمەندانـی دەسـتەی گشـتی گەشـتوگوزار لـە پسـپۆڕی گەشـتیاری، ئـەم هەماهەنگییـە بـۆ زیاتـر بەرزکردنـەوەی ئاسـتی زانسـتییە لـە کەرتـی گەشـتوگوزار هەروەهـا هەمەهەنـگ دەبـن بـۆ چاکسـازی لـە میتـۆدی خوێنـدن لـەم بـوارەدا. وەزارەتـی خوێندنـی بـاڵا جەختـی لەسـەر پێدانـی کورسـی خوێنـدن بـۆ ماسـتەر و دکتـۆرا کـرد لـە بـواری گەشتیاری ئەمـەش هەنگاوێکـی گـەورە و خزمەتێکـی دیکەیـە بـۆ بـواری گەشـتوگوزار.

7. هەماهەنگـی لەگـەڵ وەزارەتـی تەندروسـتی: یەکێـک لـە کەرتـە گرینگەکانـی بـواری گەشـتوگوزار لـە هەرێمـی کوردسـتان گەشـتوگوزاری

چارەسەرییە. کوردستان شوێنگەلێکی تایبەتی بە چارەسەری سروشتی هەیە وەک ئاوی گەڕاو و شوێنی دیکە کە بۆ چارەسەری سروشتی سودی لێوەردەگیرێت.

8. هەماهەنگی لە نێوان وەزارەتە پەیوندیدارەکان دەربارەی ڕێگاوبان لە ئەولەویەتی دەستەی گشتی گەشتوگوزار گەیاندنی خزمەتگوزاریی سەرەتایی بووە بۆ هاوولاتیانی کوردستان. ئەو شوێنانەی کە پێویستیان بە خزمەتگوزارییە لە بواری کارەبا و ڕێگاوبان و پێداویستییەکانی وەک WC و شوێنی خۆ گۆڕین کە بە دیزاینی مۆدێرن لە زۆربەی شوێنە گرینگەکانی کوردستان دابنرێت. بۆ ئەو مەبەستەش وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و وەزارەتی کارەبا هەماهەنگ و هاوکار بووینە.

9. هەماهەنگی لەگەڵ ژوورە بازرگانییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ڕاهێنانی ڕێبەری گەشتیاری. ڕێکەوتن لەگەڵ سەرۆکی ژوورە بازرگانییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان کرا کە ڕاهێنان بە 100 کەس بکرێت لە خوێندکار و قوتابیانی بەشە گەشتیارییەکان لە زانکۆ و پەیمانگە و ئامادەییەکانی کوردستان بە مەبەستی ڕاهێنان لە بواری ڕێبەری گەشتیاری.

10. کردنەوەی بەشی کارە دەستییەکان لە هەیکەلییەتی تازەی گەشتوگوزار، ئەم پرۆژەیە گرینگی بە بەرهەمە ناوخۆییەکان دەدات لە رووی خواردن و کەلتور و هونەرییەوە بۆ ئەم مەبەستەش هۆتێلەکانی کوردستان ئاگادارکراونەتەوە کە گرینگی بە بەرهەمە ناوخۆییەکانی هەرێمی کوردستان بدرێت بە مەبەستی کردنەوەی پێشانگە و هەڵواسینی تایبەت بە هونەر و کەلتوری کوردی بۆ بەشێک لە کارە هونەرییەکانی هونەرمەندانی شێوەکار و فۆتۆگرافەر و ئەو کاسانەی کاری دەستی دەکەن دابنرێت. گرینگی بە هێزی کاری دەستی ناوخۆ بدرێت بۆ ئەوەی کۆمەڵێک هەلی نوێی کار دابین بکەین.

11. ئامادەکردنی کۆنووسی ڕێبەری گەشتیاریی دەستەی گشتی گەشتوگوزار

پـرۆژەی خـۆی بـۆ رێبـەری گەشـتیاری پێشـکەش بـە ئەنجومەنـی وەزیرانکرد بـە مەبەسـتی دروسـتکردنی هەلیـکار بـۆ دەرچووانـی گەشـتیاری زانکـۆ و پەیمانگەکانـی حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان. هـەر لـەو روانگـەوە دەسـتی کـردووە بـە راهێنانـی رێبـەری گەشـتیاری لەگـەڵ کەرتـی تایبـەت. سـەرەتا لـە شـاری سـلێمانی دەسـتکراوە بـە راهێنانـی 25 رێبـەر لـە دەرچووانی زانکۆ و پەیمانـگا و ئامادەییەکانـی گەشـتیاری. لـە شـاری هەولێریـش دەسـتکراوە بـە ئامـادەکاری بـۆ دروسـتکردنی 25 رێبـەر گەشـتیاری کـە ئامـادە دەکرێـن بـۆ کارکـردن لـە جۆرەکانـی گەشـتیاری.

12. ئامادەکردنــی پــرۆژەی رووپێــوی شــوێنە گەشــتیارییەکانی هەرێمــی کوردسـتان : ئـەم پرۆژەیـە درێژخایەنـە و کاری وردی لەسـەر کـراوە بـەم نزیکانـە بـە هـاوکاری کەرتـی تایبـەت دەچێتـە بـواری جێبەجێکـردن کـە دەبێتـە ناوەندێـک بـۆ داتـا و زانیـاری لـە کەرتـی گەشـتوگوزار.

13. پێداچونـەوە بـە رێنمایـی مـەی فرۆشـتن: پێداچونـەوە بـە برگەکانـی مـەی فرۆشـتن بـە مەبەسـتی رێکخسـتنەوە و باشـکردنی بـۆ گونجاندنـی لەگـەڵ سـەردەمی ئێسـتای هەرێمـی کوردسـتان.

14. پـرۆژەی قـەرزی بچـوک و مامناوەنـد بـۆ بـواری گەشـتیاری لەگـەڵ بانکـە ئەهلیەکانــی هەرێمــی کوردســتان و عێــراق: زۆر بــەی پــرۆژەکان لەبــەر قەیرانــی دارایــی ئەنجامنادرێــت بۆیــە دەســتەی گشــتی گەشــتوگوزار بــە هـاوکاری ئـەم بانکـە ئەهلیانـە هـاوکاری کەرتـی تایبـەت دەکات لـە هەرێمـی کوردسـتان. بـۆ جێبەجێکردنـی پـرۆژەی گـەورە و بچـوک.

15. جەختکردنــەوە لــە دامەزراندنــی دەرچووانــی گەشــتیاری لــە هەرێمــی کوردسـتان لـە بنکـە گەشـتیارییەکان بـە رێـژەی سـەدا پەنجا لـەو رێژەیـەش لــە ســەدا 50% بــۆ ژنــان تەرخانکــراوە: دەســتەی گشــتی گەشــتوگوزار بــەردەوام هەوڵــی جــدی داوە بــۆ دابینکردنــی هەلــی کار بــۆ دەرچوانــی گەشـتیاری و ئـەو کەسـانەی ئەزموونیـان لـە بـواری گەشـتیاری هەبـووە بـە تایبەتیـش چـاوی لـەوە بـووە کـە ئـەم هەلـی کارە بـە یەکسـانی لـە

نێوان پیاو ژن دابەشبکرێت بۆیە ڕەچاوی ڕێژەی ژن کراوە لە هەموو ئەو کارانەی کە دەستە پێیهەڵدەستێت.

16. دانانی خەڵاتی جۆری (Quality Award) بۆ بنکەکانی مانەوەی گەشتیاری لە ساڵی 2016 بەپێی پێوەرە نێودەوڵەتییەکان لە بواری بەڕێوەبردنی جۆری و لە ساڵی 2018 دا بواری پێدانی خەڵاتەکە فراوانکرا بە جۆرێک کە چێشتخانە و کافتیریا و خواردنی خێرا و کۆمپانیاکانیش بگرێتەوە.

17. دروست کردنی داتا بەیسی ئەلکترونی بۆ پرۆسەی پشکنینی بنکە و کۆمپانیا گەشتیارییەکان.

18. دروستکردنی شوێنی حەوانەوە بۆ گەشتیاران لە بازگەکانی هەرێمی کوردستان: دەستەی گشتی گەشتوگوزار لە هەوڵی ئاسانکارییە بۆ گەشتیارانی ناوەراست و خوارووی عێراق بۆ ئەوەی لە کاتی پشکنینی بازگەکان بتوانن ساتێک لەو شوێنە پشوویەک وەربگرن. ئەم پرۆژەیەش بە هاوکاری وەزارەتی دارایی بەم نزیکانە دەچێتە بواری جێبەجێکردن.

19. دەستەی گشتی گەشتوگوزار بە پرۆژەیەک لەگەڵ FFER-KRG لە چوارچێوەی هاوکارییەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ گەشەپێدان لە عێراق هەڵدەستێت بە پێداچوونەوەی سیاسەت و ستراتیژی لە یاسای گەشتوگوزار. هەروەها پرۆسەی ڕێکاری ئەنجامدانی کوالێتی کۆنترۆڵ بۆ خزمەتگوزارییە گەشتیارییەکان.

## ژماردنەوەی ماڵ و موڵکی میری (جرد الممتلكات)


> بـە هەمـوو تواناکانـەوە، ڕووبـەڕووی هەمـوو جـۆرە گەندڵیەکی دارایـی و کارگێڕی دەبینـەوە و ڕێگرەبیـن لـە بەهەدەردانـی سـامانی گشـتی و زێدەڕۆیـی بـۆ سـەر موڵـك و مومتەلەکاتـی هەرێـم، ئەمـەش لـە ڕێگـەی کاراکـردن و پشـتیوانی کردنـی دامـەزراوە فەرمـی و یاسـاییەکانی هەرێمـی کوردسـتان بـە تایبەتـی پەرلەمـان و دیوانـی چاودێـری دارایـی و دەسـتەی نەزاهـە و داواکاری گشـتی
>
> کارنامەی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان

حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان لەگـەڵ دەسـتبەکار بوونـی دەسـتی کـردووە بـە ژماردنـەوەی سـەرجەم زەوی و زار وموڵمـی میـری. پێداچوونـەوە بـە ژماردنـەوە و ڕێکخسـتنیان بـە شـێوەیەک:


1. ژماردنەوەی زەوییە چۆڵەکان.
2. ژماردنەوەی بیناکانی حکومی و ڕێکخستنەوەیان.
3. ڕێکخستنەوەی کرێی دامودەزگا حکومییەکان.

ئەمانـەی خـوارەوە داتـای 80% ژماردنـەوە و جەردکردنـی موڵـک و ماڵـی حکومەتـە و کۆکردنـەوە و بەداتاکردنـی هەمـوو موڵکەکانـی میرییـە لەسـەر داتابەیـس:


1. ٪80 خانوو باڵەخانەکانی میری




2. ٪80 خانوو باڵەخانەکانی میری



3. 80٪ جەردکراوی باڵەخانەکانی میری کە ژمارەیان 24, 859 بە پێی شار و ئیدارەکان




## رێکخستنەوەو چاکسازی

بە شێوەیەکی گشتی لەسەر فەرمان و راسپاردەی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ چاکسازی لە رێکخستنەوەی موڵک و ماڵی حوکمەت و زیادکردنی داهات و کەمکردنەوەی خەرجی، لیژنەی جەرد کردنی موڵکی حکومەت، هەنگاوەکانی چاکسازی و رێکخستنەوەی موڵکەکانی حکوومەتی بۆ چەند هێڵ دابەشکردوون، لەوانە:

1. کۆکردنەوە و بەداتاکردنی هەموو موڵکەکانی میری لەسەر داتابەیس بە پرۆگرامێکی پێشکەوتووی هاوچەرخ بەمەبەستی بەدەست گەیشتنی زانیارییەکان بەشێوەیەکی ئاسان لەرووی جۆری موڵک، خاوەندارێتی، لایەنی بەکارهێن، مەبەستی بەکارهێنان، رووبەر، شوێن، نرخ... هتد).
2. بەڕێوەبردنی موڵکەکان لەلایەن دامەزراوەیەکی تایبەتمەند
3. فرۆشتنی ئەو موڵکانەی حکومەت کە بەهۆی فراوانبوونی شارەکانەوە بۆ بەکارهێنانی وەزارەت و دام و دەزگاکانیان گونجاو نین

4. سوود وەرگرتن لە شوێن و پێگەی جوگرافی و بازرگانی هەندێ لە موڵکەکانی حکوومەت کە گونجاو نین بۆ بەکارهێنانی وەزارەت و دام و دەزگاکان

5. ڕێکخستن و کۆنترۆڵکردنی مامەڵەکانی تەرخانکردن بەمەبەستی بە کرێدان، موساتەحە،وەبەرهێنان، ڕێگەگرتن لە ناعەدالەتی و قۆرخکاری

6. ڕێکخستن و کۆنترۆڵکردنی هەموو ئەو داهاتانەی لە کرێی ئەو موڵکانە بەدەست دێن و زیاد کردنیان بەپێی بارودۆخ بۆ بەرژەوەندی گشتی

7. پارێزگاری و داکۆکی کردن لە زۆرترین سوود و بەرژەوەندی گشتی لەهەر تەرخانکردنێکی زەوی و موڵکەکانی حکوومەت بۆ مەبەستی بازرگانی یان وەبەرهێنانی کەرتی تایبەت

8. گرنگیدان بە بیرۆکەی هاوبەشی لە نێوان حکوومەت و کەرتی تایبەت

9. ڕێگەگرتن لە هەموو ئەو کەس و لایەنانەی بە شێوەیەکی نایاسایی موڵکەکانی حکوومەتیان بەکارهێناوە

10. بەبێ ئاگاداری لایەنی تایبەتمەند ناتواندرێ هیچ موڵکێکی حکوومەت تەرخان بکرێت یان هیچ مامەڵەیەکی پێوە بکرێت.

11. بەکارهێنانەوەی بەردەوامی بەشێک لە داهاتی موڵکەکان بۆ پەرەپێدان و فراوانکردنیان

12. بەکارهێنانەوەی هەندێ لە موڵکەکان یان ئەو داهاتەی لێیانەوە بەدەست دێت بۆ دروستکردنی نەخۆشخانە، قوتابخانە، ناوەندەکانی خوێندنی ئەکادیمی بۆ زانکۆ و پەیمانگاکان.

# پشتیوانی کاری چاودێریی پەرلەمانی

پشتیوانی کاری چاودێریی پەرلەمانی دەکەین و بۆ ئەم مەبەستەش پابەند دەبین بە هەموو رێکارەکانی چاودێری لە پەرلەمانی کوردستان بە پێی یاسا پەیڕەوی ناوخۆ و بنەماکانی کاری پەرلەمانی. هەروەها بە پێی بنەماکانی کاری پەرلەمان، رێز لە ئۆپۆزسیۆنی پەرلەمانی دەگرین.

کارنامەی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان

## پرۆژە یاسای حکومەت بۆ پەرلەمان

ئەمانەی خوارەو بەشێکن لەو پرۆژە یاسایانەی کە لە لایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە دروانەتە پەرلەمان و لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە دەرکراون، یان لە ئەجێندا دان:

1. پرۆژە یاسای چاکسازی لە موچە و دەرماڵە و دەرماڵە و بەخشین و ئیمتیازاتەکان و خانەنشینی لە هەرێمی کوردستان.
2. پرۆژە یاسای مادەی هۆشبەر.
3. پرۆژە یاسای وەبەرهێنان.
4. پرۆژە یاسای فرۆشتن و بەکرێدانی خەزێنەی وڵات (بیع و اجار اموال الدولة).
5. پرۆژە یاسای مافی نەخۆش.
6. پرۆژە یاسای ئەنجومەنی باڵای پسپۆریەتی پزیشکی (قانون المجلس الاعلی للاختصاصات الطبية).

7. پرۆژە یاسای دەروازە سنوورییەکان.
8. پرۆژە یاسای وەبەرهێنانی پیشەسازی.
9. پرۆژە یاسای پاراستنی بەرهەمهێن (حماية المنتج).
10. پرۆژە یاسای کار و دەستەبەری یاسای خواردن و دەرمان (Food and Drug).
11. پرۆژە یاسای چاکسازی (راپۆرتی دووەمی هەنگاوەکانی جێبەجێکردنی یاسای چاکسازی کە حکومەتی هەرێمی کوردستان لە 2021/4/26 ناردە پەرلەمانی کوردستان).

# بەشی چوارەم

# جێبەجێکردنی یاسای چاکسازی

# لیژنەی باڵای جێبەجێکردنی یاسای چاکسازی

## راپۆرت و بەدواداچوون

## راپۆرتی یەکەم

لیژنەی باڵای جێبەجێکردنی یاسای چاکسازی بەهەماهەنگی لەگەڵ دیوانی چاودێری دارایی و دەستەی دەسپاکی بەردەوام بەدواداچوونی بۆ جێبەجێکردنی مادده و برگەکانی یاسای ژمارە 2ی ساڵی 2020، یاسای چاکسازی لە مووچە و دەرماڵە و بەخشین و ئیمتیازاتەکان و خانەنشینی لە هەرێمی کوردستان – عێراق کردووە و لەم راپۆرتەدا باری بەرێوەچوونی رێککارەکانی جێبەجێکردنی ئەم یاسایە بۆتان دەخەینە روو بەپێی راپۆرتی وەزارەت و لایەنە نەبەستراوەکان بە وەزارەتەکان.

یەکەم: لیژنەی باڵای جێبەجێکردنی یاسای چاکسازی لە کۆبوونەوەی ژمارە (4) ساڵی 2021 لە2021/2/8 ئەم راسپاردە و بریارانەی خوارەوەی دەرکرد:

1. چارەسەرکردنی دیاردەی رۆتین: نەهێشتنی بابەتی رۆتین لە دامودەزگاکانی حکومەت بەشێوەیەکی کرداری پەیرەو بکرێت. هاوکات دووبارە چاوخشاندەوە بکرێت بە دەوامی رۆژانەی فەرمانبەران لە دام و دەزگاکان بە رەچاوکردنی بارودۆخی تەندروستی هەرێمی کوردستان.

2. راسپاردنی وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە بە:

ا. سەرجەم دۆسیەی خانەنشینان و کەم ئەندام و پەککەوتەی

سەنگەر لە هەردوو یەکەی 70 و 80 بدرێتە بەڕێوبەریەتی گشتی خانەنشینی لە وەزارەتی پێشمەرگە.

ب. بەڕێوەبەرایەتی گشتی خانەنشینی لە وەزارەتی پێشمەرگە بەپێی یاسای چاکسازی ژمارە 2ی ساڵی 2020 وەک لە ماددەی 8 هاتووە گشت میلاک و موڵک و ماڵی گواستراوەی و دۆسیە و بەراییەکانی خانەنشینان دەگوازێتەوە سەر بەڕێوبەرایەتی گشتی خانەنشینی وەزارەتی دارایی و ئابووری حکومەتی هەرێمی کوردستان دوای تەواوکردنی ئەم پڕۆسەیە هەیکەلیەتی نوێی بەڕێوبەرایەتی گشتی خانەنشینی لەلایەن ئەنجومەنی وەزیران پەسند دەکرێت.

ت. ئامادەکردنی دوا پێشنیاریان بۆ یەکخستن و ڕێکخستنی هەیکەلی هێزەکانی وەزارەتی پێشمەرگە و هەردوو یەکەی 70 و 80 و، دەستنیشانکردنی ژمارە و میلاکیان بەپێی پێویستی سیستەمی بەرگری هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی پڕۆژەی چاکسازی هاوپەیمانان و خستنە ڕووی لە کۆبوونەوەی لیژنەی تایبەتمەند بە چاکسازی و یەکخستن و ڕێکخستنی بودجە و میلاکی هێزەکانی پێشمەرگە پرۆسەکەش بەسەرۆکایەتی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و ئەندامێتی جێگری سەرۆک وەزیران و وەزیرەکانی کاروباری پێشمەرگە، ناوخۆ، دارایی و ئابووری بەڕێوە دەبرێت.

3. بۆ پێداچوونەوەی دۆسیەی فەرمانبەران لیژنەی باڵا ئەم ڕاسپاردانەی خستە ڕوو:

ا. بۆ تەواوکردنی پێداچوونەوەی دۆسیەی فەرمانبەران لە چوارچێوەی یاسای چاکسازی پێویستە وەزیر و سەرۆکی دەستە و فەرمانگە نەبەستراوەکان ڕاستەوخۆ سەرپەرشتی ئەم پڕۆسەیە بکەن لە وەزارەت و دامەزراوەکانیان بۆ ئەوەی لە ماوەیەکی گونجاو کۆتایی پێ بێت.

ب. وەزارەتی دارایی و ئابووری بەهەماهەنگی وەزارەتی پلاندانان و ناوەندی ڕاوێژی یاسایی و ستراتیژی لە ئەنجومەنی وەزیران هەڵدەستن بە پێدانی ڕوونکردنەوەی پێویست بۆ سەرجەم لیژنەکانی وەزارەت و لایەنە نەبەستراوەکان بە وەزارەت لەسەر چۆنیەتی جێبەجێ کردنی ڕێنمای دارایی ژمارە 12ی ساڵی 2020 تایبەت بە پێداچوونەوەی دۆسیەی فەرمانبەران لە چوارچێوەی یاسای چاکسازی.

4. بۆ تەواوکردنی پرۆسەی دامەزراندنی سندوقی خانەنشینی لیژنەی باڵا ئەم ڕاسپاردانەی خوارەوەی دەرکرد:

ا. ڕاسپاردنی وەزارەتی دارایی و ئابووری بە دامەزراندنی سندوقی خانەنشین بەپێی پەیڕەوی ناوخۆیی سندوقی خانەنشینی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستانی عێراق ژمارە (٧)ی ساڵی 2020 و ڕێنمایی دارایی ژمارە (24) بە نوسراوی ژمارە (5922) لە 2020/11/25 ئەم سندوقە لە چوارچێوەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی خانەنشینی لە ڕووی ژمارەی فەرمانبەران و دابینکردنی کەل و پەلی پێویست و بینا بۆ ئەم سندوقە ڕێکدەخرێت.

ب. ڕاسپاردنی هەردوو بەڕێزان وەزیری دارایی و ئابووری و وەزیری پلاندانان بە ئامادەکردنی دیراسەتێکی وورد لەسەر سیستەمی بانکی لە هەرێمی کوردستان و کردنەوەی ئەژماری بانکی بۆ مووچەخۆران و فەرمانبەران و پێشنیار و ڕاسپاردەکانیان بۆ ئەنجومەنی باڵای ئابووری بەرز بکەنەوە بۆ ئەوەی بڕیاری پێویستی لەسەر بدرێت و یەکلا بکرێتەوە.

ت. وەزارەتی دارایی و ئابووری لەسەر ئاستی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان لایەنی پەیوەندیدار دەستنیشان بکات بۆ وەرگرتنی تانەی ئەو کەسانەی کە مووچەکانیان ڕاگیراوە کە لە دووجار زیاتر تۆمارکراون لە سیستەمی بایۆمەتری.

5. ڕاسپاردنی وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان بۆ چارەسەرکردنی کێشە و گیر وگرفتەکان لە بەردەم پرۆسەی پێداچوونەوەی دۆسییەی شەهیدان و زیندانیان و ڕاگیراوی سیاسی و جەختکردن لەسەر جێبەجێکردنی یاسای چاکسازی لەلایەن لیژنەکانی وەزارەتەوە و سەرجەم وەزارەت و لایەنە نەبەستراوەکان بە وەزارەت و بەپێچەوانەوە لەبەرامبەر هەر کەم و کوڕی و کەمتەرخەمییەک دەبێت لێپێچینەوەی یاساییان لەگەڵ بکرێت.

6. ڕاسپاردنی وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی بە هەماهەنگی دیوانی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتی ناوخۆ و بۆ جێبەجێ کردنی دوا هەنگاوەکانی دامەزراندنی ناوەندی دەستنیشانکردنی یەککەوتەیی بەگشت پێداویستیەکانیەوە.

7. بۆ جێبەجێکردنی یاسای چاکسازی لە وەزارەتی ناوخۆ:

ا. پەسندکردنی ڕەشنوسی پەیڕەوی یەکەی پاسەوانی بە ڕەچاوکردنی تێبینیەکانی ئەندامانی لیژنەی باڵا و ئاڕاستەکردنی بۆ ئەنجومەنی وەزیران.

ب. ڕاسپاردنی وەزارەتی ناوخۆ بە ڕێکخستنەوەی هەردوو هێزەکانی زێرەڤانی و بەرگری و فریاکەوتن لە چوارچێوەی پەیکەری ڕێکخستنی وەزارەتی ناوخۆ بەپێی یاسا بەرکارەکان.

8. ڕاسپاردنی وەزیری دارایی و ئابووری بۆ پێداچوونەوە بە ڕەشنوسی بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران بۆ ڕێکخستنەوەی دەرماڵەکان بە ڕەچاوکردنی تێبینی وەزارەتەکان بەشێوەیەکی دادپەروەرانە و بۆ ئەوەی ئاڕاستەی ئەنجومەنی وەزیران بکرێت بۆ بڕیاری کۆتایی.

دووەم: وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان:

بۆ جێبەجێکردنی بڕگەی یەکەم لە ماددەی 2 تایبەت بەیەکخستنی ماف

و ئیمتیازاتی کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوان و زیندانیکراو و گیراوی سیاسی لە هەرێمی کوردستان لەبەر رۆشنایی یاسا بەرکارەکان ئەم بابەتانەی خوارەوە کاریان لەسەر کراوە:

1. دەرچوواندنی پەیرەوی ژمارە (8)ی ساڵی 2020، پەیرەوی دیاریکردنی ئیمتیازاتی زیندانیکراو و گیراوی سیاسی کوردستانی.
2. دەرچوواندنی پەیرەوی ژمارە (9)ی ساڵی 2020، پەیرەوی دیاریکردنی ماف و ئیمتیازاتی کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوان.
3. دەرچوواندنی رێنمایی ژمارە (1)ی ساڵی 2021، رێنمایی ئاسانکاری جێبەجێکردنی یاسای ئیمتیازاتی زیندانیکراو و گیراوی سیاسی کوردستان ژمارە (11)ی ساڵی 2011ی هەموارکراو.
4. دەرچوواندنی رێنمایی ژمارە (2)ی ساڵی 2021، رێنمایی ئاسانکاری جێبەجێکردنی یاسای ماف و ئیمتیازاتی کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان لە هەرێمی کوردستان- عێراق ژمارە (9)ی ساڵی 2007ی هەموارکراو.

لە ژێر رۆشنایی جێبەجێکردنی رێنماییەکان، ئەم رێنمایانەی خوارەوە پێوستە دەربچوێنرێن:

1. رێنمایی دیاریکردنی مافی بەرکەوتوانی چەکی کیمیاوی.
2. رێنمایی جێبەجێکردنی یاسای ماف و ئیمتیازاتی تاقانەکانی جینۆساید لە هەرێمی کوردستان- عێراق ژمارە (9)ی ساڵی 2015.
3. رێنمایی گواستنەوەی دۆسیەی شەهیدانی هێزەکانی (پێشمەرگە، هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ، ئاسایش، دژەتیرۆر) بۆ وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان.
4. رێنمایی پلەبەندی مینحەی کەسوکاری شەهیدانی سەنگەر.

بۆ جێبەجێکردنی برگەی دووەم لە ماددەی 2 تایبەت بە پاککردنەوە

و هەڵوەشاندنەوەی ماف و ئیمتیازاتی میراتگری ئەو کەسانەی کە بەدەر لە حوکمەکانی یاسای ژمارە (9)ی ساڵی 2007ی هەموارکراو (یاسای ئیمتیازاتی کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان) سوودمەند بوون ئەم هەنگاوانە ئەنجام دراوە:

1. پێکهێنانی لیژنەی وەزارەت بۆ جێبەجێکردنی یاسای چاکسازی بە سەرۆکایەتی بەڕێز وەزیر و ئەندامیەتی ئەندامانی ئەنجومەنی وەزارەت، بە فەرمانی وەزاری ژمارە (734) لە 2020/2/24.
2. هەڵوەشاندنەوەی مینحەی (13.282) بەخێوکەر، بەفەرمانی وەزاری ژمارە (48) لە2021/1/6، کە مانگانە دەکاتە بڕی (996.150.000) نۆسەد و نەوەد و شەش ملیۆن و سەد و پەنجا هەزار دینار لەبەر ئەوەی ئەم بابەتە لە یاسا نەهاتووە و پێچەوانەی حکومەکانی یاسای ماف و ئیمتیازاتی کەسوکاری شەهید و ئەنفالکراوان ژمارە 9ی ساڵی 2007 هەموارکراو بووە بۆیە ئەم منحەیە هەڵوەشاوەتەوە.
3. پێکهێنانی سێ لیژنەی لاوەکی لەسەر ئاستی بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکانی (هەولێر، سلێمانی، دهۆک) بە فەرمانی وەزاری ژمارە (30 – 31 – 33) لە ڕێکەوتی 2020/6/2، بۆ وردبینی و پێداچوونەوە بە دۆسیەی شەهیدان و ئەنفالکراوان.

| جۆری دۆسیە | دۆسیە | وردبینی کراو | پەسەندە | تێبینی لەسەرە | نایگرێتەوە |
|---|---|---|---|---|---|
| شەهیدی سەنگەر | 37.575 | 2.438 | 1.523 | 805 | 110 |
| شەهیدی هاووڵاتی | 21.126 | 3.794 | 2.554 | 716 | 218 |
| شەهیدی جینۆساید | 11.630 | 1.046 | 222 | 255 | 83 |
| کۆی گشتی | 70.331 | 7.278 | 4.299 | 1776 | 411 |

4. پێکهێنانـی لیژنـەی تاقانەکانـی جینۆسـاید بـە فەرمانـی وەزاری ژمـارە (1507) لـە ڕێکەوتـی 2020/9/13، بـۆ وردبینـی و پێداچوونـەوە بـە دۆسـیەکانی تاقانەکانـی جینۆسـاید.

| جۆری دۆسیە | دۆسیە | وردبینی کراو | پەسەندە | تێبینی لەسەرە | نایگرێتەوە |
|---|---|---|---|---|---|
| تاقانەی جینۆساید | 361 | 361 | 225 | 3 | 133 |

5. پێکهێنانی لیژنـەی ناڕازیبـوون (سـکاڵا) بـە فەرمانی وەزاری (1509) لـە ڕێکەوتـی 2020/9/13، بۆ بڕیـاردان لـە دۆسـیەکانی ناڕازیبـوون (سـکاڵا)ی تایبـەت بـە گۆڕینـی وارسـی و تۆمـاری نوێـی و پلـە بەرزکردنـەوەی شـەهیدان.

| جۆری دۆسیە | دۆسیە | وردبینی کراو |
|---|---|---|
| سکاڵا | 967 | 822 |

6. پێکهێنانـی لیژنـەی بەرکەوتووانـی چەکـی کیمیـاوی بـە فەرمانـی وەزاری ژمـارە (1506) لـە ڕێکەوتـی 2020/9/13، بـۆ وردبینـی و پێداچوونـەوە بـە دۆسـیەکانی بەرکەوتووانی چەکی کیمیـاوی و ئامادەکردنیـان بـۆ لیژنەکانـی تەندروسـتی کـە لەلایـەن وەزارەتـی تەندروسـتییەوە پێکهێنـراوە.

| جۆری دۆسیە | دۆسیە |
|---|---|
| بەرکەوتوانی چەکی کیمیایی | 9.202 |

7. بـە فەرمانـی وەزاری ژمـارە (15.02) لـە 2020/9/13 بڕیـاردرا بەگەڕانـدوەی ئـەو دۆسـیانەی کـە داوای تۆمـاری نـوێ و پلـە بەرزکردنـەوە دەکـەن بـۆ بەڕێوبەرایەتییـە گشـتیەکانی دهـۆک و سـلێمانی و هەولێـر تاوەکـو لـە

ڕێگای لیژنەکانی چاکسازی دووبارە ووردبینی بکرێنەوە لەبەر ڕۆشنایی حوکمەکانی یاسای ژمارە (9)ی ساڵی 2007ی هەموارکراو (یاسای ماف و ئیمتیازاتی کەس و کاری شەهیدان).

8. دروستکردنی فۆرمی زانیاری بۆ ووردبینی و پێداچوونەوە بۆ شەهیدانی سەنگەر و جینۆساید و هاووڵاتی و زیندانیکراو و گیراوی سیاسی و تاقانەکانی جینۆساید و چاپکردن و ناردنی بۆ لیژنەکان.

9. بۆ جێبەجێکردنی برگەی سێیەم لە ماددەی 2 تایبەت بە پاککردنەوە و هەڵوەشاندنەوەی ئیمتیازاتی زیندانیکراو و گیراوی سیاسی کە بە ناوی زیندانی و گیراوی سیاسی بە پێچەوانەی حوکمەکانی یاسای ژمارە (11)ی ساڵی 2011 (یاسای ئیمتیازاتی زیندانیکراو و گیراوی سیاسی کوردستانی) هەموارکراو سوودمەند بوون:

1. بەمەبەستی جێبەجێکردنی برگەی یەکەم ماددەی (5) لە پەیڕەوی ژمارە (4)ی ساڵی 2020 و پاڵپشت بە بڕیاری لیژنەی باڵای چاکسازی ژمارە (2934) لە ڕێکەوتی 2020/4/16، لە وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان لیژنەیەکی تایبەتی پێکهێنرا بە سەرۆکایەتی نوێنەرێکی ئەنجومەنی وەزیران و ئەندامێتی نوێنەرانی وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان و وەزارەتی دارایی و ئابووری بە فەرمانی وەزاری ژمارە (29) لە ڕێکەوتی 2020/6/2 بۆ پاکتاوی دۆسیەی زیندانیکراو و گیراوی سیاسی، پاشان بە فەرمانی وەزاری ژمارە (57) لە 2020/8/13 گۆڕانکاری لە لیژنەکەدا کرا، دواتر بە هۆکاری جۆراوجۆر و بارودۆخی تەندروستی زۆری کارەکانیانەوە نەیانتوانی کارەکانی لیژنەکە ڕاپەڕێنن لەبەر ئەوە بە فەرمانی وەزاری ژمارە (115) لە 2020/12/22 لیژنەیەکی نوێ پێکهێنرا و بە کۆنووسێک سەرجەم لیستی ناوەکانی زیندانیکراو و گیراوی سیاسییان پێدرا بۆ پاکتاوی دۆسیەی زیندانیکراو و گیراوی سیاسی.

| جۆری دۆسیە | دۆسیە | وردبینی کراو | پەسەندە | تێبینیلەسەرە |
|---|---|---|---|---|
| زیندانیکراو و گیراوی سیاسی | 23.769 | 984 | 611 | 373 |

2. بە فەرمانی وەزاری ژمارە (43) لە ڕێکەوتی 2020/6/30، تۆماری نوێی زیندانیکراو و گیراوی سیاسی هەڵپەسێردرا، ئەنجومەنی دادوەری بە نوسراوی ژمارە (1171) لە ڕێکەوتی 2020/8/31 فەرمانی ئاماژەپێکراوی سەرەوەی ئاراستەی دادگا تایبەتمەندەکان کردووە بۆ کاری پێویست.

3. بە فەرمانی وەزاری ژمارە (45) لە ڕێکەوتی 2020/6/30، ڕاسپاردنی بەڕێوەبەرایەتی کاروباری زیندانییە سیاسییەکان و بانکی زانیاری وەزارەت بۆ هەماهەنگی کردن لەگەڵ لیژنەی باڵای بایۆمەتری و فەرمانگەی تەکنەلۆجیای زانیاری لە ئەنجومەنی وەزیران بۆ بایۆمەتری و بەئەلیکترۆنی کردنی لیستەکانی شەهیدان و ئەنفالکراوان و زیندانیکراو و گیراوی سیاسی.

4. ناردنی لیستی ناوی (984) زیندانی سیاسی بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بە نوسراوی ژمارە (57) لە 2021/3/17، بۆ ئەوەی لە ڕێگای نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بەغدا ئاراستەی لایەنە پەیوەندیدارەکانی حکومەتی فیدراڵ بکرێت بەمەبەستی پشتڕاستکردنەوەی بەڵگەنامەکانی گیرانیان و دڵنیابوون لەوەی کە هیچ مووچەیەکی تریان نییە، تا لە دوای تەواوبوونی ماوەی (10) ساڵی مینحەکەیان بۆ ببەسترێتەوە بەپێی شایستە بوونیان کە سەرۆکایەتی دیوانی ئەنجومەنی وەزیران بە نوسراوییان ژمارە (1165) لە 2021/4/13 ئاراستەی نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستانی لە بەغداد بۆ کاری پێویست.

بۆ جێبەجێکردنی برگەی چوارەم لە ماددەی 2:

وەزارەتــی دارایــی و ئابــووری ڕێنمایــی دارایــی ژمــارە (19)ی 2020 دەرچووانــدووە، بــۆ مامەڵەکــردن لەگــەڵ میراتگرانــی زیندانیکــراو و گیــراوی سیاســی پــاش کۆچکردنیــان.

بـۆ جێبەجێکردنی برگـەی پێنجـەم لـە مـاددەی2 تایبـەت بـە ڕێکخسـتنەوەی لەئەسـتۆ گرتنـی حکومـەت بـۆ خـەرجی چارەسـەری تەندروسـتی و خوێندنـی کـوڕ و کـچ و هاوسـەری شـەهید کـە هاوسـەرگیریی نەکردووەتـەوە لـە قوتابخانە و پەیمانـگا و زانکـۆ حکومـی و ئەهلییـەکان لەنـاو هەرێمـدا، دەستنیشـانکردنی مەرجەکانی شایسـتە بـوون لەبـەر ڕۆشـنایی برگـەی (دووەم) لـە مـاددەی (7) لـە یاسـای ژمـارە (9)ی سـاڵی 2007 (یاسـای مـاف و ئیمتیازاتـی کەسـوکاری شـەهیدان و ئەنفالکـراوەکان لـە هەرێمـی کوردسـتان):

1. دەرچوواندنــی ڕێنمایــی دارایــی ژمــارە (23)ی ســاڵی 2020 تایبــەت بەخزمەتگــوزاری خوێنــدن و تەندروســتی کەســوکاری شــەهیدان و ئەنفالکـراوان و زیندانیانـی سیاسـی (هەمـواری ڕێنمـای دارایـی ژمـارە 20 لــە 2020/9/28).
2. بــە فەرمانــی وەزاری ژمــارە (44) لــە ڕێکەوتــی 2020/6/30 ڕاســپاردنی بەڕێوەبەرایەتــی گشــتی خزمەتگوزارییــەکان و بانکــی زانیــاری لــە دیوانــی وەزارەتــی کاروبــاری شــەهیدان و ئەنفالکــراوان کــە بــەردەوام زانیــاری تــەواو و باوەڕپێکـراو ئامادەبکـەن لەبـارەی کەسـوکاری شـەهیدان و، بەپێـی تەمـەن و قۆناغـی خوێنـدن، تاکـو لەنێـوان وەزارەتـە پەیوەندیـدارەکان هەماهەنگـی بکرێــت و پلانــی ســاڵانەی پێویســت بــۆ خەرجییەکانــی خزمەتگــوزاری دابڕێژرێــت.
3. دانانــی ســێرڤەر و بەســتنەوەی بەڕێوەبەرایەتییــە گشــتییەکان بەیەکــەوە لەگـەڵ وەزارەتـی دارایـی و ئابـووری بـۆ بەئەلیکترۆنیکردنـی زانیارییەکانـی شــەهیدان و زیندانیانــی سیاســی، بەمەبەســتی ڕێکخســتن و بەدواداچــوون و

لە ئەستۆگرتنی خەرجییەکانی خوێندن و تەندروستی بۆ (کوڕ و کچ و هاوسەری شەهید کە هاوسەرگیری نەکردووەتەوە) لەلایەن حکومەت.

سێیەم: وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی:

هەنگاوی یەکەم: جێبەجێکردنی ماددەی (3) یەکەم لە پەیڕەوی ئاسانکاری جێبەجێکردنی یاسای چاکسازی دەرکردنی فەرمانی وەزاری ژمارە (426) لە 2020/4/9 لەلایەن وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی بۆ پێکهێنانی لیژنەی وەزارەت بەمەبەستی جێبەجێکردنی یاسای چاکسازی.

هەنگاوی دووەم: جێبەجێکردنی ماددەی (3) دووەم لە پەیڕەوی ئاسانکاری جێبەجێکردنی یاسایی چاکسازی تایبەت بە پێکهێنانی لیژنەی لاوەکییەکان لەسەر ئاستی بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکانی سەر بە وەزارەت بە دەرکردنی فەرمانی وەزاری بە ژمارەکانی (428-429-430-431-432) لە 2020/4/9 و، ڕاسپاردنی لایەنە پەیوەندیدار و پەیوەستەکانی سەربە وەزارەت بۆ (ئامادەکردن و دەرکردن و هەمووارکردن)ی ڕێنمایی و سیستەم و پێداویستی پێویست بە دەرکردنی فەرمانە وەزارییەکانی (172-173-174-175-176-177-178-179) لە 2020/5/12.

هەنگاوی سێیەم: دەستپێکردن بە هەنگاوی کرداری لیژنە پێکهاتووەکانی لە وەزارەت بەپێی خشتەی زەمەنی دیاری کراو لە فۆرمی جێبەجێکردنی یاسای چاکسازی بەم شێوەیەی خوارەوە:

- دەرماڵەی لەبری پەککەوتەیی:

1. دەرکردنی بڕیاری ژمارە (84) لە 2020/12/2 لەلایەن ئەنجومەنی وەزیران بۆ چۆنیەتی دیاریکردنی ڕێژەی دەرماڵەی لەبری پەککەوتەیی.

2. دەرکردنی ڕێنمایی ژمارە (2) ساڵی 2020 وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی تایبەت بە دەرماڵەی لەبڕی پەککەوتەیی کە بە ژمارە (261) ڕێکەوتی 2021/2/28 لە ڕۆژنامەی وقائعی کوردستان بڵاوکرایەوە.

3. ئامادەکردنی لیستی ناو و ناونیشانی کەم ئەندامانی فەرمانبەر و، هەروەها وردبینی کردنی ئەو لیستەی کە لە فەرمانگەی تەکنەلۆجیای زانیاری سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ئاراستەی وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی کراوە بەهۆی ئەوەی بەشێک لە ناوی سیانی و ژمارەی بایۆمەتری زیاتر لە جارێک دووبارە بوونەتەوە بەم شێوەیەی خوارەوە دەیخەینە ڕوو:

| ژ | وردەکاری | ژمارە |
|---|---|---|
| 1 | ژمارەی کەمئەندامانی فەرمانبەر | 13.249 |
| 2 | ژمارەی کۆدی بایۆمەتری دوو جار دووبارە | 648 |
| 3 | ژمارەی کۆدی بایۆمەتری سێ جار دووبارە | 17 |
| 4 | ژمارەی کۆدی بایۆمەتری چوار جار دووبارە | 1 |

دامەزراندنی ناوەندی دەستنیشانکردنی پەککەوتەیی:

1. ئامادەکردنی (پەیکەر و میلاکی گونجاو و سیستەم و ڕێنمایی) بۆ ناوەندی دەستنیشانکردنی پەککەوتەیی لەلایەن وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی کە بە نووسراویان ژمارە (245) لە 2020/6/15 و دیوانی ئەنجومەنی وەزیران بە نووسراویان ژمارە (4525) لە 2020/9/29 ڕەزامەندی داوە لەسەر کردنەوەی ناوەندی دەستنیشانکردنی پەککەوتەیی و دابین کردنی باڵەخانە و کەلوپەلی پێویست و پەسندکردنی سەرەتایی هەیکەلییەتی ناوەندی ئاماژەپێکراو.

تێبینی: بەپێی بڕیاری لیژنەی باڵای چاکسازی ژمارە (2938) لە

2020/4/16 برگەی سێیەم لیژنە تایبەتەکانی پزیشکی بەردەوامن لەسەر کارەکانیان تاوەکو دامەزراندن و کارکردنی ناوەندی ئاماژە بۆ کراو دادەمەزرێت.

2. دەرچوواندنی ڕێنمایی ژمارە (2)ی ساڵی 2020 تایبەت بە دەرماڵەی لەبڕی پەککەوتەیی کە لە وەقایعی کوردستان ژمارە 261 لە ڕێکەوتی 2021/1/28 بڵاوکراوەتەوە.

3. ئامادەکردنی فۆرمی تایبەت بە دەستنیشانکردنی پەککەوتەیی لەلایەن وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی.

4. لیژنەی باڵای جێبەجێکردنی یاسای چاکسازی لە کۆبوونەوەی ژمارە چواری خۆیدا لە 2021/2/8 وەزارەتی ناوخۆ و وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی ڕاسپارد بۆ تەواوکردنی ڕێکارەکانی دابینکردنی باڵەخانەی پێشووی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو لەسەر شەقامی سەرەکی هەولێر – کەرکوک تاوەکو بۆ ناوەندی ئاماژە پێکراو تەرخان بکرێت.

- وردبینی و پێداچوونەوە بە لیستی سوودمەندانی کەمئەندامان و چاودێری کۆمەڵایەتی:

1. لیژنە لاوەکییەکانی وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی بەردەوامن لە وردبینی و پێداچوونەوە بە کەموکوڕی لیستەکانی سوودمەندان لە تەرخانکراوی خاوەن پێداویستی تایبەت و کەمئەندامان کە کۆی گشتیان (88867) کەم ئەندامە.

تێبینی: ئاماری وردی پێداچوونەوەی خاڵی ئاماژە پێکراو لەلایەن وەزیری کارو و کاروباری کۆمەڵایەتییەوە پێشکەش بە پەرلەمانی کوردستان دەکرێت.

2. وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی لە چوارچێوەی ڕێکخستنی مافی ئەوانەی پێویستیان بە چاودێری کۆمەڵایەتی هەیە، ڕەشنووسی پەیڕەوی

(تـۆڕی پاراسـتنی خێـزان لەسـەر بنەمـای هـەژاری) بـە نووسـراویان ژمـارە (425) لـە 2020/8/26 ئاڕاسـتەی سـەرۆکایەتی ئەنجومەنـی وەزیـران کـردووە بـە مەبەسـتی پەسـەندکردنی ڕەشنووسـی پەیڕەوەکـە لەلایـەن ئەنجومەنـی وەزیرانـەوە، ئەنجومەنـی وەزیـران تێبینـی لەسـەر ڕەشنوسـی پەیڕەوەکـە هەیـە و ئاڕاسـتەی وەزارەتـی کار و کاروبـاری کۆمەڵایەتـی کردووەتـەوە بـۆ ئـەوەی بـە هەماهەنگـی کـردن لەگـەڵ وەزارەتـی پلاندانـان بـۆ دووبـارە داڕشـتنەوەی پەیـڕەوی (تـۆڕی پاراسـتنی خێـزان لەسـەر بنەمـای هـەژاری) بەپێـی یاسـا بـەرکارەکان ئامـادە بکـەن و ئاڕاسـتەی ئەنجومەنـی وەزیرانـی بکەنـەوە بـۆ پەسـندکردنی، و جێـگای ئاماژەیـە ئـەم پەیـڕەوە لەلایـەن وەزارەتـی کارو کاروبـاری کۆمەڵایەتـی/ بەڕێوەبەرایەتـی گشـتی چاودێـری و گەشـەپێدانی کۆمەڵایەتـی پارێزگاکانـی سـەر بـە وەزارەت و وەزارەتـی پلاندانـان/ دەسـتەی ئامـار و نوێنەرانـی پەرلەمـان و، بـە ڕاسـپاردەی تەکنیکـی و پاڵپشـتی دارایـی (UNDP) و (UNICEF) و (UNHCR) و (WFP) بانکـی نێودەوڵەتـی و (Cash Working Group for Iraq) ئامادەکـراوە.

3. دروسـتکردنی سیسـتمی ئەلیکترۆنـی تـۆڕی پاراسـتنی خێـزان لەسـەر بنەمـای هـەژاری لـە بەڕێوەبەرایەتـی تـۆڕی پاراسـتنی کۆمەڵایەتـی دهـۆک جێبەجێکردنـی بەشـێوەی ئەزمونـی دواتـر گواسـتنەوەی بـۆ بەڕێوەبەرایەتییەکانـی تـۆڕی پاراسـتنی کۆمەڵایەتـی لـە شـارەکانی (هەولێر- سلێمانی- هەڵەبجە- ئیدارەی گەرمیـان) و دامەزراندنـی سـێرڤەری سـەرەکی لـە دیوانـی وەزارەتـی کار و کاروبـاری کۆمەڵایەتـی بـە پاڵپشـتی تەکنیکـی و دارایـی ڕێکخـراوی یونسـێف.

4. وەزارەتـی کار و کاروبـاری کۆمەڵایەتـی بـە هەماهەنگـی لەگـەڵ لیژنـەی بـاڵای جێبەجێکردنـی قۆناغـی دووەمـی پرۆگرامـی بایۆمەتـری کـە بـە فەرمانـی ژمارە (4641) لـە 2020/8/12لیژنەیەکییـان پێکهێنـاوە کاردەکـەن لەسـەر ئەوانـەی دووجـار سـودمەندن لـە دەرماڵـەی لەبـڕی پەککەوتـەی بـۆ هەڵاوێردکردنـی

ئەوانـەی نـا شایسـتـەن لـە لیسـتەکان بـەم شـێوەیەی خـوارەوە:

ا. ئـەم داتاییـەی فەرمانگـەی تەکنەلۆجیـای زانیـاری داتـای سـاڵی 2017 یەو کۆنـە ئێسـتا ئـەم داتایـە مانگانـە لەگـەڵ دابەشـکردنی مووچـە گۆڕانـکاری بەسەرداهاتووە.

ب. لـە کـۆی (5663) نـاوە دووبارەکانـی داتـای فەرمانگـەی تەکنەلۆجیـای زانیـاری رێـژەی زیاتـر لـە 75% دووبـارە نیـن بەڵکـو بەخێوکـەر و سەرپەرشـتیاری کـەم ئەندامـەکان زیاتـر لـە دەرماڵەیەکـی کەمئەندامیـان هەیـە ئەگەرچـی نـاوی سـەرجەم منداڵـەکان لەسـەر نـاوی دایـک یـان باوکیـان هاتـووە.

ج. لەکـۆی (5663) نـاوە دووبارەکانـی داتـای فەرمانگـەی تەکنەلۆجیـای زانیـاری رێـژەی زیاتـر لـە 20% دووبـارەن و بەتایبەتـی کەمئەنـدام و کەمئەندامـی سـەنگەر و...... هتـد بـەڵام لـە مـاوەی رابـردوو مانگانـە لـە بەڕێوبەرایەتییـەکان ناوەکانیـان بـڕاوە.

د. سـەبارەت بـە ئیـدارەی گەرمیـان لـە کـۆی (181) نـاوی دووبارە تەنها (74) نـاو شایسـتەی بڕینـە و لـەم (74) نـاوەش (64) نـاو بـڕاوە کـە تەنها (10) نـاوی دووبـارە هەیـە کـە دەبێـت ببڕدرێـن.

ه. سـەبارەت بـە ئیـدارەی ڕاپەڕیـن لـە کـۆی (210) نـاو تەنها (30) نـاو دووبارەیـە.

و. سـەبارەت بـە پارێـزگای هەولێـر و سـلێمانی و دهـۆک سـەرجەم نـاوە دووبـارەکان سـڕاونەتەوە نـاوی دووبـارە لـە لیسـتی دوو مووچـە نەمـاوە.

چوارەم: وەزارەتی دارایی و ئابووری:

ئـەو هەنگاوانـەی وەزارەتـی دارایـی و ئابووری تایبەت بە قـەرزە بازرگانییەکان لـە میانـەی جێبەجێکردنـی مـاددەی (13) برگـەی سـێیەمی یاسـای چاکسـازی گرتویەتییەبەر:

1. قەرزە بازرگانییەکان:

- سەبارەت بە وەرگرتنەوەی قەرزە بازرگانییەکان وەزارەتی دارایی و ئابووری لە رێگای بەڕێوبەرایەتی گشتی بانکە بازرگانییەکان تاپۆیی سەرجەم ماڵ و موڵکی ڕەهنکراوی ئاڕاستەی فەرمانگەی جێبەجێکردن لە وەزارەتی داد کردووە بە مەبەستی فرۆشتنەوەی موڵکەکانیان بەپێی یاسای (وەرگرتنەوەی قەرزە حکومییەکان) ژمارە (56) ی ساڵی (1977).
- ئاماری گشتی: قەرزی ئاسانکاری لە هەرێمی کوردستان بەپێی بەڵگەنامەی بەڕێوبەرایەتی گشتی بانکە بازرگانییەکان بەم شێوەیەی خوارەوەیە:
  - کۆی گشتی قەرزی بازرگانی کە بریتیە لە (511.413.706.029) دینار.
  - سەرجەمی گشتی سوود (394.159.980.198) دینار.
  - سەرجەمی گشتی قەرزی گەڕاوە (2.911.705.690) دینار.
  - سەرجەمی قەرزی ماوە (902.661.980.537) دینار.
- وەزارەتی داد فەرمانگەی جێبەجێکردنی دادی نوێی لە پارێزگای هەولێر دامەزراندووە تایبەت بە وەرگرتنەوەی قەرزە حکومییەکان بە بەیانی ژمارە (1) ساڵی (2020) تاوەکو لەرێگای ئەم فەرمانگەیەوە دەست بکرێت بە گرتنەبەری رێکاری یاسایی پێویست بۆ وەرگرتنەوەی قەرزە حکومییەکان.
- رێکاری کارگێری: بەمەبەستی جێبەجێکردنی هەنگاوەکانی وەرگرتنەوەی قەرزە بازرگانییەکان تاپۆی ئەو موڵکانەی کە وەک گرێنتی (زامنکردن) بۆ دانەوەی قەرزەکان دانراوە ئاڕاستەی فەرمانگەی جێبەجێکردنی دادی کراون و دەست بە رێکاری یاسایی کراوە لە بەرامبەریان.

2. پێداچوونەوە بە دەرماڵەکان:

- ماددەی 5 لە یاسای چاکسازی تایبەتە بە رێکخستنەوەی دەرماڵەکان:

لیژنەی باڵای جێبەجێکردنی یاسای چاکسازی لە کۆبوونەوەی ژمارە چواری خۆیدا لە ڕێکەوتی2021/2/8 وەزیری دارایی و ئابووری ڕاسپارد بۆ پێداچوونەوە بە ڕەشنوسی بڕیاری ڕێکخستنەوەی دەرماڵەکان بەپێی یاسا بەرکارەکان و ڕەچاوکردنی تێبینی سەرجەم وەزارەتەکان بەشێوەیەکی دادپەروەرانە، کە پێویستە ئاڕاستەی ئەنجومەنی وەزیران بکرێت بۆ بڕیاری کۆتایی.

3. خانەنشینی:

1. هەمواركردنەوەی مووچەی خانەنشینی ناونیشانی (شارەزا) کە ژمارەیان (494) خانەنشینە هەروەک لە ماددە (7)ی یاسای چاکسازی هاتووە لەسەر بنەمای یاسای خانەنشینی یەکگرتوو ژمارە (27)ی ساڵی (2006)ی هەموارکراو پاش جێبەجێکردنی ئەم بڕگەیە بڕی (410.367.000) دینار مانگانە بۆ خەزینەی حکومەت گەڕاوەتەوە.

2. گواستنەوەی دۆسیەی خانەنشینی دادوەران لە ئەنجوومەنی دادوەری بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی خانەنشین و هەمواركردنەوەی مووچەی خانەنشینیان لەگەڵ ئەندامانی داواکاری گشتی بەڕێژەی (70 %) لە مووچە و دەرماڵەکانیان هەروەک لە بڕگەی (نۆیەم) لە ماددە (7) لە یاسای چاکسازی هاتووە کە ژمارەیان (113) خانەنشینە و گەڕاندنەوەی بڕی (87.483.000) دینار مانگانە بۆ خەزێنەی حکومەت.

3. هەمواركردنەوەی مووچەی خانەنشینی (109) خانەنشین بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی و گەڕاندنەوەی بڕی (77.120.000) دینار مانگانە بۆ خەزێنەی حکومەت هەروەها کارکردن لەسەر ماددەی (7) لە یاسای چاکسازی بەردەوامە و داوای دۆسیەی خانەنشینی ئەو پلە تایبەت و پلە باڵایانە کراوە کە یاسای چاکسازی دەیانگرێتەوە.

4. کارکردن لەسەر ماددەی (7) کە تایبەتە بە خانەنشینکردنی

فەرمانبەران لە یاسای چاکسازی بەردەوامە و بۆ ئەوانەی کە لە دوای دەرچوونی یاسای چاکسازی خانەنشین دەکرێن هەر مووچە خۆرێک لە دوای 2020/7/1 خانەنشین کرابێت بەپێی یاسای چاکسازی ژمارەی 2 ساڵی 2020 مامەڵەی خانەنشینی بۆکراوە.

5. بەمەبەستی جێبەجێکردنی ماددەی (8) لە یاسای چاکسازی تایبەت بە هەڵوەشاندنەوەی ئەو یەکە ژمێریاریانەی کە لە دەرەوەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی خانەنشینی و وەزارەتی دارایی و ئابووری مووچەی خانەنشینی خەرج دەکەن بەتایبەت لە وەزارەتی پێشمەرگە و خانەنشینی یەکەی (70) و (80) بۆ ئەو مەبەستە پەیکەرێکی ڕێکخستنی نوێ، بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی خانەنشین ئامادەکراوە، ڕەوانەی لیژنەی پەسندکرنی پەیکەری ڕێکخستن کراوە بۆ پەسەندکردن کە لە پەیکەری نوێ هۆبە و بەشی نوێ بۆ خانەنشینی پێشمەرگە دیاری کراوە هەروەها چەند کۆبوونەوەیەک لەگەڵ وەزارەتی پێشمەرگە/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی خانەنشینی پێشمەرگە و کەم ئەندامانی سەنگەر و هەردوو بەڕێوبەرایەتی خانەنشینی یەکەی (70) و (80) ئەنجام دراوە بۆ ئەم مەبەستە هەردوو یەکەی ناوبراو ئامادەییان دەربڕیوە لیستی خانەنشینی پێشمەرگە و دۆسیەکانیان ڕادەستی بەڕێوەبەرایەتی گشتی خانەنشینی پێشمەرگە لە وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە بکەن، کە پێویستە دوای پێداچوونەوەو پاککردنەوەی لیستەکان ڕەوانەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی خانەنشین بکرێت لە وەزارەتی دارایی و ئابووری.

6. سەبارەت بە خانەنشینی بە پلەی (وەزیر، بریکاری وەزارەت، ڕاوێژکار، بەڕێوەبەری گشتی) ئەوانەی بە فعلی پۆستیان نەبینیوە، هەروەک لە ماددە (9) لە یاسای چاکسازی هاتووە، بە لیستێک کە پێک هاتووە لە (1169) خانەنشین ڕەوانەی لیژنەی باڵای چاکسازی لەسەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران کراوە بۆ بڕیاردان لەسەر دۆسیەکانیان بەڵام ئەوەی جێگای سەرەنجە هەندێک لە ناوبراوان کاتی خۆی ڕاژەیان

هەبووە بەڵام ڕاژەکانیان بۆ هەژمارنەکراوە لەبەر ئەوەی پێویستیان پێی نەبووە، بەتایبەت ئەوانەی ڕاژەی پێشمەرگایەتیان هەیە لیژنەیەک بۆ ئەم مەبەستە پێکهێنراوە پاڵپشت بە بڕیاری ژمارە (76)ی ساڵی 2020 ئەنجومەنی وەزیران، کە ئەم خانەنشینانە جیا بکاتەوە لەگەڵ ئەوانەی هیچ ڕاژەیەکیان نییە کە ئەمەش کارکردن تێیدا بەردەوامە و تاکو ئێستا دوو کۆبوونەوە لەلایەن لیژنەی پێکهێنراو ئەنجامدراوەو تێیدا فۆرمێک پەسەند کراوە بۆ ئەوەی لەلایەن گشت خانەنشینانی پلە تایبەت پڕبکرێتەوە بۆ ئەوەی لەو ڕێگەیەوە زانیاری تەواو دەست بکەوێت بۆ پۆلێن کردنیان.

7. سەبارەت بە خانەنشینانی نایاسایی، بە شێوەیەکی گشتی لەگەڵ ئەوانەی کە بە پلەیەکی بەرزتر لە پلەی خۆیان خانەنشین کراون هەروەک لە مادده (10) لە یاسای چاکسازی هاتووە لیژنە لە گشت بەڕێوەبەرایەتییەکانی خانەنشینی سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی خانەنشین لە وەزارەتی دارایی و ئابووری پێکهاتووە و بەردەوامن لە کارەکانیان.

8. کارکردن و هەماهەنگی لەگەڵ سەنتەری زانیاری بایۆمەتری لە بابەتی دوو مووچە و بایۆ مەتری خانەنشینان و دروستکردنی کارتی بانکی و کردنەوەی هەژمار و کۆدی بێ هاوتا بۆ خانەنشینانی هەرێمی کوردستان و کارکردن تێدا بەردەوامە.

9. بۆ دامەزراندنی سندوقی خانەنشینی فەرمانبەرانی کەرتی گشتی دوای دەرچوونی پەیڕەوی ژمارە (7) ساڵی 2020 کە لە وەقایعی کوردستان ژمارە (253) ڕێکەوتی 2020/8/16 بڵاوکراوەتەوە، و ڕێنمای دارایی ژمارە (24) بە نوسراوی ژمارە 5922 لە 2020/11/25 دەرچوێنراوە، لە چوارچێوەی پەیکەری ڕێکخستنی نوێ پێشنیار کراوی بەڕێوەبەرایەتی گشتی خانەنشینی ڕەوانەی وەزارەتی دارایی و ئابووری کراوە بەمەبەستی پەسەندکردن و دابینکردنی بینایە و کەلوپەل و میلاکی پێویست بۆ ئەم بەڕێوەبەرایەتییە.

4. بابەتی دوو مووچەیی:

بۆ جێبەجێکردنی برگەی دووەم لە ماددەی 3 لە یاسای چاکسازی بەم شێوەیەی خوارەوە لیستی ناوی دوو مووچەیی دەستنیشان کراوە:

- بە بەشداری هەریەک لە نوێنەرانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی خانەنشین و فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون و فەرمانگەی تەکنەلۆجیای زانیاری داتایەک ئامادەکراوە کە تێدا زانیاری (10.609) مووچەخۆر لەخۆ دەگرێت کە لە (21.588) کەیس/ بەم شێوەیە کە لە خوارەوە هاتووە زیاتر لە مووچەیەک وەردەگرن:

1. وەرگرتنی دوو مووچەیی (فەرمانبەر و فەرمانبەر) (791) فەرمانبەر لە کۆی (1639) کەیس.
2. وەرگرتنی دوو مووچەیی (فەرمانبەر و خانەنشین) (3909) مووچەخۆر لە کۆی (8147) کەیس.
3. وەرگرتنی دوو مووچەیی (خانەنشینی و خانەنشین) (5909) خانەنشین لەکۆی (11802) کەیس.

بە فەرمانی وەزاری ژمارە (1) لە (2021/1/4) پاڵپشت بە یاسای چاکسازی ژمارە (2) ی ساڵی (2020) بڕیاردرا بە ڕاگرتنی مووچە و خانەنشینی ئەو حاڵەتانەی سەرەوە بە هەردوو گشتاندنی ژمارە (12) لە (2021/1/7) و ژمارە (50) لە (2021/1/28) گشتێنرا بۆ گشت وەزارەتەکان بۆ کار پێکردن بۆ ڕاستاندنی مووچەی شایستە کە دەسەڵات دراوە بە گشت وەزارەتەکان بۆ هەڵبژاردنی مووچەی یاسایی و بڕینی یەکجارەکی مووچەی دووەم و سێیەمیان کە نایاسایین و ناردنی وێنەیەک بۆ دیاریکردنی لە بەشی بایۆمەتری لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی بوودجە بەپێی ئەم ڕێککارانەی خوارەوە:

1. پێکهێنانی لیژنەیەکی پسپۆڕ لە گشت وەزارەت و فەرمانگەیەکی نەبەستراو بە وەزارەت.

2. پڕکردنەوەی فۆڕمی تایبەت بە خاڵی یەکەم لەلایەن لیژنەی ڕاسپێردراوی سەرەوە و پەسندکردنی لەبەشی یاسایی و لەلایەن سەرۆکی فەرمانگە و پاشان پەسندکردنی لە دیوانی وەزارەت و فەرمانگە نەبەستراوەکان بە وەزارەت.

3. ناردنی وێنەیەک لە و فۆڕمانە بۆ بەشی بایۆمەتری لە ناو بەڕێوبەرایەتی گشتی بوودجە لە وەزارەتی دارایی و ئابووری بە مەبەستی نیشانکردنیان (تاشیر).

5. پێداچوونەوەی دۆسیەی فەرمانبەران:

لیژنەی باڵای جێبەجێکردنی یاسای چاکسازی لە کۆبوونەوەی ژمارە چواری خۆیدا لە ڕێکەوتی2021/2/8 سەرجەم وەزیر و سەرۆکی دەستە و فەرمانگە نەبەستراوەکان بە وەزارەتی ڕاسپارد کە خۆیان ڕاستەوخۆ سەرپەرشتی پرۆسەی پێداچوونەوەی فەرمانبەران بکەن.

گشت وەزارەت و لایەنی نەبەستراو بە وەزارەت دەستیان بە پێداچوونەوە بە دۆسیەی فەرمانبەران کردووە و تا ئێستا (378.441) دۆسیەی فەرمانبەران ووردبینیان بۆ کراوە بەپێی ئەم خشتەیەی خوارەوە:

- کردنەوەی ئەژماری بانکی:

بۆ جێبەجێکردنی حکومەکانی خاڵەکانی 1،2 لە برگەی یەکەم ماددەی13ی یاسای چاکسازی هەنگاوەکان بەم شێوەیەی خوارەوەیە:-

| ژ | ناوی وەزارەت یان دەستە | ژ. گشت دۆسیەکان | ژ. دۆسیەی وردبینیکراو | ژ. زیادەی پلە | ژ. زیادەی سەر مووچە | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران | ١١١٨ | ٨٠٦ | ٧٢٠ | ١٨٧٥ | بەردەوامن و مووچەی بنەڕەتی |
| ٢ | دەستەی مافی و مرۆڤ | ٢٩٥ | ٢٤٢ | ٣٠ | ٣ | بەردەومن |
| ٣ | ناوخۆ | ٥٤٠٥ | ٥٢٢٦ | ١١٧ | ٢٥ | شارستانی بەردەوامن |
| | | ١٤٩١٩٥ | ٣٨٣١٢ | ١٢٢ | ١٠٣ | هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ و سەربازی |
| ٤ | داد | ٤١٥٨ | ٣٥٦٥ | ٦٣ | ٥٣ | بەردەوامن |
| ٥ | دارایی و ئابووری | ١٤٤٣٧ | ١٤٤٣٧ | ٩٨٦ | ١٥٤٨ | تەواو بووە |
| ٦ | تەندروستی | ٤٩٢٢٧ | ٣٩٧٠١ | ١٧٥ | ١٧٣٠ | بەردەوامن |
| ٧ | پەروەردە | ١٦٢٦١٣ | ١٦٢٦١٣ | ٢٦٢ | ٤٤٠٤ | پێداچوونەوەی دووبارە |
| ٨ | ئاوەدانکردنەوە نیشتەجێکردن | ٥١٧٥ | ٥١٧٥ | ٢٠٠ | ١٥٩ | ووردبینی دووەم |
| ٩ | شارەوانی و گەشت و گوزار | ٢٤٥٦٢ | ٢٢٧١٩ | ٣٨٩ | ٤٨٠ | بەردەوامە |
| ١٠ | خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی | ٣٠٧٤١ | ٢٥٦٢١ | ٢٥٧ | ١١٩ | بەردەوامن |
| ١١ | پلاندانان | ١٠٣٤ | ١٠٣٤ | ٢٠ | ٥٢ | تەواو بووە |
| ١٢ | کار و کاروباری کۆمەڵایەتی | ٥٧٩٠ | ٥٧٧٥ | ٨٦ | ٣٣٢ | بەردەوامن |
| ١٠ | رۆشنبیری و لاوان | ٧٠٣٩ | ٥٨٦٩ | ٧٩١ | ٥٨٣ | بەردەوامن |
| ١٤ | کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان | ١٣٥٩ | ١٣٣٩ | ١٦١ | ٤٤ | بەردەوامن |
| ١٥ | کشتوکاڵ سەرچاوەکانی ئاو | ١٠٢٢٢ | ٦٤٥٦ | ٢٧ | ٢٤٧ | بەردەوامن |
| ١٦ | بازرگانی و پیشەسازی | ٣١٤٩ | ٣١٤٩ | ١١٨ | ٣٠٨ | تەواو بووە |
| ١٧ | گواستنەوە و گەیاندن | ٥٠١٠ | ٤٤١٥ | ٢٠٦ | ٥٧٦ | بەردەوامن |
| ١٨ | ئەوقاف و کاروباری ئاینی | ١٢٥١٠ | ١٢٥١٠ | ١١٣ | ٢٢٥ | تەواو بووە |
| ١٩ | کارەبا | ١٤١٣٩ | ١٤١٢٢ | ١٩٣ | ١٠٢ | تەواو بووە |
| ٢٠ | سامانە سروشتییەکان | ١٨٧٥ | ١٥٨٧ | ٤٨ | ١٠٤ | بەردەوامن |
| ٢١ | دەستەی وەبەرهێنان | ٤٩٧ | ٤٧٧ | ٦٨ | ٣٥ | بەردەوامن |
| ٢٢ | دەستەی ناوچە کوردستانییەکان | ١٥٠ | ١٣٠ | نیە | نیە | دامەزراندنیان ٢٠١٢-٢٠١٣ |
| ٢٣ | دەستەی ژینگە | ٣٧٦ | ٣٧٦ | ٨٤ | ٧ | تەواو بووە |
| ٢٤ | ئەنجومەنی دادوەری | ٢١٩٧ | ١٤٤٧ | ٣٩ | ١٠٥ | بەردەوامن |
| ٢٥ | دەزگای گشتی کاروباری مین | ٢٢٨ | ٢٢٨ | ٢٨ | ٢٠٣ | بەردەوامن |

بۆ کردنەوەی ئەژماری بانکی فەرمانبەران لیژنەی باڵای بایۆمەتری بە هەماهەنگی لەگەڵ فەرمانگەی تەکنەلۆجیای زانیاری و سەرجەم وەزارەت و لایەنە نەبەستراوەکان بەوەزارەت لە ئامادەکاریدان بۆ دروستکردنی کۆدی بێ هاوتا تاوەکو لە ڕێگەی ئەم کۆدانەوە بانکە بازرگانییەکانی سەر بە وەزارەتی دارایی و ئابووری ئەژماری بانکی بۆ گشت فەرمانبەران و سوودمەندان لە بوودجەی گشتی بکەنەوە.

لیژنەی باڵای جێبەجێکردنی یاسای چاکسازی لە کۆبوونەوەی ژمارە چواری خۆیدا لە ڕێکەوتی 2021/2/8 هەردوو بەڕیزان وەزیرانی دارایی و ئابووری و پلاندانانی ڕاسپارد بە ئامادەکردنی دیراسەتێکی وورد لەسەر سیستەمی بانکی لە هەرێمی کوردستان و کردنەوەی ئەژماری بانکی بۆ مووچەخۆران و فەرمانبەران و پێشنیار و ڕاسپاردەی پێویست بۆ ئەم بابەتە بخەنەروو.

ئێستا فەرمانگەی تەکنەلۆجیای زانیاری لە پێداچوونەوەی کۆی (456216) چوارسەد و پەنجا و شەش هەزار دووسەد و شانزە پێناسی دیجیتاڵی بۆ فەرمانبەرانی شارستانییان هەڵوێرد و ووردبینیکردووە بۆ دڵنیابوون لە دروستی زانیارییەکان و ئاراستەی لیژنەی باڵای بایۆمەتری کردووەتەوە بۆ دڵنیابوون لە زانیارییەکانیان.

٦. دیاریکردنی پێگەی یاسایی بۆ معوەمەکان:

بۆ جێبەجێکردنی ماددەی 12 برگەی دووەم و سێیەم لە یاسای چاکسازی دەربارەی فەرمانبەرانی پلە تایبەت و بەڕێوبەری ناحیەی معەوم (پلەی بەڕێوبەری گشتی و سەروتر هەروەها پارێزگار و قایمقام و بەڕێوبەری ناحیە کە هیچ یەکەیەکی ئیداری بەڕێوە نابەن) لیستی ناوی ئەوانەی ئەم ماددەیە دەیانگرێتەوە لەسەرجەم وەزارەتەکان ئامادەکراوە و لە کۆبوونەوەیەکدا کە لەلایەن لیژنەی دیراساتی وەزارەتی دارایی و ئابووری و فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون ئەنجامدرا، پێشنیاری گونجاو بۆ کراوە بەپێی ماددەی 12ی یاسای چاکسازی.

پێنجەم: وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە:

ئەم هەنگاوانە لە میانەی جێبەجێکردنی برگەی سێیەم لە ماددەی4ی یاسای چاکسازین:

1. پێداچوونەوەی دۆسیەی کارمەندان و ئەفسەران:

1. بۆ پێداچوونەوەو رێکخستنەوەی خزمەتی پێشمەرگایەتی و هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە بە هەماهەنگی وەزارەتەکانی ناوخۆ و دارایی و ئابووری بە نووسراویان ژمارە (8060) لە 2020/9/22 رەشنووسی رێنماییان ئاراستەی وەزارەتی دارایی و ئابووری کردووە و وەزارەتی دارایی و ئابووری بە رێنمایی ژمارە (31) بە نوسراوی ژمارە 6659 لە 2020/12/22 ئەم رێنمایەی دەرچوواند.
2. لیژنەی تایبەت بە پێداچوونەوەی دۆسیەی کارمەندان و ئەفسەران لە وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە بەنوسراویان ژمارە 1184 لە 2021/1/31 کە ئاراستەی هەردوو یەکەی 70 و 80 کراوە دوو فۆرمی زانیاری تایبەت بە ئەفسەران و کارمەندان و پێداویستی دۆسیەکانیان ئاراستەکردوون بۆئەوەی ئامادەکاری بکەن بۆ پێداچوونەوە بە دۆسیەکان و دەستکردن بە پرۆسەکە بە رەچاوکردنی رێنمایی ئاماژە پێکراوی سەرەوە.
3. بۆ جێبەجێکردنی ماددەی14 دووەم تایبەت بە برگەی سێیەم لە مادەی4ی یاسای چاکسازی لە پەیرەوی ئاسانکاری جێبەجێکردنی یاسایی چاکسازی وەزارەتی پێشمەرگە، بە هەماهەنگی وەزارەتی دارایی و ئابووری و وەزارەتی ناوخۆ و ئەنجومەنی ئاسایش کاردەکەن بۆ دەرکردنی رێنمایی تایبەت بە پێداچوونەوە و ووردبینیکردنی دۆسیەی کارمەندان و ئەفسەران لە هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان بە هەردوو یەکەی 70 و 80 و، لە ژێر رۆشنایی ماددەی 6 لە یاسای چاکسازی و رێنمایی ژمارە (12)ی وەزارەتی دارایی و ئابووری کە تایبەتە

بە پێداچوونەوەی دۆسیەی مووچەخۆران لە خزمەتی شارستانی و سەربازی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ.

2. گواستنەوەی دۆسیەی خانەنشینان و کەم ئەندامان و پەککەوتەی سەنگەر:

بۆ جێبەجێکردنی برگەی شەشەم لە ماددەی4ی یاسای چاکسازی بەم شێوەیەی خوارەوە کاری لەسەر کراوە:

1. وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە بە فەرمانی وەزاری ژمارە 6702 لە 2020/8/25 لیستی ناوی خانەنشینان، کە پێکدێت لە (1290) کەس و لیستی خانەنشینانی هۆکاری تەندروستی، کە پێکدێت لە (147) کەس و لیستی کۆچکردوان، کە پێکدێت لە (440) ناو بەمەبەستی گواستنەوەی مووچەکانیان بۆ سەر وەزارەتی دارایی و ئابووری بەڕێوبەرایەتی گشتی ژمێرکاری ئاراستەی وەزارەتی ناوبراو کردووە.

2. لیژنەیەکی پزیشکی تایبەت بە پەککەوتەیی بۆ دیاریکردنی رێژەی پەککەوتەیی لە وەزارەتی پێشمەرگە دەستنیشانکراوە بۆ پشکنین و پێداچوونەوەی سکالای کەم ئەندامانی پێشمەرگە و بۆ ئەوانەی تاوەکو ئێستا بەهۆی بارودۆخی تەندروستی مامەڵەیان بۆ نەکراوە لیژنەی ئاماژە پێکراو لە ماوەی کارکردنیان پشکنینیان بۆ (9646) کەم ئەندام کردووە کە دەرئەنجامەکانیان بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

- (4650) کەم ئەندام رێژەی پێویست لە سەرووی 50% یان لە پشکنین بۆ دەرچووە کە بەپێی بریاری لیژنەی پزیشکی لەبەر رۆشنایی یاسایی ژمارە (34)ی ساڵی 2007 خانەنشینی کەم ئەندامانی پێشمەرگە ئەم رێژەیە دیاریکراوە بۆ ئەم ژمارەیەی کە دەستنیشان کراوە وەک کەم ئەندام، بەڕێوبەرایەتی گشتی خانەنشینی لە وەزارەتی پێشمەرگە هەماهەنگی دەکات لەگەڵ

هەردوو فەرماندەیی یەکەی 70، 80 بۆ جیاکردنەوەی کەم ئەندامی سەنگەر کە بەهۆی ئەرکی پیرۆزی پێشمەرگایەتی بریندار بوون لەوانەی بە رووداو بەدەر لە ئەرکی پێشمەرگایەتی برینداربوون.

- (3417) کەس رێژەی پێویستیان نەهێناوە بۆ ئەم کەسانەش لە دوای وەرگرتنی سکاڵاکانیان لەلایەن لیژنەی پزیشکی وەزارەتی کاروباری پێشمەرگەوە دووبارە پشکنینیان بۆ دەکرێتەوە بۆ جیاکردنەوەی ئەوانەی شایستەن و ناردنی بۆ لیژنەی باڵای پزیشکی وەزارەتی ناوبراو.
- (1579) کەس مامەڵەکانیان لە پرۆسەی پشکنین دایە، بەپێی یاسا بەرکارەکان تاوەکو لەرێگای لیژنەی پزیشکییەوە بەپێی رێژەی کەم ئەندامبوونیان مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت.

3. گواستنەوەی دۆسیەی شەهیدان:

1. وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە بۆ ئەم مەبەستە دوو لیژنەی پێکهێناوە بۆ پێداچوونەوە و رێکخستن و فەهرەست کردنی بەڵگەکانی ناو دۆسییەکان.
2. پشتڕاستکردنەوەی هەموو دۆسیەی ئەو شەهیدانەی کە فەرمانی وەزاری شەهیدبوونیان هەیە.
3. وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە بە نوسراوییان ژمارە 2764 لە 2021/3/2 رەزامەندییان داوە بە گواستنەوەی لیستی مووچە و بوودجە (مووچە + پاداشتی کۆتایی خزمەت + جیاوازی مووچە) و دۆسیەی شەهیدانی شەڕی تیرۆرستانی داعش لەسەر میلاکی وەزارەتیان بۆ سەر میلاکی وەزارەتی کاروبای شەهیدان و ئەنفالکراون و، بە فەرمانی وەزاری ژمارە 6703 لە 2020/8/25 لیستی ناوی شەهیدەکانیان دیاریکردووە کە ژمارەیان (1047)

شەهیدە، کە مامەڵەکانیان تەواو بووە بە مەبەستی گواستنەوەی دۆسیەکانیان.

4. بابەتی دوو مووچەیی:

- وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە بە فەرمانیان ژمارە 3498 لە 2021/3/17 لیژنەیەکی تایبەتیان بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ئەوانەی فرە مووچەن پێکهێناوە و لیژنە لە کارکردن بەردەوامن بۆ پێداچوونەوەی لیستی دوو مووچەیی بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی دارایی و ئابووری.

5. کردنەوەی (یەک) یەکەی ژمێریاری لە وەزارەتی پێشمەرگە:

وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە بەمەبەستی جێبەجێکردنی ناوەڕۆکی برگەی یەکەم و دووەم لە ماددەی 4 لە بەشی چوارەمی یاسای چاکسازی میکانیزمی یەکخستنی یەکەکانی ژمێریاری هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان بە نوسراویان ژمارە 381 لە 2021/1/12 ئاڕاستەی دیوانی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران کردووە بۆ وەرگرتنی ڕەزامەندی لەو بارەیەوە.

6. ژمارەی پاسەوانان:

- وەزارەت کاروباری پێشمەرگە بە فەرمانی وەزاری (1524) لە2021/4/7 ژمارەی پاسەوان و شۆفێری بۆ گشت یەکەکانی وەزارەتی پێشمەرگە دیاریکردووە بەم شێوەیەی خوارەوە:

ا. تایبەت بە بەڕێوبەرایەتییەکانی وەزارەتی پێشمەرگە ژمارەی پاسەوان و شۆفێر بەپێی میلاکی پەسندکراو دەبێت.

ب. تایبەت بە لیوا و فەوجەکان بەپێی ئەم خشتەیە دەبێت:

| ژ | ناوونیشان | ژمارە |
|---|---|---|
| 1 | فەرماندەی لیوا | 6 پێشمەرگە و پاسەوان و شۆفێر |
| 2 | مقدەم لیوا | 6 پێشمەرگە و پاسەوان و شۆفێر |
| 3 | فەرماندەی فەوج | 4 پێشمەرگە و پاسەوان و شۆفێر |
| 4 | جێگری فەرماندەی فەوج | 2 پێشمەرگە و پاسەوان و شۆفێر |
| 5 | هەیئەی لیوا | 2 پێشمەرگە و پاسەوان و شۆفێر |

- هاوئاهەنگی وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە لەچوارچێوەی پرۆسەی چاکسازی هاوپەیمانان لە برگە و بابەتەنەی کە لەگەڵ یاسای چاکسازی یەکدەگرێتەوە:

کۆبوونەوەیەک لەنێوان فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون لەگەڵ نوێنەری هاوپەیمانان و نوێنەری جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان رێکخرا بۆ هاوئاهەنگی کارکردن لەسەر ئەو مادده و برگە و بابەتەنەی پەیوەندیدار و هاوبەشن لە یاسای چاکسازی و پرۆسەی چاکسازی هاوپەیمانان لە وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە کە لەکۆی (28) خاڵی بەرنامەی هاوپەیمانان بۆ چاکسازی لە وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە (8) خاڵی هاوبەش هەیە و دەستنیشانکرا لەنێوان ئەم پرۆسەیە و یاسای چاکسازی ژمارە 2ی ساڵی 2020 حکومەتی هەرێمی کوردستان تاوەکو بە هاوبەشی کاری لەسەر بکرێت.

شەشەم: وەزارەتی ناوخۆ:

پەیرەوی دامەزراندنی یەکەی پاسەوانی:

بۆ جێبەجێکردنی برگەی چوارەم و پێنجەمی ماددەی 4 ی یاسای چاکسازی بەم شێوەیەی خوارەوە کار لەسەر مادده و برگەکان کراوە:

1. لیژنەی باڵای جێبەجێکردنی یاسایی چاکسازی لە کۆبوونەوەی ژمارە

چـواری خۆیـدا تاوتوێـی دوا ڕەشنووسـی پەیـڕەوی یەکـەی پاسـەوانی کـرد و وەزارەتـی ناوخـۆی راسـپارد بـە ڕەوانەکردنـی بـۆ کۆبوونـەوەی ئەنجومەنـی وەزیـران، کـە وەزارەتـی ناوخـۆ بـە نوسـراویان ژمـارە 3691 لـە 2021/2/9 ڕەشنووسـی پەیـڕەوی یەکـەی پاسـەوانی ئاراسـتەی ئەنجومەنـی وەزیـران کـردووە بەمەبەسـتی پەسـندکردنی و، ئەنجومەنـی وەزیـران لـە کۆبوونـەوەی ژمـارە (5) لـە ڕێکەوتـی 2021/4/21 پەیـڕەوی ئامـاژە پێکـراوی پەسـندکرد.

2. لیژنـەی بـاڵای جێبەجێکردنی یاسـای چاکسـازی لە کۆبوونـەوەی چوارەمی خۆیـدا لـە ڕێکەوتـی 2021/2/8 وەزارەتـی ناوخـۆی راسـپارد بۆ یەکخسـتن و بەڕێوەبردنـی کاروبـاری هـەردوو فەرماندەیـی پێشـمەرگەی زێرەڤانـی و بەرگـری و فریاکەوتـن، کـە سـەر بەوەزارەتـی ناوخۆیـە لـەڕووی میلاکـەوە بـەڵام خانەنشـینی و پلـە بەرزکردنـەوە سـەرمووچەیان لەلایـەن وەزارەتـی کاروبـاری پێشـمەرگەوە ئەنجـام دەدرێـت بـۆ لەمـەودوا سـەرجەم ڕێکارە کارگێـری و داراییەکانیـان تەنهـا لـە وەزارەتـی ناوخـۆ بێـت.

# ڕاپۆرتی یەکەمی لیژنەی باڵای جێبەجێکردنی یاسای چاکسازی

بەپێی کارنامەی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەریمی کوردستان برگەی یەکەمی تەوەری چاکسازی کە جەنابی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران لە پەرلەمانی کوردستان ئاماژەیدا بە (ئامادەکردنەوەی پرۆژە یاسای چاکسازی و ناردنەوەی بۆ پەرلەمان بە فۆرمێکی تازە و گونجاو بە مەبەستی هەموارکردنەوەی پرۆژە یاساکە) بۆ ئەم مەبەستە ئەنجومەنی وەزیران لە کۆبوونەوەی ئاسایی ژمارە 3 بەپێی بڕیاری ژمارە 10 لە ڕێکەوتی 2019/7/30 بڕیاریدا بە پێکهێنانی لیژنەیەک لە لایەنە پەیوەندیدارەکان بە مەبەستی چاوخشاندنەوە بە یاسای ئاماژە پێکراو و تاوەکو لە دوای هەموارکردنەوەی ئاڕاستەی پەرلەمانی کوردستانی بکەنەوە دوای دەرچوونی یاساکە لە پەرلەمانی کوردستان و بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان بە ژمارە (247) لە ڕێکەوتی2020/2/6 و ئەنجومەنی وەزیران لە کۆبوونەوەی ئاسایی خۆی ژمارە 22ی ڕێکەوتی 2020/2/12 بە بڕیاری ژمارە 47 لە ڕێکەوتی 2020/2/12 بڕیاری پێکهێنانی لیژنەی باڵای بەدواداچوونی جێبەجێکردنی یاسایی چاکسازی دەرکرد بۆ جێبەجێکردنی ناوەرۆکی ئەم یاسایە لەلایەن لیژنەی باڵای بەدواداچوونی چاکسازی و لیژنەکانی وەزارەت و لایەنە نەبەستراوەکان بە وەزارەت و بەپێی بەش و ماددەکان و بەرپرسیاریەتی هەر لایەنێک لە جێبەجێکردنی یاساکە تاکو ئێستا دەرئەنجامەکان بەم شێوەیەی لای خوارەوە دەخەینەڕوو:

– فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون کۆبوونەوەی خۆی لەگەڵ سکرتاریەتی ئەنجومەنی وەزیران ئەنجامدا لە ڕێکەوتی 2020/12/13 بەمەبەستی تاوتوێکردنی هەنگاوەکانی ئامادەکردنی جێبەجێکردنی یاسای

چاکسازیی لەلایەن وەزارەت و لایەنە نەبەستراوەکان بە وەزارەت.

– پێکهێنانی لیژنە لاوەکییەکانی وەزارەت و لایەنە نەبەستراوەکان بەوەزارەت بەپێی نووسراوی فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون ژمارە (30) لە ڕێکەوتی 2020/2/18 کە ماوەی (15) پانزە ڕۆژی کار دانرا بۆ پێکهێنانی لیژنەکان و خشتەی دەربڕینی بۆچوون و پێشنیار و میکانزمەکانیان ئامادەکردنی پەیڕەوی جێبەجێکردنی یاسای چاکسازییەکە.

– دەرکردنی پەیڕەوەکە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیران بە ژمارە (4) ی ساڵی 2020 لە ژێر ناوی پەیڕەوی ئاسانکاری جێبەجێکردنی یاسای چاکسازی لە مووچە و دەرماڵە و بەخشین و ئیمتیازەتەکان و خانەنشینی لە هەرێمی کوردستان و لە ژمارە (249)ی ڕێکەوتی 2020/4/7 وەقایعی کوردستان بڵاوکرایەوە، جێگای ئاماژەیە ستافی بەدواداچوونی فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەت و لایەنە نەبەستراوەکان بە وەزارەت لە پەیوەندی بەردەوام بوون بۆ بە ئەنجامگەیاندنی ئەم کارە لە وادەی دیاریکراو.

- دەرکردنی پەیڕەوی ئاسانکاری بۆ جێبەجێکردنی یاسای چاکسازی:

– کۆبوونەوەی یەکەمی لیژنەی کاروباری یاسایی لە ڕێکەوتی 2020/3/28 ئەنجامدرا لەسەر ئامادەکردنی ڕەشنووسی یەکەمی پەیڕەوی ئاسانکاری جێبەجێکردنی یاسایی چاکسازی و دواتر ئاڕاستەی سەرجەم وەزارەتەکان و لایەنە نەبەستراوەکان بە وەزارەتەکان کرایەوە بۆ ئەوەی دووبارە تێبینی و ڕاو سەرنجیان بۆ لیژنەی کاروباری یاسای بنێرنەوە بە مەبەستی ئامادەکردنی ڕەشنووسی کۆتایی پەیڕەوەکە لەماوەی (٤٨) کاتژمێردا سەرجەم وەزارەتەکان و فەرمانگە نەبەستراوەکان بە وەزارەت بە هۆی ڕۆڵی فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون وەڵامەکانیان گەیشتەوە لیژنەی کاروباری یاسایی.

- بە لەبەرچاو گرتنی تێبینی و سەرنجی وەزارەت و فەرمانگە نەبەستراوەکان بە وەزارەت دیوانی ئەنجومەنی وەزیران و فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون و سکرتاریەتی ئەنجومەنی وەزیران و ناوەندی ڕاوێژکاری یاسایی دوا ڕەشنووسیان بۆ کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران لە ڕێکەوتی 2020/3/30 لە کۆبوونەوەیەکدا ئامادەکرد بە مەبەستی ئاڕاستەکردنی بۆ کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران.
- ئەنجومەنی وەزیران لە کۆبوونەوەی ئاسایی خۆی ژمارە (24) لە ڕێکەوتی 2020/4/1 پەیڕەوەکەی دەرکرد و لە ژمارە (249)ی ڕێکەوتی 2020/4/٧ وەقایعی کوردستان بڵاوکرایەوە.
- فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون خشتەی ئامادەکردنی پلانی جێبەجێکردنی یاسا و پەیڕەوی چاکسازی بۆ ئەندامانی لیژنەی باڵا ئامادەکرد و بە شێوەی ئەلیکترۆنی و ئاڕاستەی وەزارەتەکانی دارایی و ئابووری، ناوخۆ، کاروباری پێشمەرگە، پلاندانان، کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان، کاروکاروباری کۆمەڵایەتی کرد، لە ڕێکەوتی 2020/4/6 بە مەبەستی دەستنیشانکردنی پلانی ڕێکار و میکانیزم و کاتی جێبەجێ کردنیان بۆ قۆناغی سێیەمی خستنە بواری جێبەجێکردنی یاساکە کە لەماوەی (48) کاتژمێر سەربادی بوونی کەرەنتینە وەڵامەکانمان بە دەست گەیشتەوە بە مەبەستی ئامادەکاری بۆ ئەنجامدانی کۆبوونەوەی یەکەمی لیژنەی باڵا.

- بڕیارەکانی کۆبوونەوەی یەکەمی لیژنەی باڵای جێبەجێکردنی یاسای چاکسازی:

- لیژنەی باڵای بەدواداچوونی جێبەجێ کردنی چاکسازی یەکەم کۆبوونەوەی خۆی ئەنجامدا لە ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی 2020/4/8 کارنامەی کۆبوونەوەکە بریتی بوو لە سێ بڕگە ئەوانیش: خستنەرووی کارەکانی سکرتاریەتی لیژنەی باڵا، خستنە ڕووی چوارچێوەی یاسایی

جێبەجێ کردنی یاسایی چاکسازی، خستنەڕوو و گفتوگۆکردن لەسەر پلانی وەزارەتە تایبەتمەندەکان بۆ جێبەجێکردنی یاسایی چاکسازی، لەم کۆبوونەوەیەدا ئەم بڕیارانە دران:

- بڕیاری ژمارە 2933 بڕیاری لە 2020/4/16تایبەت هەیکەلبەندی نوێی بەڕێوبەرایەتی گشتی خانەنشینی لە وەزارەتی دارایی و ئابووری:

- وەزارەتی دارایی و ئابووری بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە هەیکەلبەندییەکی تازە بۆ بەڕێوبەرایەتی خانەنشینی ئامادە دەکەن.
- وەزارەتی دارایی و ئابووری پێشنیارەکانی بۆ دامەزراندنی سندوقی خانەنشینی ئامادە دەکات.
- بۆ مەبەستەکانی خاڵی یەکەم و دووەمی سەرەوە وەزارەتی دارایی و ئابووری ڕەشنوسێک بۆ ئەنجومەنی وەزیران ئامادە دەکات.

سەبارەت بەم بڕیارە وەزارەتی دارایی و ئابووری بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی پێشمەرگە ئەم کارانەیان ئەنجامداوە:

- سەبارەت بە هەیکەلبەندی نوێی بەڕێوبەرایەتی خانەنشینی لیژنەیەک پێکهێنراوە بە فەرمانی کارگێڕی ژمارە (3299) لە ڕێکەوتی 2020/3/2 و پێکهێنانی چەند لیژنەی لاوەکی لە سەرجەم بەڕێوبەرایەتییەکانی خانەنشینی.
- بەڕێوبەرایەتی گشتی خانەنەشینی لە وەزارەتی دارایی و ئابووری و بۆ مەبەستەکانی هاتوو لەم بڕیارە، کۆبوونەوەیان لەگەڵ بەڕێوبەرایەتی خانەنشینی پێشمەرگە لە وەزارەتی پێشمەرگە و یەکەی 70 و 80 ئەنجامداوە بە مەبەستی ڕێکخستن و هەڵوەشانەوەی بەڕێوبەرایەتییەکانی خانەنشینی و کۆکردنەوەیان لە بەریوبەرایەتی گشتی خانەنشینی هەرێم

لە وەزارەتی دارایی ئابووری، تاوەکو دوای تەواو بوونی هەیکەلبەندی تازەی ئەم بەڕێوبەرایەتییە بگوازرێنەوە سەر بەشی سەربازی لە هەمانکات لەلایەن وەزیری پێشمەرگەوە ئەم یەکانە ئاگادارکراونەتەوە کە هاوتەریب خۆیان لەگەڵ یاسایی چاکسازی بگونجێنن.

- بەڕێوبەرایەتی گشتی خانەنشینی هەیکەل و سیستەمێکی نوێیان و بۆ خانەنشینی ئامادەکردوە و سیستەمەکە ئەلیکترۆنی بە هاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵە ڕێکخراوی (UNDP) دروستکراوە، کە هەر چواردە بەڕێوبەرایەتییەکەی خانەنشینی بە یەکەوە دەبەستێتەوە.
- ئامادەکردنی لیستی ناوی خانەنشینانی ئەو پێشمەرگانەی، کە لە ڕیزی بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی کوردستان بوون و بە پلە تایبەتەکانی (وەزیر و بریکاری وەزارەت و ڕاوێژکار و بەڕێوبەری گشتی) کە نزیکەی 460 و خانەنشینکراو، هاوکات خەریکن دوو خشتەی تر ئامادە بکەن، لەسەر ئەو خانەنشینانەی بە نایاسایی خانەنشینکراون و ئەوانەی کە بە پلەی بەرزتر لە پلەی شایستەی خۆیان خانەنشینکراون.
- بەڕێوبەرایەتی گشتی خانەنشینی داوای دۆسییەی خانەنشینی پلە شارەزاکانی کردووە لە وەزارەت و لایەنە نەبەستراوەکان بە وەزارەت بەمەبەستی جێبەجێکردنی ئەم بڕیارە.

- بڕیاری ژمارە 2943 لە 2020/4/16 تایبەت بە ووردبینی وپێداچوونەوەو پاکردنەوەی لیستەکانی زیندانی و ڕاگیراوی سیاسی لە وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراون:

- وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان لیژنەیەکی تایبەتمەند پێکدەهێنێت بە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران و ئەندامیەتی وەزارەتی دارایی و ئابووری و وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالکراوان کە پلەیان لە بەڕێوەبەری گشتی کەمتر نەبێت، بەمەبەستی ووردبینی و پێداچوونەوە

و پاکردنـەوەی لیسـتەکانی زینـدانـی و ڕاگیراوانـی سیاسـی.

- لیژنـەی بـاڵای بایۆمتـری و فەرمانگـەی تەکنەلۆجیای زانیاری لە ئەنجومەنی وەزیـران کاردەکـەن بـۆ بــە ئەلیکترۆنیکردنــی لیســتەکانی زینـدانــی و ڕاگیراوانـی سیاسـی بـە هەماهەنگـی لەگـەڵ ئەنجومەنـی وەزیـران.

- وەزارەتـی شـەهیدان و کاروبـاری ئەنفالکـراوان بـە پێکهێنانـی چەند لیژنەیەک ئـەم بڕیارە جێبەجـێ دەکات:

- لیژنـەی وورد‌بینـی و پێداچوونـەوە و پاکردنـەوەی زیندانیـان و ڕاگیراوانـی سیاسـی بـە سـەرۆکایەتی نوێنـەری ئەنجومەنـی وەزیـران و ئەندامیەتـی نوێنــەری وەزارەتــی کاروبــاری شــەهیدان و وەزارەتــی دارایــی و ئابــووری.

- لیژنـەی وورد‌بیـن و پێداچوونـەوە بـە گشـت بڕیارەکانـی پەیوەسـت بـە میراتگـری ئـەو کەسـانەی، کـە بـەدەر لەحوکمەکانـی یاسـایی بـەرکار سـوودمەندبوون.

- دەستنیشـانکردنی نوێنەریـان بـۆ لیژنـەی وەزارەتـی دارایـی و ئابـووری بەمەبەسـتی دانانـی ڕێنمایـی تایبـەت بـە یەکخسـتنی مـاف و ئیمتیازاتـی کەسـوکاری شـەهیدان و ئەنفالکـراوان و زیندانـی و ڕاگیـراوی سیاسـی.

- سـەربارى بوونـی ڕێنمایـی خەرجـی خوێنـدن و تەندروسـتی بـۆ کـچ و کـوڕ و خێزانـی شـەهیدان بـە مەرجێـک هاوسـەرگیری نەکردبێتـەوە، لیژنەیـەک بـۆ ئـەم مەبەسـتە پێکهێنـراوە لە لایەنـە پەیوەندیـدارەکان بەسـەرۆکایەتی نوێنـەری وەزارەتـی دارایـی.

- سـەبارەت بـە دامەزراندنـی یەکەیەکـی تایبـەت بـە خەرجیەکانـی خوێنـدن و تەندروسـتی بەپێـی مـاددەی ٧ب/یەکـەم لـە وەزارەتـی دارایـی و ئابـووری لـە بەڕێوەبەرایەتـی گشـتی ژمێـرکاری بەڕێوبەرایەتـی خەرجییـەکان لـە بنەڕەتـدا بـەو ئەرکـە هەڵدەسـتێت و بۆیـە پێویسـت بەدامەزراندنـی یەکەیەکـی تـازە نـاکات.

- بڕیاری ژمارە 2935 لە 2020/4/16 تایبەت بە چاکسازی لە بوودجە و میلاکی هێزەکانی پێشمەرگە لە وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە:

– لیژنەی تایبەتمەند بە سەرۆکایەتی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و ئەندامێتی جێگری سەرۆک وەزیران و وەزیرەکانی کاروباری پێشمەرگە، ناوخۆ، دارایی و ئابووری، کە بەپێی بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (36) لە ڕێکەوتی 2019/11/13 پێکهێنراوە کۆبوونەوەی خۆی ئەنجام دەدات.

– بە مەبەستی ئامادەکاری بۆ کۆبوونەوەی ئاماژە پێکراوی سەرەوە سەرۆکی دیوانی ئەنجومەنی وەزیران و سەرۆکی فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون و سکرتێری ئەنجومەنی وەزیران بەدواداچوون و کاری پێویست ئەنجام دەدەن.

سەبارەت بە جێبەجێکردنی ئەم بڕیارە وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە ئەم کارانەی خوارەوەی ئەنجامداوە:

– سەرۆکی دیوانی ئەنجومەنی وەزیران و سکرتێری ئەنجومەنی وەزیران و سەرۆکی فەرمانگەی هەماهەنگی و بەداوداچوون بە مەبەستی ئامادەکاری بۆ جێبەجێکردنی ئەم بڕیارە چەند کۆبونەوەیەکیان ئەنجامداوە.

– بۆ ئامادەکاری کۆبوونەوەی لیژنەی باڵای چاکسازی لە وەزارەتی پێشمەرگە جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بە ئامادەبوونی سەرۆکی دیوان و سکرتێری ئەنجومەنی وەزیران و سەرۆکی فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون لە ڕێکەوتی 2020/4/10 کۆبوونەوەی ئامادەکاریان ئەنجامداوە لەسەر بابەتەکانی چاکسازی لە وەزارەتی پێشمەرگە.

– کارکردن و ئامادەکاری لەسەر لیستەکانی خانەنشینی و کەم ئەندامان و پەککەوتەی سەنگەر و پاسەوانی و بایۆمتری سەرجەم پێکهاتەکانی ناو

وەزارەتـی کاروبـاری پێشـمەرگە و بابەتەکانـی پەیوەسـت بـە یەکـەی 70 و 80 هەیکەلیەتـی تـازەی وەزارەت و سـەرجەم بابەتەکانی پەیوەسـت بـە وەزارەتـی ئامـاژە بۆکـراو لەنـاو یاسـاکەدا و بابەتـی یەکخسـتنی سـەرجەم یەکـە ژمێرییارییەکانـی هێـزی پێشـمەرگە لـە وەزارەت، بـەڵام کارەکانیـان بـە هـۆی قەدەغـەی هاتووچـۆ وەکـو پێویسـت ئەنجـام نـەدراوە.

- بڕیـاری ژمـارە 2936 لـە 2020/4/16 تایبـەت بـە وەرگرتنـەوەی قـەرزە بازرگانییـەکان:

1. بە مەبەسـتی جێبەجێکردنی ماددەی (13) سێیەم لە یاسـای چاکسـازی پێویسـتە وەزارەتی دارایی و ئابووری ڕێکاری یاسـایی پێویسـت بگرێتەبەر بـۆ وەرگرتنەوەی قـەرزە بازرگانییەکان.
2. پێویسـتە سـکرتاریەتی ئەنجومەنـی وەزیـران خشـتەی پۆلێنکردنـی قـەرزەکان ئامادەبـکات.
3. وەزارەتەکانـی داد و ناوخـۆ و دەسـتەی وەبەرهێنـان هاوکاربـن بـۆ جێبەجێکردنـی مەبەسـتەکانی هاتـوو لـە مـاددەی ئامـاژە پێکـراوی سـەرەوە.

بـۆ جێبەجێکردنـی ئـەم بڕیارە وەزارەتـی دارایـی و ئابـووری ئـەم هەنگاوانـەی خـوارەوەی جێبەجێکـردووە:

- وەرگرتنەوەی قەرزە بازرگانییەکان:

1. لـە ڕیکەوتـی 2020/5/4 وەزیـری دارایـی و ئابـووری و سـەرۆکی فەرمانگـەی هەماهەنگـی و بەدواداچـوون کۆبوونەوەیەکـی هاوبەشـیان لەگـەڵ ڕاوێژکارانـی بەڕێوبەرایەتـی گشـتی یاسـایی و بـە ئامادەبوونـی بەڕێوبـەری گشـتی بانکـە بازرگانیـەکان و بەڕێوبـەری گشـتی دیـوان لـە وەزارەتـی دارایـی و ئابـووری و نوێنـەری داواکاری گشـتی ئەنجامـدا،

سەبارەت بە ئامادەکردنی ڕاپۆرتێک لەسەر وەرگرتنەوەی قەرزە بازرگانییەکان بەپێی یاسا.

2. لەسەر ڕاسپاردەی وەزیری دارایی و ئابووری و سکرتاریەتی ئەنجومەنی وەزیران و سەرۆکی فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون دەستەیەکی ڕاوێژکاری لە وەزارەتی دارایی و ئابووری ڕاسپێردرا بەمەبەستی دارشتنی ڕیکارە یاساییەکانی تایبەت بە وەرگرتنەوەی قەرزی ئاسانکاری لە بانکە بازرگانییەکان و لیژنەی ڕاسپێراو لە ڕێکەوتی 4 و 5 و6 و 11ی ئایاری 2020 بەردەوام بوو لە کۆبوونەوەکان چەند ڕاسپاردەیەکی خستە ڕوو بۆ ئەم مەبەستە.

3. وەزارەتی دارایی و ئابووری لەسەر ڕاسپاردەی دەستەی ڕاوێژکاری یاسایی بە نووسراوی ژمارە (2069) لە2020/5/13 کە ئاراستەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی بانکە بازرگانییەکان کراوە داوای گرتنەبەری رێ و شوێنی یاسایی بۆ وەرگرتنەوەی قەرزەکان کردووە و لە هەمان ڕۆژ بەڕێوەبەرایەتی گشتی بانکە بازرگانییەکان بە نووسراوی ژمارە (694) لە 2020/5/13 کە ئاراستەی بانکە بازرگانییەکان کراوە و داوایان لە بەڕێوەبەرایەتی تۆماری خانووبەرەکان کردووە بۆ ئەوەی ڕێکارە یاساییەکان جێبەجی بکەن، هەروەها لە هەر بانکێک لیژنەیەک بۆ جێبەجی کردنی ناوەڕۆکی نووسراوی وەزارەتی دارایی پێکبهێنرێت.

4. وەزارەتی دارایی و ئابووری بە فەرمانی وەزاری ژمارە (2106) لە 2020/5/17 لیژنەیەکی بەدواداچوونی بە سەرۆکایەتی وەزیری دارایی و ئابووری بۆ هەمان مەبەست پێکهێناوە، بە ئەندامێتی بەڕێوەبەری گشتی بانکی بازرگانی و نوێنەری فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون و ئەندامێتی ئەندامێکی داواکاری گشتی وەک نوێنەری وەزارەتی داد و نوێنەری وەزارەتی ناوخۆ.

5. بەپێی ماددەی (27) برگەی دووەمی پەیڕەوی یاسایی چاکسازی بەڕێز وەزیری دارایی و ئابووری بەڕێوبەرایەتی گشتی کاروباری یاسایی

لـە وەزارەت ڕادەسـپێرێت، بـۆ گرتنەبـەری ڕێکاری یاسـایی بەمەبەسـتی وەرگرتنـەوەی قـەرزە بازرگانییـەکان.

- قەرزەکانی حکومەتی هەرێم:

سـەبارەت بـە خاڵـی دووەمـی ئـەم بڕیـارە کـە تایبـەت بـە ئامادەکردنـی خشـتەی قـەرزەکان و پۆلیـن کردنیـان لـە وەزارەتـی دارایـی ئـەو خشـتەیە لـە ڕێگـەی بەڕێوەبەرایەتـی گشـتی بانکـە بازرگانییـەکان ئامادەکـراوە، کـە لـە کۆبوونەوەیەکـی تایبەتـدا بـە ئامادەبوونـی سـەرۆکی ئەنجومەنـی وەزیـران و جێگـری سـەرۆکی ئەنجومەنـی وەزیـران لەلایـەن بەڕێوەبەرایەتـی قـەرزە گشـتییەکان لـە سـکرتاریەتی ئەنجومەنـی وەزیـران خشـتەی پۆلینـی قـەرزەکان خرایـە ڕوو.

- بڕیـاری ژمـارە 2937 لـە 2020/4/16 زیادکردنـی ئەنـدام بـۆ لیژنـەی بـاڵای چاکسـازی:

- پاڵپشـت بـە مـاددەی (2) دووەم لـە پەیـڕەوی جێبەجێکردنـی یاسـایی چاکسـازی بڕیاردرا بە زیادکردنی سـەرۆکی فەرمانگەی تەکنەلۆجیای زانیاری لـە ئەنجومەنـی وەزیـران بـۆ ئەندامیەتـی لـە لیژنـەی بـاڵای جێبەجێکردنـی یاسـای چاکسـازی.

- بڕیـاری ژمـارە 2938 لـە 2020/4/16 تایبـەت بـە دامەزراندنـی ناوەنـدی دەستنیشـانکردنی کەمئەندامـی:

1. بە مەبەسـتی جێبەجێکردنی ماددەی (8) لە پەیڕەوی یاسـای چاکسـازی وەزارەتـی کار و کاروبـاری کۆمەڵایەتـی بـە هەماهەنگی لەگـەڵ وەزارەتـی تەندروسـتی کاردەکات بـۆ دامەزراندنـی ناوەنـدی دەستنیشـانکردنی کـەم ئەندامـی (مرکز تشـخیص العـوق).

2. ڕاسپاردنی وەزیری شارەوانی و گەشت و گوزار و سەرۆکی دیوانی ئەنجومەنی وەزیران سەرۆکی فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون بۆ مەبەستی دابینکردنی باڵەخانەی پێداویستییەکان بۆ ناوەندی ناوبراو.

3. بەردەوامبوونی گشت ئەو لیژنانەی کە تایبەتمەندن بە دیاریکردنی ڕێژەی پەککەوتەیی.

سەبارەت بە جێبەجێ کردنی ئەم بڕیارە وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی ئەم کارانەی خوارەوە ئەنجام داوە:

- وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی لەگەڵ سەرۆکایەتی دیوانی ئەنجومەنی وەزیران لە گفتوگۆدان، سەبارەت بە دابینکردنی بیناو پێداویستییەکانی، کە بەهۆی نەبوونی بودجەی پێویست ناکرێت و بڕیارە سەرۆکی دیوانی ئەنجومەنی وەزیران و وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی و شارەوانی و گەشت و گوزار و سەرۆکی فەرمانگەی هەماهەنگی وبەدواداچوون کۆبوونەوەیەک بۆ ئەم مەبەستە ئەنجام بدەن.
- وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی بە هەماهەنگی وەزارەتی تەندروستی کاردەکەن لەسەر دامەزراندنی ناوەندی پەککەوتەیی،و لیژنەکانیان پێکهێناوە بەمەبەستی ووردبینی و پێداچوونەوە بە گشت لیستەکانی سوودمەندان لە تەرخانکراوەکانی چاودێری کۆمەڵایەتی و خاوەن پێداویستی تایبەت و کەمئەندامان و سەرجەم بابەتەکانی وەرگرتنی بەخشینی فەرمانبەران لە لیستی کەم ئەندامان و خاوەن پێداویستی تایبەت.

- بڕیاری ژمارە 2939 لە 2020/4/16 تایبەت بە پێکهێنانی لیژنەی وەزارەتەکان:

1. پەسندکردنی پلانی وەزارەتە تایبەتمەندەکان بۆ جێبەجێکردنی یاسایی چاکسازی.

2. پێکهێنانی لیژنەکانی وەزارەت و لیژنە لاوەکییەکان لەلایەن وەزارەت و لایەنە نەبەستراوەکان بە وەزارەتەکان.

ئەم بڕیارە جێبەجێکراو لە سەرجەم وەزارەت و فەرمانگە نەبەستراوەکان بە وەزارەت لیژنەی وەزارەتەکانیان پێکهێناوە.

- بڕیاری ژمارە 2940 لە 2020/4/16 تایبەت بە ڕێکخستنەوەی گشت دەرماڵەکان:

– ڕاسپاردنی وەزارەتی دارایی و ئابووری و فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون و لیژنەی باڵای بایۆمتری و فەرمانگەی تەکنەلۆجیای زانیاری بە مەبەستی ئامادەکردنی پێشنیارەکانیان بۆ ڕێکخستنەوەی گشت دەرماڵەکان.

سەبارەت بە جێبەجێکردنی ئەم بڕیارە وەزارەتی دارایی و ئابووری بە هەماهەنگی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەم هەنگاوانەی خوارەوەی ناوە:

– سەبارەت بە بابەتی دەرماڵەکان کە بۆ مووچەخۆرانی هەرێمی کوردستان خەرج دەکرێت کە کۆی گشتییان 23 جۆر دەرماڵەیە لەوانە 12 جۆری دەرماڵە بەپێی یاسا لە پەرلەمان دەرچووە و 11 جۆر دەرماڵە بە بڕیاری سەرۆک وەزیران دەرچووە و وەزارەتی دارایی و ئابووری بەنوسراوێک ئاماری سەرجەم دەرماڵەکانی ئامادەکردووە و ئاراستەی لیژنەی باڵای جێبەجێکردنی یاسای چاکسازی کردووە.

- بڕیاری ژمارە 2941 لە 2020/4/16 ڕێکخستنەوەی بواری بانکی لە هەرێم:

– بۆ جێبەجێکردنی ماددەی (13) یەکەم لە یاسایی چاکسازی ڕێکخستنەوەی بواری بانکی لە هەرێم و بەئەلیکترۆنی کردنی خزمەتگوزارییە

بانکییەکان، پێویستە وەزارەتی دارایی و ئابووری میکانزمێکی گونجاو بۆ کردنەوەی ئەژماریەکی کەسی بۆ مووچە خۆران ئامادە بکات.

وەزیری دارایی و ئابووری و سەرۆکی فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون لە رێکەوتی 10/ ئایاری 2020 کۆبوونەوەیەکی هاوبەشیان ئەنجامدا بە ئامادەبوونی نوێنەرانی بانکی بازرگانی و بانکی هەرێم لقی هەولێر و سلێمانی سەبارەت بە:

1. هێناوە ناوەوەی بانکە ئەهلییەکان بۆ ناو پرۆسەی پێدانی مووچە.
2. خستنە رووی توانای بانکەکان بۆ دابینکردنی مووچە، بەتایبەتی لە قەزا و ناحییەکان.
3. راسپاردنی فەرمانگەی تەکنەلۆجیایی زانیاری بۆ دراسەتکردنی بە ئەلیکترۆنی کردنی سیستەمی مووچە لە هەرێمی کوردستان.
4. پرسی شایستە داراییەکانی فەرمانبەران و کردنەوەی ئەژماری بانکی بۆیان لەلایەن وەزارەتی داراییەوە.

- بڕیاری ژمارە 2942 لە 2020/4/16 تایبەت خانەنشینکردنی فەرمانبەر بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی و سەرووتر وسەرۆکی یەکە ئیدارییەکان:

1. لیژنەی وەزارەتەکان ئەو کەسانە دەستنیشان دەکات کە حوکمی برگەکانی دووەم و سێیەم لە ماددەی (12) لە یاسایی چاکسازی دەیانگرێتەوە و لیستی ناوەکانی (پلەی معوم) بۆ لیژنەی بالا بەرز دەکاتەوە.
2. وەزارەتی دارایی و ئابووری و دیوانی ئەنجومەنی وەزیران پێشنیارەکانیان سەبارەت بە میکانیزمی جێبەجێکردنی ماددەی ئاماژە پێکراوی خالی 1 بۆ ئەنجومەنی وەزیران بەرزدەکەنەوە.

بۆ جێبەجێکردنی ئەم بڕیارە سەرۆکایەتی دیوانی ئەنجومەنی وەزیران و

وەزارەتـی دارایـی و ئابـووری لەگفتوگـۆدان تاوەکـو بەنوسـراوێک سـەرجەم وەزارەت و فەرمانگـە نەبەسـتراوەکان بـە وەزارەت ئـاگادار بکەنـەوە بـە ناردنـی لیسـتی ناوەکانـی فەمانبـەر بـە پلـەی (بەڕێوبـەری گشـتی و سـەروتر) کـە پێکهاتـەی ئیـدارەی لـە ئاسـتی بەڕیوبـەری گشـتی و سـەروتر بەڕێـوە نابـات و سـەرۆکی یەکـە ئیدارییـەکان (پارێـزگار، قایمقـام، بەڕیوبـەری ناحیـە) کـە هیـچ یەکەیەکـی ئیـداری بەڕێوە نابـەن، و ئامادەکردنـی پێشـنیارەکانیان بـۆ ئەنجومەنـی وەزیـران.

- بڕیـاری ژمـارە 2943 لـە 2020/4/16 تایبـەت بـە داڕشـتنی ڕەشنوسـی پەیـڕەوی ڕێکخسـتنی ژمـارەی پاسـەوانی:

1. پێکهێنانـی لیژنەیـەک لـە وەزارەتـی ناوخـۆ بـە مەبەسـتی ئامادەکردنـی ڕەشنوسـی پەیڕەوێـک بـە مەبەسـتی ڕێکخسـتن و دەستنیشـان کردنـی ژمـارەی پاسـەوانان.
2. بەڕێـز وەزیـری ناوخـۆ لیژنەیـەک پێکدێنێـت لـە نوێنەرانـی ئەنجومەنـی وەزیـران و وەزارەتەکانـی (ناوخـۆ، دارایـی و ئابـووری، پێشـمەرگە) ئاسایشـی گشـتی و دەزگای ئاسـایش بـۆ دراسـەتکردنی لیسـتی گشـت پاسـەوانان.

سـەبارەت بـە جێبەجێکردنـی ئـەم بڕیـارە وەزارەتـی ناوخـۆ بـەم شـێوەیەی خـوارەوە کاری لەسـەر کـردووە:

- بەفەرمانـی وەزاری ژمـارە 5887 لـە 2020/4/4 یەکـەی پاسـەوانی لـە دیوانـی وەزارەتـی ناوخـۆ پێکهێنـراوە.
- پێکهێنانـی لیژنەیـەک بـە فەرمانـی وەزاری ژمـارە 5900 لـە 2020/4/10 بـە سـەرۆکایەتی بەڕێـز وەزیـر و ئەندامیەتـەی نوێنەرانـی سـەرۆکایەتی ئەنجومەنـی وەزیـران وەزارەتـی پێشـمەرگە و ئەنجومەنـی ئاسـایش و دەزگای ئاسـایش و ئاسایشـی گشـتی و فەرماندەی پێشـمەرگەی بەرگری

و فریاکەوتن و فەرماندەی پێشمەرگەی زێرەڤانی و فەرماندەی هێزەکانی یەکەی 80 و فەرماندەی هێزەکانی یەکەی 70 و بەڕێوەبەرایەتی گشتی پۆلیس ئەم لیژنەیە لە ماوەی سێ هەفتەدا دوو کۆبوونەوەی ئەنجامداوە کەتیایدا ڕەشنوسی پەیڕەوی ڕێکخستنەوە و دەستنیشانکردنی ژمارەی پاسەوانان بۆ بارەگاکان و دامەزراوە حزبییەکان و هەروەها پارێزگاری لە خاوەن وەزیفە باڵاکان و بەرپرسانی سەربازی و ئاسایش و پۆلیسی ناوخۆ ئامادە کردووە.

- هەمان لیژنەی پێکهێنراوی سەرەوە بە هەماهەنگی لەگەڵ لیژنە لاوەکییەکانیان لێکۆڵینەوەی لیستی میلاکی گشت پاسەوانان دەکەن.

لە کۆبونەوەی ڕێکەوتی 2020/6/2 بە ئامادەبوونی لە لیژنەی یاسایی وەزارەت و بەڕێوبەری گشتی دیوان و بەرێوبەری گشتی بوودجە و بەڕێوبەری گشتی ژمێرکاری و بەڕێوبەری گشتی خانەنشین و جێگری بەڕێوبەری گشتی دیوان ڕاوێژکاری تایبەتی یاسایی کە سەرپەرشتیاری دەرکردنی ڕێنماییەکانە و سەبارەت بەجێبەجێکردنی سەرجەم ماددەکانی هاتوو لە یاسایی چاکسازی، وەزیری دارایی و ئابووری لە ڕێگای پەیوەندی تەلەفۆنی بڕیاریدا کە بەردەوامی بە کۆبوونەوەکانی بدات و هەفتانە جارێک بۆ ئەم مەبەستە کۆبوونەوەیەک ڕێکبخات و تیایدا دواین پێشهاتەکانی بەڕێوەچوون ئاستەنگەکانی بەردەم جێبەجێکردنی یاساکە تاوتوێ بکرێت.

- ئەرکەکانی ئەنجومەنی وەزیران و لیژنەی باڵای چاکسازی:

- ئەرکەکانی ئەنجومەنی وەزیران لە جێبەجێ کردنی یاسای چاکسازی لە پەیڕەوی ژمارە 4ی یاسای چاکسازی ژمارە (2)ی ساڵی 2020 هاتووە:

1. ئەنجومەنی وەزیران گشت ئەو فەرمان و بڕیار و ڕێنمایی و ڕێکارانە هەڵدوەشێنێتەوە کە پێچەوانەی حوکمەکانی یاسای ماف و ئیمتیازاتی کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراون دەرچووە پاش

وەرگرتنــی پیشــنیارەکانی لیژنــەی بــاڵا لــەو باریــەوە، (بەشــی دووەم- مــاددەی چــوارەم/ ســێیەم):

2. ئەنجومەنــی وەزیــران بەپێــی مــاددە 2/ ســێیەم لــە یاســای چاکســازی لیژنەیەکــی تایبــەت پێــک دهێنێــت بــە مەبەســتی ووردبینــی و پێداچوونــەوە و پاککردنــەوەی لیســتەکانی زیندانــی و راگیــراوی سیاســی، کــە دەســەڵاتی پێکهێنانــی ئــەم لیژنەیــە بــە بڕیــاری لیژنــەی بــاڵا بــە وەزارەتــی شــەهیدان و ئەنفالکــراوان دراوە. (مــاددەی پێنجــەم/ یەکــەم - بەشــی دووەم):

3. ئەنجومەنــی وەزیــران کاردەکات بــۆ بــە ئەلیکترۆنــی کردنــی تۆمــاری لیســتەکانی زیندانی و ڕاگیراوانــی سیاســی و لــە ڕێگــەی جێبەجــێ کردنــی پرۆســەی تۆمــاری بایۆمەتــری، بــە ســود وەرگرتــن لــە بەرێوەبەرایەتــی زیندانــی سیاســی لــە وەزارەتــی شــەهیدان و ئەنفالکــراوان. (مــاددەی پێنجــەم/ ســێیەم- بەشــی دووەم):

4. ئەنجومەنــی وەزیــران بــە هەماهەنگــی لەگــەڵ لایەنــە پەیوەندیــدارەکان پەیرەوێــک بــۆ ڕێکخســتنەوەی دەستنیشــانکردنی ژمــارەی پاســەوانانی بــارەگا و دامــەزراوە حزبیــەکان و هەروەهــا پارێــزگاری لــە خــاوەن وەزیفــە بــاڵاکان و بەرپرســانی ســەربازی و ئاســایش و پۆلیســی نــاو خــۆ دەردەکات. (مــاددەی پانزدەیــەم/ یەکــەم- بەشــی چــوارەم)، کــە ئەرکــی پێکهێنانــی لیژنــە بــۆ ئامادەکردنــی ڕەشنووســی پەیرەوەکــە بــە بڕیــاری لیژنــەی بــاڵای چاکســازی ژمــارە (2943) لــە 2020/4/16 دراوەتــە وەزیــری ناوخــۆ.

5. ئەنجومەنــی وەزیــران لــە ســەر پێشــنیاری لیژنــەی بــاڵای چاکســازی گشــت دەرماڵــەکان بــە شــێوەیەکی دادپەروەرانــە ڕێکدەخاتــەوە پاڵپشــت بــە مــاددەی (5) لــە یاســای چاکســازی (مــاددەی هەڤدەیــەم - بەشــی پێنجــەم).

6. ئەنجومەنـی وەزیـران لـە سـەر پێشـنیاری لیژنـەی بـاڵای چاکسـازی ئەرکـی هەڵوەشـاندنەوەی گشـت ئـەو بڕیارانـە ئەگرێتـە ئەسـتۆ کـە پەیوەسـتن بـە ئەژمارکردنـی خزمەتـی فەرمانبـەری کـە بـەدەر لـە یاسـاو ڕێنماییـەکان. (مـاددەی هەژدەیـەم - بەشـی شەشـەم).

7. ئەنجومەنـی وەزیـران گشـت ئـەو بڕیارانـە هەڵدەوەشـێنێتەوە، کـە هـاودژن لەگـەڵ حوکمەکانـی یاسـای میلاکـی ژمـارە (25)ی ساڵی 1960 ی هەموارکـراو (مـاددەی 22 /یەکـەم- بەشـی حەوتـەم).

8. ئەنجومـــەنی وەزیـــران ئـەو بەڕێوەبەرایەتـی و فەرمانگـــە و یەکـە کارگێڕیانـە هەڵدەوەشـێنیتەوە، کـە مـــووچەی خانەنشـینیان لـێ وەردەگێرێـت جگـە لـە بەڕێوەبەرایەتـی گشـتی خانەنشـینی لـە وەزارەتـی دارایـی وئابـووری (مـاددەی بیسـت و دوو/ یەکـەم — بەشـی حەوتـەم).

9. ئەنجومەنـی وەزیـران بـە مەبەسـتی جێبەجـێ کردنـی حوکمەکانـی مـاددەی نـۆ لـە یاسـای چاکسـازی تایبەت بە هەڵوەشـانەوەی خانەنشـینی بـە پلـەی (وەزیـر وبریـکاری وەزارەت و راوێـژکار و بەڕێوەبـەری گشـتی) میکانیزمـی پێویسـت دەگرێتەبـەر (مـاددەی بیسـت و سـێ / یەکـەم — بەشـی حەوتـەم).

10. ئەنجومەنـی وەزیـران بـە مەبەسـتی جێبەجـێ کردنـی حوکمەکانـی مـاددەی دوانـزە/ یەکـەم لـە یاسـای چاکسـازی تایبـەت بـە دامەزرانـدن لـە وەزیفەکانـی (بەڕێوەبـەری گشـتی، راوێـژکار و سـەروتر) میکانیزمـی پێویسـت دەگرێتـە بـەر (مـاددەی بیسـت و چـوار/ یەکـەم- بەشـی حەوتـەم).

11. ئەنجومەنـی وەزیـران لـە سـەر ڕاسـپاردەی لیژنـەی بـاڵا میکانیزمـی یاسـایی پێویسـت دەگرێتەبـەر بـە مەبەسـتی جێبەجـێ کردنـی مـاددەی 13/ دووەم تایبـەت بـە پێداچوونـەوە بـە کەمترین مووچـەی خانەنشـینی

لە هەرێم لەبەر ڕۆشنایی ئەو بڕە پارەیە کە دەگەڕێتەوە لە ئەنجامی جێبەجێ کردنی یاسای چاکسازی (ماددەی بیست و شەش- بەشی هەشتەم).

12. ئەنجومەنی وەزیران بە مەبەستی جێبەجێ کردنی ماددەی 15 لە یاسای چاکسازی، کە تایبەتە بە ڕێکاری خانەنشین کردن یان پێدانی هەر ئیمتیازێکی دارایی کە دەبێت بەپێی سیستەمی بایۆمەتری تۆمار کرابێت لەسەر ڕاسپاردەی لیژنەی باڵا و بە هەماهەنگی لەگەڵ بەڕیوەبەرایەتی گشتی خانەنشینی لە وەزارەتی دارایی و ئابووری میکانیزمی گونجاو دەگرێتەبەر. (ماددەی بیست ونۆ- بەشی هەشتەم).

13. ئەنجومەنی وەزیران لەسەر ڕاسپاردەی لیژنەی باڵای چاکسازی ماوەیەکی گونجاو دیاری دەکات بۆ وەزارەت و فەرمانگە نەبەستراوەکان بە وەزارەت بە مەبەستی جێبەجێ کردنی ئەرکەکانیان لە دەرکردنی ڕێنمایی، یا خود گرتنە بەری ڕێکاری پێویست. (ماددەی سی- بەشی هەشتەم).

- ئەرکەکانی ئەنجومەنی وەزیران کە ڕاستەوخۆ لە یاسای چاکسازی ژمارە (2)ی ساڵی 2020 هاتووە:

- ئەرکەکانی ئەنجومەنی وەزیران بەپێی ئەو ماددانەی لە یاسای چاکسازی دیاری کراوە:

1. ئەنجومەنی وەزیران پەیڕەوێک دەردەکات بۆ دەستنیشانکردنی ژمارەی پاسەوانان بۆ بارەگا و دامەزراوەکان و پارێزگاری لە خاوەن پلە باڵاکان و بەرپرسانی سەربازی و ئاسایشی ناوخۆ. (ماددەی چوار لە یاسای چاکسازی- بەشی چوارەم).

2. ئەنجومەنی وەزیران پەیڕەوێک دەردەکات بۆ دەستنیشان کردنی

مەرجەکانی دامەزراندن بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی بەرەو ژوور، کە تێیدا رەچاوی بڕوانامە و پسپۆڕی و ساڵانی خزمەت و شارەزایی بکرێت. (ماددەی دوانزیەم لە یاسای چاکسازی- بەشی هەشتەم).

3. ئەنجومەنی وەزیران پەیرەوێک دەردەکات بۆ ئاسانکاری جێبەجێ کردنی حوکمەکانی یاسای چاکسازی لە ماوەی (60) رۆژ لە دەرچوونی یاساکە (کە ئەم پەیڕەوە دەرکراوە بە ناوی پەیڕەوی ژمارە 4ی یاسای چاکسازی ژمارە (2)ی ساڵی 2020). (ماددەی حەفدەیەم لە یاسای چاکسازی- بەشی هەشتەم).

- ئەرکەکانی لیژنەی باڵای جێبەجێ کردنی یاسای چاکسازی لە پەیرەوی ژمارە 4ی یاسای چاکسازی ژمارە (2)ی ساڵی 2020:

بەپێی ماددەی دووەم بەشی یەکەم لە پەیڕەوەی یاسای چاکسازی لیژنەی باڵای جێبەجێ کردنی یاسای چاکسازی لە ئەنجومەنی وەزیران، ئەرکی جێبەجێ کردنی یاسای چاکسازی لە ئەستۆدایە، لە ژێر رۆشنایی ئەم مادده یاساییە و بەپێی حوکمی خاڵی یەکەم لە بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (47) لە 2020/2/12 ئاماژە دەکەین بە ئەرکەکانی ئەم لیژنەیە وەک لە خوارەوە هاتووە بەپێی ئەو ماددانەی ئاماژەی پێکراوە:

1. لیژنەی باڵا راسپاردەکانی لیژنەی وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان دەکاتە پێشنیار بۆ ئەنجومەنی وەزیران، کە تایبەتە دەبێت بە هەڵوەشاندنەوەی ئەو بڕیار و رێنماییەکان، کە پێچەوانەی یاسای ژمارە 9 ی ساڵی 2007 بێت. (ماددەی 4/ بڕگە سێیەم- بەشی دووەم).

2. دیراسەت کردنی ڕاسپاردەکانی تایبەت بە رێکخستنەوەی لیستی میلاکی پاسەوانان، کە لە لایەن لیژنەی تایبەتمەند کە پێکهاتووە لە نوێنەری (ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتەکانی ناوخۆ دارایی

و کاروبـاری پێشـمەرگە) بـۆ لیژنـەی بـاڵا بـەرز دەکرێتـەوەو دەکرێتـە پێشـنیار بـۆ ئەنجومەنـی وەزیـران. (بەشـی چـوارەم- مـاددەی 15- برگـەی سـێیەم).

3. لیژنـەی بـاڵا لـە ژێـر رۆشـنایی یاسا بـەرکارەکان پێشـنیاری خـۆی بـە گوێـرەی ماددەی (5) لـە یاسـای چاکسـازی کـە تایبەتـە بـە رێکخسـتنی دەرماڵـەکان پێشکەشـی ئەنجومەنـی وەزیـران دەکات. (بەشـی پێنجـەم - مـاددەی 17).

4. لیژنـەی بـاڵا و لیژنـەی وەزارەتـەکان راسـپاردەی خۆیـان بـۆ هەڵوەشـاندنەوەی گشـت ئـەو بریارانـە، کـە پەیوەسـتن بـە هەژمـار کردنـی خزمەتـی فەرمانبـەری بـەدەر لـە یاسا و رێنماییـەکان ئاراسـتەی ئەنجومەنـی وەزیـران دەکات بـە هەماهەنگـی لەگـەڵ هـەردوو وەزارەتـی ناوخـۆ و پێشـمەرگە. (بەشـی شەشـەم - مـاددەی 18).

5. لیژنـەی بـاڵا لەسـەر پێشـنیاری لیژنـەی وەزارەت و لایەنـە نەبەسـتراوەکان بە وەزارەت بۆ جێبەجی کردنی ماددەی (12 دووەم و سێیەم/ خانەنشین کردنـی فەرمانبـەر بـە پلـەی بەڕێوەبـەری گشـتی و سـەرووتر کـە کاری پۆسـتەکانیان بـە فعلـی ناکـەن) کـە تایبەتـە ئامادەکردنـی لیسـتی ئـەو کەسـانە کـە حوکمـی ئـەم ماددەیـە دەیانگرێتـەوە لـە مـاوەی 30 رۆژ تێپـەر نـەکات ئاراسـتەی ئەنجومەنـی وەزیـران دەکات بـە مەبەسـتی بریـار لێـدان لـە بارەیـەوە. (بەشـی هەشـتەم- مـاددەی 25).

6. لیژنـەی بـاڵا راسپاردەی خـۆی بـۆ ئەنجومەنـی وەزیران بـەرز دەکاتـەوە تایبـەت بـە میکانیزمـی یاسـایی پێویسـت بـۆ جێبەجـێ کردنـی مـاددەی (13/ دووەم) لـە یاسـای چاکسـازی (لەبـەر رۆشـنایی ئـەو برە پارەیـە کـە لـە ئەنجامـی جێبەجـێ کردنـی یاسـای چاکسـازی دەگەڕێتـەوە پێداچوونـەوە بـە کەمتریـن مووچـەی خانەنشـینی بکرێـت). (بەشـی هەشـتەم- مـاددەی 26).

7. لیژنــەی بــاڵا راســپاردەی خــۆی ئاراســتەی ئەنجومەنــی وەزیــران دەکات بــە مەبەســتی گرتنەبــەری میکانیزمــی گونجــاو ســەبارەت بــە جێبەجــێ کردنــی مــاددەی 15 تایبــەت بــە خانەنشــین کــردن و تۆمارکــردن لــە سیســتەمی بایۆمەتــری. (بەشــی هەشــتەم- مــاددەی 29).

8. بــە مەبەســتی دیــاری کردنــی ماوەیەکــی گونجــاو بــۆ وەزارەت و فەرمانگــە نەبەســتراو بــە وەزارەت بــۆ جیبەجــێ کردنــی ئەرکەکانیــان بەپێــی حوکمەکانــی پەیڕەوی چاکســازی لیژنــەی بــاڵا پێشــنیاری خــۆی ئاراســتەی ئەنجومەنــی وەزیــران دەکات. (بەشــی هەشــتەم- مــاددەی 30).

9. لیژنــەی وەزارەت و فەرمانگــە نەبەســتراوەکان بــە وەزارەت ئەرکەکانیــان لەســەر بنەمــا یاســایەکان و ئــەو رێکارانــەی هاتووە لە رێنماییــە داراییەکان ئەنجــام ئــەدەن و ڕاســپاردەکانیان بــۆ لیژنــەی بــاڵا بــەرز دەکەنــەوە و لیژنــەی بــاڵا راســپاردەکانیان وەردەگرێــت. (بەشــی هەشــتەم- مــاددەی 31 – ســێیەم).

- دیوانی چاودێری دارایی و دەستەی دەستپاکی

- بەپێــی فەرمانــی دیوانــی ژمــارە 126/1/1لــە ڕێکەوتــی 2020/5/13 دیوانــی چاودێری دارایــی لیژنەیەکــی پێکهێنــاوە بە مەبەســتی دەستنیشــان کردنی ژمارەیــەک لیژنــە و دەســتەی پێویســت و وادەی دەســتپێکردنی کارەکانیان بــۆ هەر ســێکتەرێک و مەبەســتێک.

- دەســتەی دەســتپاکی کاردەکــەن لەســەر پێکهێنانــی لیژنــەی پێویســت بــۆ بەدواداچوونــی چۆنیەتــی جێبەجێکردنــی بــەش و ماددەی یاســا و پەیڕەوی چاکســازی لەلایــەن وەزارەت و فەرمانگــە نەبەســتراوەکان بــە وەزارەتــەکان.

## بەشی پێنجەم:

# گرنگترین پڕۆژەکان لە دوو ساڵی ڕابردوودا

لە دوو ساڵی تەمەنی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان چەندین پرۆژەی گرنگ و ستراتیجی لە سەرتاسەری هەرێمی کوردستان لە بوارە جۆراوجۆرەکان ئەنجامدراون، وەک ڕێگاوبان ، پیشەسازی ، کارەبا و کشتوکاڵ و گەشتوگوزار، کە هەندێکیان جێبەجێکراون و هەندێکیشیان لە قۆناغی جێبەجێکردندان . بەشێک لە پرۆژەکان بە هاوبەشی لە نێوان هەردوو کەرتی گشتی و تایبەت ئەنجامدراون، هەروەها هەندێک لە پرۆژەکانیش لە کابینەی پێشوو بەردی بناغەیان بۆ دانراوە بەڵام کابینەی نۆیەم تەواوی کردوون. گرنگترین ئەو پرۆژانەش ئەمانەن:

17 ی ئۆکتۆبەری 2019

دانانی بەردی بناغەی پرۆژەی ئەندەرپاسەکانی شەقامی بارزان لە شاری دهۆک بە کوژمەی 73, 638, 643 ملیار دینار.



11ی تەممووزی 2020:

دانانی بەردی بناغەی شەقامی ١٠٠ مەتری سلێمانی بە کوژمەی 400 ملیار دینار.




14 ی تەمووزی 2020

بەگەڕخستنی وێستگەی بەرهەمهێنانی کارەبای 300 مێگاواتی هەڵمی قەزای خەبات لە پارێزگای هەولێر.



20ی تەمووزی 2020

**دانانی بەردی بناغەی پرۆژەی دەڤەری پیشەسازیی خۆراک لە شاری دهۆک.**




31 ی ئابی 2020

سەرۆکی حکومەت پرۆژەی ڕێگەی خێرای هەولێر- دهۆک (گۆپاڵ)ی بەسەرکردەوە. بودجەی تەرخانکراو بۆ پرۆژەکە (157) ملیۆن دۆلارە. هەروەها قۆناغی یەکەمی پرۆژەی شەقامی خێرای (150 ) مەتری شاری هەولێری بەسەرکردەوە کە درێژییەکەی 10 کیلۆمەتر دەبێت و بودجەی بەشی یەکەمی پرۆژەکە 131 ملیۆن دۆلارە.



7ی ئەیلولی 2020

دانانی بەردی بناغەی نەخۆشخانەیەکی سەد قەرەوێلەیی لە کۆمەڵگەی هیتوتێ کە دەکەوێتە نێوان دێرەلوک و شیلادزێ و بڕی چل وسێ ملیۆن دۆلاری بۆ تەرخان کراوە.




13 ی ئۆکتۆبەری 2020

دانانی بەردی بناغەی پردی دەربەندی رانیە- بنگرد بە کۆژمەی 11 ملیار دینار.



20 ی ئۆکتۆبەری 2020:

کردنەوەی ڕێگەی جووتسایدی رووڤیا - گۆپاڵ (هەولێر - دهۆک). درێژی ڕێگاکە 22 کیلۆمەتری جووتسایدە (سێ هێلی هاتن و سێ هێڵی چوون) لە گەڵ شەش ئۆڤەرپاس و پردێک و سێ کیلۆمەتری هاتووچۆی خێرا (ئۆتۆبان).



2 ی نۆڤمبەری 2020:

دانانی بەردی بناغەی پڕۆژەی بەبازاڕکردنی گەنمی جووتیاران لە هەولێر کە بە گوژمەی 250 ملیۆن دۆلار دروست دەکرێت.



25 ی نۆڤێمبەری 2020

ئیمزاکردنی گرێبەستێک لە نێوان وەزارەتی ناوخۆ و گرووپی میولباوەری ئەڵمانی لە بواری بەدیجیتاڵکردنی خزمەتگوزارییەکان بەتایبەتی هاتووچۆ و تۆمارکردنی ئۆتۆمبێل و مۆڵەتی شوفێری و چەند خزمەتگوزارییەکی تر.



25 شوباتی 2021:

کردنەوەی قۆناغی یەکەمی ڕێگەی ستراتیجی 150 مەتری لە هەولێر.




9ـی ئایاری 2021:

کردنەوەی پڕۆژەی تلفریکی چیای زاوای گەشتیاریی لە شاری دهۆک. کە یەکێکە لە گەورەترین پڕۆژە گەشتیارییەکان، بەرزییەکەی دەگاتە 500 مەتر و درێژیەکەشی 2300 مەتر دەبێت و تێچووی پڕۆژەکەش 30 ملیۆن دۆلارە.



18ی ئایاری 2021:

کردنەوەی کارگەی ئاسن و شیش لە هەولێر بە گوژمەی 100 ملیۆن دۆلار کە پڕۆژەیەکی کەرتی تایبەتە و بەهاوکاری کەرتی گشتی دروستکراوە.



23 ی ئایاری 2021:

دانانی بەردی بناغەی پڕۆژەی بەبازاڕکردنی گەنمی جووتیاران لە پارێزگای سلێمانی بە بڕی 122 ملیۆن دۆلار.



17 ی حوزەیرانی 2021:

دانانی بەردی بناغەی پڕۆژەی کارگەی جووتیار بۆ بەرهەمهێنانی فینگەر لە پەتاتە لە ناحیەی روڤیای سەر بە پارێزگای دهۆک کە پڕۆژەیەکی کەرتی تایبەتە و بەهاوکاری کەرتی گشتی دروستکراوە.



## بەشی شەشەم

# هێڵە گشتییەکانی بەرنامەی کاری کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان

## هێڵە گشتییەکانی بەرنامەی کاری کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان

ئەم بەرنامەیە لەسەر بنەمای رێککەوتنە سیاسییەکان و پوختەی بەرنامەی گشت لایەنە بەشداربووەکانی ناو کابینەی نۆیەم رێکخراوە و بۆچوون و پلانی تێکرای بەشداربووانی ئەم کابینەیە لە خۆ دەگرێت.

جێبەجێ کردنی ئەم بەرنامەیەش بەرپرسیاریەتیەکی هاوبەشی سەرجەم لایەنە بەشداربووەکانی ناو ئەم کابینەیە دەبێت.

هێڵەگشتییەکان لە چەند سەرەبابەتێکدا پۆلێن کراون بەم شێوەی خوارەوە:

### لە ئاستی چاکسازیدا:

یەکەم: کاردەکەین بۆ چاکسازی لە کەرتی وەزیفەی گشتی، لە مووچەخۆر و خانەنشین و چارەسەرکردن و رێکخستنەوەی دەوام و گرتنەبەری رێکاری یاسایی لە بەرامبەر هەر سەرپێچیەک کە لەم کەرتە کرابێت، ئەمەش لە رێگەی چەسپاندنی یاسا و دروستکردنی ئەنجومەنی راژە و ئامادەکردنەوەی پرۆژە یاسای چاکسازی و ناردنەوەی بۆ پەرلەمان بە فۆرمێکی تازە و گونجاو.

دووەم: کار دەکەین بۆ نەهێشتنی رووتین و هەروەها خێراکردنی راپەراندنی ئیش و کاری هاووڵاتیان و رێزگرتن لێیان لە دامودەزگا فەرمییەکاندا. بە کردەوە هەوڵ دەدەین بۆ بەخزمەتگوزارکردنی دامەزراوە حکومییەکان لە ئاست هاووڵاتیاندا. لە پەیوەندیی بەم بابەتەوە هەرچی زووترە پەرە بە خزمەتگوزارییە ئەلیکترۆنیەکان دەدەین.

سـێیەم: نابـێ بەرپرسـانی بـاڵای حکومـەت پێگـەی کارگێڕیـی خۆیـان بـۆ بازرگانـی و دەوڵەمەندبـوون بەکاربهێنـن. بـە پشـت بەسـتن بـە یاسـا بەرکارەکانـی هەرێم، نابـێ بەرپرسـان کاری بازرگانـی و بەڵێندەرایەتـی و وەبەرهێنـان بکـەن و لێپرسـینەوە لـە هـەر سـەرپێچییەک لـەم بـوارەدا دەکەیـن.

چـوارەم: ئەنجامدانـی ئیفـاد و سـەفەر و بەسـتنی کۆنگـرە و کۆنفـراس، بـە پێـی پێویسـتی دەبێـت و ڕێگـە لـە بـە هەدەردانـی سـامان و خـراپ بەکارهێنـان و بەلارێدابردنێـک لـەم بوارانـەدا دەگریـن.

پێنجـەم: بـە هەمـوو توانامانـەوە، ڕووبـەڕووی هەمـوو جـۆرە گەندەڵیەکـی دارایـی و کارگێـڕی دەبینـەوە و ڕێگردەبیـن لـە بەهەدەردانـی سـامانی گشـتی و زێدەڕۆیـی بـۆ سـەر موڵـک و مومتەلەکاتـی هەرێـم، ئەمـەش لـە ڕێگـەی کاراکـردن و پشـتیوانی کردنـی دامـەزراوە فەرمـی و یاسـاییەکانی هەرێمـی کوردسـتان بـە تایبەتـی پەرلەمـان و دیوانـی چاودێـری دارایـی و دەسـتەی نەزاهـە و داواکاری گشـتی.

شەشـەم: کاردەکەیـن بـۆ چەسـپاندنی شـەفافیەت لـە گشـت بـوارە داراییەکانـی هەرێمـدا، بـە تایبـەت لـە بـواری داهاتـە نەوتییەکانـی هەرێـم و داهاتـە ناوخۆییـەکان. بـۆ ئـەم مەبەسـتەی سـەرەوە کاردەکەیـن بـۆ دامەزراندنـی سـندوقی داهاتـە نەوتییـەکان بـە پێـی یاسـای پەیوەندیـدار.

حەوتـەم: بـە پێـی سـتاندەرە جیهانییـەکان، چاکسـازی لـە کەرتـی تەندروسـتی و دەرمـان و خـۆراک دەکەیـن و ڕێـکاری یاسـایی بـۆ هـەر سـەر پێچیـەک کـە لـەم لایەنـە ژیاریـەدا بکرێـت دەگرینـە بـەر. بـۆ ئـەم مەبەسـتانەش دامـەزراوەی خـۆراک و دەرمانـی هەرێـم سـەر بـە ئەنجومەنـی وەزیـران دادەمەزرێنیـن.

هەشـتەم: چاکسـازی لـە سیسـتەمی بـاج دەکەیـن و دەبـێ دادپـەروەری لـە وەرگرتنـی بـاج جێگیـر ببێـت و هەمـوو ڕێکارێکـی یاسـایی و کارگێـڕی

دەگرینەبەر بۆ ڕێگەگرتن لە خۆدزینەوە لە باج و میکانیزم و پێوەری تازە دەگرینە بەر بۆ ڕێکخستنی باج.

نۆیەم: کار دەکەین بۆ ڕێگەگرتن لە قۆرخکاری (احتکار) بە پێی یاسای بەرکار و ڕەخساندنی دەرفەتی لەبار بۆ ململانێی بازرگانی ڕەوا و هاندانی کۆمپانیاکانی پشکداری.

دەیەم: پشتیوانی کاری چاودێریی پەرلەمانی دەکەین و بۆ ئەم مەبەستەش پابەند دەبین بە هەموو ڕێکارەکانی چاودێری لە پەرلەمانی کوردستان بە پێی یاساو پەیڕەوی ناوخۆ و بنەماکانی کاری پەرلەمانی. هەروەها بە پێی بنەماکانی کاری پەرلەمان، ڕێز لە ئۆپۆزسیۆنی پەرلەمانی دەگرین.

یازدەیەم: سندوقی خانەنشینی بە پێی یاسای پەیوەندیدار لە هەرێم کارا دەکەین، بۆ ئەوەی ئەم سندوقە گەرانتی مافەکانی خانەنشینانی هەرێمی کوردستان بکات.

دوازدەیەم: بە هەماهەنگی لەگەڵ سەرۆکایەتی هەرێم، لە پێناو بەهێزکردنی سیستەمی بەرگری و ڕووبەڕووبوونەوەی مەترسییەکان و پاراستنی ئاشتی و ئاسایشی هەرێم، پێداچوونەوە بە میکانیزمی ڕێکخستن و یەکخستنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ دەکەین و هەوڵ دەدەین بە هاوکاری بسپۆرانی ناوخۆ و دەرەکی ئەم هێزانە لە ستاندارده سەربازییەکان نزیک بکەینەوە.

سیانزەیەم: کار دەکەین بۆ سەروەرکردنی یاسا و ڕێز گرتن لە سەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەری و نابێ لە کوردستاندا کەس لە سەرووی یاسا بێت. هیچ کەسێک ڕێگەی پێنادرێت بە هۆی پێگەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و حزبی لە دەست یاسا رابکات و خۆی لە دەرەوەی یاسا ببینێتەوە , هەروەها کاری جدی دەکەین بۆ کۆنترۆڵکردنی دیاردەی بڵاوبوونەوەی چەک لە ناو کۆمەڵگەکەماندا.

**لە ئاستی خزمەتگوزارییەکاندا:**

یەکەم: کاردەکەین بۆ باشترکردنی کەرتی تەندروستیی گشتی و گەیاندنی خزمەتێکی باشتری تەندروستی بە هاووڵاتیان و هەوڵی جێگیرکردنی سیستەمی بیمە یا خود دڵنیایی تەندروستی بە پێی پێوەری گونجاو بۆ دۆخی هەرێمی کوردستان دەدەین. هەروەها کار دەکەین بۆ پێشکەشکردنی ڕەشنووسی یاسای مافی نەخۆش و ڕێکخستنەوەی ماف و ئەرکی پزیشکان بۆ پاراستنیان لە هەر دەستدرێژییەک.

دووەم: کار دەکەین بۆ چارەسەرییەکی بنەڕەتی بۆ کێشەی کارەبا، لە زیادکردنی ئاستی بەرهەمهێنان و کەمکردنی بەهەدەردان و دابەشکردنێکی پێشکەتوو و گونجاوی کارەبا. هەروەها کار دەکەین بۆ ڕێکخستنەوەیەکی گونجاوی نرخی کارەبا و دامەزراندنی میکانیزمێکی کاریگەر و سەردەمیانە بۆ کۆکردنەوەی پارەی کارەبا لە بەکاربەران.

سێیەم: کار دەکەین بۆ چاککردن و بەرزکردنی ئاستی خزمەتگووزارییەکانی پەروەردە و فێرکردن لە کەرتی گشتی و دانانی ڕێکاری ڕاکێشانی بەشداریی سەرمایەدارانی هەرێم و دەرەکی بۆ بەشداری لە ئاواکردنی قوتابخانەی نوێ لەو شوێنانەی پێویستە. هەروەها کار دەکەین بە پێداچوونەوە بە مەنهەجی پەروەردەیی و گونجاندنی ناوەڕۆکیان بە پێی ستاندارده باوەکان.

چوارەم: کار دەکەین بۆ سوود وەرگرتن لە سەرچاوە ئاوییەکانی سەر زەویی هەرێم بۆ بواری خواردنەوەی هاووڵاتیان و بە جۆرێک ئاوی پاک بگەیەنرێتە هەموو هاووڵاتیان و تا بکرێت ئاوی ژێرزەوی بەهەدەر نەدرێت.

پێنجەم: کار دەکەین بۆ باشترکردنی ڕێگەوبانی هەرێمی کوردستان و سیستەمی هاتووچۆی هەرێم وهەوڵدەدەین وەبەرهێنانی بیانی و کەرتی تایبەت بۆ ئەم بوارە رابکێشین و ڕێگەوبانی هەرێم کە ساڵانە هۆکاری زیانی گیانی و مالیی هاووڵاتیانمانە لە ستاندارده باوەکان نزیک بکەینەوە.

شەشـــەم: کار دەکەیـن بـۆ رەخسـاندنی بـواری کار بـۆ کەرتـی تایبـەت و فراوانکردنـی وەبەرهێنـان لـە بـوارە جیاجیاکانـی وەک پیشەسـازی و کشـتوکاڵ و گەشـتوگوزار، تاکـو بـەم هۆیـەوە دەرفەتـی کار زیـاد بکرێـن و یاسـاکانی کار بـە جۆرێـک رێـک بخرێـن کـە دەرفەتـی کار بـۆ گەنجانـی هەرێـم زیاتـر بکرێـت.

حەوتـەم: کاردەکەیـن بـۆ زامنکـردن و رێکخسـتنەوەی سـەرجەم مافـە یاسـاییەکانی کارمەنـد و کرێکارانـی کەرتـی تایبـەت، بـە جۆرێـک مافـی خانەنشـینی و کاتژمێرەکانـی کار و بیمـە یـا خـود دڵنیایـی تەندروسـتی و داهاتوویـان پارێـزراو بێـت.

هەشـتەم: خزمەتـی خانـەوادەی شـەهیدان و ئەنفالکـراوان و کەمئەندامانـی سـەنگەر و بریندارەکان و قوربانیانی هەڵمەتەکانی جینۆسـاید و زیندانییە سیاسـیەکان، لـە کارە بەراییەکانـی حکومـەت دەبێـت. هەروەهـا کار دەکەیـن بـۆ پێداجوونـەوە بـە لیسـتەکانیان و پاکردنەوەیـان لـەو ناوانـەی بـە شـێوازی نایاسـایی زیادکـراون.

نۆیـەم: بـە مەبەسـتی دەسـتەبەرکردنی ژیانێکـی شایسـتە، گرنگیـی تایبـەت بـە کاروبـاری خـاوەن پێداوسـیتیە تایبەتیـەکان دەدەین.

دەیـەم: ژینگـەی کوردسـتان گەورەتریـن سـەرمایەی هەرێمـە و کار دەکەیـن بـۆ پاراسـتنی ژینگـە و پەرەپێـدان بـە کلتـوری ژینگـە پارێـزی. کار دەکەیـن بـۆ بەکارخسـتنی سیسـتەمێکی پێشـکەوتووی ریسـایکل و چارەسـەریی زبـڵ و خاشـاک وکەمکردنـەوەی مەترسـییە ژینگەییـەکان.

یانزدەیـەم: لـە سـەر شـێوازێکی دادپەروانـە و هاوسـەنگ کار دەکەیـن بـۆ ئاوەدانکردنـەوەی شـار و قـەزا و ناحیـەکان و گرنگـی تایبـەت دەدەیـن بـە هاندانـی خەڵکـی لادێـکان بـۆ مانەوەیـان لـە گونـد و دێهاتەکانیـان و گەیاندنـی خزمەتگـوزاری شایسـتە بۆیـان.

دوازدەیـەم: گرنگـی تایبـەت دەدەیـن بـە فەراهەمکردنـی پانتایـی کاری

رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە چوارچێوەی یاسادا و پاڵپشتی بوارە وەرزشی و هونەری و فەرهەنگی و کلتورییەکان دەکەین لە هەرێمی کوردستان.

سێزدەیەم: کاردەکەین لە پێناو گرنگیدان بە خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی، ئەمەش لە رێگەی پێشخستن و بەرزکرنەوەی ئاستی زانکۆ و پەیمانگاکانی هەرێم لە ڕووی جۆری، هەروەها فەراهەمکردنی دەرفەتی لەبار بۆ خوێندن و توێژینەوەی زانستی. هەروەها کار دەکەین بۆ رێکخستنەوەی کاری زانکۆ و پەیمانگا ئەهلییەکان و پێداچوونەوە بە کوالێتی زانستی و نرخەکانیان.

چواردەیەم: بە (ئەلیکترۆنی کردنی کاروباری حکومەت (حکومەتی ئەلیکترۆنی)، چ لە ئاست کاروباری ناوخۆی حکومەت و چ لە ئاست پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە ئەلەکترۆنییەکان بۆ هاووڵاتیان، لە ئەرکە لە پێشینەییەکانمان دەبێت و بەم هۆیەوە رێگە لە رووتین و بەهەدەردانی سامانی گشتی و کاتی هاووڵاتیان و دامەزراوەکان دەگیرێت و کوالێتیی خزمەتگوزارییەکان بەرز دەکرێتەوە.

پانزدەیەم: گەنجانمان سەرمایەیەکی نیشتیمانیی گەورە و کاریگەری مرۆیین و ئایندەسازی وڵاتەکەمانن. بۆیە لە میانەی کار و بەرنامەی گشت وەزارەتەکان، کار دەکەین بۆ بەکارخستن و ئاراستەکردنی تواناکانیان بەرەو بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی تەندروست و پێشکەتوو، کە ئایندەیەکی گەشتر بۆ وڵات فەراهەم بکات.

شانزدەیەم: شوێنەوارە مێژووییەکانمان بەشێکن لە سەرمایەی مێژوویی و کلتوری وڵاتەکەمان و پاراستنیان ئەرکێکی لە پێشینەمان دەبێت و کاردەکەین بۆ بەهێزترکردنی ئالییەتی دۆزینەوە و سەرپەرشتی و پاراستنیان و هەروەها هەوڵی بەکارخستنی کاراتری ئەم شوێنەوارانە دەدەین بۆ بواری گەشتیاری، بە پێی ستاندارە باوەکان.

## لە سەر ئاستی پەیوەندیی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراقی فیدراڵ:

یەکەم: حکومەتی هەرێمی کوردستان لایەنی فەرمیی دانوستان دەبێت لە گەڵ حکومەتی فیدراڵی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، بۆ ئەم مەبەستە حکومەتی هەرێم وپەرلەمانی کوردستان، دەستەی دانوستان دروست دەکەن، بۆ دانوستان لەگەڵ بەغدا و بەدەستهێنانی مافە دەستورییەکانی گەلەکەمان.

دووەم: دەستور بنچینەی هەر دانوستانێکی هەولێر لەگەڵ بەغدا دەبێت و دۆسیەکانی پەیوەست بە مادەی 140 و پێشمەرگە و بودجە و سامانە سروشتیەکان و قەرەبۆی ئەنفال و شەهیدان و زیندانیانی سیاسی و زیانلێکەوتوانی دەستی رژێمی بەعس و هەموو مافە دەستورییەکانی هاووڵاتیانی هەرێم لە نزیکترین کاتدا، بابەتی گفتوگۆمان لەگەڵ حکومەتی عێراقی فیدراڵ دەبێت.

سێیەم: هەوڵەکانمان بۆ ئاسایی کردنەوەی رەوشی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم بە گشتی و کەرکوک بە تایبەتی، دەست پێ کردووە و جەخت لە پێویستیی خێراکردنی ئەم پرۆسەیە دەکەینەوە. بۆ ئەم مەبەستەش دەبێ هەرچی زووترە دۆخی سەربازیی سەپێندراو لەم ناوچانە کۆتایی پێ بهێندرێت و بگەڕێینەوە بۆ دۆخی پێش 2014/6/10 و ئەو ناوچانە لەلایەن پێکهاتە رەسەنەکانی ئەو دەڤەرانە بەڕێوەببردرێت و بە کردەوە دەست بە جێبەجێ کردنی قۆناغەکانی ماددەی 140ی دەستوور بکرێت.

چوارەم: هەڕەشەی تیرۆر، هێشتا هەڕەشەیەکی گەورەی سەر هەموو عێراقە. حکومەتی هەرێمی کوردستان پابەندە بە بەردەوامیی رووبەڕوو بوونەوەی تیرۆریستان و ئامادەیی هاوکاریی تەواوی لە گەل حکومەتی فیدراڵ و هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی دژ بە تیرۆر هەیە. بۆ ئەوەی ئەو هەڕەشەیە بنبڕ بکرێت، حکومەتی هەرێم ئامادەیی

هێـزی پێشـمەرگە بـۆ هاوکاریـی سـوپای عێـراق لـە دوورخسـتنەوەی هەڕەشـەی تیرۆریسـتان لـە ناوچـە کوردسـتانییەکانی دەرەوەی ئیـدارەی هەرێـم دووپـات دەکاتـەوە.

پێنجـەم: کاردەکەیـن لـە پێنـاو دەسـتەبەرکردنی مافـە دەسـتووریەکانی هێـزی پێشـمەرگەی کورسـتان وەک بەشـێک لـە سیسـتەمی بەرگریـی عێراقـی فیـدراڵ، بـە تایبـەت لـە بابەتەکانـی مووچـە و دابینکردنـی پێداویسـتیی سـەربازییان.

شەشـەم: هـەوڵ دەدەیـن هەرچـی زووتـرە، دۆسـیەی نـەوت و گاز لەسـەر بنەمای مـادەی 111 و 112ی دەسـتوری عێراقـی فیـدراڵ چارەسـەر بکەیـن و یاسـای نـەوت و گاز لـە لایـەن ئەنجوومەنـی نوێنەرانـی عێـراق دەربچێـت. هـەر وەهـا هـەوڵ دەدەیـن دەسـتەی گشـتیی چاودێریـی داهاتەکانـی فیدراڵـی وەک لـە مـادەی 106ی دەسـتوردا هاتـووە دابمەزرێـت.

حەوتـەم: جەخـت لـە ڕەچاوکردنـی پشـکی هەرێـمی کوردسـتان لـە دامـەزراوە فیدراڵییەکانـی عێـراق بـە گشـتی و لـە وەزارەتەکانـی دەرەوە و بەرگـری و نـەوت بـە تایبەتـی دەکەینـەوە.

هەشـتەم: کاردەکەیـن بـۆ چەسـپاندنی هەرچـی زیاتـری بنەماکانـی سیسـتەمی فیدراڵـی، بـە ڕێگـەی دروسـتکردنی (ئەنجوومەنـی ئیتیحـادی و هەروەهـا جەخـت لـە سـەر پرینسـیپەکانی (تـەوازون و تەوافـوق و شـەراکەت) لەگـەل حکومەتـی ئیتیحـادی دەکەینـەوە.

نۆیـەم: جەخـت لەسـەر دەرکردنـی یاسـای دادگای فیدراڵـی عێـراق دەکەینـەوە، بـە جۆرێـک یاسـاکە گەرەنتیـی سـەربەخۆیی دادگای فیدراڵـی بـکات.

## ئازادی و دیموکراسی و پێکەوەژیان:

یەکـەم: پێداگـری لـەو پێکەوەژیانـە ئاشـتیانەی نێـوان پێکهاتـە نەتەوەیـی و ئایینیەکانـی نـاو هەرێمـی کوردسـتان لـە کـورد و تورکمـان و کلـدان

و ئاشووری و سریانی و ئەرمەنی و عەرەب و موسولمان و ئێزدی و مەسیحی وکاکەیی و مەندایی و زەردەشتی دەکەینەوە و ئەو تایبەتمەندییەی هەرێم دەپارێزین و بەهێزتری دەکەین.

دووەم: پێداگری لە سەر چەسپاندن و بەهێزکردنی بنەما دیموکراسییەکان و ئازادیی و یەکسانی و دەستخستنی زانیاری بە پێی یاسا بۆ هاوولاتیانی هەرێم دەکەینەوە و بەرگریکاری مافەکانیان دەبین و دژی هەر دەمارگیری و توندڕۆییەکی تایفی و ئایینی و ڕەگەزی و حیزبی دەوەستینەوە.

سێیەم: دژی هەر جیاکارییەکی ڕەگەزی و بە پەراوێزخستنی ڕۆڵی ئافرەت دەوەستینەوە. پێویستە ئافرەتان بە توانا و لێهاتووی خۆیانەوە ڕۆڵ و پێگەی شایستەی خۆیان لە کۆمەڵگادا وەرگرن و بەشدارییەکی کارای ناو کایەی سیاسی و ئابووری و کۆمەلایەتیی هەرێمدا بکەن.

چوارەم: هاوولاتیانی کوردستان ئازادن هەر بیروباوەڕێکی سیاسی لە چوارچێوەی ژیانی سیاسیی هەرێمدا هەڵبژێرن و نابێ لە کوردستاندا هیچ کەس لەسەر بیر و باوەری سیاسی و سەرپێبوونی حیزبی سزا بدرێت و پێویستە بەشێوەیەکی دادپەروەرانە مافە زەوتکراوەکانی ئەوکەسانە بگەڕێندرێتەوە کە لەمڕووەوە زیانمەندبوونە.

## پەیوەندییەکانی هەرێم لە سەر ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتی:

یەکەم: دامودەزگا فەرمییە پەیوەندیدارەکانی هەرێم، پەیوەندییە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان بەڕێوەدەبەن، بۆ ئەم مەبەستە فەرمانگەی پەیوەندییەکانیدەرەوەلەسەربنەمایەکییاسایینوێڕێکدەخرێتەوە.

دووەم: جەخت لەسەر پەیوەندییەکی باش لەگەل ولاتانی دراوسێ دەکەینەوە، بە جۆرێک بە ڕەچاوکردنی بەرژەوەندیی هاوبەش و ڕێزی دوولایەنە، پەرە بە ئاستی پەیوەندییەکان لە گشت بوارەکاندا بدرێت.

سێیەم: پشتگیریی چارەسەریی ئاشتیانەی گشت کێشەکانی ناوچەکە دەکەین و پێگەی هەرێمی کوردستان بە ئاراستەیەک بەکار دەهێنین، کە بەشێک بین لە ڕەوتی چارەسەری.

چوارەم: حکومەتی هەرێمی کوردستان هەوڵ دەدات نوێنەرایەتیە هەنوکەییەکانی لە دەرەوەی هەرێم بەهێز بکات و نوێنەرایەتی نوێ بە پێی پێویست لە وڵاتان بکاتەوە و زەمینەیەکی لەباریش دەرەخسێنین بۆ ئەوەی وڵاتانی زیاتر کۆنسولگەرییەکانیان لە هەرێم بکەنەوە.

### لە ئاستی ئابووری و داراییدا:

یەکەم: کاردەکەین بۆ ئەوەی ئابووریی هەرێم فرە چەشن و فرەرەهەند بێت و تەنیا پشت بە نەوت و غاز نەبەسترێت، بۆ ئەم مەبەستە پەرە بە کەرتەکانی کشتوکاڵ و پیشەسازی و گەشتیاری دەدەین و هەوڵ بۆ ڕاکێشانی وەبەرهێنانی دەرەکی لەم کەرتانەدا دەدەین.

دووەم: کشتوکاڵ بوارێکی سەرەکیی گرنگیدانمان دەبێت و کار دەکەین بۆ پێشخستنی ئەم کەرتە بە ئامراز و مەکائنی پێشکەوتوو و فراوانکردنی جۆریی و چەندیی بەرهەم بە پێی بنەما زانستییەکان. کار دەکەین بۆ بەکارهێنانی سەرچاوە ئاوییەکان و دروستکردنی بەنداوە وەرزی و هەمیشەییەکان گلدانەوەی ئاوی پێویست بۆ بواری کشتوکاڵ و زیادکردنی ڕووبەری سەوزایی لە هەریم. جەخت لەسەر پاراستنی بەرهەمی خۆماڵی و پشتیوانیی جوتیارانی هەرێم دەکەینەوە و کار دەکەین بۆ رەخساندنی بازاری گونجاوی ناوەوە و دەرەوە بۆ بەرهەمەکانیان.

سێیەم: کار دەکەین بۆ ڕێکخستنەوەی سیستەمی بانکی لە هەرێم و بەکارخستنی ئەو سیستەمە بۆ خزمەتگوزارییە کەسی و گشتیەکان و بەکارهێنانی ژمارە بانکیەکان و کارتە ئەلیکترۆنیەکان بۆ ئالوگۆڕی

دراوی و خەرجییەکان و ڕێژەی مامەڵە بە پارەی کاش کەم بکرێتەوە.

چوارەم: هانی وەبەرهێنان دەدەین لە هەموو بوارەکاندا، بۆ ئەم مەبەستەش لە سەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوەدا دەرفەتی یەکسان و دادپەروەرانە بۆ هەموو لایەک دەرەخسێنین. لە سەر ئەو بنەمایانەش کاردەکەین بۆ داڕشتنەوە و هەموارکردنەوەی یاسای وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستاندا.

**لە ئاستی کارگێری:**

یەکەم: کار دەکەین بۆ چەسپاندنی لامەرکەزیەتی ئیداریی پارێزگاکان کە گونجاو بێت لەگەڵ سیستەمی یاسایی و کارگێڕی هەرێمی کوردستان و شۆڕکردنەوەی دەسەڵاتەکان و دابەشکردنی ئەرک و بەرپرسیاریەتی بە پێی یاسا، لە ژێر چاودێری سەرۆکایەتی حکومەت.

دووەم: کاری جدی دەکەین بۆ تەرشیقی هەیکەلیەتی دام و دەزگاکانی حکومەت لە خوارەوە بۆ سەرەوە، بە شێوەیەک کە بۆ هەرێمی کوردستان گونجاو بێت، ئەمەش بە پێی پلانێکی تۆکمە و ئامادەکردنی نەخشەڕێگایەکی زەمەنی لە ماوەی چوار ساڵی داهاتوودا.

## بەشی حەوتەم

# چاکسازی لە گوتارەکانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا

مەسرور بارزانی:

## خواستی یەکەمی هاووڵاتیانمان ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵییە. خواستی یەکەمی منیش لەم کابینەیەدا ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی و ئەنجامدانی چاکسازییە

دەقی وتاری دەستبەکاربوونی مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بەردەم پەرلەمانی کوردستان

٢٠١٩/٧/١٠



بە ناوی خوای گەورە و میهرەبان
بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان،
بەڕیزان ئەندامانی پەرلەمان،

خۆم بە خۆشحاڵ و بەختەوەر دەزانم کە ئەمڕۆ لەگەل هاوکارانم لەبەردەم ئەم پەرلەمانە بەڕێزە، کە دەستکەوتی خەبات و قوربانیدانی گەلەکەمانە، متمانەمان پێ بەخشرا وسوێندی یاساییمان خوارد.

ئەمڕۆ لە سایەی خوێنی شەهیدان و تێکۆشانی پێشمەرگە قارەمانەکان و خۆراگریی گەلەکەمان، کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەدایک بوو، کە بەڵگەیەکی دیکەی ئیرادەی سیاسیی هێزە کوردستانییەکانمانە، لە پابەندبوون بە پرۆسەی دیموکراسیی و دەستاودەستکردنی دەسەڵات.

لێرەدا بە پێوستی دەزانم ستایشی هاووڵاتیانی کوردستان بکەم , کە لە ٢٠١٨/٩/٣٠ لە پرۆسەیەکی دیموکراسیدا بەشداربوون و دەنگیان داو و سوپاسیان دەکەین کە لە پێناو پێکهێنانی حکومەتێکی بەهێز و پاراستنی تەبایی و یەکرپزیی هێزەسیاسییەکان، لەگەڵمان پشوودرێژ بوون.

لەمڕۆژەدا بە پێویستی دەزانم سوپاس و پێزانینم ئاراستەی جەنابی سەرۆک بارزانی بکەم کە بە ڕابەرایەتی جەنابیان، گیانی بەرگری و خۆراگری لە هەرێمدا بەرز و بەهێز ماوەتەوە و بەو هۆیەشەوە توانیومانە لە هەموو ئاستەکاندا بەرگەی سەختییەکان بگرین و ئیرادەی گەلەکەمان بەسەر خواستی ناحەزان سەرخەین.

هەر لێرەدا سوپاس و ڕێزم ئاراستەی کابینەی هەشتەم، بە تایبەت برای بەڕێزم کاک نێچیرڤان بارزانی دەکەم، کە لە ڕۆژە سەختەکانی ڕابردوودا لە خزمەتی هاووڵاتیان و نیشتمان بەردەوام بوون و دەسکەوتی بەرچاویان بۆ خزمەت و گوزەرانی هاووڵاتیان هەبووە.

بەڕێزان سەرۆکایەتی پەرلەمان وسەرجەم پەرلەمانتارانی کوردستان، سوپاسی ئێوەی نوێنەرانی گەل دەکەم، کە متمانەتان بە خۆم و جێگری سەرەکوەزیران و وەزیرە بەڕێزەکانی هاوکارم بەخشی. بێگومان بە هەموو توانایەکمان هەوڵ دەدەین لە ئاست ئەم متمانەیە بین.

پلان و ئامانجەکانمان بۆ خزمەتی هاووڵاتیان لە چوارچێوەی بەرنامەیەکی کار ڕێکخستووە، کە نەخشەڕێگای سەرەکی و گشتیمان دەبێت لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان و وەک برگەی دووەمی وتارەکەم دەیخەمە ڕوو.

بەڕێـزان، زۆربـەی حیـزب و لایەنەکانەکانـی بەشـداربووی ئـەم کابینەیـە لـە ماوەکانـی ڕابـردوودا بـە دروشـم و وتـاری جۆراوجـۆر، باسـیان لـە پێویسـتیی خزمەتێکـی باشـتری هاووڵاتیـان کـردووە، هیواداریـن ئـەم بەڵێـن و دروشـمانە لـەم کابینەیـەدا بکرێنـە کـردار و جێبەجـێ بکرێـن، چونکە ئـەم کابینەیە ئەرکی خزمەتـی هاولاتیـان لـە پێـش هەمـوو کار و ئەرکەکانـی دیکـەی دادەنێت و خۆی بـە خزمەتـکاری هاونیشـتمانیان دەزانێـت. بۆیـە لای ئێمـە هاوڵاتـی میحـوەری سـەرەکی دەبێـت و ئامانجـی گەورەمـان خزمەتکردنیانـە بەبـێ جیـاوازی.

چاوەڕوانیـی زۆر لـەم کابینەیـە دەکرێـت، هـەوڵ دەدەیـن لـە ئاسـت ئـەم چاوەڕوانییـە بیـن، لەهەمانکاتـدا هیـوادارم جەمـاوەری خۆشەویسـتمان واقعبیـن بـن و کۆسـپ و کێشـە و گرفتـە کەڵەکەبـووەکان بەرچـاو بگـرن، چونکـە تێپەڕاندنـی ئـەم کۆسـپ و تەگەرانـە بـە شـەو و ڕۆژێـک ناکرێـت و دەبێـت هەموومـان پشـتیوان و هـاوکاری یەکتـر بیـن.

دەمانەوێـت لـە سـەرەتاوە لەگـەڵ هاوڵاتیانـی خۆمـان ڕاسـتگۆ و شـەفاف بیـن و واقعـی دۆخەکـە لەبەرچـاو بگریـن، بـەڵام لـە هەمانکاتـدا بەڵێنـی ئـەوە دەدەیـن کـە ئـەوەی لـە توانامانـدا بێـت دریغـی ناکەیـن و لـە پێنـاو چارەسـەریی بنەڕەتیـی گرەفتـەکان وخزمەتـی گـەل و وڵات هەمـوو هـەوڵ و تواناکانمـان دەخەینـە گـەڕ.

بەڕێـزان بـە پێـی هەمـوو ڕاپرسـییەکان، خواسـتی یەکەمـی هاوڵاتیانمـان ڕووبەڕووبوونـەوەی گەندەڵییـە. خواسـتی یەکەمـی منیـش لـەم کابینەیـەدا ڕووبەڕووبوونـەوەی گەندەڵـی و ئەنجامدانـی چاکسـازییە. گەندەڵـی دیاردەیەکـی ترسـناکە، بـەڵام نەبووەتـە کەلتـور و لـە توانامانەدایـە بـە پاڵپشـتیی ئیـرادەی هاوڵاتیـان و هاوکاریـی دامـودەزگا پەیوەندیـدارەکان، لـە ماوەیەکـی کەمـدا ئـەم دیاردەیـە بەرێژەیەکـی بەرچـاو بەرتەسـک و بچـووک بکەیـن. ئـەو هەنگاوانـەی تـا ئێسـتا بـۆ بەرەنگاریـی گەندەڵـی نـراون بـەرز دەنرخێنیـن و لەمـەولاش بـە هیـچ جۆرێـک بەرامبـەر بـە گەندەڵـکاران و سـەرپێچیکەران نەرمـی نانوێنیـن و دەبێـت خواسـتی هاوڵاتیـان بەجـێ بگەیەندرێـت.

بەڕێزان، ئەندامانی پەرلەمان و جەماوەری خۆشەویستی کوردستان، هەموو ئەم وەزیرە بەڕێزانەی هاوکارم، کە لە لایەن حیزبەکانیانەوە پێشنیار کراون، ئێستا دوای ئەوەی متمانەیان پێ درا و سوێندی یاساییان خوارد، بوون بە وەزیری حکومەتی هەرێمی کوردستان و لە مەولا ئەجێندا و بەرنامەی حکومەتی هەرێم جێبەجێ دەکەن و هیچ وەزارەتێک یان وەزیرێک ناتوانێت و ڕێگەی پێنادرێت لە دەرەوەی بەرنامەی حکومەت رەفتار بکات. وەزیرە بەڕێزەکان سەر بە هەر لایەنێک بن، پێویستە بزانن وەزارەتەکانیان هی هەموو خەلکی کوردستانە و نابێ بەرژەوەندییە تایبەتی و حیزبییەکان باڵ بەسەر هیچ وەزارەت یان دامودەزگایەکی حکومیدا بکێشێت. ئەم حکومەتە کارو چالاکی و خزمەتگوزارییەکانی لەهەر بستێکی کوردستاندا دەبێت و حکومەتی هەموانە.

بەڕێزان، حکومەتێکمان وەرگرتووە کە چەندین ملیارد دۆلار قەرزدارە، ئەم قەرزانە کەڵەکەبووی ڕەوشی ناڵەباری دارایی دۆخێکی نەخوازراوە و دەبێت هاوڵاتیانی ئازیزمان و هەموو دڵسۆزان لە هەرێمی کوردستان و عێراقیش بزانن، کە بەشی زۆری ئەم قەرزانە دەکەوێتە ئەستۆی حکومەتی عێراقی فیدراڵ، ئەویش بەهۆی نەناردنی بەشە بودجەیەک، کە مووچە و مافی هاوڵاتیانی هەرێم بووە. ئەم ڕەوشە داراییە لە دەسپێکدا کابینەکەمان ڕووبەڕووی دۆخێکی سەختی دارایی دەکاتەوە، بەڵام هەوڵ دەدەین بە پێی بەرنامەی کارمان ئەم دۆخە تێپەڕێنین.

لێرەدا جێگەی خۆیەتی ئاماژەیەک بە بەرەوپێشچوونی پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر و بەغدا بکەین. بەڕێز عادل عەبدولمەهدی، سەرۆکوەزیرانی حکومەتی فیدراڵ بە کردەوە نیازپاکیی خۆی بۆ چارەسەریی کێشەکان پێشانداوە، کە جێگەی پێزانینە، بۆیە دەبێت هەردوولامان سوود لەو کەشە ئیجابییە وەرگرین و بە پێی دەستور هەنگاو بۆ چارەسەریی گشت کێشە هەڵواسراوەکان بنێین. لێرەدا دڵنیایی دەدەین کە ئەرکی هەرە لەپێشینەمان کارکردن دەبێت بۆ ئەوەی زەمینەیەکی لەبارتر برەخسێنین،

تاکو دانوستانەکان بەرهەمدارتر بکرێن و بەکردەوە ئەنجامەکان ببینین. بۆ دەرخستنی نیازپاکیشمان لە ماوەیەکی نزیکدا دوای جێگیربوونی کابینەی نوێ سەردانی بەغدا دەکەین و هاوکار و هاوهەڵوێستی ئەو هێزانە دەبین، کە خوازیاری سەقامگیری و پێشکەوتنی عێراق و هەرێمی کوردستانن. کوردستانێکی بەهێز هەوێنێک دەبێت بۆ عێراقێکی فیدرالیی بەهێز و پێشکەتوو.

لە کۆتاییدا داوای هاوکاری و پشتگیری لە هاوڵاتیانی کوردستان دەکەم، تاکو بتوانین پێکەوە رووبەرووی گرفتەکان ببینەوە و بەرنامەی کاری حکومەت بۆ خزمەتی گەل و نیشتمان جێبەجێ بکەین.

خوا پشتیوان بێت، بەردەوام دەبین لە هەوڵ و تێکۆشانمان بۆ وەدیهێنانی ئامانجە پیرۆزەکانی باب و باپیرانمان و پابەند و بەرپرسیار دەبین لە خەباتێکی سەردەمیانە، تا گەیشتن بەو قۆناغەی کە ئاواتی شەهیدانمان و هەموو تێکۆشەران و پێشمەرگە قارەمانەکان و هاوڵاتیانی خۆراگری کوردستان بووە.

ئەمەی لێرەدا دەیخەینەڕوو تەنها هێڵە گشتییەکانی کارنامەی حکومەتە و تیایدا ئامانجی گەورەمان هەڵگرتووە و ئیرادەیەکی بەهێزیشمان هەیە بۆ جێبەجێکردنیان، بەلام دەمانەوێت زۆرترین کار و کەمترین گوتارمان هەبێت.

10 تەمووزی 2019

مەسرور بارزانی:

# ئەرکی لە پێشینەمان هەمەجۆرکردنی ئابووری و سەرچاوەکانی داهاتە

گوتاری سەرۆک وەزیران مەسرور بارزانی بەبۆنەی تێپەڕبوونی سەد ڕۆژ بە سەر دەستبەکاربوونی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان
٢٠١٩/١٢/٧



بەناوی خوای گەورە و میهرەبان

هاووڵاتیانی خۆشەویستی هەرێمی کوردستان

خۆشحاڵم ئەمڕۆ دوای تێپەڕبوونی سەد ڕۆژی کارکردن بە سەر دەستبەکاربوونی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەم گوتارەتان پێشکەش بکەم.

لە ڕۆژی سوێندخواردنی کابینەکەمان لە پەرلەمان، ئاماژەم بەوەکرد، کە ئەرکێکی سەختمان لە ئەستۆ گرتووە، بەڵام وتمان کە پشت بەخوا

و متمانەی هاووڵاتیانمان، دەتوانین بەسەر سەختییەکاندا زاڵ ببین و، ئەم قۆناغە تێپەڕێنین. خۆشحاڵم کە ئەمڕۆ لێرەدا ڕاییگەیەنم، کە بە بڕوای ئێمە قۆناغی باشمان بڕیوە و ڕەوتی کارەکانمان کەوتووەتە سەر ڕاستەڕێ و دەسکەوتی بەرچاو بەدی هاتوون.

من پێشتریش باسمکردووە، کە ئێمە حکومەتێکمان دەوێت، خزمەتی خەڵکی هەرێمی کوردستان بکات.ئێمە پابەندبوونی خۆمان دووپاتدەکەینەوە بۆ بنیاتنانی کوردستانێکی بەهێزتر و حکومەتێک کە خزمەتی خەڵک بکات نەک بە پێچەوانەوە.ئەمەش بنەمای کارکردنمان بووە لە ڕۆژی دەستبەکاربوونمانەوە.

ئێمە هەرچی لە تواناماندا بێت دەیکەین بۆ خزمەتکردنی خەڵکی هەرێمی کوردستان و، دەشزانم هاووڵاتیان چاوەڕوانی زیاتریان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان هەیە. بەڵام بێگومان ئەنجامدانی پڕۆژەی گرنگ و ستراتیجی، پێویستی بە کاتی زیاتر و زەمینەی لە بارتر هەیە، کە پشتیوان بە خوا و هاووڵاتیان، ئومێدمان زۆرە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ئاست چاوەڕوانی ئێوەدا بێت.

بێگومان تێپەربوونی سەد ڕۆژ تەنیا دەسپێکێکە. بەڵام لە گەڵ ئەوەشدا ئێمە لە سەد ڕۆژی دەستپێکدا، کاری بەرچاومان کردووە و لە چەندین بواری گرنگدا پێشکەوتنی باش بەدی هاتوون. بۆ نموونە باشترکردنی پەیوەندییەکانمان لە گەڵ حکومەتی فیدراڵی لە بەغدا، ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی، هەروەها گەڕاندنەوەی شەفافییەت و دڵنیایی زیاتر لە بواری داهاتی گشتی و ناوخۆ و نەهێشتنی ڕێژەیەکی بەرچاوی ڕووتین، و دەتوانین بڵێین بەگشتی حکومەت چالاکتر و ئەکتیڤتر بووە.

دەتوانم بە دڵنیاییەوە بڵێم، کە ئێستا کوردستان بەهێزتر و سەقامگیرترە و حکومەتیش شەفافترە. ئێمە هیواداریین کە بە بەردەوامبوون لەم پلان و ڕێکارانەی کە گرتوومانەتەبەر لە چەند ساڵی داهاتوودا دەسکەوتی زۆر گەورەتر بەدەست بهێنین.

هاووڵاتیانی بەڕێز:

بەر لەهەموو شتێک هەر حکومەتێک بیەوێت خزمەتی خەڵک بکات، پێویستە حکومەتێکی روون و شەفاف بێت.

لە بارەی داهاتی دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە، لە سەرەتای کاری ئەم کابینەیەوە بڕیار درا بە کۆکردنەوەی گشت داهاتەکان لە وەزارەتی دارایی و ئابووری، بەجۆرێک کە بزاندرێت داهاتی حکومەتی هەرێم چەندە، هەروەها بۆ خەرجییە پێویستییەکانیش بەرچاومان روون بێت. لە سەر ئەم بنەمایە پلانمان داناوە بۆ زیاترکردنی داهاتی ناوخۆ و کەمکردنەوەی خەرجی بە پێی پێویستی. ئەم رێکارانەش هاوتەریب بوون لە گەل رەچاوکردنی پێداویستی دارایی وەزارەت و فەرمانگەکان.

تا ئێستا توانیومانە داهاتی ناوخۆمان زیاد بکەین و کاردەکەین بۆ ئەوەی تا کۆتایی ئەمساڵ داهاتی ناوخۆ بە رێژەی ٪50 زیاد بکەین، ئەمەش لە رێگەی رێکخستنەوە و دانانی سیستەمێکی هاوسەنگی باج کە ئامانجی خزمەتکردنی بەرژەوەندی گشتی بێت و بتوانێت، داهات بۆ خزمەتگوزارییە گشتییەکان دابین بکات.

ئێستا سەرقاڵی رێکخستنەوەی باجین لە هەرێم و ئەنجومەنی وەزیران، هەموو ئەو رێکارانەی ڕاگرتووە، کە ببوونە هۆی ئەوەی هەندێک کەس و کۆمپانیا بەشێوەیەکی نایاسایی لە باجدان ببەخشرێن.

ئێستا خەرجییەکانی حکومەتیش، زیاتر بەداواداچوونیان بۆ دەکرێت و لە رێگەی دامەزراندنی کۆنترۆڵێکی ناوەندییەوە، چاودێرییەکی وردی خەرجییە گشتییەکان دەکەین بۆ ئەوەی دڵنیابین کە داهاتی گشتی بە فیڕۆ نادرێت و خەرجیە گشتییەکانیش بە پێی پێداویستییە لە پێشینەکان بێت.

ئێستا خەرجییەکانی حکومەتیش، زیاتر بەداواداچوونیان بۆ دەکرێت و، دەمانەوێت دڵنیابین کە ئەو خەرجیانە، بە شێوەیەکی دروست و لە پێناو بەرژەوەندی گشتیدا خەرج دەکرێن.

هـەر پەیوەسـت بـە داهاتـە گشـتییەکانی حکومەتـەوە، پرۆسـەیەکی شـەفافمان گرتووەتەبـەر بەتایبـەت لـە بـواری داهاتـی سـامانە سرووشـتییەکان. بـە شـێوەیەکی بـەردەوام داتـا و زانیارییەکانمـان خسـتووەتەڕوو. ئێسـتا گشـت هاووڵاتیـان دەتوانـن بزانـن کـە داهاتـی نـەوت و داهاتـە ناوخۆییەکانمـان چەنـدە و لـە چ بوارێکـدا خـەرج دەکرێـت.

هاووڵاتیانی بەڕێز:

لـە بابەتـی پەیوەندیـدار بـە گەندەڵییەوە،کەشـێکی لەبارمـان هێناوەتـە ئاراوە کـە چیتـر گەندەڵـی تیایـدا گەشـە نـاکات، خـۆم زۆر لەسـەر ئـەم بابەتـە ڕژدم و چاوپۆشـی لـە گەندەڵـی هیـچ کـەس و لایەنێـک ناکـەم.

ئێسـتا ڕێـکاری یاسـایی زۆر توونـدمـان گرتووەتەبـەر بەرامبـەر ئەوانـەی بـۆ ڕاپەڕاندنـی کارەکانیـان لـە دامودەزگاکانـی حکومەتـدا بەرتیـل وەردەگـرن یـان بەرتیـل دەدەن. چەندین کارمەنـد و بەرپرسـی حکومـی لەسـەر بەرتیل وەرگرتن و چەنددەهـا خاوەنکاریـش بـە هـۆی بەرتیلـدان لـەم ماوەیـەدا کەیسـەکانیان دراوەتـە دادگاکان.

تـا ئێستا بـە سـەدان فەرمانبـەری وەهمیمـان لە لیستـەکان پـاک کردووەتەوە و پرۆسـەکەش بـەردەوام دەبێـت. دەمانەوێـت دڵنیابیـن کـە کەسـانی شایسـتە مافەکانیـان نافەوتێـت و، تەنیـا ئەوانـەی کـە زێدەڕۆییـان کـردووە، ڕێـکاری پێوسـتیان لەبەرامبـەر دەگیرێتـە بـەر.

لـە ئاسـتی گشـت وەزارەت و دامەزراوەکان،چەندیـن لیژنـە بـۆ بەدواداچـوون و لێکۆڵینـەوە لـە گەندەڵـی پێکهاتـوون و، ڕێـکاری توونـد بەرامبـەر هـەر سـەرپێچی و گەندەڵییـەک دەگیرێتەبـەر.

دوای سـەد ڕۆژ کارکـردن، ئێسـتا دەتوانـم بڵێـم گەندەڵیمـان تاڕاددەیەکـی بەرچـاو سـنووردار کردووە.بـە یاسـاش ڕووبـەڕووی هەمـوو گەندەڵـکاران دەبینـەوە. لـەم ماوەیـەدا زۆر هەوڵیـش دراوە لـە ڕووبەڕووبوونـەوەی گەندەڵـی

ساردمان بکەنەوە، بەڵام هاووڵاتیان دڵنیا دەکەمەوە کە بە هەموو تواناییەکمان لە هەوڵەکانمان بەردەوام دەبین.

## لە بارەی چاکسازییەوە

یەکەم برگەی بەرنامەی کارمان کە لە پەرلەماندا پێشکەشم کرد، پەیوەست بوو بە چاکسازی. لە سەرەتای کاری ئەم کابینەیە لێژنەیەکی باڵامان لە لایەنە پەیوەندیدارەکانی ناو حکومەت پێک هێنا و، دوای چەند مانگ پێداچوونەوەیەکی باش و واقعیانە بە پرۆژە یاسای چاکسازی، ئێستا ئەم پرۆژە یاسایە ئامادەیە کە ڕەوانەی پەرلەمان بکرێت.

بۆ باشتر و خێراتر خزمەتکردنی هاووڵاتیان، داوام لە هەموو وەزارەتەکان کردووە کە بیرۆکراسی کەم بکرێتەوە و پلانی چوارساڵەی خۆیان بۆ چاکسازیکردن ئامادە بکەن. دەستمان بە ئەلکترۆنیکردنی چەند خزمەتگوزارییەکی گشتی کردووە و پەرەشی پێ دەدەین. خەریکین داتاسەنتەرێک، واتا ناوەندێکی زانیاری بۆ حکومەت دادەمەزرێنین کە زیاد لە پەنجا لە سەدی کارەکانی تەواو بووە و، لە چەند مانگی داهاتوودا دەستبەکار دەبێت. ئەم ناوەندە بە شێوەیەکی ئەلکترۆنی، خزمەتگوزاری گشتی پێشکەشی هاووڵاتیان و خاوەنکاران دەکات بۆ ئەوەی بە ئاسانی دەستیان بە خزمەتگوزارییە حکومییەکان بگات.

بۆ نموونە لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە چەندین دەروازەی سنوورییمان بە یەکەوە بە ستوونەتەوە و ئێستاش بەردەوامین لە هەوڵەکانمان بۆ بەستنەوەی دەروازە سنوورییەکانی دیکە و فرۆکەخانەکان بەو سیستەمەوە.

ئەمەش ئاسانکارییەکی باشی کردووە لە بواری کۆکردنەوەی گومرگ و سەرەئەنجام بزاڤی بازرگانی گەشەی کردووە، هەروەها بووەتە هۆی باشتربوونی کوالیتی کۆنترۆل.

جیا لە بەئەلیکترۆنیکردن، هەوڵمان داوە خزمەتگوزارییە سەرەکییەکان لە

ناوەندی پارێزگاکان کۆ نەکرێنەوە بۆ نموونە لە جیاتی ئەوەی خەڵک بێت لە سەنتەری شارەکانی وەکو هەولێر و سلێمانی پاسپۆرت دەربهێنێت یان نوێی بکاتەوە. ئێستا چەند بنکەیەکی پاسپۆرت لە چەند شارۆچکەیەکی وەک کۆیە و سۆران وزاخۆ کراونەتەوە و هی تریش دەکرێنەوە. بەم شێوەیەش کات و سامانی هاوولاتیان بە فیرۆ ناچێت و قەڵەباڵغی و جەنجاڵی لە ناوەندە خزمەتگوزارییەکان کەم دەکرێتەوە.

هەروەها لە بابەتی دەوامکردنی فەرمانبەرانیش گۆڕانکاری روویداوە و ئێستا فەرمانبەرانی حکومەت باشتر لە جاران پابەندن بە کاتژمێرەکانی کارکردنیان و بەوجۆرەش رایی کردنی مامەلە و کاروباری هاوولاتیان خێراتر و کاریگەرتر بووە.

ئێستا کاردانەوەی باشی هاوولاتیانمان پێدەگاتەوە کە نەمانی رووتین و خێرایی راییکردنی مامەڵەکانیان لە زۆر دامودەزگادا جێگەی خۆشحالییان بووە، ئەمەش زیاتر هانمان دەدات کە ئاستی خزمەتگوزارییەکان لە رووی کات و کوالێتییەوە بەرزتر بکەینەوە، چونکە رەزامەندی و خۆشحاڵیی هاوولاتیان ئامانجمان بووە. ئێستا لە پرۆسەی زۆر خزمەتگوزاری وەک، پاسپۆرت، ساڵنامە و مۆلەتی لێخوړینی ئۆتۆمبێل و دادنووسی و کاروباری شارەوانییەکان، خێرایی زیاتر بەدی دەکرێت، بە خستنەگەری خزمەتگوزارییە ئەلکترۆنییەکان، ئەم خزمەتگوزارییانە خێراتر و ئاسانتریش دەبن.

## دەربارەی پەیوەندی لە گەڵ حکومەتی فیدراڵی

یەکێک لە ئەرکە لە پێشینەکانی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەهێزکردن و باشترکردنی پەیوەندییەکانمانە لە گەڵ حکومەتی فیدراڵی لە بەغدا. لە دوای یەکەم کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران، سەردانی بەغدامان کرد، بۆ ئەوەی نیازپاکیمان بۆ گەیشتن بە رێککەوتنێکی دادپەروەرانە لە چوارچێوەی دەستوردا بۆ بەغدا دووبارە بکەینەوە.

باشـترکردنی پەیوەندییەکانمـان لـە گـەڵ بەغـدا، کاریگەرییەکـی ئەرێنـی لـە سـەر ژیانـی ڕۆژانـەی خەڵکـی هەرێمـی کوردسـتان دەبێـت و لـە بەرژەوەنـدی هەمـوو هاووڵاتیانـی عێراقیشـە. بەرژەوەندی هەرێمیـش لـە وەدایـە کـە دۆخـی عێـراق ئـارام و سـەقامگیر بێـت.

ئێمـە ئامانجمـان ئەوەیـە ڕێککەوتنێکـی هەمەلایەنـەی گشـتگیر لـە گـەڵ حکومەتـی عیـراق بکەیـن کـە لـە بەرژەوەنـدی هەمووانـدا بێـت. لێـرەدا خۆشـحاڵم کـە ڕایبگەیەنـم پێشـکەوتنێکی بـاش لـە گفتوگۆکانمـان بەدیهاتـووە و لـە سـەر چـوار تـەوەر دانوسـتانەکان بەردەوامـن

یەکەم: دۆزینـەوەی فۆرمۆلەیـەک کـە دادپەروەرانـە بێـت بـۆ بابەتـی بەشـی هەرێمـی کوردسـتان لـە بودجـەی عێـراق.

دووەم: بـە پێـی دەسـتووری عێـراق، دەسـەڵات و مافەکانـی هەرێمی کوردسـتان تایبـەت بـە پرسـی نـەوت و گاز پارێـزراو بـن.

سێەم: کێشـەی ناوچـە دابڕێنـراوەکان لـە هەرێمـی کوردسـتان، بـە پێـی دەسـتوور چارەسـەر بکرێـن.

چوارەم: هێـزی پێشـمەرگەی کوردسـتان بەشـێک بێـت لـە سیسـتەمی بەرگـری عێـراق و مافـە دەسـتوورییەکانی پارێـزراو بێـت.

حکومەتـی فیدراڵـی نیگەرانییەکانـی ئێمـەی وەرگرتـووە و ئێسـتا بەیەکـەوە گفتوگـۆ لەسـەر چارەسـەرییەکان دەکەیـن. بـۆ نموونە بۆ یەکەمجـارە حکومەتی هەرێمـی کوردسـتان لـە داڕشـتنی ڕەشنووسـی پـڕۆژەی بودجـەی سـاڵانەی عێـراق دەکات و هەنـگاوی باشـمان لـە گـەڵ وەزارەتـی دارایـی عێـراق بڕیـوە بـۆ جێگیرکردنـی مـاف و شایسـتە داراییەکانـی هەرێمـی کوردسـتان لـە بودجـەی 2020 دا.

ئێمـە ئێسـتا بەشـێکمان لـە بودجـە پێـدەگات. نەوتـی کەرکووکیـش بـە هاوبەشـی هەنـاردە دەکەیـن. سیاسـەتە گومرگییەکانیشـمان هاوتـا کـردووە.

بێگومان چارەسەرکردنی پرسی مافە دەستوورییەکانی هەرێمی کوردستان لە بودجەی فیدراڵی، زۆر یارمەتیمان دەدات بۆ ئەنجامدانی پرۆژەی زیاتر کە لە بەرژەوەندی هەرێمی کوردستان و تەواوی هاووڵاتیانی عێراق بێت. لێرەدا هاووڵاتیانی خۆشەویستمان دڵنیا دەکەینەوە کە هەمو هەوڵێکمان دەخەینە گەڕ تاکو بگەین بە ڕێککەوتنێکی دادپەروەرانە و مووچە و شایستە داراییەکانیان بە شێوەی مانگانە بە تەواوەتی بگات و جارێکی دیکە مووچەی هاووڵاتیان پاشەکەوت نەکرێت.

لە بواری جۆراوجۆردا پێشڤەچوونی باش لە پەیوەندییەکانمان لە گەل بەغدا بەدیهاتوون، بۆ نمونە، ئێستا وەزارەتی ناوخۆی عێراق کارئاسانی بۆ پێدانی ڤیزا بۆ هاتنی بیانییەکان بۆ هەرێمی کوردستان دەکات، ئەمەش وادەکات وەبەرهێنەرانی بیانی بە ئاسانی سەردانی هەرێمی کوردستان بکەن.

ئێمەش ئاسانکاریمان کردووە بۆ ئەو هاووڵاتیانەی لە بەشەکانی دیکەی عێراق سەردانی هەرێم دەکەن و کارتی نشینگە و ئەو پارەیەی بەرامبەری وەردەگیرا لابردران و، ئێستا تەنیا لە رووی ئەمنییەوە پێداچوونەوە بە ناوەکان دەکرێت و هەموو ئاسانکارییەک پێشکەشی ئەو هاووڵاتیانە دەکرێت تاکو لە هەرێمدا هەست بە ئاسوودەیی بکەن و لە دۆخی سەقامگیر و هێمندا کات بەسەر ببەن.

## دەربارەی ڕاهێنان و چاکسازی لە پێشمەرگە

ئامانجێکی هەرە لەپێشی حکومەتی هەرێم پاراستنی سنوورەکانی هەرێمی کوردستان و دابینکردنی ئاسایش و ئارامی هەرێمە. لێرەدا بە پێویستی دەزانم سوپاسی پێشمەرگە قارەمانەکان و هێزەکانی پۆلیس و دامودەزگاکانی ئاسایش بکەم بۆ ئەو دۆخە ئارام و سەقامگیرەی لە هەرێمی کوردستان هەیە کە جێی سەرنج و ستایشی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییە.

من خۆم شاهیدی قارەمانێتی و ئازایەتی پێشمەرگەم کە چۆن لە

سەنگەری پێشەوەی بەرگری لە خاکی هەرێمی کوردستان بوون. حکومەتی هەرێمی کوردستان هەمیشە ڕێز لە قارەمانێتی و قوربانیدانەکانی پێشمەرگە دەگرێت و هەموو هەوڵێک دەدات بۆ ئەوەی خزمەتێکی شایستە پێشکەش بە پێشمەرگە و کەسوکاری شەهیدە نەمرەکانمان بکرێت.

وڵاتانی هاوپەیمان بەردەوامن لە ڕاهێنانی هێزی پێشمەرگە و دابینکردنی کەلوپەلی پێویست بۆیان. لە ماوەی سەد ڕۆژی ڕابردوودا بە هاوکاری هێزەکانی هاوپەیمانان، دەستمان بە پرۆسەی چاکسازی کردووە لە نێو یەکەکانی هێزی پێشمەرگە. لە نزیکەوە لەگەڵ سەرۆکایەتی هەرێم و جێگری سەرۆک وەزیران و وەزیری پێشمەرگە لە سەر ئەم بابەتە کار دەکەین.

## لەبارەی پەرەپێدانی وەبەرهێنان

خەریکین یاسایەکی نوێی وەبەرهێنان دادەڕێژین کە پرۆسەکە لە قۆناخی کۆتاییدایە، بەمەش زەمینە بۆ وەبەرهێنەران خۆشتر و ئاسانتر دەبێت. ستراتیج و پلانێکی تایبەتمان بۆ وەبەرهێنان دارشتووە کە لەمەودا پرۆسەی وەبەرهێنان بە پێی پێداویستییەکانی هەرێمی کوردستان بێت. بۆ نموونە لە کاتێکدا کەرتی کشتوکاڵ یەکێکە لە کەرتە هەرە گرنگەکان، بەڵام پێشتر تەنیا 2% وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان لەو کەرتەدا ئەنجام دراوە. پێویستە ئەنجامدانی پرۆژەکان لە چوارچێوەی یاسا و بە پێی ستاندارد و مەرجی دیاریکراو بن و، هەر لایەنێک ئەو مەرجانە جێبەجێ نەکات، مۆڵەتی کارکردنی لێ دەسەنرێتەوە.

خەڵکێکی زۆر ئارەزوویان هەیە بێنە هەرێمی کوردستان وەبەرهێنان بکەن، بۆیە ئێمەش ئاسانکاری پێویست بۆ هاتنی وەبەرهێنەرانی بیانی دەکەین و لە هەمانکاتیشدا، هانی وەبەرهێنەرانی ناوخۆش دەدەین بۆ وەبەرهێنانی زیاتر.

تا ئێستا چەندین کۆمپانیا و وەبەرهێنەری نوێ هاتوونەتە هەرێمی

کوردستان کە کۆی وەبەرهێنانیان نزیک لە نیو ملیار دۆلار دەبێت لە گشت کەرتەکاندا. دڵنیاشین چەندین وەبەرهێنەری دیکەش روو لە هەرێمی کوردستان دەکەن.

لەبارەی پرۆسە کارگێڕیی و یاساییەکانی وەبەرهێنان، بە نیازین خزمەتگوزارییە ئەلکترۆنییەکان پەرە پێ بدەین و، سیستەمی یەک پەنجەرەیی رەچاو بکەین، تا پرۆسەی وەبەرهێنان خێراتر ببێت.

لە بواری پێشخستنی ژێرخانی ئابووریدا، دوای ماوەیەک لە بەدواداچوون و پێداچوونەوە، لەمانگی دەی ئەمساڵدا رەزامەندیمان لە سەر خەرجکردنی شەشسەد و حەڤدە ملیار دینار داوە بۆ ئەنجامدانی سەدان پرۆژەی خزمەتگوزاری لە سەرتاسەری هەرێمی کوردستان، لەوانەش بۆ پرد و رێگەوبانەکان و بەنداو و دابینکردنی ئاوی خاوێن و یەکەی نیشتەجێ بوون بۆ هاوولاتیانی کەمدەرامەت و دروستکردنی فەرمانگەی حکومی. مەبلەغی ئاماژە پێکراو بە شێوەیەکی مانگانە و بە قستی جیا و بە پێی توانای دارایی هەرێم بۆ پرۆژەکان خەرج دەکرێت.

لە میانەی ئەو پرۆژانەش، پرۆژەی یازدە بەنداو، هەروەها سێ سایلۆ لە پارێزگاکانی دهۆک و هەولێر و سلێمانی شایەنی ئاماژەپێدانن، چونکە گرنگییەکی زۆریان بۆ ئاسایشی ئاو و ئاسایشی خۆراک لە هەرێم هەیە.

هەروەها خەرجی پێویستمان بۆ دروستکردن و نۆژەنکردنەوەی چەندین نەخۆشخانە و بنکەی تەندروستی دابین کردووە. بە نرخێکی هەرزانیش، سەدان یەکەی نیشتەجێبوونمان لەناوچە جیاجیاکانی هەرێم بۆ هاوولاتیانی کەم دەرامەت دەستەبەر کردووە.

هەر لە سەرەتای دەستبەکاربوونی کابینەش، سی وسێ ملیار دینارمان بۆ نۆژەنکردنەوەی رێگەوبانەکان تەرخان کردووە.

هاووڵاتیانی بەڕێز:

هاوتەریب لەگەل ئەنجامدانی چاکسازی، پێویستە کار لە سەر گەشەپێدانی ئابووری هەرێمی کوردستانیش بکەین. ئابووری و داهاتی ئێمە تا ئێستا بەشی زۆری بەندە بە داهاتی نەوتەوە. بە شێوەیەکی زۆر پشت بە هەناردەکردنی نەوت بەستراوە و کەرتەکانی دیکە فەرامۆش کراون. بۆیە یەکێک لە کار و ئەرکی لە پێشینەمان هەمەجۆرکردنی ئابووری و سەرچاوەکانی داهاتە.

نابێت چیتر تەنیا پشت بە یەک سەرچاوەی داهات ببەستین. دەمانەوێت لە هەرێمێکی بەکاربەرەوە ببین بە هەرێمێکی بەرهەمهێنەر.

بۆ نموونە دەرفەتێکی گەورە هەیە بۆ وەبەرهێنان لە کەرتی کشتوکاڵ و سووود وەرگرتن لەو کەرتە وەک یەکێک لە سەرچاوە سەرەکییەکانی داهاتمان.

هەرێمی کوردستان دەکرێ ببێتە سەبەتەی خۆراکی عێراق و تەنانەت ناوچەکەش. لەم رووەوە دەرفەتێکی زۆر هەیە بۆ ئەوەی گەشەپێدان لە کەرتی کشتوکاڵ ئەنجام بدەین.

هەروەها دەمانەوێ پشتگیریی کەرتی پیشەسازیش بکەین و پێشیبخەین. بۆ ئەم مەبەستەش کارمان لە سەر پێشخستن و بەهێزکردنی ژێرخانی هەرێمی کوردستان کردووە، هەروەک ئاماژەمان پێدا لە دروستکردن و چاککردنی پرد و رێگاوبانەکان و بەنداو و سایلۆ و دۆزینەوەی بازاڕ بۆ بەرهەمەکانمان.

وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو وەک پاڵپشتییەک بۆ جووتیارانی هەرێم بابەتی گەڕاندنەوەی قەرزە کشتوکالییەکانی کردووەتە پرۆسەیەکی درێژخایەنتر و ئاسانتر، تاکو فشاری دارایی بۆ سەر جووتیاران دروست نەکرێت.

هەروەها پلانمان بۆ زیادکردنی بەرهەمی گەنم لە هەرێمی کوردستان هەیە. رێوشوێن و رێکاری پێویستمان گرتووەتەبەر، بۆ پاراستنی بەرهەمی

ناوخۆیی. ئێمە کار دەکەین بۆ هێنانە ئارای زەمینەیەکی لەباری ئەوتۆ کە بەرهەمە ناوخۆییەکانمان بتوانن کێبرکێ لە گەل بەرهەمی بیانیدا بکەن.

لە کەرتی کشتوکاڵدا تا ئێستا رەزامەندیمان لەسەر سێ پرۆژەی کشتوکاڵی داوە و وەبەرهێنەرانی بیانیش ئارەزووی خۆیان نیشان داوە وەبەرهێنان لە بواری کشتوکاڵیدا بکەن. لە دانیشتنەکانمدا لەگەل شاندە ئابوورییە بیانییەکان، هەمیشە جەختم لەسەر هاندانیان بۆ وەبەرهێنان لە بواری کشتوکال لە هەرێمدا کردووە.

هاووڵاتیانی خۆشەویست:

یەکێک لە ئامانجە سەرەکییەکانی ئێمە بنیاتنانی دوارۆژە بۆ خۆمان و نەوەکانمان.

ئێستا ئێمە کار لەسەر ئەنجامدانی چەندین پرۆژە دەکەین بۆ بنیاتنانی ژێرخانێکی بەهێز، ئەو ژێرخانانەی رۆژانە بەکاری دەهێنین.

من دەزانم بۆ خەڵکی ئێمە تا ئێستاش کارەبا جێی نیگەرانی و نارەزایی بووە کە پێداویستییەکی زۆر گرنگە بۆ هاووڵاتیان و خاوەنکاران و کۆمپانیاکانیش. بۆیە ئێمە هەموو هەوڵێک دەدەین بۆ باشترکردنی کەرتی کارەبا.

ئێستا زیاتر گازی کوردستان بەکار دەهێنین بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا، بەمەش ئێستا کەمتر پشت بە گازوایلی دەرەکی دەبەسترێت بەوجۆرەش ساڵانە نزیکەی یەک ملیار دۆلارمان لە تێچووی بەرهەمهێنانەکەی کەم دەبێتەوە.

بەرهەمهێنان و دابەشکردن و بەکارهێنانی کارەبای هەرێم، پێداچوونەوەی پێویستە و، ئێستا ئێمە سەرقاڵی ئەو پرۆسەیەین و، هەوڵ دەدەین کەمترین رێژەی کارەبا بە فیڕۆ بچێت. بێگومان هاوکاریی هاووڵاتیان لەم بوارەدا زۆر کاریگەر دەبێت و بۆیە کۆمپانیاکان و ناوەندە بازرگانییەکان و

هاوولاتیانی خۆشەویستمان دەبێت ئەرکی خۆیان لە بەفیڕۆ نەدانی کارەبا و گەڕاندنەوەی خەرجیی بەکارهێنانی کارەبا لە ئەستۆ بگرن.

پەیوەست بە دۆخی پەروەردەوە، من ئاگادارم قوتابخانەکانیشمان لە رەوشێکی باشدا نین. سەردانی چەند قوتابخانەیەکم کردووە و دەزانم کێشە وگرفتی زۆریان هەیە و ژمارەیەکی زۆری قوتابیان لە یەک پۆلدا دەخوێنن و رۆژانە سێ شەفت، دەوامیان تێدا دەکرێت. هەر بۆیەش بۆ کەمکردنەوەی ئەو بارگرانییە و باشترکردنی دۆخی قوتابخانەکانمان، بودجەیەکی تایبەتمان تەرخان کردووە بۆ دروستکردنی قوتابخانەی نوێ و نۆژەنکردنەوەی ئەو قوتابخانانەی پێویستن.

لە بواری چاکسازی لە کەرتی پەروەردەشدا، لە رێگەی ئەلیکترۆنییەوە، قوتابخانە و قوتابی و مامۆستاکان بە یەکەوە دەبەستینەوە بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی روونتر، پەیوەندییان بە یەکەوە هەبێت.

داهاتووی منداڵەکانمان بە خوێندن و پەروەردەوە، بۆیە گرنگییەکی تایبەتی پێ دەدەین. چاوەڕوانیمان لە خاوەنکار و کۆمپانیا خۆماڵییەکان هەیە کە هاوکاریی زیاتری کەرتی پەروەردە بکەن و لە هەڵمەتی دروستکردنی قوتابخانە لە سەرانسەری هەرێم بەشدار بن.

هاوولاتیانی بەڕێز

بۆ رێزگرتن لە قوربانیدانی پێشمەرگە و کەسوکاری شەهیدەکانمان، رەزامەندیمان لە سەر خەرجکردنی هاوکارییەک داوە بۆ خانەوادەی سەربەرزی شەهیدانی شەری دژ بە تیرۆریستانی داعش. هەروەها بەردەوام دەبین لە پشتیوانیکردنی پێشمەرگە قارەمانەکان و هێزەکانی ئاسایش و خانەوادەی سەربەرزی شەهیدان و بریندارەکانمان.

هەروەها، بە پێی تواناش هاوکاری پێویست پێشکەشی ئەو کەسانە دەکەین کە خاوەن پێداویستی تایبەتن یان ئەوانەی شایستەی چاودێری

کۆمەڵایەتین. حکومەتی هەرێمی کوردستان ئێستا پشتیوانیی دارایی پێشکەشی دەیان هەزار خاوەن پێداویستیی تایبەت دەکات و لە دوا هەنگاویشدا دوای پێداچوونەوە، یارمەتیی دارایی بۆ زیاتر لە دوازدە هەزار کەسی دیکەی خاوەن پێداویستی تایبەت گەڕاندەوە،کاریش دەکەین بۆ ئەوەی ئەو یارمەتییە تەنیا خەڵکی شایستە لێی سوودمەند ببن.

هاووڵاتیانی بەڕێز

هەرچەندە لە سەد رۆژی کارکردنماندا دەسکەوتی باش بەدەست هاتوون. بەڵام هێشتا کاری زۆرمان لە پێشە. تا ئێستا دامودەزگاکانی حکومەت لە ئاستی ویستی ئێمەدا چالاک و بەرهەمدار نین، دەکرێ زۆر کاراتر و بەرهەمدارتر توانا مرۆڤی و ماددیەکانمان بەکار بهێنین.

ئامانجمان کوردستانێکی بەهێزتر و سەقامگیرتر و گەشەسەندووترە. کوردستانێک کە پەیوەندییەکی هاوسەنگی ئاشتیانەی لە گەڵ دراوسێکان هەبێ و، جێی متمانەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش بێت.

خوازیارم بە پشتیوانی خوای گەورە و ئێوەی بەڕێز بتوانین ئەم ئامانجە بەدیبهێنین.

لە چەند ساڵی ڕابردوودا خەڵکی ئێمە دووچاری بارودۆخێکی زۆر سەخت بوونەوە و زۆر ئازایانەش بەرگەی ئەو رۆژە سەختانەیان گرت. بۆیە ئێمە لە کاتێکدا ڕێز و پێزانینی تایبەتمان هەیە بۆ ئەو قوربانیدان و ئارامگرتنەتان، پێمانوایە ئێوە شایانی ژیان و گوزەرانێکی باشترن.ئێوە شایستەی حکومەتێکی کارامە و چالاکن کە بتوانێت خزمەتێکی شایستەتان پێشکەش بکات. ئێمە هەموو هەولێک دەخەینەگەڕ بۆ خزمەتکردنی ئێوە.

هاووڵاتیانی بەڕێز، لایەنە سیاسییە بەڕێزەکانی هەرێمی کوردستان...

خۆشبەختانە کەشێکی لەبارمان رەخساندووە کە هامەهەنگییەکی باش لە

نێوان سەرۆکایەتی هەرێم و حکومەت و پەرلەمان و دەسەڵاتی دادوەریی و دەستە سەربەخۆکان هەیە. ئەمەش کاریگەری ئەرێنی هەبووە لە سەر بەرەوپێشچوونی پرۆسە یاسایی و کارگێڕییەکان لە ناو هەرێمی کوردستاندا.

حکومەتی هەرێم هی هەموو هاووڵاتیانە، بە تەنیا هی تاکەکەسێک و یان چەند حیزبێک نیە، بۆیە چاوەڕوانین هەموو لایەنە سیاسییەکانی هەرێم لە بەهێزکردنی ئەم حکومەتە پاڵپشتمان بن. لە کارە باشەکان هاندەرمان بن و هەڵەکانمان بۆ دەستنیشان بکەن.

دۆخی ناوچەکە وا دەخوازێت کە هەمووومان تەبا و یەکگرتووتر بین. چەند جیاوازی و بۆچوونی جیامان هەبێت، پێویستە لە ئاست بەرژەوەندییە نیشتیمانییەکان یەکریز بین.

لە جیاتی لەمپەر خستنە بەردەم یەکتری و، دڵەڕاوکێ و نیگەرانی دروست کردن بۆ هاووڵاتیان، با وزە و تواناکانمان و کاتمان بۆ پێشخستنی نیشتمان و خزمەتی هاووڵاتیان تەرخان بکەین.

لە کۆتایی ئەم وتەیەمدا ڕایدەگەیەنم کە ڕاپۆرتێکی وردی کار و دەسکەوتەکانی گشت وەزارەت و فەرمانگەکانی حکومەت ئامادەکراوە کە لە ڕێگەی میدیاکانەوە، دەخرێتە بەر دیدەی هاووڵاتیانی خۆشەویستمان.

سوپاس بۆ خۆڕاگریتان.. سوپاس بۆ هاوکاریتان.

هەر شاد و سەرفراز بن

کوردستانیش ئاوەدانتر و بەهێزتر بێت.

مەسرور بارزانی:

# سوورین لە سەر ئەنجامدانی چاکسازی و ڕێگریکردن لە بەهەدەردانی سامانی گشتی

گوتاری سەرۆک وەزیران مەسرور بارزانی دەربارەی
پلانەکانی حکومەت بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی قەیرانی دارایی
٢٠٢٠/٥/٢٢



بەناوی خوای گەورە و میهرەبان

هاووڵاتیانی خۆشەویست

سەرەتا بە بۆنەی جەژنی ڕەمەزانی پیرۆزەوە، پیرۆزباییتان لێدەکەم و هیوادارام کاتێکی خۆش لە ڕۆژانی جەژندا بە سەر ببەن، داواشتان لێدەکەم بۆ پاراستنی خۆتان و کەسوکار و کۆمەڵگەکەتان، ڕێکارەکانی خۆپارێزی و ڕێنماییە تەندروستییەکان لەبەرچاو بگرن.

وەک ئاگادارن هەرێمی کوردستان و زۆربەی وڵاتانی جیهان بە هۆی لێکەوتە ئابوورییەکانی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا و دابەزینی نرخی نەوت

لـە بازاڕەکانـی جیهانـدا، ڕووبـەڕووی دۆخێکـی سـەختی ئابـووری بوونەتـەوە. ئـەم دۆخـە نەخـوازراوە لـە دەرەوەی ویسـت و خواسـتی حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتانە. هـەر لـە سـەرەتای دروسـتبوونی ئـەم قەیرانـەش ئێمـە هەمـوو هەوڵێکمـان داوە و بەردەوامیشـین لـە هەوڵەکانمـان بـۆ ئـەوەی بارگرانیـی لـە سـەر هاووڵاتیـان کـەم بکەینـەوە.

هاونیشتمانیانی بەڕێز:

ئێمـە هـەر لـە سـەرەتای دەسـتبەکاربوونی کابینـەی نۆیـەم، هەمـوو هەوڵێکمان خسـتە گـەڕ بـۆ چارەسـەرکردنی کێشـەکان لـە گـەڵ بەغدا و لـە هەمانکاتیشـدا کارمـان لـە سـەر ئـەوە کـرد، ئابـووری هەرێمـی کوردسـتان لـە هەڕەشـە و مەترسـییەکانی پشـت بەسـتن بـە تاکـە سـەرچاوەیەکی داهـات ڕزگار بکەیـن.

بەشـێکی زۆری ئـەم دۆخـە سـەختە ئابوورییـەش، ئەنجامی سیاسـەتی هەڵەی تەنیـا پشـت بەسـتن بـە داهاتـی ناجێگیـری نەوتە.

لـە بـارەی پەیوەندیمـان لـە گـەڵ بەغـدا، ئێمـە بـە جیدیەتـەوە هەنگاومـان نا. هـەر لـە دوای دەسـتبەکاربوونمان لـە مانگی تەمووزی سـاڵی ڕابردوو، یەکەمین سـەردانمان بـۆ بەغـدا بـوو، هەمـوو ئامادەییەکیشـمان بـۆ چارەسـەرکردنی کێشـەکان لـە سـەر بنەمـای دەسـتوور دەربـڕی و چەندیـن پێشنیازیشـمان بـۆ چارەسـەرکردنی کێشـەکانی تایبـەت بـە نـەوت پێشـکەش کـرد، بـەڵام بەداخەوە لـە مانگـی ئۆکتۆبـەری سـاڵی ڕابـردووەوە، دۆخـی بەغـدا شـڵەژا و سـەرەنجام حکومەتـی عێـراق لـە ژێـر فشـاری ناڕەزاییەتییەکانـی خەڵـک، دەسـتی لـە کارکێشـایەوە و ئیـدی خـۆی بـە بەرپرسـیار نەزانـی بەرامبـەر چارەسـەرکردنی ئـەو کێشـە و مـاف و شایسـتە دەسـتوورییانەی هەرێمـی کوردسـتان، کـە لـە سـاڵی 2005ەوە جێبەجێـی ناکـەن. ئێسـتاش کـە حکومەتـی نوێـی عێـراق بـە سـەرۆکایەتی بەڕێـز موسـتەفا کازمـی دەسـتبەکار بـووە، دووبـارە ئامادەیـی خۆمـان بـۆ چارەسـەرکردنی هەمـوو کێشـەکان دەردەبڕیـن، بـە جۆرێـک کە ماف و شایسـتە دەسـتوورییەکانی هەرێمـی کوردسـتان وەکـو قەوارەیەکـی فیدراڵـی

دانپێدانراو لـە دەسـتووری عێراقـدا، دابیـن بکرێـت. لـە دوا هەوڵەکانیشـماندا لـەم ماوەیـەدا، سـێ جـار شـاندی حکومەتـی هەرێـم سـەردانی بەغـدای کـردووە و لـەم دانوسـتانانەش بـەردەوام دەبیـن، تـا بـە ئەنجامێکـی دادپەروەرانـە و دەسـتوورییانە دەگەیـن.

کوردستانیانی بەڕێز:

ئـەم قەیرانـەی ئێسـتا، سـوورترمان دەکات لـە سـەر درێـژەدان بە سـتراتیجی فرەچەشـنکردنی سـەرچاوەکانی داهـات و لـە هەمانکاتـدا زیاتـر هانمـان دەدات بـۆ بەردەوامبـوون لـە سـەر درێژەدان بە پرۆسـەی چاکسـازی و چارەسـەرکردنی هەمـوو ئـەو کێماسـیانەی لـە رابـردوودا لـە بـواری کارگێـڕی و داراییـدا هەبـووە. بـەڵام هاووڵاتیانـی خۆشەویسـتمان دەزانـن ڕاسـتکردنەوەی ئەم هەمـوو چەوتییە و دامەزراندنـی بنەمـای ئابوورییەکـی سـەقامگیرتر، کاتـی زیاتـر و هاوکاریـی هەموولایەکی پێویسـتە.

وەک ئـاگادارن لـە چەنـد ڕۆژی رابـردوودا، سەرپەرشـتی کۆبوونەوەیەکـی ئەنجومەنـی وەزیرانمـان کـرد و پلانـی ڕووبەڕووبوونـەوەی قەیرانـی داراییمـان پەسـەند کـرد. هەروەهـا چەندیـن بڕیـاری گرنگمـان لـە بـارەی جێبەجێکردنـی یاسـای چاکسـازی دەرکـرد، کـە ئێمـە هـەر لـە سـەرەتای دەسـتبەکاربوونمان، جەختمـان لـە سـەر گرنگیـی ئەنجامدانـی پرۆسـەی چاکسـازی کردووەتـەوە، کە بەشـێکی گرنگـی کارنامـەی کابینـەی نۆیەمـە.

ئێمـە سـوورین لـە سـەر بەردەوامبوون لـە ئەنجامدانی چاکسـازی و ڕێگریکردن لـە بەهەدەردانـی سـامانی گشـتی. بێگومـان لـە جێبەجێکردنـی چاکسـازیدا، بەرژەوەندیـی خەڵکانێـک کـە سـەرپێچی و گەندەڵیـان کـردووە دەکەوێتـە مەترسـییەوە، بۆیە هەوڵی پەکخسـتنی دەدەن و ئاسـتەنگی بۆ دروست دەکەن. بـەڵام چاکسـازی داواکاری زۆرینـەی هاووڵاتیانـی هەرێمـی کوردسـتانە و منیـش لـە بـەرەی هاووڵاتیـان دەمێنمـەوە و بـە پاڵپشـتی هاووڵاتیانـی خۆشەویست لـە چاکسـازی بـەردەوام دەبیـن و هەرگیـز لێـی پاشـگەز نابینـەوە.

بێگومـان دەبـێ چاکسـازیش گشـتگیر و سەرتاسـەری بێـت و هەمـووان بگرێتـەوە و نابـێ هیـچ کـەس و لایەنێـک لـە پێنـاو پاراسـتنی بەرژەوەنـدی تەسـکی حیزبـی و شەخسـی رێگـری لـە پرۆسـەی چاکسـازی بـکات.

لێـرەدا داوا لـە هەمـوو لایەنـەکان دەکـەم، بـە گیانـی هەسـتکردن بـە بەرپرسـیارێتی، هاوکارمـان بـن و یەکڕیـزی ناوخۆیـی بپارێـزن و یارمەتیـدەری حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان بـن لـە رێکخسـتنەوەی سیسـتەمی ئابـووری و کارگێڕیـی و چاککـردن و بەرزکردنـەوەی ئاسـتی خزمەتگوزارییـەکان لـە هەرێمی کوردسـتان.

هەروەهـا بـە تایبەتـی داوا لـە نوێنەرانـی هەرێمـی کوردسـتان لـە ئەنجومەنـی نوێنەرانی عێراق دەکەم، بەرژەوەندی تەسـکی شەخسـی و ململانێی حیزبایەتی بـەلاوە بنێـن و هاوهەڵوێسـت بـن لـە داکۆکیکـردن لـە مافـە دەسـتوورییەکانی هەرێمـی کوردسـتان. دۆخـی سـەختی دارایـی هەرێـم بەرئەنجامـی چەندیـن هـۆکاری سیاسـی و مێژووییـە. ئەمـە جیـا لـە بڕینـی بەشـە بودجـەی هەرێـم لـە لایـەن حکومەتـی عێـراق و قەیرانـی دارایـی جیهانـی، بـەڵام ئـەم دۆخـە سـەختە نابـێ بکرێتـە کەرەسـتەی ململانێـی سیاسـی و یەکترشـکاندن و پەرتەوازەکـردن و دابڕاندنـی ناوچەکانـی هەرێم لـە یەکتـر لـە ژێـر نـاوی جۆراوجـۆر.

لە کارنامـەی کابینـەی نۆیەمـی حکومەتی هەرێمدا، بە ڕاشکاوی ئاماژە بەوە دراوە، حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان کار دەکات بۆ چەسـپاندنی لامەرکەزیەتی ئیداریـی پارێـزگاکان، کـە گونجـاو بێـت لـە گـەل سیسـتەمی یاسـایی و کارگێڕی هەرێمـی کوردسـتان. هەروەهـا ئـەرک و بەرپرسـیاریەتی بـە پێـی یاسـا و لـە ژێـر چاودێـری سـەرۆکایەتی حکومـەت، دابـەش دەکرێـت، بـۆ ئـەوەی رێگـری بکرێـت لـە ئەنجامدانـی گەندەڵـی و خـراپ بەکارهێنانـی دەسـەڵاتی ئیـداری و سـەرهەڵدانی فرەچەشـنی دەسـەڵات لـە دەرەوەی دامودەزگاکانـی هەرێـم. بۆیـە ئێمـە لـە گـەڵ لامەرکەزیەتـی کارگێڕیـن، بەمەرجێـک لـە چوارچێوەی پاراسـتنی قـەوارەی هەرێمـدا بێـت.

ئێمـە هەمـوو تواناکانمـان چڕکردووەتـەوە بـۆ دابینکردنـی بژێـوی ژیانـی

هاووڵاتیـان و مووچـەی فەرمانبـەران، لـە نـۆ مانگـی دەسـتبەکاربوونی کابینـەی نۆیەمیشـدا، هەشـت مانـگ مووچـە دراوە و تەنیـا مووچـەی مانگێـک دواکەوتـووە. چەندیـن بڕیاریشـمان دەرکـردووە بـۆ سـووککردنی باروگوزەرانـی خەڵکـی کەمدەرامـەت و ئەوانـەی بـە هـۆی ڕێکارەکانـی خۆپارێـزی زیانمەنـد بـوون. بـەڵام بێگومـان دەبێـت خۆمـان لـە گـەڵ هـەر دۆخێکـی نەخـوازراودا، کـە دێتـە پێـش بگونجێنیـن. بەپێـی داهـات و توانـا داراییەکانـی هەرێـم پلانمان بـۆ تێپەڕاندنـی ئـەم قۆناغـە دانـاوە و بودجـە و خەرجیـی دامودەزگاکانـی هەرێم و مووچەخـۆران ڕێکدەخەینـەوە و ڕەچـاوی یاسـای چاکسـازی پەیوەسـت بـەم بـوارە دەکەیـن.

هاووڵاتیانی خۆشەویست:

لـە گوتـاری دەسـتبەکاربوونم لـە پەرلەمانـی کوردسـتان ئامـاژەم بـەوەدا، حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان چەندیـن ملیـار دۆلار قـەرزارە، کـە بـڕی 27 ملیـار دۆلارە، بەشـێکی زۆری ئـەو قەرزانـەش لـە ئەسـتۆی حکومەتـی فیدراڵـە، بـە هـۆی نەناردنـی بودجـەی هەرێمـی کوردسـتان لەلایـەن حکومەتەکانـی پێشـووی عێـراق، هەربۆیـەش بەداخـەوە حکومەتـی هەرێـم خاوەنی هیـچ یەدەگ و پاشـەکەوتێکی داراییـی نییـە، کەواتـە ئێمـە تەنیـا پشـت بـەو سـەرچاوە داراییانـە دەبەسـتین کـە مانگانـە دێتـە بەردەسـتمان، ئەمـەش وادەکات لـە هـەر قەیرانێکـی داراییـی ڕووبـەڕووی کێشـە ببینـەوە. ئـەم ڕاسـتییەش زۆربـەی خەڵکـی شـارەزا لێـی ئـاگادارن و شـتێکی شـاراوە نییـە، کەچـی بەداخـەوە زۆرجـار ئـەو ڕاسـتییانە و هەمـوو پرسـە سیاسـی و نیشـتمانییەکان پشـتگوێ دەخرێـن و تەنیـا باسـی مووچـە دەکرێـت، لـە کاتێکـدا هەمووشـمان دەزانیـن سـەرچاوەکانی مووچـە چیـن.

بـۆ ئـاگاداری ئێـوەی بەڕێـز، کاتێـک داهاتـی مانگانـەی فرۆشـتنی نـەوت 700 ملیـۆن دۆلار بـوو، لـەم بـڕە داهاتـە زیاتـر لـە 400 ملیـۆن دۆلاری بـۆ تێچـووی دەرهێنانـی نـەوت و گواسـتنەوەی و دانـەوەی قـەرزەکان خەرجکـراوە و ئـەوەی

بۆ خەزێنەی حکومەت گەڕاوەتەوە، تەنیا 300 ملیۆن دۆلار بووە. هەروەها تەنیا 383 ملیۆن دۆلاریش وەک بەشە بودجەیەک لە بەغدا دەهات، بەڵام ئەو پارەیە بەشی مووچەی مووچەخۆرانی هەرێمی نەدەکرد و ناچار رێژەیەکی بەرچاوی داهاتی ناوخۆش وەک تەواوکەری پێوستیی مووچە خەرج کراوە. وێڕای ئەمەش خەرجیی پێویست بۆ بەڕێوەبردن و خزمەتگوزارییەکان لە داهاتی ناوخۆ دابین کراوە و ئینجاش مانگانە 60 ملیۆن دۆلار کورتهێنان هەبووە. ئێستاش نرخی نەوت زۆر دابەزیوە، بۆ نموونە لە مانگی رابردوودا کۆی داهاتی فرۆشتنی نەوت کە بۆ خەزێنەی حکومەت گەڕاوەتەوە، تەنیا 30 ملیۆن دۆلار بووە، داهاتی ناوخۆش نزیکەی 60 ملیۆن دۆلار بووە و ئەو بەشە بودجەیەی لە بەغداش دێت دواکەوت.

بێگومان ئەم دۆخە سەختە داراییە، نەک هەر هەرێمی کوردستان، بەڵکو هەموو جیهانی گرتووەتەوە و تەنانەت هەندێ وڵاتیشی تووشی دارمانی دارایی کردووە.

ئاشکرایە لە خەرجکردنی داهاتی هەرێمی کوردستاندا، نادادپەروەرییەکی زۆر و بێ پلانی هەبووە. 80%ی داهاتی هەرێمی کوردستان بۆ مووچەخۆران تەرخانکراوە، مووچەخۆرانیش 20%ی دانیشتووانی هەرێمن. ئەم رێژەیەی مووچەخۆران بە پێی ستانداردە باوەکان، چەندین بەرابەری پێداویستییەکانی هەرێمە.

لە باشترین بارودۆخی داراییدا، لە بودجەی هەرێم 15%ی بۆ خەرجییەکانی بەڕێوەبردن و خزمەتگوزاری تەرخان کراوە و تەنیا کەمتر لە 5% بودجە بۆ پەرەپێدانی وڵات دەمێنێتەوە.

لەم دابەشکارییە ناتەواوەی بودجەی هەرێمدا، هیچ لێکدانەوەیەک بۆ ئایندە و نەوەکانی داهاتوو نەکراوە. بێگومان ئەم وڵاتە تەنیا بە مووچەدان پێشناکەوێت، بەڵکو پێویستیمان بە ژێرخانێکی پتەوتر هەیە. ناکرێ هاووڵاتی مووچەی هەبێت، بەڵام ئاو و کارەبای نەبێت، قوتابخانەی باشی نەبێت، نەخۆشخانەی نەبێت، رێگەوبانێکی باشتری نەبێت، بە گشتی

کێشـەی نەبوونـی خزمەتگوزارییـە سـەرەتاییەکانی هەبێـت.

حوکمڕانـی تەنیـا دابەشـکردنی مووچـە نییـە، بۆیـە دەبێت هەمووماـن پێکەوە بـە هاوولاتـی و حکومـەت و لایەنـە سیاسـییەکانەوە، بڕیارێکـی یەکلاکـەرەوە بدەیـن، بـە جۆرێـک گـەر لـە دۆخێکـی باشـی ئابووریشـدا بیـن، نابێـت هەمـوو توانـا داراییەکانمـان بـۆ مووچـە تەرخـان بکرێـت، پێویسـتە بەشـێکی بەرچـاوی بودجـە بـۆ پێشخسـتنی خزمەتگوزارییـەکان و ژێرخانـی ئابووریمـان بێـت.

هیـچ حکومەتێـک ناتوانێـت تـەواوی هاوولاتیانـی لـە سیسـتەمی ئیداریـدا دابمەزرێنێـت و مووچەیـان بـۆ دابیـن بـکات، بەڵکـو تەنیـا بـە پێشخسـتنی ژێرخانـی ئابووریمـان و پەرەپێـدان بـە وەبەرهێنـان، دەرفەتـی کاری زیاتـر دەرەخسـێندرێن، کەواتـە دەبێـت داهـات و سـەرمایەی ولات لـەم ئاراسـتە ڕاست و ڕەوایـەدا خـەرج بکرێـت. دەبێـت هەمووماـن پێکـەوە پلانمـان بـۆ دەرچـوون لـەم سیسـتەمە داراییـەی ئێسـتا هەبێـت. ئەمـە بڕیارێکـی ئاسـان نییـە، بـەڵام بـۆ هەرێـم بڕیارێکـی چارەنووسسـازە لـە نێـوان دوو ڕێگـەی پێشـکەوتن و پاشـکەوتندا. ئـەم بابەتـە بـۆ هەنگاونـان بـەرەو داهاتوویەکـی گەشـتر بـۆ هەرێم زۆر گرنگـە و نابێـت ببێـت بـە کەرەسـتەی ململانـێ و موزایـەدەی سیاسـی.

هاونیشتمانیانی بەڕێز:

ئـەم دۆخـە سـەختەی ئێسـتا کـە بـە پێـی پێشـبینی شـارەزایان ڕەنگـە تـا ماوەیەکـی دیکـەش بـەردەوام بێـت. لـە هەمووماـن دەخوازێـت هـاوکار و یارمەتیـدەر بیـن بـۆ تێپەڕاندنـی و سـووککردنی دۆخـی ژیانـی هاوولاتیانـی کەمدەرامـەت. لێـرەدا دڵنیاتـان دەکەمـەوە، حکومـەت هـەر لـە سـەرەتای دروسـتبوونی ئـەم قەیرانـە، پلانـی دابینکردنـی ئاسایشـی خـۆراک و دەرمانـی دانـا، هـەر بەپێـی ئـەو پلانـە لـە کۆگاکانـی حکومـی و کەرتـی تایبـەت، لانیکەم تـا کۆتایـی ئەمسـاڵ پێداویسـتی خـۆراک و دەرمـان دابیـن کـراوە و کێشـەی خـۆراک و دەرمـان لـە بازاڕەکانـی هەرێمـی کوردسـتاندا دروست نابێـت. ئەمـە جیـا لـەوەی ئاڵوگـۆڕی بازرگانـی بـە تایبـەت لـە بـواری خـۆراک و دەرمـان

بەردەوامە. هەر لە چوارچێوەی ئەو پلانەدا حکومەتی هەرێم جیا لە بەشە خۆراکی مانگانەی هاووڵاتیان، لە ماوەیەکی نزیکدا، دەست دەکات بە دابەشکردنی خۆراک بە سەر خانەوادە کەمدەرامەتەکان.

ئێمە لە هەرێمدا زوو دەستمان بە ڕێکارەکانی خۆپارێزی کرد، چونکە خۆپارێزی باشترین چارەسەرە. سوپاسی پێگیری و پابەندبوونتان دەکەین، بەڵام لەم ڕۆژانەدا هەست دەکرێت پابەندبوونەکان سستیی تێکەوتووە، ئێمە لە سەختیی بار و گوزەرانتان تێدەگەین، بەڵام دەبێت بزانین لە هەموو جیهاندا مەترسیی ئەم پەتایە بەردەوامە، دەبێت ڕێکارەکانی خۆپارێزی لە ئاستی تاکدا، وەک بەکارهێنانی دەمامک و شوشتنی دەست و خۆ دوورگرتن لە قەرەباڵخی بەردەوام بێت. هەر کەسێک پابەند نەبێت، بەرپرسیار دەبێت لە دروستکردنی مەترسی لە سەر خۆی و کەسوکاری و هەموو هاووڵاتیان.

بە شایەتی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی و خەڵکێکی زۆر، ئەزموونی حکومەتی هەرێم لە جێبەجێکردنی ڕێکارەکانی خۆپارێزیی و ڕێنماییە تەندروستییەکان زۆر سەرکەوتوو بوو، بەڵام بەداخەوە خەڵکانێک هەوڵ دەدەن ئەو هەوڵانە کەمبایەخ و ناشرین بکەن. سەرەڕای هەموو ئەو قەیران و فشارانەی ڕووبەڕووی حکومەتی هەرێم بوونەوە، بەڵام لە ڕووبەڕووبوونەوەی کۆرۆنادا، نموونەیەکی زۆر سەرکەوتووی نیشاندا.لێرەدا ئێوەی هاووڵاتیانی خۆشەویست دڵنیا دەکەمەوە، کە حکومەتی هەرێم لە هەموو کەس و لایەنێک زیاتر لە خەمی ژیان و بژێوی ئێوە دایە، بۆیە هیوادارم نەکەونە ژێر کاریگەری دروشم و پڕوپاگەندەی ناڕاست و ناواقیعی.

ئێمە گوێ لە هەموو ڕەخنە و تێبینیەکانی ئێوە دەگرین و داواکارییە واقیعی و مەنتیقییەکانیش لە بەرچاو دەگرین و لێیان تێدەگەین، بەڵام لە هەمانکاتدا پێویستە ئێوەش تێگەیشتنی تەواوتان بۆ ئەم دۆخە سەختەی ئێستا هەبێت.

سوپاسی خۆڕاگری و قوربانیدانتان دەکەم و دڵنیاشم بە پشتیوانی خوای گەورە و ئێوەی بەڕێز، ئەم دۆخە نالەبارەش تێدەپەڕێنین و کوردستان

بـەرەو گەشـانەوە و بووژانـەوە هەنـگاو دەنێتـەوە، ئـەو کاتـەش شـەریکی سـەرکەوتن و دەسـکەوتەکان زۆر دەبـن.

لـە کۆتاییـدا دووبـارە جەژنتـان پیـرۆز بێـت و داواتـان لێدەکـەم پابەندبـن بـە خۆپارێـزی و ڕێنماییـە تەندروسـتییەکان، چونکـە خۆپارێـزی ئەرکێکـی نیشـتمانیی و ئایینـی و مرۆڤایەتییـە.

هەر پارێزراو و تەندروست بن.

مەسرور بارزانی:

# چاکسازی پرۆسەیەکی بەردەوامە و بە شەو و ڕۆژێک تەواو ناکرێت

دەقی ڕاپۆرتی سەرۆک وەزیران مەسرور بارزانی
لەبەردەم پەرلەمانی کوردستان

٢٠٢٠/١٠/٥



بە ناوی خوای گەورە و میهرەبان

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

بەڕێزان ئەندامانی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان و پەرلەمانتارانی بەڕێز:

خۆم بە بەختەوەر دەزانم ئەمڕۆ هاتوومەتە پەرلەمانی کوردستان بۆ ئەوەی چەند تەوەر و بابەتێکی گرنگ و جێی بایەخی ئێوە و ڕای گشتی کوردستان، بخەمەڕوو.

بێگومان پەرلەمانی کوردستان، وەک دەزگایەکی گرنگی یاسایی و

دامەزراوەیەکی باڵای دەستووری، هەمیشە جێگەی بایەخ و ڕێز و پێزانینی ئێمە بووە. لە دوای سوێندخواردنمان لە بەردەم پەرلەمان و لە ماوەی دوای دەستبەکاربوونی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، پەیوەندیی و هەماهەنگییەکی بەهێز و پتەو و تەواوکەرمان لەگەڵ هەموو دەسەڵاتەکانی دیکەی هەرێم و لە نێویشیاندا لە گەڵ پەرلەمانی کوردستان هەبووە، کە کاریگەری ئەرێنی هەبووە لە سەر جێبەجێکردنی باشتری کارنامەی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

ئێمە هەر لەسەرەتاوە و لەکارنامەی کابینەی نۆیەمدا، ئاماژەمان بە ڕۆڵی گرنگیی پەرلەمان کردووە بۆ بە دواداچوونی کارەکانی حکومەت و هەماهەنگیی و هاوسەنگیی و بەرپرسیارێتی هاوبەش. لەم ڕووەشەوە، لە کابینەی نۆیەمدا، بە بەراورد لە گەڵ هەموو خولەکانی پێشووی پەرلەمان، ئێمە زۆرترین ژمارەی وەزیر و بەرپرسانی حکومەتی هەرێممان ناردووەتە دانیشتنەکانی پەرلەمان و کۆبوونەوەی لیژنەکانی پەرلەمان. لەسەر بنەمای شەفافیەت، بە ئەرکی خۆمان زانیوە، ڕاستییەکان بە خەڵکی خۆمان بڵێین و دوور لە هەموو موزایەدەکردنێک، لە پرۆسەی چاکسازی بەردەوام بین.

بۆ ئاگاداری ئێوەی بەڕێزیش، ئەنجومەنی وەزیران، بەم نزیکانە ڕاپۆرتێکی تایبەت بە گشت وردەکارییەکانی جێبەجێکردنی یاسای چاکسازی،ڕەوانەی پەرلەمانی کوردستان دەکات.

پەرلەمانتارانی بەڕێز:

ئەمڕۆ خۆشحاڵم لێرەدا ڕوونکردنەوە و وردەکاریی پێویستتان، لە بارەی چەند دۆسییەکی ماوەی کارکردنمان وەکو سەرۆک وەزیرانی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان پێشکەش بکەم. لەوانە پرۆسەی چاکسازی و هەنگاوەکانی جێبەجێگردنی یاسای چاکسازی، دۆخی دارایی و تەندروستی ئێستای هەرێمی کوردستان و ڕێڕەوی پرۆسەی گفتوگۆ و دانوستان لە گەڵ حکومەتی فیدرالی لە بەغدا.

بەر لەوەی بچمە سەر وردەکارییەکانی ئەو دۆسیانە، بە پێویستی دەزانم ئاماژە بەوە بدەم کە لە ماوەی یەک ساڵی دەستبەکاربوونی کابینەی نۆیەمدا، هەرێمی کوردستان وعێراق و جیهان، دووچاری چەند قەیرانێکی سەختی تەندروستی و ئابووری بوونەتەوە. بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا و لێکەوتە نێگەتیڤەکانی و بەتایبەتی دابەزینی نرخی نەوت لە بازاڕەکانی جیهاندا، هەروەها دواکەوتنی خەرجکردنی بەشە بودجەی هەرێم لە لایەن حکومەتی فیدراڵییەوە، کاریگەریی نەرێنی لە سەر هەموو بوارەکانی ژیاندا دروست کردووە. ئەم قەیرانانە کێشە و گرفت و تەحەدای گەورەی نەک هەر بۆ ئێمە، بە ڵکو بۆ وڵاتانی زلهێزی خاوەن ئابووریی و پیشەسازی گەورەی جیهانیش، دروست کردووە و سیستەمی دارایی و ئابووریی ئەو وڵاتانەی، ڕووبەڕووی داڕمان و زیانی گەورە و بێ وێنە کردووەتەوە.

سەرەڕای هەموو ئەو قەیرانانەش، بەڵام ئێمە هەرگیز لە کارکردن و پێشکەشکردنی پرۆژە خزمەتگوزاریی و ستراتیجییەکان نەوەستاوین و بە پێی توانای دارایی بەردەست، بەردەوام بووین کە دواتر ئاماژە بە هەندێکیان دەدەین.

بەڕێزان:

لە ڕێورەسمی سوێندخواردنمان لە بەردەم ئێوەدا، لە گوتارێکدا ئاماژەم بەوە دا، کە ئەرکێکی سەختمان لە ئەستۆ گرتووە و چاوەڕوانیی زۆریش لەم کابینەیە دەکرێت و هەوڵ دەدەین لە ئاست ئەم چاوەڕوانییەدا بین، بەڵام لە هەمانکاتدا گوتم، دەبێ واقعبین بین و کۆسپ و کێشە و گرفتە کەڵەکەبووەکانمان، لە بەرچاو بێت، چونکە تێپەڕاندنی ئەم کۆسپ و تەگەرانە، کاتیان دەوێت. بۆیە پێویستە لەم چوارچێوەیەدا و بە لە بەرچاوگرتنی ئەو قەیران و دۆخە تەندروستی و داراییە سەختەی هاتە پێش، هەڵسەنگاندن بۆ کارو ئەدای حکومەتی هەرێمی کوردستان بکرێت.

لێرەدا دێمە سەر باسکردنی ئەو دۆسیانەی کە مەبەستی کۆبوونەوەی ئەمڕۆمانن:

## تەوەری یەکەم

### پرۆسەی چاکسازی:

وەک ئاگادارن، چاکسازی بەشێکی گرنگی کارنامەی کابینەی نۆیەمە و، هەر لە سەرەتاوە زۆر بە جیددی کارمان لە سەر کردووە. بەڵام بێگومان چاکسازی پرۆسەیەکی بەردەوامە و بە شەو و ڕۆژێک تەواو ناکرێت و هەموو کەرتەکانیش دەگرێتەوە.

ئێمە لە سەر چەند ئاستێکی جیاواز دەستمان بە ئەنجامدانی چاکسازی کردووە، کە دەکرێ بۆ دوو بەشی سەرەکی دابەشی بکەین: چاکسازی دارایی و چاکسازی کارگێڕی.

یەکەم: چاکسازی دارایی:

چاکسازی داراییش هەردوو بواری داهات و خەرجییەکان دەگرێتەوە، بەم شێوەیەی خوارەوە:

چاکسازی لە بواری داهات:

ئەمەش سێکتەرەکانی باج و گومرگ و دەروازی سنوورییەکان دەگرێتەوە، کە بەم شێوەیە بە وردی ئاماژە بە گرنگترین ئەو هەنگاوانە دەکەین کە لەم بوارانەدا ئەنجام دراو:

### چاکسازی لە بواری باج:

پشتبەست بە برگەی (هەشتەم) لە هێڵە گشتییەکانی بەرنامەی کاری کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان تایبەت بە چاکسازی کە تیایدا هاتووە: (هەشتەم: چاکسازی لە سیستەمی باج دەکەین و دەبێ دادپەروەری لە وەرگرتنی باج جێگیر ببێت و هەموو ڕێکارێکی یاسایی و کارگێڕی دەگرینەبەر بۆ ڕێگەگرتن لە خۆدزینەوە لە باج و

میکانیـزم و پێـوەری تـازە دەگرینـە بـەر بـۆ سـەپاندنی بـاج) ، لـە سـەر ئـەم بنەمایە، لیــژنەیەکی بـاڵا پێکهێنــرا بـۆ پێداچوونـەوە بـە بـواری بـاج لە هەرێمــی کوردســتان. ئەنجومەنی وەزیـران ســەرجەم ڕاســپاردەکانی لیــژنەکەی بە بڕیاری ژمارە (64) پەسـەند کـرد و ئێسـتا کەوتوونەتـە بـواری جێبەجێکردنەوە. بەتایبەتـی لـە دانانی باج لـە سـەر پەیوەنـدی و گەیانـدن و بـاج لـە سـەر پرۆژەکانـی وەبەرهێنـان.

## باجدانان لە سەر کۆمپانیاکانی پەیوەندی و گەیاندندا:

1. لـە چوارچێـوەی دانانـی بـاج لـە بـواری پەیوەنـدی و گەیانـدنـدا ( وەک مۆبایـل وئینتەرنێـت)، کۆمپانیاکانـی گەیانـدن لـە هەرێمــی کوردســتان پابەندکــراون بــە پێدانــی ئــەو شایســتە داراییانــەی کــە لــە ئەســتۆیانە وەک بەشـی حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان، بەپێـی گرێبەسـتی هاوبەشـی حکومـەت و ئـەو کۆمپانیایانـە، یـان ئـەو بـڕە پارانـەی وەک بـاج یـان ڕەسم یـان سـزای دواکەوتـن لەسـەریان کەڵەکـە بـووە.
2. ڕاسـپاردنی وەزارەتـی گواسـتنەوە و گەیانـدن بـۆ دابینکردنـی بەشـی هەرێمــی کوردســتان لــە باجــی فرۆشــتنی ســەر کارتــی مۆبایــل بەپێــی ڕێــژەی فرۆشــتنی کارت لــە هەرێمــی کوردســتان، کــە ڕێــژەی بەشــداربووان و فرۆشــتنی کۆمپانیاکانی (کــۆڕەک، ئاسیاســێل و زیــن العراق) لــە هەرێمــی کوردســتان زۆرە و بەهــۆی ئــەوەی ئــەم باجــە لەلایــەن هاووڵاتیانــی هەرێمــی کوردســتانەوە دەدرێــت، بۆیــە پێویســتە بــۆ بەرژەوەنــدی و خزمەتــی هاووڵاتیانــی هەرێم خــەرج بکرێتــەوە.
3. پێویســتە لەســەر کۆمپانیاکانــی مۆبایــل کــە قــەرزاری باجــی هاتــوون لــە بڕگــەی ســەرەوە، پێداچوونــەوە بــە خشــتەی دانــەوەی قەرزەکانیــان بکەن (اعـادة جدولـة الديون) بـە شـێوەیەکی گونجاو و کەمکردنـەوەی ئـەو ماوەیــەی کــە قیســتەکانیان لەســەر دابەشــکراوە.
4. پابەندکردنــی کۆمپانیاکانــی بــواری خزمەتگوزاریــی ئینتەرنێــت، کــە

گرێبەستی ڕاستەوخۆیان لەگەڵ وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن لە حکومەتی هەرێمی کوردستان هەیە، بە پێدانی باجی پێویست بە وەزارەتی دارایی و ئابووری بە مەرجێک کاریگەریی لەسەر کوالێتی و نرخی خزمەتگوزارییەکە نەبێت.

5. وەزارەتی دارایی و ئابووری/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی باجەکان و خانووبەرەی میری، نووسراویان کردووە بۆ سەرجەم بەڕێوەبەرایەتییەکانی باجی دەرامەتی کۆمپانیاکان (هەولێر سلێمانی و دهۆک) و بەڕێوەبەرایەتی گەورە باجدەران کە پێویستە سەرجەم کۆمپانیاکانی بواری گەیاندن پێڕاگەیاندنیان بۆ بکرێت و مل کەچ بکرێن بە پێدانی باجەکانیان بە زووترین کات، تاوەکو ئێستا 49 کۆمپانیای بواری گەیاندن ئاگادارکراوەنەتەوە لە لایەن وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن بۆ ئەوەی پابەندبن بە شایستە داراییەکان لە گەڵ کۆمپانیای فرۆکەوانی عیراقی و 7 کۆمپانیا دراونەتە دادگا بۆ پابەندبوون بە پێدانی شایستە داراییەکان.

6. جیا لەم هەنگاوانەی ئاماژەمان پێدان، کاریشمان کردووە بۆ نەهێشتنی رووتین و بیرۆکراسی لە دامودەزگاکانی حکومەت و ڕاپیکردنی ئیشوکار و مامەڵەی هاوولاتیان لە فەرمانگەکانی حکومەت، بە شێوەیەکی ئاسان و خێرا. هەروەها دەست بە پێشکەشکردنی چەند خزمەتگوزارییەکی گشتیش کراوە بە شێوەیەکی ئەلیکترۆنی، ئەمە جیا لە بەستنەوەی دەروازە سنووری و فرۆکەخانەکان، بە سیستەمی ئەلیکترۆنی کە ئاسانکارییەکی باشی کردووە لە بواری کۆکردنەوەی گومرگ و باشتربوونی کوالیتی کۆنترۆڵدا.

## باج لەسەر پرۆژەکانی وەبەرهێنان و گۆڕانکاریی لە ڕێکار و میکانیزمی وەرگرتنی باج

1. ئەژمارکردنی باج لەسەر گشت پرۆژەکانی وەبەرهێنان کە مۆڵەتیان لە دەستەی وەبەرهێنان وەرگرتووە و ماوەی بەخشینەکانی باج و گومرگیان تەواو بووە کە لەبەر ڕۆشنایی یاسای وەبەرهێنان ژمارە (4) ساڵی 2006 وەریانگرتبوو.

2. ڕاسپاردنی (دیوانی چاودێری دارایی لە هەرێمی کوردستان، وەزارەتی دارایی و ئابووری، وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی و وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی) بۆ پەلەکردن لە جێبەجێکردنی پەیڕەوی ژمارە (3)ی ساڵی 2020 تایبەت بە پیادەکردنی پیشەی چاودێری و وردبینی هەژمارەکان و پێکهێنانی (ئەنجومەنی پیشەی چاودێری و وردبینی هەژمارەکان لە هەرێمی کوردستان) و ڕێکارەکانی تایبەت بە پەیمانگای باڵای زانستە دارایی و ژمێرییەکان. جێبەجێ کردنی ئەم پرۆژەیە، ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت لە ڕێگەگرتن لە خۆدزینەوە لە دانی باج.

3. پابەندکردنی گەورە باجدەران (لە بوارەکانی نەوت، کارگەکانی ئاسن و چیمەنتۆ، وێستگەکانی بەرهەمهێنانی کارەبا و پەیوەندی و گەیاندن) بە پێشکەشکردنی هەر دەفتەرێکی بازرگانی و بەڵگەنامەیەک کە ڕاستی و دروستیی داهاتی بەدەستهاتوو دەخاتەڕوو و وازهێنان لە خەمڵاندنی لەگۆتره (التقدير الجزافي) کە ڕاست و دروستی قازانجی بەدەستهاتوو لەلایەن ڕاسپێردراو بە پێدانی باج، ناخاتەڕوو. بۆ ئەم مەبەستەش ئەنجومەنی وەزیران (پێڕەوی تیانووسگرتنی بازرگانی بۆ مەبەستەکانی باجی دەرامەت ژمارە (2)ی ساڵی 1985 لە هەرێمی کوردستان-عێراق هەموارکردەوە بەپێی پەیڕەوی ژمارە (1)ی ساڵی 2019).

4. هەڵوەشاندنەوە و ڕاگرتنی گشت ئەو بڕیار و فەرمان و نووسراوانەی لێخۆشبوون لە باج لە هەر سەرچاوەیەکەوە دەرچوو بن، ئەگەر لە دەرەوەی یاسا پەیوەندیدارەکاندا درا بن.

## گومرگ و دەروازە سنوورییەکان:

بەڕێزان:

سەبارەت بە گومرگ و دەروازە سنوورییەکان لێرەدا دەمەوێت چەند ڕوونکردنەوەیەک بدەم:

1. ئێمە بۆ ڕێکخستنەوە و پێداچوونەوە بە کاروبارەکانی دەروازە سنوورییەکان،

لیژنەیەکمان پێک هێنا لە وەزارەتی ناوخۆ و وەزارەتی پێشمەرگە بۆ کۆنترۆڵکردنی سنوورەکان.

2. بڕیاری پێداچوونەوەمان بە گرێبەستەکانی دەروازە سنوورییەکان داوە. بە شێوەیەک ئەو خزمەتگوزارییانەی کە حکومەت خۆی دەتوانێ ئەنجامیان بدات، ئەوا لە لایەن حکومەتەوە ئەنجام دەدرێن. بەڵام ئەو خزمەتگوزارییانەی حکومەت ناتوانێ بیانکات، لە ڕێگەی گرێبەستی شەفاف و روونەوە، دەدرێنە کەرتی تایبەت بەمەرجێک بۆ ماوەیەکی دیاریکراو و لە بەرژەوەندی گشتیشدا بێت.

3. یەکێک لە کێشە سەرەکییەکانی دەروازە سنوورییەکان، بەداخەوە بوونی دیاردەی قاچاخچییەتییە لە هەندێک لە دەروازە سنوورییەکان. بۆ نەهێشتنی ئەم دیاردەیەش، لیژنەیەکمان لە وەزارەتی ناوخۆ و ئەنجومەنی ئاسایش پێکهێناوە و هیواداریین بە هاوکاری پەرلەمانی کوردستان و هەموو لایەنەکان، بتوانین سنوورێک بۆ ئەم دیاردە و کێشەیە دابنێین.

## چاکسازی لە بواری ڕێکخستنەوەو زیادکردنی داهات:

1. وەزارەتی دارایی و ئابووری/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی باجەکان و خانووبەرەی میری، بە چەندین نووسراو بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی هەموو ئەو لێخۆشبوونانەی داوە کە پێشتر دراون و لە گەڵ یاسا و ڕێنماییەکان ناگونجێن. هەروەها دەبێ هەموو کۆمپانیاکان تۆمار بکرێن لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی تۆماری کۆمپانیاکان و ملکەچی پێدانی باج بن.

2. کارمان کردووە بۆ کۆکردنەوەی زانیاری و داتا، لەسەر ڕسووماتی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بە مەبەستی ڕێکخستنەوەی میکانیزمی کۆکردنەوەی ئەو لایەنانەی ڕسووماتی خزمەتگوزاری وەزارەتەکان بە شێوەی گرێبەست کۆدەکەنەوە، بە جۆرێک لە خزمەتی بەرژەوەندی گشتیدا بێت و بە شێوەی ئەلیکترۆنی تۆمار بکرێن لە لایەن فەرمانگەی

تەکنەلۆجیای زانیاری سەر بە ئەنجومەنی وەزیران.

3. دەستەی وەبەرهێنان بە هەماهەنگی لە گەڵ وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار، دەستیان کردووە بە هەڵوەشاندنەوەی زەوی تەرخانکراو بۆ ئەو پرۆژانەی وەبەرهێنا تا ئێستا دەست بە کار نەبوون کە تا ئێستا 30 پرۆژە هەڵوەشاونەتەوە. هەروەها وەرگرتنی ڕێکاری یاسایی بەرامبەریان لە بەر ڕۆشنایی یاسای وەبەرهێنان ژمارە 4 ی ساڵی 2006. پرۆسەکە لە قۆناغی جێبەجێکردندایە و بەردەوامە. هەروەها وەزارەتی شارەوانی بە هەمان شێوە، دەستی بە هەڵوەشاندنەوەی تەرخانکردنی ئەو زەویانە کردووە، کە بە موساتەحە دراون بەڵام دەست بە جێبەجێکردنی پرۆژەکان نەکراوە.

5. لیژنەی هاوبەش لە وەزارەتی شارەوانی و کشتوکاڵ و داد، پێکهێنراوە بۆ تاپۆکردنی ئەو زەوییانەی کە بە شێوەی کارت بۆ هاووڵاتیان تەرخانکراوە وەک قەرەبووی جووتیارانی خاوەن گرێبەست، دوای ووردبینیکردنی دۆسیەکانیان. پرۆسەکە بەردەوامە و لە قۆناغی جێبەجێکردندایە.

6. لیژنەی هاوبەش لە وەزارەتی شارەوانی و داد و دەستەی وەبەرهێنان، پێکهێنراوە بۆ تاپۆکردنی یەکەکانی نیشتەجێبوون لە پرۆژەکانی وەبەرهێنان کە بە ناوی هاووڵاتیانەوەیە.

7. لیژنەی هاوبەش لە وەزارەتی شارەوانی و پارێزگاکان و یەکە کارگێرییەکان، پێکهێنراوە بۆ پێداچوونەوە بە نرخی خزمەتگوزاری کۆمەڵگاکانی نیشتەجێبوون. وەک قۆناغی یەکەم زۆربەی کۆمەڵگەکانی نیشتەجێبوون پێداچوونەوەیان بۆ کراوە و نرخەکانیان کەم کراونەتەوە بە مەبەستی کەمکردنەوەی بارگرانی لە سەر هاووڵاتیان. پرۆسەکەش بەردەوامە.

8. حکومەتی هەرێم دەستی کردووە بە جەردکردن و پۆلینکردنی سەرجەم مۆڵک و ماڵی وەزارەت و دەستە و لایەنە نەبەستراوەکان بە وەزارەت و سەرجەم دامەزراوەکان لە هەرێمی کوردستان، بۆ ئەوەی مولکەکانی

حکومـەت، وەک سـەرچاوەیەک بـۆ داهاتـی گشـتی مامەڵەیـان پێـوە بکرێـت.

9. پێداچوونـەوە کـراوە بـەو زەوییـە کشـتوکاڵییانەی بـە گرێبەسـت بـە کـرێ دراون لـە رووی نـرخ و شـێوازی گرێبەسـت، هەروەهـا پۆلینکردنـی سـەرجەم ئـەو زەوییـە کشـتوکاڵییانەی کـە زێدەڕۆییـان لـە سـەر کـراوە، بـۆ ئـەوەی وەک سـامانێکی نیشـتیمانی مامەڵەیـان پێـوە بکرێـت و ببێتە سـەرچاوەیەکی دیکـەی داهـات بـۆ حکومـەت.

10. سـەبارەت بـە زێدەڕۆیـی لـە سـەر زەویـی حکومی کشـتوکاڵی و زەوییەکانی تـر لـە سـەر ئاسـتی پارێـزگاکان و یەکـە کارگێڕییەکان بـە بەردەوامـی رێگـری دەکرێـت لـە سـەر ئـەم زێدەڕۆییانـە و پرۆسـەکە بەردەوامـە.

11. بـۆ خێـرا کردنـی پرۆسـەی وەرگرتنـەوەی داهاتەکانی حکومەت، داشـکاندن کـراوە بـە ڕێژەی 15% لـەو پێشـینانەی حکومـەت کـە لـە لای هاووڵاتیانـە، وەک پیشـینەی خانووبـەرە و پێشـینەی هاوسـەرگیری و قـەرزی بچـووک و پێشـینەکانی بانکـی کشـتوکالی و پێشـینەکانی پرۆژەکانـی پیشەسـازی گەشـتیاریی. بە هەمـان شێوە 15% لێخۆشـبوون لـە قەرزەکانـی کارەبا بـۆ هاوبەشـانی کارەبا کـراوە بـۆ ماوەیەکـی دیاریکـراو.

12. پێداچوونـەوە بـە چەندیـن کۆنتراکـت کـراوە کـە لـە بەرژەوەنـدی لایەنـی دووهـەم ڕێکخرابوون. بـەڵام ئێسـتا بـە پێچەوانـەوە لـە بەرژەوەنـدی گشـتیی و حکومەتـدا گۆڕانکارییـان تێدا کـراوە.

## چاکسازیی لە خەرجییەکان:

خەرجییەکانـی مووچـە و خانەنشـینی و بەخشـین و ئیمتیازات (یاسـای ژمـارەی 2 ی ساڵی 2020:

هـەر لـە دوای دەسـتبەکاربوونمان، لیژنەیەکـی باڵامـان لـە لایەنـە پەیوەندیدارەکانـی نـاو حکومـەت پێکهێنـا بـۆ ئامادەکردنـی (پـرۆژە یاسـای چاکسـازی لـە خانەنشـینی و مووچـە و دەرماڵـە و بەخشـین و ئیمتیازاتەکانـی

دیکە لە هەرێمی کوردستان) و ناردنی بۆ پەرلەمانی کوردستان، کە دواجار لە لایەن ئێوەوە پەسەند کرا و لە 1/7/2020 ەوە، یاسای چاکسازی چووەتە بواری جێبەجێکردنەوە.

لە ماوەی سێ مانگی پەسەندکردنیشیدا، ئەم هەنگاوانەی یاسای چاکسازی لە بواری کارگێڕی و دارایی جێبەجێ کراون:

1. دەرچوواندنی پەیڕەوی دامەزراندنی سندوقی خانەنشینی فەرمانبەرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ژمارە 7 ی ساڵی 2020.
2. یەکخستنی یەکەکانی ژمێریاری هێزەکانی 70 و 80 لە یەک، یەکەی ژمێریاری.
3. ئامادەکردنی پەیڕەوی ڕێکخستنەوەی پاسەوانیی لە لایەن وەزارەتی ناوخۆ بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە و ئەنجومەنی ئاسایش.
4. وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە، دۆسییەکانی (شەهیدان و کۆچکردووان و خانەنشینان بە گشت جۆرەکانی و پەکەوتەی سەنگەر) یان ئامادە کردووە بۆ گواستنەوەی بۆ سەر وەزارەتی دارایی و ئابووری / بەڕێوەبەرایەتی گشتی خانەنشینی و ڕێکخستنەوەیان لە سەر بنەمای دادپەروەریی و شایستەبوون و بە پێی ڕێنماییە بەرکارەکان.
5. ڕێکخستنەوەی هەژماری خزمەت بە شێوەیەک، کە گشت وەزارەت و لایەنی نەبەستراو بە وەزارەت، دەستیان بە پێداچوونەوە بە دۆسیەی فەرمانبەران کردووە.
6. پێداچوونەوە بە خانەنشینی پلە باڵاکان لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی خانەنشینی.
7. بەڕێوەبەرایەتی گشتی خانەنشینی، بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی پلاندانان و ڕێکخراوی UNDP و فەرمانگەی تەکنۆلۆجیای زانیاری، سیستەمێکی ئەلیکترۆنی داناوە بە مەبەستی دروستکردنی دۆسێیەی

ئەلیکترۆنی بۆ گشت خانەنشینکراوەکان. ئەم پرۆسەیە یارمەتیدەر دەبێ بۆ لێک جیاکردنەوەی کەسانی شایستە و ناشایستە و یەکخستنەوەی مافی خانشینان و پاشان بەستنەوەی سیستەمی خانەنشینی بە سیستەمی بایۆمەتری.

8. گرێدانی سەرجەم مووچەو منحە و شایستە داراییەکان، بە سیستەمی بایۆمەتری بۆ ئەوەی لە مەودوا بەپێی سیستەمی بایۆمەتری، گشت مووچە و منحە وەربگیرێت، یەکەم هەنگاویش بریتییە لە پێداچوونەوە، بە لیستی ئەوانەی لە مووچە و منحەیەک زیاتر وەردەگرن لە دەرەوەی یاسا و ڕێنماییە بەرکارەکان.

9. ئەنجومەنی وەزیران پەیڕەوی مەرجەکانی دامەزراندنی پلە بالاّکان، لە بەڕێوەبەری گشتی و ڕاوێژکار بەرەو سەرەوە، دەرکردووە و چووەتە بواری جێبەجێکردنەوە.

10. سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران، داتای گشت بەڕێوەبەری گشتی و پلەبالاّ و پارێزگار و قایمقام و بەڕێوەبەری ناحیەی معەوەمی، لە هەموو وەزارەتەکان دەستنیشانکردووە و پرۆژە بڕیارێک ئامادەکراوە، بۆ گونجاندنیان لەگەڵ یاسای چاکسازی.

11. دەستکراوە بە وەرگرتنەوەی قەرزە بازرگانیی و حکومییەکان. بۆ ئەم مەبەستەش بۆ وەرگرتنەوەی قەرزە بازرگانییەکان وەزارەتی دارایی و ئابووری، تاپۆی سەرجەم ماڵ و موڵکی ڕەهنکراوی قەرزارانی ئاراستەی فەرمانگەی جێبەجێکردن لە وەزارەتی داد کردووە، بە مەبەستی فرۆشتنەوەی موڵکەکان بە پێی یاسای (وەرگرتنەوەی قەرزە حکومییەکان) ژمارە 56 لە ساڵی 1977. هەروەها وەزارەتی داد، فەرمانگەی جێبەجێکردنی دادی تایبەتی لە پارێزگای هەولێر دامەزراندووە، تایبەت بە وەرگرتنەوەی قەرزە حکومییەکان.

## خەرجییەکانی نەوت و گاز:

پێداچوونەوە بە باج و مەرج و برگە داراییەکانی گرێبەستەکانی بواری نەوت و گاز:

1. دەستبەکاربوونی تیمێکی شارەزا بۆ ئامادەکردنی ڕاپۆرتێک لەسەر بابەتی پێداچوونەوە بە مەرجە داراییەکان و باج لە گرێبەستە نەوتییەکان لە هەرێمی کوردستان، لەبەر ڕۆشنایی یاسای نەوت و گاز لە هەرێمی کوردستان ژمارە (22)ی ساڵی 2007 و مەرجەکانی گرێبەستی لە هاوبەشیکردن لە بەرهەمهێنان (Production Sharing Contract) کە ژمارەیان (78) حەفتا و هەشت گرێبەستە و (41) چل و یەک گرێبەستیان کۆتایی پێهاتووە و (37) سی و حەوت گرێبەستیان چالاکە و (11) یانزە گرێبەستیشیان چالاکن و نەوتیان لێ بەرهەم دەهێنرێت. لەگەڵ (1) یەک گرێبەستی خزمەتگوزاری، بە ڕەچاوکردنی یاساکانی باج لە هەرێمی کوردستان و بەراوردکردنیان لەگەڵ مەرجە داراییەکانی ئەو گرێبەستانە و ماف و شایستە داراییەکانی هەرێمی کوردستان هاتوو لەو گرێبەستانە، بە ڕەچاوکردنی بەرژەوەندیی گشتی و بنەمای هاوسەنگی لەم بوارە، بە گوێرەی ئەو ڕێکار و میکانیزمانەی لە گرێبەستەکاندا هاتوون، بە ئاراستەی کەمکردنەوەی خەرجییەکانی کۆمپانیاکانی بواری نەوت و گاز، کە بەپێی ڕاپۆرتی (دیلۆیت) بۆ ساڵی 2019 کۆی گشتیی داهاتی نەوت لە هەرێمی کوردستان، بریتیی بوو لە (8) ملیار و (439) ملیۆن دۆلار. لەم بڕە پارەیە: (4) ملیار و (515) ملیۆن دۆلاری وەک سافی داهات بۆ وەزارەتی دارایی و ئابووری ماوەتەوە و باقییەکەشی کە دەکاتە نزیکەی (4) ملیار دۆلار، خەرجیی کۆمپانیاکانی بواری خزمەتگوزاریی نەوت و گاز بووە. بەم شێوەیە، لە ساڵی 2019 ڕێژەی (47%)ی داهاتی نەوت بۆ خەرجیی کۆمپانیاکان بوو.
2. پابەندکردنی سەرجەم کۆمپانیاکانی بواری خزمەتگوزاریی نەوت و گاز لە هەرێمی کوردستان، کە ژمارەیان (822) هەشت سەد و بیست و دوو کۆمپانیایە، بە پێدانی باجی پێویست، بەپێی یاسا بەرکارەکان و

ڕاسـپاردنی لایەنـە پەیوەندیـدارەکان، بـۆ پێداچوونـەوە بـە دۆسـیەی ئـەو کۆمپانیـا خزمەتگوزارییانـەی نـەوت و گاز، کـە دەبێـت ئـەو کۆمپانیایانـەی خۆیـان تۆمـار نەکـردووە لـە هەرێمـی کوردسـتان، خۆیـان تۆمـار بکـەن لـە بەڕێوەبەرایەتـی تۆمـاری کۆمپانیـاکان و لـە بەڕێوەبەرایەتییەکانـی بـاج، بـە پێچەوانەوە، ڕێـکاری یاسـایی پێویسـت بەرامبەریـان وەردەگیـرێت و چالاکییەکانیـان ڕادەگیـرێت.

3. دەسـتەی وەبەرهێنـان، پێداچوونـەوەی پێویسـتی کـردووە بـە دۆسـێیەی پرۆژەکانـی وەبەرهێنان لـە بوارەکانـی نـەوت و گاز، کـە مۆڵەتـی دەسـتەیان وەرگرتووە. هەروەهـا جێبەجێکردنـی حوکمەکانـی ماددەی (پێنجەم) لـە یاسـای وەبەرهێنـان ژمـارە (4)ی سـاڵی 2006 تایبەت بە (بەخشـینەکانی بـاج و گومرگ) کـە تیایـدا هاتـووە، دەسـتپێکردنی مـاوەی (10) دە سـاڵ لێبـووردن لـە بـاج لـە ڕۆژی بەرهەمهێنـان بـە کردەنـی دەسـت پێـدەکات، نـەک ڕۆژی وەرگرتنـی مۆڵەتـی وەبەرهێنـان.

4. پابەندکردنـی ئـەو کەسـانەی کـە لـە بـواری هاوردەکردنـی سـووتەمەنی بـۆ نـاو هەرێمـی کوردسـتان کاردەکـەن، بـە پێدانـی باجـی پێویسـت، بـە مەرجێـک ئـەو باجـە لـە داهاتـی بەدەسـتهاتووی چالاکییەکانیـان بـدەن و هیـچ کاریگەرییەکـی نەبێـت لەسـەر زیادکردنـی نرخـی سـووتەمەنی لەسـەر هاووڵاتیانـی بەکاربـەر.

5. سـەبارەت بـە سـەپاندنی بـاج لـە سـەر کۆمپانیـا ناوخۆییەکانی بـواری نەوت و گاز، هەماهەنگیـی تـەواو هەیـە لـە نێـوان وەزارەتی سـامانە سروشـتییەکان و وەزارەتـی دارایـی و ئابووری/ بەڕێوەبەرایەتـی گشـتی باجـەکان و خانووبـەرەی میـری، بـە شـێوەیەک کـە نووسـراوی هیـچ کۆمپانیایـەک ڕایـی ناکرێـت، تاوەکـو پاکانـەی باجـی لـە گەڵـدا نەبێـت، هەروەهـا وەزارەتـی سـامانە سروشـتییەکان ووردبینـی دەکات لـە بـڕی باجـی خەملێنـراو لـە سـەر کۆمپانیـاکان بەرامبـەر بـەو کارانـەی کـە هەیانـە لـە وەزارەتـی سـامانە سروشـتییەکان ( بۆ نموونـە حاڵەتـی وا هەبـووە پـاش پێداچوونـەوە بـە

پـارەی خەملێنـراوی بـاج دە هێنـدە پارەکـە زیـادی کـردووە لـە بـەر ئـەوەی پـارەی کـەم خەملێنـراوە لـە باج ). سـەبارەت بـەو کۆمپانیـا و لایەنانـەی کـە لـە بـواری هاوردەکردنـی سـووتەمەنی بـۆ نـاو هەرێمـی کوردسـتان کاردەکـە، چ کەسـیی سروشـتی بـن یـان مەعنـەوی، ئـەوا بـە بڕی 2.25% بـاج دەدەن.

## چاکسازی لە بواری خەرجییەکانی بەکاربردن (تەشغیلی)

1. وەزارەتـی دارایـی و ئابـووری بـە ڕێنمایـی دارایـی ژمـارە 14 ، بودجـەی بەکاربردنـی بـۆ نزمترین ئاسـت کـەم کردووەتـەوە، بـە جۆرێـک تەنیـا بـوارە سـەرەکییەکانی خەرجـی بگرێتەوە: وەکـو دابینکردنی دەرمان و پێداویسـتی پزیشـکی و خواردنـی نەخۆشـەکان و زیندانیـەکان و خانـەی بەسـاڵاچووان و کارەبـا و بـوارە گرنگەکانـی دیکـە.

2. لـە سـەرەتای مانگـی حەفتـی ئەمسـاڵ دەسـت بـە پەیڕەوکردنـی سیسـتەمی نوێـی ئۆنلایـن تایبـەت بـە خەرجییەکان (IIS) کراوە، بـۆ خەرجکردنی بودجەی بەکاربردن ( تەشـغیلی) و کۆنترۆڵکردنی سیسـتەمی کڕینـی پێداویسـتییەکان بـە پێـی سیسـتەمێکی ئەلیکترۆنـی کـە جـۆر و نـرخ و هۆکارەکانـی کڕیـن وبەکارهێنانـی پێداویسـتییەکانی تێـدا ڕوون کرابێتـەوە، لـە پێنـاو کەمکردنەوەی خەرجییـەکان و بـرەودان بـە شـەفافیەت و کەمکردنـەوەی ڕووتیـن.

دووەم: چاکسازی کارگێڕیی

سەبارەت بە چاکسازیکردن لە بواری کارگێڕیدا، ئەم خاڵانە ئەنجام دراون:

1. کردنــەوەی چەندیـن فەرمانگـەی خزمەتگـوزاری بـۆ نموونـە نووسـینگەی پاسـپۆرت لـە شـارەکانی سـۆران و زاخـۆ و کۆیـە، کاردەکرێـت بـۆ کردنـەوەی نووسـینگەی پاسـپۆرت لـە چەمچەمـاڵ و ئاکرێ. بێگومـان کردنـەوەی ئـەم فەرمانگانـە ئاسـانکارییەکی زۆر دەکات بـۆ هاووڵاتیانـی نیشـتەجێی ئـەو شـارانە و گونـد و دێهاتەکانـی دەوروبەریـان.

2. پێداچوونەوە بە هەیکەلیەتی سـەرجەم وەزارەت و دامو دەزگاکانی حکومەتی

هەرێمی کوردستان، لە چوارچێوەی پرۆسەی چاکسازی لە ئاستی کارگێڕیدا، بە ڕەچاوکردنی پێداویستی فیعلی و تایبەتمەندیەکانیان. بە هەمان شێوە پێداچوونەوەو دابەش کردنەوەی میلاکی سەرجەم دام و دەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە سەر ئەم بنەمایانەی خوارەوە:

3. دابەشکردنی پەیکەری ئیداری هەر وەزارەت و دامو دەزگایەک بۆ سێ ئاستی (سەرکردایەتی، سەرپەرشتیاری، جێبەجێ کاری) هەروەها جیاکردنەوەی ئیشوکارەکانی سەرجەم وەزارەت و دامو دەزگاکان بۆ دوو بەشی سەرەکی لایەنی کارگێڕی و دارایی و لایەنی پسپۆڕی و بچووک کردنەوە و دارشتنەوەی قەبارەی یەکە کارگێڕییەکان بە ڕەچاوکردنی سروشتی کارو چالاکیەکانیان.

4. گونجاندنی ناوی یەکە کارگێڕییەکان لەگەڵ سروشتی کارو چالاکیەکانیان.

5. هەڵوەشاندنەوە، یەکخستن و پێکەوەلکاندنی ئەو پێکهاتە ئیداریانەی کە ئەرک و چالاکیان وەکو یەکن، یان وەکو پێویست چالاک نەبوون، لە پێناو دووبارە نەبوونەوەو بەریەک نەکەوتنی ئەرک و بەرپرسیاریەتیەکانیان.

هەروەها لە بواری پێداچوونەوەو دابەشکردنەوەی میلاکی فەرمانبەرانیش دەست بە چەندین بە چاکسازی کراوە کە دواتر لە ڕاپۆرتێکی گشتیدا دەخرێتەڕوو و بڵاودەکرێتەوە.

## تەوەری دووەم

### بارودۆخی دارایی هەرێمی کوردستان و دابەشکردنی مووچە و پلانی ڕووبەڕووبوونەوەی قەیرانی دارایی:

وەک ئاگادارن لە سەرەتای ئەمساڵەوە، بە هۆی بڵاوبوونەوەی پەتای کۆرۆنا و دابەزینی نرخی نەوت لە بازاڕەکانی جیهاندا، هەرێمی کوردستانیش وەک هەموو ناوچە و وڵاتانی دیکەی جیهان ڕووبەڕووی دۆخێکی سەختی ئابووری بووەوە. نەناردنی ئەو بەشە بودجەیەی کە لە لایەن حکومەتی

فیدراڵییەوە دەنێردرا بۆ چەند مانگێک، دۆخەکەی زیاتر سەختتر کرد. ئێمە هەر زوو هەوڵماندا پلانێک بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم قەیرانە دابنێین بە ئاراستەی کەمکردنەوەی خەرجییەکان و زیادکردنی داهات کەبەشێکە لە تەوەری چاکسازییەکان کە لە سەرەتای ئەم ڕاپۆرتەدا خرانەڕوو.

بێگومان ئەم قەیرانە داراییە، زیاتر هانمان دەدات لە سەر درێژەدان بە جیبەجێکردنی پرۆسەی چاکسازی و هەوڵدان بۆ کەمکردنەوە و سنووردارکردنی کاریگەرییە نەرێنیەکانی قەیرانی دارایی، لە ڕێگەی کارکردن لە سەر کارنامەی کابینەی نۆیەم بۆ هەمەجۆرکردنی سەرچاوەکانی داهات و پشت نەبەستن بە تاکە سەرچاوەیەک و گرنگیدان بە کەرتەکانی وەک کشتوکاڵ و پیشەسازی و گەشتوگوزار و پێشکەشکردنی ئاسانکاری پێویست بۆ وەبەرهێنەرانی ناوخۆیی و بیانی.

لە سەرەتای دروستبوونی ئەم قەیرانەدا، هەموو هەوڵێکمانداوە بۆ دابینکردنی مووچەی مووچەخۆرانی هەرێمی کوردستان، کە لە ماوەی دەستبەکاربوونی کابینەی نۆیەمدا، توانیومانە تا ئێستا دوازدە مووچە دابەش بکرێت و لەم ماوەیەدا، تەنیا دوو مووچە دواکەوتووە، ئەویش بە هۆی نەناردنی بەشە بودجەی هەرێم بۆ مانگەکانی پێنج و شەش و حەفت لە لایەن حکومەتی فیدراڵییەوە.

بە هۆی کەمکردنەوەی تەمویلکردنی مووچە لەلایەن حکومەتی فیدرالی و ئەو دۆخە سەختە ئابوورییەی کە هەموو جیهانی گرتەوە بە هۆی بڵاوبوونەوەی پەتای کۆرۆنا و دابەزینی نرخی نەوت و قەدەغەی هاتوچۆ و دابەزینێکی زۆری ڕێژەی داهاتی ناوخۆیی، کە هەمووی بووە هۆی دۆخێکی نا ئاسایی و ئەنجومەنی وەزیران بە ناچاری بڕیاریدا بە پێی توانا و داهاتی بەردەست مووچە دابەش بکات و دوو مووچە بە تەمویلکردنی ٪79 بدات.

ئەم دۆخە سەختە داراییە، دۆخێکی نەخوازراوە و حکومەتی هەرێم دروستی نەکردووە و تەنیا تایبەتیش نییە بە ناوچە و هەرێمی ئێمە، بەڵکو نزیکەی هەموو جیهانی گرتووەتەوە. بۆیە دەبێ بە ناچاری خۆمان لە گەڵ ئەم

دۆخە سەختە بگونجێنین. لە هەمانکاتدا حکومەتی هەرێم هەموو هەوڵی خۆی داوە بۆ ئەوەی بەو داهات و توانا داراییەی لە بەردەستدایە و لە رێگەی رێکخستنەوەی مووچەی فەرمانبەران و کەمکردنەوەی خەرجییەکانی حکومەت و جێبەجێکردنی یاسای چاکسازی، ئەم قۆناغە سەختە تێپەرینین.

## سەبارەت بە قەرز و پابەندییە داراییەکان:

لە چەند بۆنەیەکی جیاوازدا ئاماژەم بەوەداوە، کە حکومەتی هەرێمی کوردستان چەندین ملیار دۆلار قەرز و پابەندی دارایی لە سەرە. بەشێکی زۆری ئەو قەرزانەش لە ئەستۆی حکومەتی فیدراڵە، بە هۆی نەناردنی بودجەی هەرێمی کوردستان لەلایەن حکومەتەکانی پێشووی عێراق، هەربۆیەشە بەداخەوە حکومەتی هەرێم خاوەنی هیچ یەدەگ و پاشەکەوتێکی دارایی نییە، کەواتە ئیمە تەنیا پشت بەو سەرچاوە داراییانە دەبەستین کە مانگانە دێتە بەردەستمان، ئەمەش وادەکات لە هەر قەیرانێکی دارایی رووبەرووی کێشە ببینەوە.

لێرەدا دووبارە بە پێویستی دەزانم لە بابەتی قەرز و پابەندییە داراییەکان ئاماژە بە چەند خاڵێک بکەم:

1. لە روانگەی پەیرەوکردنی شەفافیەت، حکومەتی هەرێم بریاری خستنەرووی سەرجەم قەرز و پابەندییە داراییەکانی ئەستۆی هەرێمی کوردستانی دا. بۆ ئەم مەبەستەش، سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران خشتەی قەرز و پابەندە داراییەکانی نارد بۆ دیوانی چاودێری دارایی لە هەرێم بە مەبەستی چاوپێداخشانەوە و رادەربرینی چاودێری دارایی. سەرۆکایەتی دیوانی چاودێری دارایی، دەستەیەکی دارایی بۆ ئەم مەبەستە پێکهێنا و یەکەمین راپۆرتی خۆی لەمبارەیەوە ئامادە کردووە.

دواتر بە فەرمانێکی دیکەی سەرۆکایەتی دیوانی چاودێری دارایی، هەمان دەستە راسپێردرا بە کۆکردنەوەی زانیاری و دۆکیومێنتی پێویست و

ئامادەکردنی راپۆرتی کۆتایی. پاش گەیشتنی راپۆرتی کۆتایی دیوانی چاودێری دارایی، ئەنجومەنی وەزیران، راپۆرتێکی ورد لەسەر بڕی قەرز و پابەندییە داراییەکانی دەنێرێت بۆ پەرلەمانی کوردستان.

2. زۆربەی داتاکانی ئەم خشتەیە لەلایەن وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکانەوە تا ڕێکەوتی 15ی ئەیلولی 2020 نوێکراوەتەوە لەگەڵ ڕەچاوکردنی هەندێک لە داتاکان کە مێژووەکەیان بۆ پێش ئەم ڕێکەوتە دەگەڕێتەوە.

3. بەڕێوەبەرایەتی بەڕێوەبردن و هەماهەنگی قەرزی گشتی لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران، کاری کۆکردنەوەی زانیارییەکان و پۆلێنکردن و ڕێکخستنەوەی ئەنجامداوە. کە ئێستا قەرز و پابەندییە داراییەکانی هەرێمی کوردستان بەم شێوەیەیە:

پوختەی کۆی گشتی ژمارەکان

| بابەت | بە دۆلاری ئەمریکی | بە دیناری عێراقی |
|---|---|---|
| *کۆی گشتی قەرزەکان (دەرەکی، ناوخۆ)* | ٧,٢٥٦,٢٨٣,٦٤٦ | ٨,٥٧٦,٩٢٧,٢٦٩,٨٦٢ |
| *کۆی گشتیی پابەندییە داراییەکان* | ٨,٣٣٧,٩٨٩,٥٣٢ | ٩,٨٥٥,٥٠٣,٦٢٦,٨٢٤ |
| کۆی گشتیی پابەندیی دارایی تایبەت بە پاشەکەوتی شایستەی دارایی مووچەخۆران و خانەنشینان | ٨,٩٦٦,١٥٦,٥١٤ | ١٠,٥٩٧,٩٩٧,٠٠٠,٠٠٠ |
| بابەتی هەردوو بانکی بازرگانی عێراق (TBI) و بانکی کوردستانی نێودەوڵەتی (KIB) | ٣,٩١٦,٢٤٥,٣٤٧ | ٤,٦٢٩,٠٠٢,٠٠٠,٠٠٠ |
| **کۆی گشتی** | **$ ٢٨,٤٧٦,٦٧٥,٠٣٩** | **٣٣,٦٥٩,٤٢٩,٨٩٦,٦٨٦** |

## تەوەری سێیەم

### دۆخی تەندروستی و ڕووبەڕووبوونەوەی پەتای کۆرۆنا:

ئاشکرایە حکومەتی هەرێمی کوردستان، هەر لە ڕۆژانی یەکەمی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا دەستی بە گرتنەبەری ڕێکارەکانی خۆپارێزی کرد. تەنانەت ئەزموونی سەرکەوتووی حکومەتی هەرێم، لە ڕووبەڕووبوونەوەی کۆرۆنا و جێبەجێکردنی ڕێکارەکانی خۆپارێزی و ڕێنماییە تەندروستییەکان، بووە مایەی ستایشی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی و

زۆر ڕێکخراو لایەنی دیکە .بەڵام بەداخێکی زۆرەوە خەڵکانێک، لە جیاتی هاوکاریکردن وپشتیوانیکردنی هەنگاوەکانی حکومەت بۆ پاراستنی کۆمەڵگە، هەوڵی ناشرینکردنی هەنگاو و پلانەکانی حکومەتیان داو بابەتەکەیان بە سیاسی کرد و سەرەنجام، بەداخەوە بە هۆی پابەندنەبوون بە ڕێنماییەکان، ئەمڕۆ کۆرۆنا ڕۆژ بەڕۆژ لە زیادبووندایە و بووەتە هەڕەشەیەکی بەرچاو لە سەر تەندروستی گشتی و چەندین کەس بەداخەوە گیانیان لە دەستداوە. لێرەدا پرسە و سەرەخۆشی لە بنەماڵە و کەسوکارەکانیان دەکەم و هیوای چاکبوونەوەش بۆ تووشبووان دەخوازم.

بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی مەترسییەکانی ڤایرۆسی کۆرۆنا، حکومەتی هەرێمی کوردستان بەردەوامە لە پیادەکردنی پلانێکی تایبەت و تەرخانکردنی بودجەی پێویست بۆ ئەم مەبەستە. لێرەدا ئاماژە بە چەند خاڵێک دەکەین کە حکومەتی هەرێم بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی کۆرۆنا گرتوویەتیە بەر:

1. خەرجکردنی نزیکەی بیست و هەشت ملیار دینار بۆ بەرەنگاربوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە بوارەکانی خۆپارێزی و بەرەنگابوونەوە و زوو دەستنیشانکردن و چارەسەرکردنی نەخۆشی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ.

2. (159) ئامێری هەناسەی دەستکردی تایبەت بە پێشکەشکردنی خزمەتی پزیشکی بۆ نەخۆشییەکانی کۆرۆنا ئێستا لەکارکردندان و (72) لە پلاندانانن بۆ ئەم مەبەستە و، زیاتر لە (85) ڤێنتەلەیتەری نوێ و مۆدێرن کڕدراون.

3. چالاککردنی سیستەمی هێلی گەرمی (122) و ئامادەکردنی (186) تیمی وەڵامدانەوەی خێرا.

4. (40) شوێن لە نەخۆشخانەکان جیاکراونەتەوە و ئامادەکراون بۆ وەرگرتنی کەیسی نوێی کۆرۆنا. هەروەها دابینکردنی ئامرازەکانی خۆپارێزی (PPE) بۆ ستافی نەخۆشخانەکان.

5. ئەنجامدانی زیاتر لە (5) هەزار تێستی ڕۆژانە بۆ دەستنیشانکردنی

نەخۆشی کۆرۆنا کە تا ئێستا نزیکەی نیو ملیۆن تێست ئەنجام دراون و 28 تاقیگەی گشتی و تایبەت پشکنین ئەنجام دەدەن..

6. زیاتر لە (3400) بوتڵی پلازما وەرگیراوە بۆ پێدان بە تووشبووانی کۆرۆنا کە لە نێوان پارێزگاکان ئالوگۆڕکراوە. هەر بوتڵێکی پلازماش بڕی زیاتر لە (400) هەزار دینار خەرجی پێویستە.

7. ڕاگەیاندنی کەمپەینێکی سەرتاسەری سەبارەت بە بڵاوکردنەوەی هوشیاریی تەندروستی بۆ هاووڵاتیان و بڵاوکردنەوەی هەموو ئەو پەیام و ڕێنماییە تەندروستییانەی، کە لەلایەن وەزارەتی تەندروستی و ڕێکخراوی تەندروستی جیهانییەوە پەسندکراون.

جیا لەو پلانەی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی کۆرۆنا دانراوە و جێبەجێ کراوە. ئەم هەنگاوانەش بۆ پێشخستن و باشترکردنی کەرتی تەندروستی ئەنجام دراون:

1. دانانی بەردی بناغەی نەخۆشخانەی سەد قەرەوێلەیی لە کۆمەڵگەی ( هیتوتێ) لە قەزای ئامێدی بە بڕی 43 ملیۆن دۆلار.

2. بڕی 23 ملیار دینار بۆ دابینکردن و سازدانەوەی ئامێرەکانی پزیشکی خەرجکراوە.

3. زیاتر لە 40 ملیار دینار بۆ کڕینی دەرمان و پێداویستی شێرپەنجە و دابینکردن و سازدانەوەی ئامێرەکانی شێرپەنجە خەرجکراوە بە پاڵپشتی سندوقی کۆمەک بۆ تووشبووانی شێرپەنجە.

4. کەمکردنەوەی کرێی نەخۆش بە ڕێژەی ٪25 لە نەخۆشخانە تایبەتەکان بۆ کەمکردنەوەی بارگرانی لە سەرشانی هاووڵاتیان لەم بارودۆخە نالەبارەدا.

5. هەموارکردنی ڕێنمایی پێدان و نوێکردنەوەی کۆمپانیاکانی دەرمان و پێداویستی پزیشکی و تاقیگەیی و ئامێری پزیشکی و ڕاگرتنی چالاکی گشت ئەو کۆمپانیایانەی، کە پابەندنەبوون بە ڕێنماییەکان کە ژما

رەیان (33) کۆمپانیایە. هەروەها هەموارکردنی ڕێنماییەکانی پێدان و نوێکردنەوەی نەخۆشخانە و سەنتەرەکانی کەرتی تایبەت و هەموارکردنی ڕێنماییەکانی پێدانی مۆڵەتی هاوردەکردنی خۆراک بە ڕێگای زانستی.

6. ئامادەکردنی پرۆژە یاسای مافی نەخۆش بۆ خزمەتکردنی زیاتری نەخۆش و پاراستنی ماف و تایبەتییەکانی نەخۆش لە هەرێمی کوردستان.

## بەردەوامبوونی پرۆژە خزمەتگوزاریی وستراتیجییەکان:

وەک پێشتر ئاماژەم پێدا، سەرەڕای قەیرانی دارایی و ئەو دۆخە سەختەی ڕووبەڕوومان بووەتەوە، بەڵام حکومەتی هەرێمی کوردستان بەردەوام بووە لە پێشکەشکردن پرۆژەی خزمەتگوزاریی و ئەنجامدانی پرۆژەی ستراتیجی لە چوارچێوەی کارنامەی کابینەی نۆیەم بۆ بە هێزکردنی ژێرخانی ئابووری هەرێمی کوردستاندا.

لێرەدا بە گرنگیی دەزانم هەر تەنیا بۆ نموونە ئاماژە بە هەندێک لەو پڕۆژانە بکەم:

یەکەم: کارکردن بۆ هەمەجۆرکردنی سەرچاوەکانی داهات و بەهێزکردنی ژێرخانی ئابووری:

لە چوارچێوەی کارکردنمان بۆ هەمەجۆرکردنی سەرچاوەکانی داهات و پشت نەبەستن بە تاکە سەرچاوەیەک، حکومەتی هەرێم کاری کردووە بۆ گرنگیدان بە سەرجەم کەرتەکان بەتایبەتی کشتوکاڵ و پیشەسازی. بۆ ئەم مەبەستە و لە ماوەی یەک ساڵی دەستبەکاربوونماندا، دەست بە جێبەجێ کردنی ئەم پلان و پڕۆژانە کراوە:

1. دەستکردن بە دروستکردنی چەند ناوچەیەکی پیشەسازی خۆراک لە شارەکانی کوردستان بە هاوکاری کەرتی تایبەت لەوانە: ناوچەی پیشەسازی خۆراک لە دهۆک کە سەدان کارگە و کۆگای خۆراکی لە

سـەر دروسـت دەکرێـت بـە گوژمەی 70 ملیـار دینـار.

2. کارکـردن لـە سـەر دروسـتکردنی یـازدە ناوچـەی پیشەسـازی خۆراکـی هاوشـێوە لـە هەولێـر و سـلێمانی و هەڵەبجە و گەرمیان. بـەم نزیکانـە لـە هەڵەبجە بەردی بناغەی دادەنرێت.

3. کارکردن بـۆ دروستکردنی 5 سـایلۆ لـە شـارەکانی دهۆک، هەڵەبجـە، زاخۆ، کفـری و هەریر. هـەر سـایلۆیەک خەرجیەکـەی نزیکە 20 ملیـار دینارە.

دووەم: لە بواری گرنگیدان بە کەرتی کشتوکاڵ و بەرهەمی ناوخۆیی:

1. تەرخانکردنـی نزیکـەی 33 ملیـار دینـار بـۆ تەواوکردنـی (12) پـڕۆژەی بەنـداو لـە هەرێـم.

2. قەدەغەکـردن و دانانـی باجـی پێویسـت لەسـەر بەرهەمـی هـاوردە بـۆ پارێزگاریکـردن لـە بەرهەمـی ناوخۆیـی بـۆ ئـەو بەروبوومانـەی کـە خواسـتی بـازاڕەکان پڕدەکەنـەوە.

3. پـڕۆژەی بـە بازاڕکردنـی گەنـم لـە هەرێمـی کوردسـتان بـە دروسـتکردنی سـێ کارگـەی گـەورە لـە هەولێـر، سـلێمانی و دهـۆک کـە بـڕی پێنجسـەد هـەزار تـۆن گەنـم لـە سـاڵێکدا وەردەگرنـەوە بـۆ دروسـتکردنی ئـاردی سـپی و هەمـوو ئـەو خۆراکانـەی لـە گەنـم بەرهەمدەهێنرێـن.

4. دانانـی بـاج لەسـەر هێلکـەی هەڵهێنـەر، بەم هۆیەوە 13 پڕۆژەی سـتراتیجی ناوخۆیی دەسـت بەکار بوونەتەوە و سـەدان هەلی کار رەخسـێنراوە.

5. دروستکردنی بۆردی باڵای پەرەپێدانی کەرتی کشتوکاڵ لە هەرێمی کوردستان.

دەیـان پـڕۆژەی تـر لـە بـواری گرنگیـدان بـە کەرتـی کشـتوکاڵ ئەنجامـدران کـە دواتـر لـە راپۆرتـی گشـتیدا دەخرێنـەڕوو.

سێیەم: لە بواری کارەبا:

لـە بـواری زیادکردنـی بەرهەمهێنانـی کارەبـادا لـە ڕێگـەی چارەسـەرکردنی کێشـەی یەکەکانـی کارەبـا و زیادکردنـی بـڕی گازی سروشـتی و بەگەڕخسـتنی

وێستگەی هەڵمی خەبات کە بووە هۆی ئەوەی 843 مێگاواتی کارەبا زیاد بکرێت لە ناو تۆڕەکانی هەرێم و سەرەنجام بۆ یەکەمین جار ئاستی بەرهەمهێنانی کارەبا گەیشتە (3،700 مێگاوات).ئەمە جیا لەوەی کە 260 مێگاوات بە پارێزگای موسڵ و 56 مێگاواتیش بە کەرکووک دراوە . تێکڕای پێدانی کاتژمێرەکانی کارەبا ئێستا لە هەرێمی کوردستان لە نێوان-20 21 کاتژمێرە سەرەڕای کەمکردنەوەی خەرجییەکان و زیادکردنی داهاتی کارەبا و دابەشکردنی پێوەری زیرەک بۆ دابەشکردنی کارەبا .

## لە ڕووی هەموارکردنی گرێبەستەکانی کارەبا:

1 . نرخی کڕینی یەک مێگاوات/کاتژمێر لە کۆمباین سایکل، بە پێی گرێبەست 63 دۆلار بوو کەمکراوەتەوە بۆ 45 دولار.

2 . قەرەبووی وەبەرهێنەران بە پێی گرێبەست (یەک مێگاوات/کاتژمێر) بە 32 دولار بوو کەمکراوەتەوە بۆ 16 دولار.

3 . گۆڕینی جۆری سووتەمەنی وێستگەکان لە دیزل بۆ نەوتی ڕەش، بەم هەنگاوەش تێچوی یەکەی کارەبا لە 22 سنتەوە بووەتە 7.2 سەنت .

لە ڕێگەی ئەنجامدانی ئەو هەموار و ڕێکخستنەوانە لە کەرتی کارەبا ، پارەیەکی زۆرمان بۆ حکومەت گەڕاندووەتەوە کە ساڵانە زیاتر لە 300 ملیون دولارە .

چوارەم:لە بواری ڕێگاوباندا:

1 . دانانی بەردی بناغە و دەستکردن بە پرۆژەی ستراتیجی شەقامی سەد مەتریی سلێمانی کە درێژیەکەی 146 کیلۆمەترە بە تێچووی چوارسەد ملیار دینار. ئەم پرۆژە گرنگە قەرەباڵغییەکی زۆر لە سەر شاری سلێمانی کەم دەکاتەوە .

2 . کارکردن لە شەقامی 150 مەتری هەولێر . ئەو بەشەی ئێستا کاری

تێدا دەکرێت، لە قۆناغی کۆتاییدایە. بە تەواوبوونی ئەم پرۆژە گرنگە، قەڵەباڵغی و جەنجاڵییەکی زۆر لە سەر شاری هەولێر کەم دەکاتەوە.

3. رێگای جووتسایدی هەولێر- دهۆک (گۆپاڵ) کە درێژییەکەی (60) کیلۆمەتر دەبێت و لە قۆناغی کۆتاییدایە.

4. دروستکردنی رێگای کەلار-سلێمانی کە رێژەی 36% جێبەجێکراوە.

5. یەکێک لەو پرۆژە گرنگانەی کە لەسەرەتای دەستبەکاربوونی کابینەی نۆیەمدا ئەنجامدراوە، جێبەجێکردنی نۆژەنکردنەوەی رێگاوبانەکانی هەموو ناوچەکانی هەرێمی کوردستان بووە هەر لە زاخۆوە تا گەرمیان بە بودجەی 43 ملیار دینار کە 79 پرۆژە بوون و بە ماوەیەکی پێوانەیی لە ماوەی 70 رۆژدا تەواو کران. ئەمە جگە لە تەواو کردنی 22 پرۆژەی تری رێگاوبان بە بڕی زیاتر لە سەد و دە ملیار دینار کە دواتر وردەکارییەکانی لە راپۆرتێکدا دەخرێتەڕوو.

## تەوەری چوارەم

### پرۆسەی گفتوگۆ و دانوستان لە گەڵ بەغدا:

هەر لە سەرەتای دەستبەکاربوونمانەوە، کارمان کردووە بۆ ئەوەی پەیوەندییەکی باش و بنیاتنەرانەمان لە گەڵ حکومەتی فیدرالی لە بەغدا هەبێت کە یەکێکە لە ئەرکە لە پێشینەکانی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان. هەر لەم روانگەیەوە، یەکەمین سەردانی فەرمیمان دوای دەستبەکاربوون بۆ بەغدا بوو، کە مەبەستمان نیشاندانی نیازپاکی بوو بۆ چارەسەرکردنی کێشە هەڵپەسێردراوەکان بە شێوەیەکی بنەڕەتی و گەیشتن بە چارەسەرێکی گشتگیر و هەمەلایەنە، لە سەر بنەمای دەستوور.

تا ئێستا گفتوگۆکانمان لە گەڵ حکومەتی فیدرالی بەردەوامە لە سەر ئەم دۆسییانە:

یەکەم: دۆسییە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوی ئیدارەی هەرێم

کابینــەی نۆیەمــی حکومەتــی هەرێــم لە یەکــەم کۆبوونــەوی لەگــەڵ شــاندی حکومەتــی فیدراڵــی لە ڕێکەوتی 25/7/2019 لــە دوای (15) ڕۆژ لە دەســتبەکاربوونی، دەســتی کردووە بە دانوســتان لــە ســەر کێشــەی ئــەم ناوچانە و پرۆژە و تێڕوانین و پێشنیاری پێویستیشی، بۆ چارەسەر پێشکەشی حکومەتــی فیــدراڵ کــردووە. دوای چەنــد ڕۆژێکیــش لە دەســتبەکاربوونی حکومەتــی هەرێمیــش، لە کۆبوونــەوەی ئەنجومەنــی وەزیران لــە 3/7/2019 0 بە بڕیاری ژمارە (7) لیژنــەی بــاڵای دانوســتان بۆ ئەم مەبەستە پێکهات، کــە پــرۆژەی حکومەتــی هەرێمیــش پرۆژەیەکــی هەمەلایەنــە و لەســەر دوو ئاست کار بــۆ چارەســەرکردنی ئــەم دۆســییەیە دەکات، ئاستی یەکــەم بریتییــە لــە ئاســاییکردنەوەی بارودۆخــی ســەربازی و ئیــداری و ئەمنــی و سیاســی و ڕێگەگرتن لە پرۆســەی تەعریبکردنــی ناوچە کوردســتانییەکانی دەرەوەی ئیــدارەی هەرێــم، کــە بەداخــەوە تــا ئێســتاش بــە چڕی بەردەوامە. حکومەتــی هەرێمــی کوردســتان ڕۆژانــە لەســەر کــۆی ئــەو ڕەفتارانــەی دژی هاووڵاتیانــی ئــەو ناوچانە دەکرێــت، لە لەگــەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکانــی حکومەتــی ئیتیحــادی، لــە پەیوەندیدایە بە مەبەســتی ڕێگرتــن لە سیاســەتی تەعریــب.

بــۆ چارەســەری کێشــەی گۆڕینــی بــاری دیموگرافــی ئــەم ناوچانــە، لە ســەردانەکانی شــاندی حکومەتــی هەرێــم بــۆ بەغــدا لەگــەڵ ســەرۆک وەزیرانــی عێــراق و بەرپرســانی بــاڵای دیکــەی عێــراق کوبوونەتــەوەو، ڕوانگــەی حکومەتــی هەرێمیــان بــۆ چارەســەرکردنی کێشــەکان پــێ ڕاگەیاندوون. بڕیارە لە مــاوەی داهاتــوودا لیژنــەی بــاڵای دانوســتان تایبــەت بــەم دۆســێیە، ســەردانی بەغــدا بکاتەوە. ئاســتی دووەمــی چارەســەرکردنی ئــەم دۆســییەیە، بریتیــە لــە جێبەجێکردنــی مــاددەی (140) ی دەســتوور و لە کۆبوونــەوەی ڕۆژی 25/7/2019 شــاندی حکومەتــی ئیتیحــادی لەگــەڵ حکومەتــی هەرێــم کە لە هەولێــر ئەنجــام درا، پــرۆژە و تێڕوانینــی حکومەتــی هەرێــم، ســەبارەت بە جێبەجێکردنی ماددەی (140) پێــش

کـەش بە حکومەتـی ئیتیحـادی کراوە. گرنگتـرین برگەکانـی پرۆژەکـەش بریتییـە لە دروسـتکردنەوەی لیژنـەی بـاڵای جێبەجێکردنـی مـاددەی (140) و دەسـتپێکردنەوەی هەنگاوەکانـی ئاسـاییکردنەوە و قەرەبووکردنەوەی زیانلـێ کەوتووان. بـەڵام تـا ئێسـتا حکومەتـی فیدراڵـی، وەڵامـی فەرمـی و ئەرێنـی، حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتانی لـە سـەر ئـەم بابەتـە نەداوەتـەوە.

ئـەوەی زۆر جێگـەی نیگەرانیـی قووڵـی ئێمەیە، بـەردەوام بوونـی سیاسـەتی بـە عەرەبکردنـی ناوچـە کوردسـتانییەکانە. کە ئێمـە بـە وردی چاودێـری بارودۆخـی ناوچـە کوردسـتانییەکانی دەرەوەی ئیـدارەی هەرێـم دەکەیـن، کـە بە شـێوەیەکی بەرنامە بـۆ دارێـژراو، گۆڕینـی دیمۆگرافـی ئـەو ناوچانـە بەردەوامـە و ئەمـەش دووبارەکردنـەوەی هەمـان سیاسـەتی ڕژێمەکانـی پێشـووی عێراقـە لـە دژی خەڵکـی ئـەو ناوچانە. ئـەم سیاسـەتە لـە کاتێکـدا پیـادە دەکرێـت، کـە بەپێـی دەسـتوور نەخشـەڕێگەیەک بـۆ چارەسـەکردنی ئـەم دۆسـیەیە و چۆنیەتـی ئاسـاییکردنەوەی بارودۆخـی ناوچـە کێشـە لەسـەرەکان و دیاریکردنی چارەنووسـیان، دیاریکـراوە.

حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان، هەرگیز سیاسـەتی تەعریـب قبـوڵ نـاکات و ڕەتـی دەکاتەوە. بـە تایبـەت گەڕاندنـەوە و نیشـتەجێکردنی خەڵکانێـک کـە دانیشـتووی ڕەسـەنی ئـەو ناوچانـە نیـن، یـان داگیرکردنـەوەی گونـد و ناوچـە کوردسـتانییەکان و دەرکردنـی هاووڵاتیانـی کـورد و تورکمـان لەسـەر خاکـی خۆیـان و داگیرکردنـەوەی زەوییـە کشـتوکاڵییەکانیان و جارێکـی دیکـە بەخشـینی بـەو کەسـانەی، لەژێـر سـایە و بـە پشـتیوانیی ڕژێمـی پێشـوو، زەوییەکانیـان داگیرکـرد بـوو.

داوا لـە حکومەتـی فیدراڵـی دەکەیـن کـە ڕێـکاری پێویسـت بگرێتـە بـەر و ڕێگـری بـکات لـە درێـژەدان بـەم جـۆرە سیاسـەتە و ڕێگـە نـەدات هێـزە چەکدارەکان بـۆ زوڵمکـردن لـە خەڵکـی ئـەو ناوچانـە بەکاربهێنرێت. چونکـە ئـەم جـۆرە سیاسـەتانە، هەڕەشـە لـە ئاشـتی کۆمەڵایەتـی و بەیەکـەوە ژیانـی ئاشـتییانەی پێکهاتـە و نەتەوەکانـی ئـەو ناوچانـە دەکات.

دووەم: دۆسییەی دارایی

بەمەبەستی دەستەبەرکردنی بودجە و شایستە داراییەکانی هەرێمی کوردستان و بەتایبەتی مووچەی مووچەخۆرانی هەرێمی کوردستان، حکومەتی هەرێم، هەموو هەوڵێکی خستووەتە گەڕ بە ئاراستەی چارەسەر کردنی ئەم کێشانە بەشێوەیەکی بنەڕەتی، کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێم لە 25/7/2019 یەکەم کۆبونەوەی فەرمی لەگەڵ حکومەتی فیدراڵ ئەنجامدا و هەردوولا ڕێککەوتن لەسەر چارەسەرکرنی کێشەکان، ئەوە بوو دوای چەندین سەردانی شاندی هەرێم بۆ بەغدا و کۆبوونەوە لە گەڵ بەرپرسانی حکومەتی فیدراڵی، لە 1/12/2019 شاندی حکومەتی هەرێم گەیشتە ڕێکەوتنێکی سەرەتایی لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی و بە پێی ڕێکەوتنەکە ، حکومەتی هەرێم، ئامادەیی خۆی دەربڕی بۆ ڕادەستکردنی بڕی (250)هەزار بەرمیلی نەوتی ڕۆژانە بەحکومەتی فیدراڵ، لە بەرامبەردا حکومەتی فیدراڵی شایستە داراییەکانی هەرێم دابین بکات کە مانگانە بە (900) ملیۆن دۆلار دیاریکرا بوو. دواتر ئەم ڕێکەوتنە خرایە چوارچێوەی پرۆژەی یاسای بودجەی ساڵی 2020 وە ، بەڵام بەهۆی تێکچوونی بارودۆخی سیاسی عێراق و دەستپێکردنی خۆپیشاندانەکان و بە بیانووی دەست لەکار کێشانەوەی حکومەتەکەی بەڕێز عادل عبد المهدی، ئەگەرچی لە ئەنجومەنی وەزیرانی فیدراڵ دەنگیش لەسەر پرۆژەکە درابوو، بەڵام پرۆژە یاساکە، نە ناردرا بۆ پەرلەمان . بێگومان ئەگەر ئەو ڕێککەوتنە لەوکاتەوە تا ئێستا جێبەجێ بکرایە، هەرێم تووشی ئەم قەیرانە داراییەی ئێستا نەدەبوو. بۆیە ئەوەی پابەندبوونەکانی خۆی جێبەجێ نەکرد، حکومەتی فیدرال بوو نەک حکومەتی هەرێمی کوردستان.

بەداخەوە لە ڕێکەوتی 16/4/2020 بە بیانووی دەرنەچوونی یاسای بودجە ، حکومەتی فیدراڵ بەشە مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمی بڕی کە بڕەکەی (453) ملیار دینار بوو. بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیەش، حکومەتی هەرێم، شاندێکی ناردە بەغدا بەڵام تادەست

بەکاربوونــی حکومەتەکــەی بەڕێــز مســتەفا کازمــی، ئــەم کێشەیە چارەســەر نەکرا. تەنیــا بۆ یــەک مانگیــش بڕی (400) ملیــار دینــار ڕەوانــەی هەرێــم کرا . دوای دەســتپێکردنەوەی دانوســتان بەمەبەســتی گەیشــتن بەچارەســەرێکی بنەڕەتــی. دوای چەندیــن ســەردانیش بــۆ بەغــدا و گۆڕینەوەی (12) نامــە و پێشــنیار، لەگــەڵ حکومەتــی فیــدڕاڵ گەیشــتینە ڕێککەوتنێــک، هەرچەنــدە ئــەو شایســتە داراییانەی ڕەوانەی هەرێـم دەکرێـت، زۆر کەمترە لە شایستە یاســاییەکانی هەرێــم.

ئێســتا کە یاسـای بودجەی ساڵی 2020 پەسەند نەکراوە و حکومەتی فیدراڵ کار بەیاسـای ئیـدارەی دارایی ژمارە (6)ی سـاڵی 2019 دەکات. لە چوارچێوەی ئــەم یاسایەشــدا، ئێمە ڕازیبوویــن کەداهاتــی غەیرە نەوتــی بە پێــی ئــەم یاســایە مامەڵەی لەگەڵــدا بکرێت. هەروەهــا لاریمــان نەبــوو لە ئیدارەدانــی دەروازە ســنوورییەکان بەهاوبەشی بەپێــی ماددەی (114) بڕگەی (یەکــەم ) لە دەســتوور و بە ئەلیکترۆنیکرنــی دەروازە ســنوورییەکان و بەســتنەوەیان بە دەروازە ســنوورییەکانی دیکــەی حکومەتــی فیدڕاڵــی.

حکومەتــی هەرێــم لاری نییــە لەســەر وردبینــی کردنــی داهــات و خەرجییــەکان و ئــەو قەرزانــەی لە ئەســتۆی حکومەتــی فیدراڵــە ، یــان ئەوە بڕە پارانەی حکومەتــی فیدڕاڵــی بانگەشــەی دەکات کەلە ئەســتۆی حکومەتــی هەرێمــە، لە لایــەن دیوانــی چاودێــری دارایــی هەرێمــی کوردســتان بە هەماهەنگــی لەگــەڵ دیوانــی چاودێــری دارایــی فیدڕاڵــی، بەپێــی یاســای ئیــدارەی داراییــی فیدڕاڵــی ژمــارە (6)ی ســاڵی 2019.

لە پرۆژە یاسـای بودجـەی عێراق ، خەرجییـەکان بـە زیاتـر لـە سـەدو چل و هەشــت تریلیــۆن دینــار (148،606،809،164) خەملێنراوە بــەڵام داهاتەکــەی بــە شەســت و حــەوت تریلیــۆن دینــار خەملێنراوە (67425220454) بەمــەش بودجــەی فیدڕاڵــی زیاتــر لە (60%) کورتهێنانــی هەیە و ئــەم کورتهێنانــەش بەداخــەوە بەشــی هەرێــم کــەم دەکاتــەوە.

سێیەم: دۆسییەی نەوت

سەبارەت بە دۆسییەی نەوت، بەهۆکاری دەرنەچوونی یاسای بودجەی ساڵی 2020، حکومەتی فیدراڵی داوای ڕادەستکردنی نەوتی نەکردووە، بەڵکو باسی داهاتی نەوت دەکات و حکومەتی هەرێم لەمەشدا پابەندی خۆی نیشانداوە بە ڕادەستکردنی داهاتی نەوت، بەمەرجێک لە بەرامبەردا حکومەتی فیدراڵ شایستە داراییەکانی هەرێم دابین بکات.

هەروەها حکومەتی هەرێم، ڕازیبووە لەسەر ڕادەستکردنی (250) هەزار بەرمیل نەوت بە حکومەتی فیدراڵی، تاکو لە ڕێگای سۆمۆ بفرۆشرێت، ئەمەش لەپرۆژە یاسایی بودجە 2020 ئاماژەی پێکراوە. ئێستا کە ڕەشنووسی پرۆژەی بودجە ئامادە کراوە تێبینیەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانمان داوەتە حکومەتی فیدراڵ، بە مەبەستی چارەسەرکردنی هەندێک برگە و ماددەی پرۆژەی بودجە.

سەبارەت بەپابەندبوون بە بڕیارەکانی ڕێکخراوی ئۆپێک OPEC+ حکومەتی هەرێمی کوردستان پابەندبوونی خۆی ڕاگەیاندوە بە کەمکردنەوەی بەرهەم هێنانی نەوت، بەڵام بەپێوەرێکی دادپەروەرانە بۆ ئەم مەبەستەش وەفدی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لە ڕێککەوتی 18/4/2020 لەگەڵ حکومەتی فیدراڵ گەیشتوونەتە ڕێکەوتنێک کە پابەندبوونی حکومەتی هەرێم نیشان دەدات بە مەرجێک ڕێژەی کەمکردنەوەکە دادپەروەرانە بێت و زیان بە بارودۆخی دارایی و ئابووری هەرێمی کوردستان نەگەیەنێت. بۆ ئەم مەبەستەش نووسراوی فەرمیمان ئاراستەی حکومەتی فیدراڵ کردووە.

سەبارەت بەدابینکردنی پێداویستیە ناوخۆییەکانی نەوتی سپی بۆ هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان، حکومەتی هەرێم پێویستی بە (260) ملیۆن لیترە ، بەڵام تا ئێستا حکومەتی فیدراڵ، ئەگەرچی پێشتر ڕەزامەندی مەبدەئی لەسەر(100) ملیۆن لیتر دەربڕیبوو ، بەڵام تائێستا تەنیا ڕەزامەندی لەسەر (50) ملیۆن لیتر داوە.

هەروەها لە بواری وزە و کارەبا و گاز، لە نێوان حکومەتی هەرێم و

حکومەتی فیدراڵ گفتوگۆ هەیە و لەم ڕووەوە حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئامادەباشی نیشان داوە بۆ هەماهەنگیی کارکردن، سەبارەت بەم دۆسییەیە.

ئێمە پێموانوایە پەسەندکردنی یاسای نەوت وگاز و هەموارکردنی یاساکانی وەزارەتی نەوت و کۆمپانیای نەوتی نیشتمانی و کۆمپانیای بە بازاڕکردنی نەوت (سۆمۆ)، بە شێوەیەک لەگەڵ دەستوور گونجاو بێت. چارەسەریی بەشێکی زۆری ئەو کێشانە دەکات کە پەیوەندیدارن بە نەوت و گازەوە.

چوارەم: دۆسییەی هێزی پێشمەرگە

شاندی حکومەتی هەرێمی کوردستان چەندین کۆبوونەوەی لەگەڵ حکومەتی فیدراڵدا کردووە و وەزارەتی پێشمەرگە و وەزارەتی بەرگری عێراق، لەسەر گرنگیی هەماهەنگیی و کاری هاوبەش، بۆ بەرەنگاربوونەوەی تیرۆرو پڕکردنەوەی بۆشایی ئەمنی و دەستەبەرکردنی شایستەکانی پێشمەرگە لەلایەن حکومەتی فیدراڵەوە لە گفتوگۆدان.

سەبارەت بەهەماهەنگیی ئەمنی و عەسکەری، ڕێککەوتنێک کراوە لەنێوان وەزارەتی پێشمەرگە و لایەنە پەیوەندیدارەکانی حکومەتی فیدراڵی، بۆ دروستکردنی شەش ناوەندی هاوبەشی زانیاریی لە دیالا و کەرکووک و مەخموور و موسڵ و هەولێر و بەغدا. هەروەها دەرفەتی کاری هاوبەش و ئۆپەراسیۆنی هاوبەش، لە نێوان هێزی پێشمەرگە و سوپای عێراق لە ئارادایە، بەڵام تا ئێستا دەستبەکار نەبوون وبڕیارەکان نەچوونەتە بواری جێبەجێکردنەوە و گفتوگۆکان لەمبارییەوە بەردەوامن.

سەبارەت بە مووچە و شایستە داراییەکانی هێزەکانی پێشمەرگەش، ئەگەر چی ساڵانە لە بودجەکانی عێراقدا بڕە بودجەیەک بۆ هێزی پێشمەرگە دادەنرێت، بەڵام بەداخەوە، دواتر بە بیانووی جیاجیای ناقانوونی و بەبێ هیچ پاساوێک، خەرج ناکرێت، بۆ بودجەی ساڵی 2020 لە ئەنجامی دانوستانی شاندی حکومەتی هەرێم، لە بودجەی عێراقدا، هێزی پێشمەرگە وەک هێزە هاوشێوەکانی، لە ناو

خەرجییە سیادییەکان جێگەی بۆ کراوەتەوە. هیواداریـن لە ئەنجومەنـی نوێنەرانـی عێـراق پەسـەند بکرێـت و ئاسـتەنگی بـۆ دروسـت نەکرێـت.

ئومێـدەوارم هەردوولامـان حکومەتـی هەرێـم و حکومەتـی فیدراڵـی، ئـەو کەشـە ئەرێنـی و ئـەو دەرفەتـە لـە دەست نەدەیـن کـە ئێستا لـە ئارادایـە بـۆ چارەسـەرکردنی سـەرجەم پـرس و کێشـە هەڵپەسـێردراوەکان بـە شـێوەیەکی بنەڕەتـی و لـە سـەر بنەمـای دەسـتوور. چونکە چارەسـەکردنی کێشـەکانی نێوانمـان و هەبوونـی پەیوەندییەکـی بنیاتنەرانـە و هاوبەشـانە لـە نێـوان هەرێـم و حکومەتـی فیدراڵـی، فاکتەرێکـی زۆر گرنگیـی سـەقامگیریی و ئارامیـی عێـراق و ناوچەکەیـە و لـە بەرژەوەنـدی گشـت هاووڵاتیانـی عێراقیشـدایە.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان

پەرلەمانتارانی بەڕێز:

ئەمـە ئـەو زانیاریـی و بەرچاوڕوونیانـە بـوون کـە بـە پێویسـتم زانـی، ئەمـڕۆ بـۆ ئێـوەی بەڕێـزی بخەمەڕوو. دواتـر حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان، لـە چوارچێـوەی ڕاپۆرتێکـدا بـە داتـا و وردەکاریـی پێویسـتەوە، کـۆی چالاکیـی و زانیارییـەکان دەخاتـە بەردەسـتی ئێـوەی بەڕێـز و ڕای گشـتی.

لێرەدا بە پێویسـتی دەزانم، سوپاسـی خۆڕاگریی خەڵکی هەرێمی کوردسـتان بکـەم بـۆ تێگەیشـتنیان بـۆ ئـەم دۆخـە سـەختە و ئـەو ئاسـتانگانەی ئێسـتا ڕووبەڕوومـان بوونەتەوە. دڵنیـام بـە پشـتیوانیی و هاوکاریـی و پشـوودرێژی ئێـوەی بەڕێـز، ئـەم ڕۆژە سـەختانەش تێدەپەڕێنیـن و هەرێمـی کوردسـتان، بـەرەو قۆناغێکـی پێشـکەوتووتر و گەشەسـەندووتر هەنـگاو دەنێـت.

هەر شاد و تەندروست بن.













# چاکسازی داواکاری زۆرینەی هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستانە و منیش لە بەرەی هاووڵاتیان دەمێنمەوە

## مەسرور بارزانی

سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان

Kurdistan Regional Government

## Reform & Public Services

10.7.2019 - 1.5.2021